دەستە ئازادەکەم بکەمە قەڵغان... ئەگەرچی ئەویش ئازاد نییە و وەکو تەواوی جەستەم دیلێکی هیوابڕاوە... لەگەڵیدا بەترسەوە هەنگاو دەنێم و بیرم لە خەونی ماوەیەک لەمەوبەرم دەکەمەوە... بەسەر ڕێگایەکی چۆڵدا دەڕۆیشتم و جەردەیەکم تووش هات... داوای دەستەکانمی کرد و ناچار دامێ... پێی وتم ئیشێکیان پێ دەکات و بۆمیان دەهێنێتەوە... بەدەستی ڕاست دەستی چەپم و بەچەپەی ڕاستەیانمی گرت و ڕۆیشت... کاتێ چەند هەنگاوێکی نا، لەپڕ لای کردەوە و بەشێوەیەکی زۆر سەیر پێی وتم:

– وەختەک لۆتیان دەینمەوە، ئەتوو گەورە بووی... ئەگەر بشتدەمەوە، ناتەوێتنەوە، چونکە وەکی کەنغەرت لێدێ.

دەگریام و دەنگم دەرنەدەچوو... کاتێکم زانی باوکم هات و لێیانی سەندەوە... بۆمی هێنانەوە و دەیویست بیانخاتەوە شوێنی خۆیان... نەدەکرا و لە داخا بۆم دەگریا... جێگۆڕکێی بەشوێنەکانیان دەکرد و هەر سوودی نەبوو... جەردەکەیش لەولاوە لێمان ڕادەما و قاقای لێ دەدا... پەنجەکانم بووبوون بەچەند ماسییەکی ورد و بەحاڵ دەمیان دەکردەوە... بەزەحمەت هەناسەیان دەدا و بەئاستەم گیانیان تێدا مابوو... بەباوکم وت خێرا بیانخاتە ئاوێکەوە تا نەخنکاون... ئەو لەو چۆڵەوانییە ڕایدەکرد و دەیویست گۆمێ بدۆزێتەوە... جار جار ئاوڕی بۆ من دەدایەوە و بەدەم گریانێکی باوکانەوە پێی دەوتم:

– ئاوی لێ نییە... ئاوی لێ نییە... لە بەختی مە، هەموو دنیا بوویتە بیابان.

– بەقوربانت بم بابە زووبە ئەو ماسیانەی دەستەکانم بگەینە گۆمەکی، با نەخنکێن.

– هەموو دنیا بوویتە بیابان... هەموو دنیا بوویتە بیابان... ئاو قات بووە.

کاتێ خەبەرم بووەوە، زۆر ترسام و خۆم لەژێر لێفەکەمدا گرمۆڵە کرد... هێشتا نەدەچووە ئەقڵمەوە دەستەکانم بەجەستەمەوە مابن... چۆن خۆم دڵنیا بکەم...؟! ئەو جەردەیە چی بوو لێم پەیدابوو...؟! ئەو خەونە چی بوو من دیم...؟! لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر دەستەکانم خۆشدەویستن و بەزەییم بەپەنجەکانمدا دەهاتەوە... دڵم نەدەهات بۆ دایکم و باوکمی بگێڕمەوە، چونکە خەفەتیان دەخوارد و دوور نەبوو بگرین... پێیان دەوتم نەچم بۆ دەرەوە، نەوەکا شتێکم بەسەر بێت... من حەزم لە ماڵەوە نەبوو و دەمویست لەگەڵ هاوڕێکانم یاریی بکەم... بەڵام باوکم بانگی دەکردمەوە و لە ژوورەوەی دەنام... یان وەکو ئەو جارەی ستادیۆمەکە دەهات بەشوێنمدا و دەیبردمەوە... چەند بەتوندی دەستی گرتووم و چۆن ناوچەوانی گرژکردووە...!! دیلێکی دەستەپاچەم و لەگەڵیدا لەسەر ڕێتمی هەنگاوە تووڕەکانی ئەو، هەنگاوی ترساو و زارەترەک دەنێم... بیر لەوە دەکەمەوە، کە من هەمیشە بەشی چەپی گیانم لە هی ڕاستم گوناحتر و چەوساوەترە و لەو زیاتر ئازاری پێ دەگات، چونکە باوکم ڕاستلەرە و دەستی ڕاست و قاچی ڕاستی زیاتر بەکاردەهێنێت... ئەوانیش بەئاسانی ئاڕاستەی لای چەپم دەکرێن و دەتوانن چاکتر زەبر بوەشێنن... هەر بەم پێیەش بەشی چەپی جەستەی ئەو هێمنترە و کەمتر ئازار بەلای ڕاستم دەگەیەنێت... بەشی چەپی من و بەشی ڕاستی ئەو چی یەکترن...؟! لای ڕاستم و لای چەپی ئەو دەبنە چی یەک...؟! چاوی چەپی چۆن لە لای ڕاستم دەڕوانێ و هی ڕاستی بەچ شێوەیەک بەشی چەپم دەبینێت...؟! ئەی



چاوەکانی من چۆن ئەملا و ئەولای ئەو لە یەکتر جیادەکەنەوە...؟! گوێچکەی چەپ و هی ڕاستی چۆن دەنگی من دەبیستن...؟! گوێچکەکانم بەچ شێوەیەک لای خۆیان جێگا بۆ دەنگی ئەو دەکەنەوە...؟! چی بوون ئەو شتە بێسەروبەرانە هەمیشە بەخەیاڵمدا دەهاتن و دەمویست لێیان تێبگەم...؟! زەحمەت بوو... زۆر زەحمەت بوو هیچ شتێکم بۆ دەرکەوێت... وای ئەو جارە لە یاریگاکەوە تا ماڵەوە پەنجەکانی دەستی ڕاستی چەند بەقایم مەچەکی چەپیان شەتەک دابووم...!! لە کۆڵان خەڵک سەیریان دەکردین و چاوەڕێ بوون وەکو زۆر جاری دیکە بەبەر شەق و زللەم بدات... هەندێکیان پێیان خۆشبوو و هەندێکیشیان بەزەییان پیامدا دەهاتەوە... کوڕەکانی ئەوانیش لە ستادیۆمەکە بوون و دوای ئێوارە دەهاتنەوە... بەڕووی خۆشەوە دەرگایان لێ دەکردنەوە و چێشتەکانیان دەخستە بەردەمیان... کچێکی دراوسێمان، کە بەرێگا تایبەتیە منداڵییەکەی خۆمان یەکترمان خۆشدەویست و دەیان جار گوڵی باخچەکەمانم پێشکەش بەخۆی و بەخوشکە گەورەکەی کردبوو، بەشەرمەوە لێی دەڕوانیم و لە دەموچاویدا زۆر شتم دەخوێندەوە... گەیشتینەوە ماڵ و من چاوەڕێ بووم بەڕاستی بمکوژێت، بەڵام بەڕەڵلای کردم و هیچی نەوت... من چونکە نەدەچووە ئەقڵمەوە ئاوا بەئاسانی وازم لێ بهێنێت، بۆیە نەمدەتوانی لە شوێنی خۆم بجووڵێم... بەرامبەر بەدەستەڵاتی باوکم هیچ پەرچەکردارێکم نەبوو و هەمیشە ملکەچانە بۆی دەوەستام... دوو کوڕی زۆر چوختی لە خانووە کۆنەکە دراوسێمان بوون، هەر کاتێ باوکیان لێی دەدان، ئەوان بوختانێکیان بۆی هەڵدەبەست و لە گەڕەکدا بڵاویان دەکردەوە... ئیتر وای لێهاتبوو باوکیان لەسەر کاری زۆر خراپیش تێیهەڵنەدەدان و چەند بڵێی بەپارێزیشەوە ئامۆژگاریی دەکردن... جارێکیان ماڵێکی دراوسێمان کاتژمێرێکی دەستییان لێ ونبوو... زۆر بۆی گەڕان و نەیاندۆزیەوە... وا ڕێککەوت چەند ڕۆژێ دواتر، ئەو کوڕانە لە کۆڵان بەدەستی باوکیان دارکاریی کران... گەورەکەیان بەشێوەیەکی زۆر سەیر پێی وت:

– بیهینە دەرێ... بیهینە دەرێ... سەعاتی مارێ «مام...»ی بینە دەرێ.

باوکی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و دەمی بووە تەڵەی تەقیو... بچووکەکەیان قاقایەکی لێ دا و وتی:

– چ بینتە دەرێ هەی غەشیم، بردی لە دەرارخانەی فرۆشتی و پارەکەی هاویشتە بەرکی.

من هەرگیز کاری ئاوام دەرهەق باوکم نەدەکرد و ئەمیش چاک ئەو ڕاستیەی دەزانی... من هەمیشە شەرمم بەوە بوو، کە هاوڕێکانم بزانن باوکم لێم دەدا... هەرگیز بەلای باسی ئەو شتانەدا نەدەچووم، بگرە لە قوتابخانە بەشێوەیەک ماڵی خۆمانم وەسف دەکرد وەکو ئەوەی حەزم لێی بوو، نەک وەکو ئەوەی دەبینرا... چیرۆکی سەیر سەیرم لای هاوڕێکانی قوتابخانەم هەڵدەبەست... ئەگەر ئەو ماڵەی من لە خەیاڵمدا کێشابووم و بۆ هاوڕێیانی قوتابخانەم باسدەکرد، لەگەڵ ڕاستەقینەکەدا بەراوردت بکردایە، دوو شتی تەواو جیاواز بوون... بەخێوکردنی باڵندە لە واقیعدا قەدەغە بوو، کە من حەزی دنیام لێ دەکرد، بەڵام لەو ماڵە یۆتۆپیایەی خۆمدا هەموو جۆرە باڵندەیەک هەبوو و ئەوان بەئاوات بوون وەکو من بژیانایە، یان یەک جار بیانبینیایە... هەندێ جۆری باڵندەم خەڵق کردبوو، کە بەراستی سەیر بوون و زەحمەت بوو لە سرووشتدا هی ئاوا هەبووبێت، کەچی زۆربەی هاوڕێکانم بەتەما کردبوو بێچووەکانیان بۆ بێنم و بۆ خۆیان بەخێویان بکەن... لە ماڵە کۆنەکەدا چەند جارێ مریشک و مراویمان بەخێو کردبوو، بەڵام لەو ماڵە

تازەیەدا، قەدەغە کرابوو... هەر جارێکیش دەمهێنانەوە، دەبووە فەرتەنە و دەبووایە خێرا لە ماڵەکەیان ببەمە دەرێ... لە بیرمە جارێکیان لە خانووە کۆنەکە باوکم کەروێشکێکی بۆ هێنابووم و زۆرم خۆشدەویست... بەڵام ئەو جارە لەگەڵ دایکم چووین بۆ ماڵی نەنکم و کەروێشکەکەمان لە ماڵەوە بەجێهێشت... جا چونکە مانگی تەمووز بوو و دنیا چەند بڵێیی گەرم بوو، زۆر تینووی بووبوو و بۆ خۆی خنکا... زەحمەتە لاشەکەیمان بیربچێتەوە، کە لە بەر بەلوعەکە کەوتبوو... لەوێ تکەتکی ئاوەکە شوێنێکی چاڵکردبوو و هەمیشە لە کانیەکی بچکۆلە دەچوو، ئەو هەر لەوێ ئاوی دەخواردەوە، کەچی ئەو ڕۆژە لە بەختی ئەم و هی من لە بەرتینی هەتاوی گەرمی تەمووزی ساڵی «٦٨»دا وشکی کردبوو و خنکابوو...[١٠]

هەندێ مراوییشمان هەبوو و ڕۆژانە لەگەڵ سەدان مراویی دیکە لەو گۆمەی پشت ماڵمان مەلەیان دەکرد... لە خۆشییان بەیانییان زوو هەڵدەستام و دەمبردنە کۆڵان... فێری لاساییکردنەوەی دەنگیان بووبووم و خەڵکی گەڕەکم پێ سەرسام دەکردن... ئەوەندە لەگەڵیان ژیابووم و سەرنجم لە هەڵسوکەوتیان دابوو، شارەزاییەکی سەیرم لە نهێنیەکانیان پەیدا کردبوو... هەر جووڵەیەکیان دەکرد، دەمزانی دوای ئەوە چی تریش دەکەن... بەهاوین سەری مراوی بخەرە ژێر لەقە و بیپلیشێنەرەوە، بەڵام پێی مەڵێ مەلە بکات، چونکە بەگەرما ڕقی دنیای لەناو ئاوە و پێی قارس دەبێت... هەر ئەوسا بۆم دەرکەوت ئەگەر دوو باڵندە شەڕ بکەن و یەکێکیان ببەزێت، ئەوا ئەو بەزینە ئێجگارەکیە و بەزیو تا ماوە ملکەچی براوە دەبێت، بەڵام لە مراویدا جیاوازە... ئەوەی ئەمڕۆ زاڵە، بەیانی ملکەچە... دۆڕاو و براوە شوێنی جێگیریان نییە... کام کۆترەی زۆر شەڕانی و دەندووکوەشێنە، ئەگەر بیبەیتە ناو کولانەی دەستەپاچەترینیان، ناجەنگێت و بەپەلەپڕووزێ دێتە دەرێ.

ئەو پشت ماڵەی ئێمە پڕیبوو لە قەل و مریشک و مراوی و هەموویانم دەناسی... دەمزانی هەر یەکەیان هی کێیە... هەر زوو زوو کۆمەڵێکی ئەوبەرم دەهێنا و لەگەڵ ئەوانەی لای خۆمان دەمکردن بەگژ یەکدا... لەزەتێکی زۆرم لە تەماشاکردنیان دەبینی... بەدەنووک و چڕنووک پۆپنەی یەکتریان لە خوێندا سووردەکرد و لە بەرتیشکی هەتاودا بەشێوەیەکی سەیر دەبریسکانەوە... لە کاتی پێکدادانەکاندا سرووشتی خۆیان وندەکرد و سیمایان تەواو دەگۆڕا... ئەو دەنگانەی لەو کاتەدا لە قوڕگیان بەرزدەبووەوە، هەرگیز کاتی تەبایی بەخۆیانەوە نەدیبوو... هەر باڵندەیەک لەسەر خاکی خۆی دووربکەوتایەتەوە و لەسەر خاکی ئەویتردا شەڕی بکردایە، گومانی تێدا نەبوو دەبەزی... لە پێشدا کەمێ بەرگریی لە خۆی دەکرد، بەڵام هەر زوو کۆڵی دەدا... ئێوارەی بەهارێک مریشکێکی جانانە لە کۆڵانی ماڵی «نازیلە ئینگلیز» ئەو لۆژیکەی بەدرۆ خستەوە... دوای ئەوەی وەکو بووک حەفتەی چوو، «پوورە سەفیە باداوەیی»ی خاوەنی بەڕەڵڵای دەرێی کرد... ملی هەڵبڕی و بەکەشوفشەوە لەملا و لەولای خۆی ڕوانی... دەزانم بۆ مریشک ناز و مەکر دەوترێت نەک کەشوفش، بەڵام ئەوەیان شازە و هەر بۆیە چیرۆکی ژیانیشی لە هاوتوخمەکانی جوودایە... کەڵەشێرێک لە دوورەوە بینی و هەر خێرا بۆی هات... برووسکەئاسا بەلای ئێمەدا تێپەڕی و هەناسەکانی لە شێوەی دەنگی ئەو کزە بایەی پایزان دەخزایە گوێچکەمانەوە، کاتێ لەپڕ خۆی دەکات بەناو لقوپۆپی



درەختەکاندا و گەڵاکانیان دەلەرێنێتەوە... ئەمەیە سیفاتی کەڵەشێری ئازا و چاپووک... وەختێ مریشکێکی تازە دێتە گەڕەک، گرنگ نییە بارۆکە بێت یان سەرەمر، جوان بێت یاخود ناشیرین، پێویستە دەمودەست هەموو مریشکەکانی خۆی بەجێبهێڵێت و بەتووڕەیی هێرشی بۆ بەرێت... ئەویش دوو ڕێگای لە بەردەمدایە و ئەنجامیشیان هەر یەکێکە... یان ڕادەکات و ئەو دوای دەکەوێت، تا لە پەنایەکدا دەیگرێت و بەسەریدا دەتسێت... یاخود بێقڕە هەڵدەنیشێت و بەئاسانی خۆی بەدەستەوە دەدات... بەڵام وا ئەم شابەندەرە ڕێگای سێیەمیان هەڵبژارد... قاچەکانی لەسەر زەوی قایم کردووە و ئامادەیە بەرەنگاری بێتەوە... ئێستا کەڵەشێرەکە لە باوەشمدایە... ڕاستە پیربووە، بەڵام ئەقڵی لە دەست نەداوە... با لە زمانی خۆیەوە ڕووداوەکە ببیستین:

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم کە من توانای نووسینم نییە، ئەگینا ژیانم پڕیەتی لە بەسەرهاتی سەیر سەیر و هەموویان لە کتێبێکدا تۆمار دەکەم... هیچ لە تەکنیکی چیرۆکیش نازانم، بۆیە پەنا بۆ گێڕانەوەی ئاسایی دەبەم... دڵنیاشم ئەو شێوازە باوی نەماوە و حەزتان لێی نییە... بەهەرحاڵ با درێژەی پێ نەدەم، نەوەکا هاوڕێ کۆنەکانم گوێیان لێم بێت و پێم بڵێن من بەپیریش واز لە زۆربڵێیی و درێژداڕیی ناهێنم... ئەم ڕستەیەی دواییم دەرگایەکی باشی بۆ کردمەوە، تا دەسپێکێکی چاک بۆ ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیەم دامەزرێنم... ئاخر کاتێ ئەو مریشکە جانانەیە لەپڕ کەوتە بەربینایم، من فشەم بۆ ئەوانەی خۆم دەکرد... دەمەوێ ئەوە بزانن، کەڵەباب بۆ ئەوەی هەیبەتی نەشکێت و مامر بەچاوی ڕێزەوە لێی بڕوانن، دەبێت بەردەوام چیرۆکی سەرنجڕاکێش بۆ خۆی هەڵبەستێت و لێزانانەیش بیانگێڕێتەوە... دیارە لێرەدا دەنگیش ڕۆڵی خۆی دەبینێت... ئەوەی قوڕگی نێرانەی نەبێت، چەندیش سەربردەی گرنگ هەڵبەستێت، کەس گوێی لێ ناگرێت... ئێستا چیرۆکی ئەو ڕۆژەی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام نابێت بەبێ پرسی من بۆ منداڵان بکرێتە فیلمی کارتۆن:

جارێکیان قاچیان بەزنجیر بەستمەوە و فاقەیان لە دەندووکم دا... لەگەڵ دوو کەڵەشێری زۆر شەڕانی خستمیانە قەفەزێکی گەورەوە... مریشکی دنیا لەودیوی تەلەکانەوە لێمان ڕادەمان و چاوەڕێ بوون، ئاخۆ من دەبەزم یان ئەوان... بێجگە لە «مام مەردان»ی خاوەنم، ئەوانی دیکە تێکڕا لەو باوەڕەدا بوون من بەزیندوویی نایەمە دەرەوە... ناهەقیشیان نەبوو... ئاخر بەچی شەڕم بکردایە...؟! زنجیری پۆڵایین قاچەکانمی توند توند شەتەکداوە و ئەو فاقە ئاسنە ناهێڵێت دەندووکم هەڵبێنمەوە... ئەوان نەیاندەزانی باوکم چاوی دەیان گای دەرهێناوە و سەدان ماری گەورە لەژێر چڕنووکە بەهێزەکانیدا لەتوکوت بوون... چۆتە سەر ڕێی کاروانچییەکان و دەستی بەسەر دانەوێڵەکانیاندا گرتووە... هەر لەو ڕۆژەی سەرم لە هێلکە جووقاوە، لەسەر شەڕ ڕایهێناوم و فێڵی سەیر سەیری فێر کردووم... دەبێ ئەوەش بڵێم ئەو هێلکەیە هی مریشکێک بووە، کە بێجگە لە باوکم هیچ کەڵەشێرێ نەیوێراوە بڕوانێتە چاوانیەوە... بەڵێ، من ڕۆڵەی ئەو دایک و باوکەم... خۆشم بەردەوام تەکنیکی دیکەم دادەهێنا و ڕۆژ بەڕۆژ کەڵەشێری گەڕەکمانم دەبەزاند... ئینجا بەهی شوێنانی دیکەدا هاتم و چاوی کەڵەبابی هەموو شارم شکاند... دواجار باوکم پێی وتم لەگەڵی بێمە مەیدانەوە... خۆرهەڵاتێ بەرەنگاری یەکدی بووینەوە و بەچڕنووک و

بەدەندووک وەرگەڕاینە گیانی یەکترەوە... جەستەمان خوێنی لێ دەچۆڕایەوە و بەملا و بەولادا دەیپڕووشاند... هەندێ جار لەنێوان ئەو جۆگەلە خوێنانەی لە ملی خۆم و هی باوکمەوە فیچقەیان دەکرد، دیمەنی شتەکانم لێ دەگۆڕان و بەشێوەی زۆر جیاواز دەمبینین... دایک و خوشکەکانم دەموچاویان دەڕنیەوە و سنگیان دەکوتا... لێمان دەپاڕانەوە بوەستین... خۆرئاوا باوکم هێزی لێ بڕا و لرخەلرخی قوڕگی لە دوورەوە دەبیسترا... بەحاڵ تارماییی خاوەنەکەمانم دەدی، چەقۆی بەملی باوکمدا هێنا و ژنەکەی خستیە ناو تەشتێکەوە... لەمەوە چاوم بەرایی نەدا و شاری خۆمانم بەجێهێشت... هاتمە ئەم شارە و ئەوەتا دەبینن هیچ کەڵەشێرێ لەمسەر بۆ ئەوسەر ناوێرن لێم نزیکببنەوە... ئینجا ئەو ڕۆژەیش لەناو ئەو قەفەزە لەگەڵ دوو کەڵەشێرە شەڕانییەکە بەهەمان جورئەتەوە تێهەڵچووم... سنگم لە زەوی جووتدەکرد و لەپڕ وەکو ئیسپرینگ بەرزدەبوومەوە... لەملا و لەولاوە باڵە بەهێزەکانم پێدا دەکێشان و بەو تەلە ڕەقانەمدا دەدان... جارێک و دووان و دە، هەتا تەواو لە جووڵەم خستن... ئینجا گرەو لەسەر پارەیەکی ئێجگار زۆر بوو و توانیم کۆشکی گەورە و ماڵی باش بۆ خاوەنی خۆم بەدەست بهێنم... دوایی نەمویست...

هێشتا کۆتاییم بەچیرۆکم نەهێنابوو، کاتێ ئەو مریشکە جنجرە منجرە لەو ماڵەی سەری کۆڵان هاتە دەرێ... پڵنگ چۆن شاڵاو بۆ نێچری بێدەستەڵات دەبات، ئاوا شاڵاوم برد، بەڵام نایشارمەوە هەرکە نەجووڵا و بەغەزەبەوە چاوەڕێی گەیشتنمی کرد، دڵم داچڵەکی و هەنگاوەکانم خاو بوونەوە... بەسەر خۆمم نەهێنا و تینم خستەوە بەر قاچەکانم... ئاخر بێجگە لە مریشکەکانم، خەڵکی کۆڵانیش لەملا و لەولاوە چاوەڕێ بوون ئەنجامەکەی ببینن... هیوام دەخواست بەردی یەکێ لەو منداڵە هاروهاجانە بەر دڵم بکەوێت و نەگەمە لای... یان دیوارێکی پەڕپووت بەسەرمدا هەرەس بێنێت و ئاسەوارم نەهێڵێت... تۆ بڵێ گوللەی وێڵ کوناودەرم بکات و کۆتایی بەو ژیانەم بێنێت، کە ئێستا نا ساتێکی تر مریشکێکی لە ئۆمەت نەچوو مانای تێدا ناهێڵێت... ئەو خەیاڵانە و لە هێرشی بێهوودەی خۆشم بەردەوامم... گەیشتمە بەردەمی و نەمویست وای پیشاندەم، کە حیسابێکی جیا لە مریشکی دیکەم بۆی کردووە... بگرە هەوڵم دا خۆم لەوە گێل بکەم، کە ئەو هیچ نارەزاییەک بەسیمایەوە دیارە... بەترسێکی شاراوەی زۆرەوە بەرزبوومەوە، گوایە دەمەوێت بچمە سەر پشتی و سنگی بنووسێنم بەزەوییەوە، بەڵام داخی گرانم وا نەکەوتەوە... هاوکات ئەویش بۆم بڵند بوو و بەچڕنووک تێیهەڵدام... گوێم لە دەنگی قاقای دانیشتوانی کۆڵان بوو و هێندەی دی گیانم داهێزرا... ئەگەرچی زیاتر توانای ئەوم بۆ دەرکەوت و تەواو لە دڵمدا چەسپی دەرەقەتی نایەم، بەڵام هێشتا ویستم بەچاوی کەمبایەخەوە لێی بڕوانم... هەستامەوە و هەمان جووڵەی پێشووم دووبارە کردەوە، لەگەڵیا قیقەیەکم لە قوڕگم دەرپەڕاند... بەڵام چونکە ترس هەموو گیانمی تەنیبوو، ئەو دەنگە ئەوەندە بەکزی دەرچوو، لە شێوەی پاڕانەوەوە کەوتە بەر گوێچکەی خۆشم، چجای هی ئەم و خەڵکی گەڕەک... لەمەوە ئەژنۆم شکا و نەمتوانی یەک چڕنووکی دیکە بوەشێنم... پشتم تێکرد و بەناو کۆڵاندا هەڵاتم... پێی نەگیرام و خۆم گەیاندەوە لای مریشکەکانم... منداڵان لە هەموو لایەکەوە هووهایان دەکێشا و ژنان و پیاوان قاقایان لێ دەدا... مریشکەکان مەکربازانە پێیان دەوتم:

– گوێیان مەدەرێ، چیرۆکەکەتمان بۆ تەواو بکە.



عەیارترینیان چاوەکانی دەنووقاند و دەیوت:

– چیرۆکی چی کچێ ئێوەش...!! ئەوە ڕاستیە ڕاستی...!!

لەمەوە وەکو ئەوان هەڵسوکەوتم دەکرد... نەمدەقووقاند... باڵەکانم لێکنەدەدان... هەقایەتیشم نەدەگێڕایەوە... هەقم بەسەر هیچ شتێکدا نەبوو... ئێستا «کاروان» تۆ باسی قەلە زەردە نێرەکەی پشت ماڵی خۆتانمان بۆ بکە:

ئەوە هی ژنێکی کۆڵانی ئەوبەرمان بوو، کە ناوی «فاتمە ڕەوەند» بوو و دایکی کوڕێکی برادەری منداڵیم بوو... ئەو قەلە دوو ئەوەندەی قەلی ئاسایی بوو و بەهەموو قەلەکانی دیکە دەوێرا... هەر کچانی بدیایە، پەلاماری دەدان و بەباڵە بەهێزەکانی و دەنووکە تیژەکەی تێیاندەکەوت... ئیتر لە ترسا دەیانکرد بەزرووکە زرووک و ڕەنگیان بەبەرەوە نەدەما... ئێمەش حەزمان لەو بەزمە بوو و چەپڵەمان بۆ قەلەکە لێ دەدا... کەچی لەگەڵ کوڕان وانەبوو و شاڵاوی بۆ نەدەهێنایین... «پوورە فاتمە ڕەوەند»ی خاوەنی دەیوت، بۆیە ئاوا ڕاوی کچان دەنێ، چونکە جلی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەر دایە و پێیان سەغڵەت دەبێت.

ئێوارەیەکیان دایکم کنگری زەرد دەکرد و مەنجەڵێ ئاوی گەرمی بەدەستەوە بوو، لەو کاتەدا مراویەکانمان هاتنەوە، دایکم هۆشی لای خۆی نەبوو، مەنجەڵە ئاوە زۆر گەرمەکەی ڕۆکردە سەر ئەو کۆنکرێتەی ژێر قاچیان و پێی وتن:

– بیخۆنەوە لۆ خۆتان بەقوربان... دەی بیخۆنەوە.

هەر هەموویان قاچیان سووتا و کەوتن... نەیاندەتوانی بڕۆن و چەند ڕۆژێ بەمەرەکەب و بەدەرمانێکی سوور بۆی تیمار دەکردن... بۆیان دەگریا و فرمێسکی هەڵدەڕشت... ئیتر لەمەوە هەر بەجارێ وازی لە بەخێوکردنی پەلەوەر هێنا... جارێکیان لە خانووە تازەکە جووتێ کۆترم لە کوڕێکی دراوسێمان وەرگرت و لە حەوشە بەخێوم دەکردن... ڕۆژێکیان زۆریان لێ کردم بیانفەوتێنم... ئەوەندەم پێ ناخۆش بوو، حەفتەیەک بۆیان گریام... قاقەزێکم هێنا و باسی ئەوەم کرد، کاتێ گەورە دەبم و دەبمە خاوەنی ماڵی خۆم، چۆن پڕی دەکەم لە باڵندەی جۆراوجۆر و لەگەڵ ژنەکەم بەجوانترین شێوە بەخێویان دەکەین... ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو، ئەوەندەی باسی جیابوونەوەم کردبوو، نیو ئەوەندە بەلای باسی بەخێوکردنی باڵندەدا نەچووبووم... ئەمەیان خەتای دایکم بوو، بەڵام باوکیشم بەدڵی بوو، چونکە تەنها لەگەڵ خوێندن و قوتابخانەدا بوو... دەیویست من زیرەکترین قوتابیی قوتابخانە و هی گەڕەک بم، بەڵام هەرگیز ئەو ئاواتەی نەدەهاتە دی... من ساڵ بەساڵ خراپتر دەبووم و نمرەکانم دادەبەزین... تا دەهات پتر ڕقم لە قوتابخانە هەڵدەستا و زیاتر بەدوژمنی خۆمم دەزانی... مامەڵەی هەندێ لە مامۆستاکانم بەدڵ نەبوو و خۆشمنەدەویستن... شێوەی وانەوتنەوەکانیان پەستیان دەکردم و ڕۆژ بەڕۆژ لە کتێبەکانیان دووردەخستمەوە... جارێکیان مامۆستای عەرەبی لە پۆلی چوار سێ جار تەختەرەشەکەی بەباسی پشیلە پڕکردەوە، دەبووایە ئێمەش لەسەر دەفتەرەکانمان بمانووسیایەتەوە و بۆ بەیانیەکەی لەبەرمان بکردایە، چونکە خۆی حەزی لە بەخێوکردنی پشیلە دەکرد و پێی وابوو جوانترین ئاژەڵی دنیایە... ئێواران خۆی و

«غالّب مقەللەم»ی هاورێی لە «گازینۆی قەرداران» دادەنیشتن و بەسمێڵی جوان و تووکی نەرم و چاوی تیژی کتکیاندا هەڵدەوت... «ئازاد...ن» کوڕی بێوەژنێکی داماو بوو، ئەو ڕۆژە کتێبەکانی هەڵگرت و بەئێمەی وت چیتر نایەتەوە، چونکە ناتوانێت بەزمانی عەرەبی ئەو هەموو شتە لەبەر بکات و بەرگەی زللەکانی ئەو مامۆستا زاڵمەش ناگرێت... لەناو بازاڕ بووە دەستفرۆش و وازی لە قوتابخانە هێنا... من لە ترسی مامۆستا و باوکم لەبەرم کرد و ئێستاش هەندێکم بیرماوە... یەکێ لە خاسیەتەکانی ئەوەیە لە کاتی ڕۆیشتندا دەنگی پێی نایە... لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، کە ئەو ساڵە بوو بەعس لە گفتەکانی پەشیمانبووەوە و شۆڕش هەڵگیرسایەوە، من بەشێوەیەک خراپ بووم، لە پێش نیوەی ساڵ لە شەش وانەدا دەرنەچووبووم... لە بیرمە پێش ئەوەی کارت وەربگرمەوە، ڕۆژانە هەر مقەبا و پارچە کاغەزێکم بەدەست بکەوتایە، نمرەی تاقیکردنەوەکانی خۆمم لەسەر لێکدەدانەوە و دابەشم دەکردن، تا بزانم لە چەندیان دەکەوم و کۆستەکەم تا چ ئەندازەیەک گەورەیە... هەندێ جار خۆمم دەخەڵەتاند و بەهەر شێوەیەک بووایە دەمگەیاندنە پەنجا... کەمێ ئەو دڵەم هێمن دەبووەوە... هەرچەند باوکم ڕقی دنیای لە پەنجا بوو... تەنانەت زۆر کەیفی بەشەست و حەفتاش نەدەهات... کەچی زۆری نەدەبرد پەنجاکان دادەبەزینە خوارێ و دڵم دەکەوتەوە ختووره... بەڕادەیەک دەترسام، ڕەنگم بەبەرەوە نەمابوو... چەند جار بیرم لەوە کردەوە خۆم بکوژم، بەڵام سەری نەدەگرت... ئێوارەیەکیان چوومە سەربان و ویستم خۆم هەڵدەمە خوارێ، کەچی بەزەییم بەدایکم و باوکم و خوشک و براکانمدا دەهاتەوە... لەوە دەترسام بەرگەی ئەو کۆستە گەورەیە نەگرن و خوانەخواستە دوای من بمرن، بۆیە دابەزیم و بەدزیەوە لە مووبەق زۆر زۆر گریام.

کۆبوونەوەی باوکان بوو و من نەمدەویست بەباوکمی بڵێم، بەڵام برا زیرەکەکەم ترسی نەبوو، بۆیە نەیشاردەوە و پێی وت... تا باوکم هاتەوە، من لەناو مووبەقدا هەڵدەلەرزیم و کتێبێکیشم هەر بۆ چاوبەست بەدەستەوە گرتبوو... کاتێکم زانی باوکم پەیدا بوو و دایکم پرسی، ئاخۆ ناوی منیان لەگەڵ تەمەڵەکاندا نەخوێندۆتەوە، هەرکە ئەو بەنەخێر وەڵامی دایەوە، من ڕەنگم هاتەوە بەر و دڵنیاش بووم ناوی منیان بیرچوو بوو... ئەگەرچی ئەو دڵخۆشیە کاتیە و دەزانم ڕۆژی کارتەکە دارکاریەکی عەنتیکە دەکرێم.

ئەو سەردەمە لە قوتابخانە وا بڵاوبووبووەوە، گوایە مامۆستایەکمان حەزی لە دایکی قوتابییەکی پۆلی شەش کردووە و ئەو کوڕە بەپارە نمرە بۆ قوتابییان زیاد دەکات... بەپەنجا فلس وانەیەکت بۆ دادەپۆشێت... من ئەو کوڕەم بەناسین نەدەناسی، بەڵام ئەوەندە لە قوتابخانە باس کرابوو، لای هەموومان ناسراو بوو... جارێکیان بەڕێککەوت لە نانەواخانەیەکی نزیک «حەمامی ئیسکان» بینیبووم و قسەم لەگەڵدا کردبوو... سوور و سپییەکی ڕۆحسووک بوو، بالای لە من بەرزتر بوو... بەحاڵ سەرم دەگەیشتە شانی... من زوو چووبووم و سەرەم لە پێشەوە بوو... ئەو پرسی:

– ئەتوو لە مەکتەبی زێوەر نی...؟

– با.



– لەگەر خۆت نانی لۆ منیش وەردەگری...؟

– ئا، بینە.

بیرم لەوە کردەوە بەو کوڕە بڵێم چارەسەرێکم بۆ بدۆزێتەوە و لەو چورتوومە گەورەیەم دەرباز بکات... دەبووایە بۆ شەش وانە بەلایەنی کەم شەش پەنجاییم کۆ بکردایەتەوە... ڕۆژانە بیست و پێنج فلس زیاترم وەرنەدەگرت... ئەوە پارەیەکی زۆر بوو، دوو قاتی ڕۆژانەی هەندێ لە دراوسێکانمان بوو... ئیتر ئەو بیست و پێنجیانەم کۆدەکردەوە و بەدزیەوە دەمخستنە ژێر ئەو بنکە دارەی، کە تەباخە غازەکەمان لەسەری دانابوو... ماڵێکی لادێیی هاتبوونە کۆڵانەکەمان و لە ترسی شەڕی نێوان سوپای بەعس و پێشمەرگە، لادێکەی خۆیان بەجێهێشتبوو و خانووی ماڵە پێشمەرگەیەکیان بەکرێ گرتبوو... هەموو ڕۆژێ بەیاریی هەڵماتێن ئەو دەفلسەم لێ دەبردەوە، کە خوا بزانێت دایکە بێوەژنە کلۆڵەکەی بەچ حاڵێ پەیدای کردبوو... من کە لە هەموو ژیانمدا لە هەڵماتێن دۆڕابووم، لە شانسی ئەو دەمبردەوە... کوڕێکی داماو بوو، ئەو هەموو پاکییە لە ناو دڵیدا جێگایان نەبووبووەوە، هەندێکیان هاتبوونە دەرێ و لەسەر دەموچاوی هەڵنیشتبوون... دەمتوانی بەسووکی دەستم درێژ بکەم و وەکو باڵی تەنک و شەفافی پەپوولە بیانگرم... ئەگەر لادێ ناوێک نەبووایە، بۆ چەند خانووێکی قوڕی پەڕپووتی چۆڵەوانییەک و خەڵکێکی ساکار، ئەوا ئەو وشەیە بۆ ئەو کوڕە زۆر گونجاو بوو و دەتتوانی هەموو لادێ لە ڕووخساریدا ببینیت... من غەدرم لەو فریشتەیە دەکرد و لە ناخەوە بۆی دەگریام... شەش پەنجاییم پاشەکەوت کرد و عەسرێکیان چووم بۆ لای ئەو کوڕەی دەیتوانی بەپارە دەرتچوێنێت... ماڵەکەیانم ڕێک پێ نەدەزانی و بەپرسیار دۆزیمەوە... لە قوتابخانە ئەوەندە باسیان کرابوو، منیش وەکو هەر کەسێکی دیکە زانیاریی زۆرم لەسەریان هەبوو... ئیتر دەمزانی ئەوەی من وا لە بەردەمیدا وەستاوم، ماڵێکە پێکهاتووە لە ژن و پیاوێکی گەنج، تاقە کوڕێکیان هەیە و لە «زێوەر»ە... لە دەرگام دا و زۆری پێنەچوو ژنێکی بالابەرز کردیەوە... ماکسییەکی سووری لە بەر بوو و ڕۆبێکی درێژی بەسەرداهێنابوو... قژە کورتەکەی بەحاڵ دەگەیشتە سەر شانی... لەسەر مۆدێلی ئەوسا بڕیبووی و بەشانە ڕێکیخستبوو... لە دڵی خۆمدا دەموت: «ئا ئەوەیە شەوان لەگەر مامۆستا «...»ی دەنووی... وەڵلاهی دەرێی ئەسمەهانی گۆرانیبێژە... ئەو پرچەیە مامۆستا... بۆنەکەی هەردەمژی و لە پەنجەکانی خۆی دەئارێنی... ئەو ڕوومەتانەیە ئەو هەموو شەوێ لۆ خۆی ماچیان دەکا».

لە میانەی دەرگا کراوەکەی حەوشەوە ناو ماڵەکەیانم لێ دیار بوو... بچووک بوو، بەڵام زۆر شارستانیانە ڕێکخرابوو و بەئاسانی لە هەر ماڵێکی دیکەی ئاساییی هەولێری جیا دەکرایەوە... سەرم هەڵبڕی و بەشەرمەوە پرسیم:

– «...» لە مارێیە...؟

بەڕووێکی خۆشەوە پێی وتم:

– نا، بەقوربان لە مارێ نییە.

– ئەدی نازانی کەینێ دێتەوە...؟

– بەخوای نازانم... بزانە لە دووکانی «مام...» نییە...!!

ئەوێی بۆ گەڕام و نەبوو... ئێوارە جارێکی تر چووم و لە دەرگام دا... هەمدیس خۆی کردیەوە و بەبێ ئەوەی بپرسم، وتی:

– «...» هاتیتەوە... وا گازی دەکەم.

بە پەڕۆیەکی سپی ئەو ناوچەوانەی بەستبوو و جوانتر لە جاری پێشوو دەردەکەوت... من زۆڵانە و بەچاوی پیاوێک سەیریم دەکرد و لێی وردەبوومەوە... بەرەو ژوورەوە دەچوو و دەیوت:

– «...» وەرە ئەو کوڕە دیسان هاتیتەوە.

«...» بەدەستێ بیجامەی پاکەوە هاتە دەرێ و بەحەپەساویەوە لێم ڕاما... لەوەدەچوو لە هەموو ژیانیدا باوەڕی نەکردبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان من لە بەر ئەو دەرگایەی خۆیاندا ببینێت و ئیشم پێی بکەوێت... لێی پرسیم:

– ئەمنت لۆ چییە...؟

دەمم تێکئاڵابوو و نەمدەزانی بەچ شێوەیەک پێی بڵێم... هەرچۆنێ بێت ئەوەم تێگەیاند، کە هەندێ بچینە ئەولا و ئیشێکم پێیەتی... لەوێ پارەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و ناشیانە و بەشەرمەوە پێم وت:

– زانیتم داکت و مامۆستا «...» حەزیان لە یەکدی کردیە و ئەتوو بەپارە دەرەجەی لۆ تەلەبان زیاد دەکەی... ئەمن شەش درهەمت دەدەمێ و...

یەک بۆکسی بەناوی دەممدا کێشا، سەرم لەگەڵ خولایەوە و چاوم کەوتە ڕەشکەوپێشکە... یەکسەر خوێن فیچقەی کرد و دەستم پێوە گرت... دوو سێ شەقی لە ڕانەکانم دا و چوومە شارای مەرگەوە... جنێوی پیس پیسی پێ دەدام و نەیدەبڕیەوە... پیاوێکی دراوسێیان ماڵی ئاوابێ لەژێر دەستیدا دەریهێنام و دڵنەواییی دامەوە... دایکی هاتە دەرێ و بەحەپەساویەوە سەیری کردین... بەبێ ئەوەی بزانێ چییە، شاڵاوی بۆ کوڕەکەی برد و هەزار جنێوی پێ دا... کەچی ئەو بەدایکی نەدەوت لەسەرچی ئاوا تێیهەڵداوم... هەر دەیوت:

– ئەدی لۆ لە خۆڕا جوونم پێ دەدا...؟!

دایکی سەرزەنشتی دەکرد، کەوا دوو ئەوەندەی منە و لێی داوم... دەیوت ئەگەر ئازایە با بەهاوتەمەنی خۆی بوێرێ... منی بردە ماڵەوە و لە حەمامەکەیان دەموچاومم شت... دەستی تەڕم بەیاخەی قەمسەڵە مشەممەکەمدا دەهێنا و خوێنەکەم دەسڕی، نەوەکا لە ماڵەوە باوکم بیبینێت... ئەگەرچی بەو لێوە قڵێشاوەمدا دەزانێ شەڕم لەگەڵ کەسێکدا بووە و بەلێدان وام لێدەکات دان بەسەرجەمیدا بنێم... ئەوسا هەموو شتەکانم بەجارێ ئاشکرا دەبن و زیاتر پۆخڵەواتەکانم دەردەکەون.

ژنەکە هەر زوو زوو ئاخی هەڵدەکێشا و دەیوت:

– ئەی دەستت بشکێ... وەڵڵاهی بابت بێتەوە، دەبی بتکوژی.

لە هەیوانەکە سەیرێکی کردم و بۆ دڵنەوایی وتی:



– لێی گەڕێ ئەو بێقیمەتە، بزانە چی لێ دەکەم... دە بەخوای ئەمن هەر ئەتووم دیت، لە دری خۆمدا گۆتم چەند کوڕەکی هێسکسووکی.

دوایی بەکوڕەکەی وت:

– وەرە دەستی لە ملیکە و ماچی بکە، ئەوە برای تووە.

هەر ئەویش پێی وت تا سەر شەقامی شەستی بەڕێم بکات... هەردووکمان بەشەرمەوە دەڕۆیشتین و هیچمان نەدەوت... دوایی هەرچۆنێ بوو ئەو دەستپێشکەریی کرد و وتی:

– ئەمن دەزانم کێ ئەو دیعایانەی لۆ من کردیە، ئەوە «...»ی جیرانمانە... ئەو خوشکحیزە کەیفی بەمن نایێ و لای عالەمێ قسەم لۆ هەردەبەستی.

ئینجا سەیرێکی کردم و وتی:

– شتەک هەیە بەکەسم نەگۆتیە، بەرام بەتووی دەرێم... «...»ی خوشکی هەموو جارێ وەکی ئەمن لەسەربانی دەخینم، ئەو لە حەوشەی خۆیان ئیشارەتم لۆ دەکا و ماچم لۆ داوێ... یان ماکسیەکەی هەر دەکا و ڕانەکانی بەمن پشاندەدا... ئەوێ جارێ قۆچپەکانی سەر سینگی کراسەکەی کردەوە و مەمکی خۆی پشان دام... بەسەری بابم ئەگەر بمەوێ هەموو شتەکی لەگەر دەکەم.

بەداخەوە و لە شانسی من ئەو ژنە میهرەبانە وا دەرنەچوو و هەرچی دەربارەیان وتبوو، بوختان بوو و ئاگای لە مەحموودی بێزەوال نەبوو... ئیتر من ئەو هیوایەشم نەما و ئەوەندەی دیکە ڕیسوا بووم... بەترسەوە هەنگاوم دەنا و بەرەو ماڵ دەبوومەوە... بیرم لە درۆیەکی کەمێ ماقووڵ دەکردەوە و دەمویست خۆمی پێ دەرباز بکەم... جارێکیان لەگەڵ برایەکم شەڕم بووبوو، کە دوو ساڵ لە خۆم منداڵترە، بەڵام لە من بەهێزتر بوو و دەستی زۆر قورس بوو، یەک بۆکسی هەر لەو شوێنەم دا و بەقەدەر هەڵماتێ ئاوسا... خوێنی تێدا زا و زۆر ئازاری دەدام... هەردووکمان لەوە ترساین باوکمان بزانێت و لێدان بخۆین، بۆیە هەر خێرا ئاشتبووینەوە و کەوتینە بیرکردنەوە لە چارەسەرێک... ئەو لە سەربانی خۆمان پەنجەی لەسەر دادەنا و تا هێزی تیابوو فشاری دەخستە سەر... دیارە ئازارێکی زۆرم هەبوو، بەڵام دەبووایە دان بەخۆمدا بگرم، باشتربوو لەوەی باوکم بزانێت و لێدانی ئەویشی بێتە سەر... خۆشبەختانە ڕێگایەکی سەرکەوتوو بوو و نیشتەوە... ئیتر نەیزانی و دەرباز بووین، بەڵام ئەمجارەیان زۆر جیاوازە و بەهیچ شتێ ناشاردرێتەوە... ئەی خوایە گیان من تووشبووم و تۆ فریام بکەوە... وەکو زۆر جاری دیکەش فریام کەوتووی... جەژنی قوربان بوو دایک و باوک و مام و خاڵ جەژنانەی زۆریان دابوومێ... دەمانچەیەکم کڕی و لە کۆڵانی ئەودیومان قومارم پێ دەکرد... چەند مەتر لەولای خۆمەوە دارێکی باریکم چەقاند... هەر منداڵێک بیتوانیایە لێی بدات، من بیست و پێنج فلسم دەدایە، بەڵام ئەگەر نیشانی نەپێکایە، پێنج فلسم لێی دەسەند... چەند پەنجاییەکم کۆکردەوە و دڵم خۆش بوو... لەپڕ منداڵێ دەرکەوت، کە ناوی «هەژار» بوو و تازە هاتبوونە گەڕەک... دەمزانی ئەو کوڕە لە قوتابخانە بەرادەیەک زیرەکە، مامۆستاکان لە ئاستیدا سەرسامن، بەڵام نەمدەزانی لە شانسی من ئەوەندەش نیشانی ڕاستە... هەر چۆن دەیهاویشت، بەر ئەو

داره، وا چاکتره بلێیم بەر کولەکەی دڵم دەکەوت و بیست و پێنج فلسی لێ دەسەندم... بیانووم پێ گرت و وتم با زیاتر دوورکەوێتەوە، بەڵام سوودی نەبوو... چاویشی بنووقاندایە، هەر نیشانی دەپێکا... دیواریشم لە بەردەمیدا هەڵبچنیایە، دەیسمی و لەودیو زرمەی لێ هەڵدەستاند... بۆڕی «ترەنتی»یشی دابووەوە، کە ئەوسا لای خەڵکی گەڕەکی ئێمە یەکێ بوو لە ئەکتەرە سینەماییە خۆشەویستەکان و حەزمان لە فیلّە سەیرەکانی دەکرد... بینیم وا گیرفانم بەتاڵ دەبێت، بۆیە وازم هێنا... کۆمەڵێ منداڵی دیکە لەولاوە شێروخەتیان دەکرد و خۆم گەیاندنێ، بەشکوو بەو یاریە پارەکانم بهێنمەوە و بوێرم ڕوو لە ماڵەوە بکەمەوە... قسەی قۆڕ...!! چاوترووکانێکی پێچوو، هەموویم دۆڕاند... وەکو مشکی زارەترەک هەڵدەلەرزیم و بیرم لە چارەسەرێک دەکردەوە... «شادە»ی خوشکمم بینی لە دووکانی «مام سەدیق» دەهاتەوە و میزەڵدان و شتی دیکەی کڕیبوو... پێیم وت با پارەکانی بۆ بژمێرم... بیست فلسم لێی دزی و تێهەڵچوومەوە... نەک مایەی خۆم، بەڵکو زۆریشم بردەوە... «شادە»ی خوشکم نەبووایە، ئەو ڕۆژە من کوژرابووم و وەکو منداڵێکی قومارچی لە گۆڕیان دەنام... بەڵام ئێستا نەک «شادە»، هیچ کەسێ ناتوانێت لەژێر دەستیدا دەرمبهێنێت... تەواو... من ئەمڕۆ کۆتایی بەم ژیانە بۆگەنەم دێت و ئیتر هاوڕێکانم نامبیننەوە... خوایە گیان هیچ شوێنێ نییە ڕووی تێکەم، بۆیە ناچار دەچمەوە و وەکو سەربازی ئابلۆقەدراو خۆم بەدەستەوە دەدەم... تو گەورەیی خۆت، با لەگەڵ یەکەم زللە گیانم دەربچێت و ئەوەندە ئازاری سەرەمەرگ نەبینم... خۆ من لەپاڵ ئەو هەموو خراپەیەمدا، چاکەشم کردووە... ئەو ڕەمەزانەی پار بەبێ پارشێو بەڕۆژوو بووم، بەڵام بەملی شکاوم لەگەڵ «عومەری مام ئەحمەد» و «هەندرێنی شەفیق ئاغا» لەسەر ئەو شەقامەی سیمەتری ئەوەندەمان یاریی بەتۆپ کرد، خەریک بوو لە تینووا دەخنکام... هێشتا ویستم دان بەخۆمدا بگرم و ئێوارە لەسەربان، هەرکە «دەروێش برایم»ی مزگەوتی «حاجی قەرۆ» بەو دەنگە ئێجگار خۆش و گەورەیەی وتی «ئەللاهوئەکبەر»، بەربانگ بکەمەوە، بەڵام خەتای ئەو پیاوە ئەزبەری فرۆشە بەڕۆژووە بوو، کە بەو ئەزبەریە پرتەقاڵیە تەزیوەی تەفرەی دام و خۆم بەدەستەوە دا... هەرچەند دەیوت:

– کەوکەو بارد... سارد و شیرنە کەوکەو.

من گوێچکەی خۆمم توند توند دەگرت، کەچی دەنگی تیژی پەنجەکانمی دەسمی و لەودیو ختووکەی ناخی دەدام... ڕۆژی جەژنیش چەند خۆم بەتاوانبار و شەرمەزار دەزانی، کە هیچ ڕۆژێکم نەگرتبوو... ئێستاش شەرمەزارم... پەشیمانم... داوای لێبوردن دەکەم... بەزەییم لێت دەوێ... با لەگەڵ یەکەم زللە گیانم دەربچێت و ڕیسوا نەکرێم... ئەوا پەنا بەتۆ بۆ ماڵەوە دەچمەوە و بزانم چارەنووسم چی دەبێت.

هەرچۆنێ بوو بەئەسپایی دەرگای حەوشەم کردەوە و چووم بۆ حەمامەکە... لەو ئاوێنەیە لە دەموچاوی خۆمم ڕوانی و زیاتر ترس دایگرتم... ئەو لێوە قلّیشاوەم هی ئەوە نەبوو بشاردرێتەوە... ئەوان لە یەکێ لە ژوورەکانی لای سەروو دانیشتبوون و چاوەڕێی دایکم و خوشکە گەورەکەمیان دەکرد نانی ئێوارە لەسەر سفرەکە دابنێن... من چووم بۆ ژوورەکەی تر و کتێبی «مێژووی عەرەب و ئیسلام»م لە جانتاکەم هێنایە دەرێ... بەدەنگ «شەڕی جەمەل»م دەخوێندەوە، کە دوای کوژرانی «خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان»،



لەنێوان لەشکری «ئیمامی عەلی» و «حەزرەتی عائیشە»ی دایکی موسڵمانانندا ڕووی داوە و هەزاران جەنگاوەر لەملا و لەولا شەهید کراون... لە ڕاستیدا ئێمە نەگەیشتبووینە ئەوێ و بۆ بەیانیەکەی مێژوومان هەر نەبوو، بەڵام من دەمزانی باوکم «ئیمامی عەلی»ی زۆر خۆش دەوێت و چەند بلّێی پێی سەرسامە... هەر بۆیە ناوی لە من نابوو «حەیدەر» و بەبانگکردنم کۆڵێ ئاسوودە دەبوو، ئەگەرچی دایکم زۆری پێ ناخۆش بوو... پێی وابوو «بارزانی»یش زۆر سیفەتی تێدایە، کە لە «ئیمامی عەلی»یدا هەبووە، وەکو ئازایەتی، بەخشندەیی، لێبوردوویی، پشتگیرییکردن لە هەژاران.

بۆ نانخواردن بانگیان کردم و وتم:

– لێمگەڕێن، ئەمن دەخینم، سوندم خواردیە لەوڕۆوە هەر دەخینم و هەتا سەری سارێ سەر لەسەر کتێبەکانم هەرناگرم.

لە ڕاستیدا هەتا ئەو ڕۆژەی لێوم چاک دەبۆوە و ئەوان هەستیان پێ نەدەکرد، نەک تا سەری ساڵ... دایکم هی ئەوە نەبوو فێڵی لێ بکرێت، هاتە ژوورەوە و وتی:

– ئەوە قەت ئەتوو نی، هەبی و نەبی لە ئیمتیحانەکی ساقیت بووی.

لە دڵی خۆمدا وتم: «هەر یەک...؟! شەش... شەش...!!» سەرم لەسەر کتێبەکە هەڵنەبڕی و وتم:

– ئەمن ساقیت دەبم...؟! وەللا دەبی یەکەم بم.

– دەباشە دەی وەرە نانەکەت بخۆ... دوایێ بخینە سیحرباز.

دایکم هەر کاتێ هەڵسوکەوتێکی سەیری لە من دەدی و لێم دەکەوتە گومانەوە، پێی دەوتم سیحرباز... تەنانەت لای خزم و کەسوکار ئەمە بووبووە نازناوم... بەبێ ئەوەی سەیری بکەم، پێم وت:

– بڕۆن ئەنگۆ نانی خۆتان بخۆن، ئەمن جارێ برسیم نییە.

دایکم پێکەنینێکی پڕ لە مەغزای کرد و چووە ئەودیو... باوکم بانگی کردم بێم نانەکەم بخۆم، چونکە مەحاڵ بوو لەزەتی لە نانخواردن ببینیایە، ئەگەر یەکێکمان لەسەر ئەو سفرەیە کەم بووینایە... هەمیشە لێمان ڕادەما، ئاخۆ تێرمان خواردووە یان نا... ئایا حەز لەو چێشتە دەکەین، یان بەناچاری دەیخۆین... هەر زوو زوو هەندێ لە بەشەکەی خۆی دەدایە یەکێکمان... منداڵانی گەڕەک بەخیلییان بەئێمە دەبرد، کە باوکێکی ئاوامان هەیە و ناهێڵێت لە هیچمان کەم بێت... ئەگەرچی من ئامادە بووم هەمووی بەدەقەیەک سەربەستیی برسیترین و ڕووتترینیان بگۆڕمەوە.

نەدەکرا لەوە زیاتر پێ لەسەر نەچوون دابگرم و هەرچۆنێ بوو چووم... دەستم بەشێوەیەک بەدەممەوە گرتبوو، کە هەستی پێ نەکەن، بەڵام چونکە گومانیان لێ کردبووم و بەدیقەتەوە سەرنجیان لێ دەدام، هەستیان پێ کرد... خوشکی گەورەم، کە زۆر مەراقی بوو بەردەوام پیشانی باوکمی بدات گوێڕایەڵە و هەرگیز لە قسەی ئەو دەرناچێت، مێشێکی دەکردە گامێشێک و ئێواران هەموو پۆخڵەواتەکانی ئێمەی بەکۆمەڵێ زیادەوە بۆ دەگێڕایەوە... وشەی کاریگەری بەکاردەهێنا و زۆر لێزانانە دەیگەیاندن... هەر

ئەویش لێپرسراوی تەلەفزیۆنەکە بوو و خۆی بڕیاری دەدا کەی دایگیرسێنێت و کەی بیکوژێنێتەوە... ئەگەر کۆششکردنەکەی ئێمەی بەدڵ نەبووایە، داینەدەگیرساند و سزایەکی تا بڵێی ناخۆش بوو... سەیرێکی کردم و بەسەرسوڕمانەوە وتی:

– وەی...!! ئەوە لێوت بەچ ئەوهای لێ هاتیە...؟!

باوکم هەستا و بۆم هات... ڕامکردە ئەو مووبەقەی، کە یەکێک بوو لەو شوێنانەی من خۆمم لێ دەشاردەوە و بەشێکی تەمەنمم تیادا بەسەر بردبوو... دەرگام بەسەر خۆم داخست و ئەو لە پەنجەرەوە پێی دەوتم:

– پێم بڵێ کێ لێی دای...!!

سەرەتا وتم کەوتووم، بەڵام باوەڕی نەکرد... دوایی وتم، گوایە لەگەڵ پێنج شەش کوڕی گەڕەکی «تەعجیل» شەڕم بووە و ئەوانیش دەستپێشخەربوون... بۆیەش «تەعجیل»م وت، چونکە گەڕەکێکی دوور بوو و نەدەکرا بچن بەدوایاندا بگەڕێن... دۆزینەوەیان زەحمەت بوو... جوانیش نەبوو بۆ من لێیاندابم و دەستم نەکردبێتەوە، ئەمە ئەوەندەی دیکە باوکمی تووڕە دەکرد و لێدانەکەشم خەستتر دەبوو، بۆیە وتم سەری یەکێکیانم شکاند و ئەوانیش لێوی منیان بریندار کرد... ئینجا لێکۆڵینەوەی پۆلیسیانە دەستی پێکرد:

– بەچڕا زانیت تەعجیلی بوون...؟ خۆ لەسەر نێوچەوانیان نەنووسرا بوو.

– وەکی هەراتن، یەکەکیان گۆتی ئەوەی سەری تەعجیلیەکی بشکێنی، ئەمە ناو دەوی دەشکێنین.

– لە کێندەرێ ڕێیان لێ گرتی...؟

– لە پشت جادەی شێست مەتری... لە کن ئاشەکەی.

– لۆ لەوێ بووی...؟

– دەمخیند.

– کەس چاوی لێبوو...؟

– نازانم.

– درۆیە.

– لۆ درۆیە...؟!

– بڕێ بەسەری بابم ئەوەی گۆتم ڕاستە.

مەحاڵ بوو سوێندی ئاوام بخواردایە، هەتا ئەگەر پێشی دەرباز بوومایە... ئەویش چاک ئەمەی دەزانی و بۆیەش هەمیشە بەو سوێندە دەیبەستمەوە... سەیرە کەسێ بیەوێت لێت بدات و ئازاری دنیات پێ بگەیەنێت، کەچی داواشت لێ بکات سوێند بەسەری ئەو بخۆیت...!! باوک...!! بەڕاستی تا ڕادەی



پەرستن خۆشیمدەویست و ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرم نایەت ڕقم لێی بووبێت... هاوینان کاتێ کارەبا دەبڕا و ئەو دەنووست، من بەسەعات باوەشێنیم دەکرد و ماندوو نەدەبووم، بگرە کۆڵێ هەستم بەئاسوودەیی دەکرد، کە دەمبینی نووستووە و گەرمای نییە... کەمێ نەخۆش بووایە، سەری دنیام لێ دەهاتەوە یەک و بەدەم ئازارەوە بۆی دەتلامەوە... جا چۆن بەدرۆ سوێندم بەسەری دەخوارد...!! بێ دەنگ بووم و وەڵامی پرسیارەکانیم نەدەدایەوە... وازی لێ هێنام و ساردبووەوە... دوایی وەکو زۆر جاری دیکە دایکم هات و بەکۆڵێ گلەییەوە هێنامیە دەرێ... نانەکەیان بۆ دانام و خواردم.

کاتێ ترسەکەم ڕەویەوە، بیرم لەو کوڕە و دایکە میهرەبانەکەی دەکردەوە... بیرم لەو کچەش دەکردەوە، کە لەناو حەوشەکەی خۆیانەوە ماچی بۆ ئەو کوڕە هەڵداوە و چمکی ماکسیەکەی تا سەر ڕانەکانی هەڵکردووە... شەویش لەناو پێخەفەکەم دیمەنەکەم دەهێنایە بەرچاوم و زیندەخەونم پێوە دەبینی... ئاواتم دەخواست کوڕی ئەو ماڵە بوومایە و ئاواشی بۆ من بکردایە.

جارێکیان لە زەماوەندی خزمێکماندا دەیان کچی جوان جوان بەجلی ڕەنگاوڕەنگەوە هاتبوون... کوڕێکی گەڕەکە کۆنەکەمانم لەوێ بینی، کە لە من گەورەتربوو و یەکێکیش بوو لە تەمەڵەکانی گەڕەک و قوتابخانە... پێی وتم:

– ئەمن بڕۆم لە کیژان هەردەتەکێنم.

ئەمەم بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی چۆن چۆنی دەکرێت... سەیرێکی چاوەکانیم کرد و پەرۆشانە پرسیم:

– کوو...؟!

ئەو بڕۆکانی خۆی هەڵتەکاند و وتی:

– ئەوها...!!

– ئەوجا ئەوە مەعنای چییە...؟

– یەعنی خۆشمدەوێن و عەزیان لێ دەکەم.

– ئێ...!! لۆ چ باشە...؟!

– همم...!! دەرێ لۆ چ باشە...!!

ئەو قسانە لە خەیاڵمدا وەکو پەپوولە هەڵدەفڕین و ختووکەیان دەدام... شەوێکیان بیرم لە کچێکی ئەوسەری کۆڵان کردەوە، کە تازە لە «بەغدا»وە هاتبوون و لە قوتابخانەیەکی عەرەبی دەیخوێند... کەمێ لە من گەورەتر بوو و جوانیەکەی ناخۆشی کردبوو... کوڕێکی گەڕەکی ئەوبەرمان ناوەکەی لەسەر قۆڵی کوتیبوو و ڕۆژانە بەپایسکیل بەبەردەمی ماڵیاندا دەڕۆیشت... ئەمەم پێ ناخۆشبوو و هەستم دەکرد هەڕەشەیەکە بۆ سەر من... ئەو دەوروبەرەی ماڵی ئێمە ئەوەندەی خەڵک لێبوو، لە شارە عەرەبیەکان ژیابوون و گەڕابوونەوە، زمانی عەرەبی دووەم زمانی ئەوێ بوو... ئەوە بێجگە لە یەک دوو ماڵی عەرەب و کۆمەڵێ ژن و پیاوی ڕۆمانیی هی «کۆمپانیای ئەرکۆم»... دیارە تورکمانیشی لێ بوو... بەیانی هەستام و قژم بەشانە داهێنا... چوومە دەرێ و چاوەڕێ بووم لە ماڵ بێتە دەرێ... هات و لەسەری کۆڵانی خۆمان چوومە بەردەمی... بڕۆکانم لێی هەڵتەکاند و پێکەنی... لە پێکەنینەکەیدا دیار بوو، کە تەواو لەو

ئیشارەتە تێدەگات و زۆری پێخۆشە... ئیتر من لەوەوە بەبێ ترس دوای دەکەوتم و سەیریم دەکرد... لەزەتێکی زۆرم دەبینی و ئاگام لە دەوروبەری خۆم بڕا بوو... لێی نزیکدەکەوتمەوە و بەردەوام برۆکانم لێی هەڵدەتەکاند... ئەوەندەم سەرەوخوار بەو برۆیانەم کردبوو، چاوەکانم کەوتبوونە ڕەشکەوپێشکە و ناو سەرم دەخولایەوە... بەڵام مەحاڵ بوو واز بێنم... تا نزیک قوتابخانەکەیان هەر ئاوام لێ دەکرد و هیچیشم پێی نەدەوت... ئەو سووک سووک بێزار دەبوو و ڕووی گرژ دەکرد... تەمز برۆهەڵتەکاندن هەر یەک جارە و دوای ئەوە شتی تر دێت... بەداخەوە من لەوە تێنەگەیشتبووم و ئەو کچە جوانەی دراوسێی خۆمانم نائومێد کرد... دەسا خەتای ئەو کوڕەش بوو، بەچاکی فێری نەکردبووم... بەعەرەبی وتی:

– جوز من عندی. «وازم لێ بێنە».

وازم نەهێنا و لەسەر ئەو جوولە بێتام و بێمانایەی خۆم بەردەوام بووم:

– أگـول جـوز من عندي، والله اگـول لأبوكَ يكتلكَ. «دەڵێم وازم لێبـێنە، بەخـوا بەباوکت دەڵێم تێتهەڵبدات».

وەی...!! ڕاکە باوکت هات...[١١]

من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە ئافرەت بوو و بیرم لێ دەکردنەوە... «ئەیاد»ی هاوڕێم لەو گەڕەکە تازەیە حەوزێکی هەبوو پڕاوپڕ لە ماسیی جوانی، من خەیاڵم حەوزێک بوو لێوانلێو لە ژن... دەستی سەرنجم پیادا دەکرد و هەر جارێ یەکێکیانم دەهێنایە دەرێ... دەمگرتنە باوەشمەوە و ڕامدەمووسین... شوێنپێی ماچەکانم بەسەر ڕوومەت و گەردن و لاملیانەوە بەجێدەما و وەکو نەخشی جوان جوان دەردەکەوتن... وای بۆ بارانێکی سووری چەشنی ئەوەی ناو خەونەکانم لەپڕ دایبکردایە و گەچی ڕەق و کۆنکرێتی مکۆم و شیشی بتەوی بنمیچەکەی ببڕیایە... دڵۆپ دڵۆپ بەسەرماندا بتکایە و وەکو نقێم لە خۆی بگرتینایە... من هونەرمەندێکی سەرشێت بووم، کە هیچ قوتابخانەیەکی هونەری وەرینەدەگرتم... لە هەموو شێوازەکان یاخیبووم و یەک لە دوای یەک بەلاوەم دەنان... ئەو فۆرمەی ئێستا دەمخولقاند و پێی شاگەشکە دەبووم، تاوێکی دیکە هەڵمدەوەشاندەوە و قێزم لێی دەهاتەوە... ئەو ژنە ڕشکن و چاوڕیپۆقاوی و چڵکنانەی گەڕەکەکەم و ئەوانی دەوروبەریم وا گۆڕیبوو، کەس نەیدەناسینەوە... هەر دەمێ بەشێوەیەک دەردەکەوتن و هەر جارێ لە شتێ دەچوون... دەبووایە بەهەموو ئەو پێناسانەدا بچیتەوە و سەرلەبەر هەڵیانوەشێنیتەوە، کە پێشتر بۆت کردبوون و واتزانیبوو نیشانت پێکاوە... لە چاکترین بازاڕدا جل و پێڵاوم بۆ دەکڕین و هەر زوو زوو دەمـبـردنە لای «پووره فـەریدە»ی دەلاک... هەندێ جلوبەرگـیـان دەپۆشی و بەجـۆرێک هەڵسوکەوتیان دەکرد، ئەگەر کەسوکاریان بیانزانیایە، گۆشاوگۆش سەریان دەبڕین و منیشیان بەسەر دنیاوە نەدەهێشت... جار جار کە بەراوردی ئەو ژنە ڕاستەقینانە و ئەوانەی ناو خەیاڵمم دەکرد و ئەو جیاوازیە گەورەیەم دەبینی، پێکەنینم دەهات و نەشمدەتوانی بۆ کەسی بگێڕمەوە... «نەسرین»ێک هەبوو، زۆر جوان بوو و ئەو چاوانەی هەر جارێ بەشێوەیەک هەڵدەهاتن، کە من لە ئاستیاندا تەواو سەرسام بووم و نەمدەزانی چ ناوێکیان لێ بنێم، بەڵام گوێی بەهیچ نۆرمێکی شارستانیی نەدەدا و ئەوەی



ناوی زەوقی هاوچەرخە لەو کچەدا نەبوو... ئەو قژەی دەئاڵۆزکاند و لە ناوەڕاستی سەریدا کۆیدەکردەوە... بەتۆقەیەکی ژەنگاوی دەیبەست و دەهاتە دەرێ... ماکسیەکی ڕەنگبواردووی دەپۆشی و بیجامەیەکی دایلۆنی هێڵداری پرتەقاڵیی لە پێ دەکرد... ڕۆژێک بردمە لای «پووره فەریدە» و پێیم وت قژی لەسەر دوا مۆدێل ببڕێت... دەستێ جلی زۆر باشم بۆ کڕی و گەیاندمە «بەغدا»... لەوێش چەند تەنوورە و کراس و عەتری گرانبەهام بۆ هەڵبژارد و بوو بەکچێکی دیکە... لەسەر تەختی نووستنی ژووری ژمارە نۆی ئەو ئوتێلە نایابانە سەری دەخستە سەر شانم و زۆر بەناز قسەی لەگەڵدا دەکردم... وشە ناسکەکانیم بەماچ هەڵدەگرتەوە و لە بنکی دڵمدا جێگام بۆ دەکردنەوە... دوای ئەو زیندەخەونە، زۆر پەرۆش بووم بەڕاستی ببینم... ڕۆژێکیان لە کاتی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ کارتۆنێکی گەورەم کڕیبوو و دەچووم بۆ ماڵی مامم، تا ئامۆزاکانم نیگارێکی جوانی لەسەر بکێشن و بیدەمە مامۆستای نیگار... بەلای ماڵی «نەسرین»دا تێپەڕیم و بینیم... کلکی مشکێکی مردووی بەپەنجەگەورە و دۆشاومژەی دەستی ڕاستی گرتبوو و وەکو جنۆکە دەیبۆڵاند...[١٢] لەپڕ دوو سێ ژنی خزمیان لە سووچی کۆڵان دەرکەوتن و ئەو لە خۆشیا بیری چوو مشکەکە بخاتە تەنەکەی خۆڵەوە... بەرەو پیریانەوە دەچوو و دەیویست هەر بەو مشکەی دەستییەوە لە باوەشیان بگرێت... ئەوان ڕایاندەکرد و دەیانزرووکاند... دیمەنێکی چەند بڵێی کۆمیدیی هەبوو... بۆ ئامۆژنم گێڕایەوە و پچڕا لە پێکەنینا... ئەو نەیدەزانی من چەند پێوەی ماندوو بووم و دنیایەکم پارە بۆ خەرجکردووە، هەر بۆ ئەوەی بگۆڕێت و نرخی ئەو جوانییەی خۆی بزانێت... بەداخەوە نەیزانی و خەونەکەی منی بەتاڵکردەوە... باش بوو دوایی فیلێکی دیکەم دۆزیەوە و نەمهێشت لە دەستم بچێت... ژنێکی ناشیرین هەبوو لە کۆڵانی مەسیحیەکان و هەموو ڕۆژێ لە نانەواخانە دەمبینی... ڕێک بەپێچەوانەی «نەسرین» ئێجگار هونەرمەندانە دەستی بەخۆیدا دەهێنا و لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا شارەزاییەکی سەیری هەبوو... قژی لەسەر شێوەی کارێ دەبڕی و بەعەتر دەیڕشاند... وشەی زۆر تازەی بەکاردەهێنا و بەناسکییش دەریدەبڕین... ئەو و «نەسرین»م کرد بەیەکێک و ئافرەتێکی تا بڵێی نموونەییم لێ خولقاند... بوومە خاوەنی و شەوان تا بەیانی لەناو باوەشی خۆمدا دەمنووواند.

لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم، لە خانووە کۆنەکە، ژن و پیاوێک لە کۆڵانەکەمان تازە ژیانی هاوبەشیان پێکەوە نابوو و «بەختەوەرانە!!» لە خانووێکدا دەژیان... ڕۆژانە من لە بەردەرگاکەیان لەسەر سک پاڵدەکەوتم و لەژێریەوە سەیری ناو ماڵەکەیانم دەکرد، بەشکوو شتێکم بەرچاو بکەوێت و کەمێ لەزەتم پێ ببەخشێت... بەرقاپییان زۆر فێنک و خۆش بوو... جارێکیان لەوێ خەوم لێ کەوت و ژنەکە – عەیب و شوورەیی – بەباوەش بۆ دایکمی بردمەوە... بۆنێکی سەیر لە قژی ئەو ژنە دەهات و هەوەسی دەبزووواندم... ماڵەکەیان پڕی بوو لەو بۆنە و تیایدا هەستم بەئاسوودەیی دەکرد... جارێکیان لە مووبەقی خۆیاندا مراویەکی سپیی ئاوەڕووتدەکرد و من نۆبەرەکەیم بۆ ژێردەکردەوە، کە لە بێشکەدا بوو و کوللەکەی لەسەر چاوی لادابوو... کاتێ تەواو بوو و دەستە سپی و ناسکەکانی خۆی بەسابوونی جەمال شت، ماچی کردم و خەریک بوو بۆنی قژی شێتم بکات... ئەو ژنە تا ئەم دواییەش لای ژنانی گەڕەک شانازیی بەوە دەکرد، کە من بەمنداڵیی شەیدای بووبووم و وتبووم:

– «...» جوانترین بووکە.

لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی، لە خانووە تازەکە، بەخەیاڵ دوانزدە ژنی زۆر جوانم هێنابوو، کە هی دەوروبەری ماڵەکەمان بوون و شەوان بەنۆرە لایان دەنووستم... هەمووشیان عازەب بوون و ڕێک سێ بەقەدەر من بوون، بۆیە دەبووایە هەر بەخەیاڵ خۆمم گەورە بکردایە و شێوەمم تەواو بگۆڕیایە... لەسەر من دەیانکردە فڕکان فڕکان و هەر یەکەیان بۆ ژووری خۆی ڕایدەکێشام... بەناز و مەکرەوە قسەیان بۆ دەکردم و تەفرەیان دەدام... لەسەر زەوقی من قژیان دەبڕی و دەبووایە خۆشم لە بەرامبەر ئاوێنەی باڵانوومای ژوورەکانیان بۆیان دابهێنم... حەزیان دەکرد خۆم سووراوەکانیان بۆ بکەم و لەسەر زەوقی من جل و پێڵاویان هەڵدەبژارد... گوارە و ملوانکەکانیان هەر من بۆم دەکڕین... لە خێزانی جیا جیاوە هاتبوون و سەر بەچین و توێژی جۆراوجۆر بوون... لە کچی کۆنتەراتچی و بازرگان و مامۆستا و فەرمانبەرەوە تا کچی شوفێری تاکسی و دووکاندار و هی بێباوکیان تێدا بوو... من جیاوازیم لەنێوان ئەم و ئەویتریاندا نەدەکرد و بەیەک چاو لێم دەڕوانین، بەڵام «جوان» هونەری خۆشیرنکردنی هەبوو و دەیتوانی لەوانی دیکە زیاتر خۆیم لێ نزیکخاتەوە... زمانێکی لووسی پێوەبوو و قسەکانی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەردەبڕی... بەحوکمی نزیکیی لێمەوە، ناخی خوێندبوومەوە و دەیزانی بەچی شێتم بکات... دەیزانی چۆن لە دەوروبەرەکەمم دابڕێت و لەناو خەیاڵی خەیاڵەکانمدا گەوزم پێ بدات... هەموو شتەکانی ئەو هەر لە بۆنی قژە خورماییەکەی و بۆیەی سووری نینۆکە درێژەکانیەوە تا ئەموستیلەی پەنجە باریکەکانی و بازنەکانی ئەم مەچەک و ئەو مەچەکی زۆر ناسکی تایبەت بوون و پڕاوپڕ بوون لە نهێنی... جووڵەکانی جوانییان لێ دەڕژایەوە و کەس نەیدەتوانی لاساییان بکاتەوە... چاوەکانی بەشێوەیەک هەڵدەهێنا و دایدەخستنەوە، کە لەگەڵیدا گۆپکەی هەوەسەکانی بنکی دڵم دەتەقینەوە و لەزەتەکان تا ئاستی سەر زمانم فوارەیان دەکرد... جار جار بەجووڵەیەکی ئێجگار جوان ئەو پەرچەمە خاوەی سەر چاوی لادەدا و بەجووڵەیەکی زۆر جوانتر دەیخستە سەر گوێچکەی... ئینجا بەسووکی پەنجەکانی تێدەخست و لەگەڵیدا بەزمان لێوەکانی تەڕدەکردەوە... خووێک بوو گرتبووی و منی پێ تەفرەدەدا... خاکی شێداری بنکی دڵمی هەڵدەکۆڵی و تیایدا ڕۆدەچوو... بەو پێڵاوە بەرزانەیەوە باڵای جوانتر دەردەکەوت و هەنگاوە ڕێکەکانی لەسەر کاشیەکانی حەوشە و ژوورەکان تارماییی نازێکیان بەدوای خۆیاندا بەجێدەهێشت، کە تەنها من دەمبینین و دەمتوانی گۆڕی خۆمیان لەسەر هەڵکەنم... گۆڕی ئەو منداڵەی وا نەفرەت لە منداڵی و دەستەپاچەییی خۆی دەکات و بۆ گەیشتن بەتەمەنێکی گەورەتر و لەزەتی زیاتر، دەیان پلەی خەیاڵ دەبڕێت و دنیایەک فێڵ و تەکنیکی سەیر سەیر دادەهێنێت... ئەو هەموو خۆشی و لەزەتە لەناو دڵمدا جێگایان نەدەبۆوە و دەبووایە هەندێکیان بکەمە دەرەوە... لەناو چیمەنەکە تا تینم تیابوو دەنگم هەڵدەبڕی و دەموت:

– جوان ئەی ژنە ئازیزەکەم من چەند بەختەوەرم، کە تۆم هەیە و خۆشمدەوێی... دڵم پێیت خۆشە و لە پێناوتا دەمرم.

ئیتر ژنەکانی دیم وەکو کای کۆن گڕیان دەگرت و لووتیان دەکرد... هەر یەکەی پشتی دەدا بەدیوارێکی



ماڵەکەوە و متەقی لە خۆی دەبڕی... ئاخی قووڵ قووڵیان هەڵدەکێشا و وێنەی منداڵی زۆر بەناز لچیان هەڵدەهێنایەوە... حەوشەیەکی پڕ لە ژنی تۆراوم دەبینی و سەرنجم لە سیمای گرژ و مۆنیان دەدا... گرژ و مۆن بوون، کەچی هەر جوان بوون... هەر دڵگیر بوون... خۆم ئاوام دەویست خۆم... دەمویست لە هەموو حاڵەتەکاندا بیانبینم و نهێنیی جوانیی هەموو کون و کەلەبەری ڕۆح و جەستەیان بدۆزمەوە... ئاشتبوونە کارێکی زەحمەت نەبوو، بگرە ئەویش حاڵەتێکی جوانی دیکەی ژیانی بەیەکەوەبوونی ئێمە بوو و دەبووایە پێی بگەین... یەکە بەیەکە دەستم دەکردە ملیانەوە و ڕامدەمووسین... وشەی ئاودار و پڕ لە خۆشەویستیم دەچپاندە گوێچکەکانیانەوە و مەستم دەکردن... بەچاوە جوانەکانیان، بەقژی خاو و هی لوولیان، هی ڕەش و زەرد و هی خورمایی و حەڵواییان سوێندم بۆ دەخواردن، کە هەر هەموویانم بەقەدەر یەک خۆشدەوێن... ئیتر وردە وردە ڕەنگوڕوویان دەگەشایەوە و گڵۆپە سوورەکانی سەر لچ و لێویان دادەگیرسان... سەرو دیاریم بۆ دەکڕین و پێی شاگەشکە دەبوون... کاتێ لە بازاڕ لەگەڵیان پیاسەم دەکرد و لەم دووکان و لەو دووکان، لەم کۆڵان و لەو کۆڵان دەمگێڕان، خەڵک بەحەپەساویەوە لێم ڕادەمان و ئێرەییان پێ دەبردم، کە شەشیان لەملا و شەشیان لەولامەوە دەبینی... هەر زوو زوو دەمبردن بۆ سەیران و لەناو گژوگیای دەشتی ئەو بەهارەدا بەدوای یەکدا ڕاکەراکمان دەکرد... لە دەستبازیی تێرنەدەبوون و بەدەنگە ناسکەکانیان دەتریقانەوە... زرووکە زرووکەکانیان، کە پڕبوون و لە مەکر و نازی دڵگیری ژنانە، تێکەڵ بەجریوەی دەیان باڵندەی ئەو دەوروبەرە دەبوون و بۆ ماوەیەک لە دڵیان دەچەسپاندم، کە من مێردێکی بەختەوەری دوانزدە ژنی جوان و میهرەبانم... دوانزدە ژنی هەڵبژاردەی ئەو گەڕەکە دڵگیرە... لەسەر سفرە بۆ نانخواردن دادەنیشتین و دوانزدە کەوچک بەجارێ بۆ ناو دەمم درێژ دەکرا... دوانزدە قۆڵی ڕووتی ناسکم بەجارێ لە پشت ئەو ملاکانەوە دەبینی و بەراوردم دەکردن... نەمدەزانی دڵی کامیان ڕازیی بکەم و هی کامیان بڕەنجێنم... چاوەکانم دەنووقاندن و دەمم بۆ دەبردن... کردبوومانە یاریەکی خۆش و کاتێکی ئاسوودەمان لەگەڵدا بەسەر دەبرد... هەر هەموومان بەیەکەوە گۆرانیمان دەوت و چەپڵەمان لێ دەدا... دەستمان دەگرت و هەڵدەپەڕین... هەلهەلەمان دەکێشا و دەتریقاینەوە... دوای ماندووبوون خۆم هەڵدەدایە بان سەوزەگیاکە و ئەوان سەریان دەخستە سەر سنگ و ڕان و شانەکانمەوە... گوێم لە هەناسەکانیان دەگرت و لە خەیاڵە قووڵ قووڵەکانم ڕۆدەچووم... دوای تاوێ هەڵدەستاینەوە و خەریکی یاریی و دەستبازیەکانمان دەبووینەوە... کاتێکم دەزانی وا دەستیان ناوەتە قژی یەکترەوە و دەموچاویان خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە... ئەمەش لەزەتی خۆی هەبوو و لە شەڕەکانیاندا خۆمم بەگەورەیی دەبینی... دەبووایە من ناوبژییان بکەم... ئەی چۆن...!! من مێردیان بووم... بەرپرسیاریان بووم... لێیان تووڕە دەبووم، بەڵام هەرگیز دڵم نەدەهات جنێویان پێ بدەم و لێیان بدەم... جنێو و لێدانی چی...؟! خۆشمدەویستن و نازیانم هەڵدەگرت... نازی دوانزدە ژنی ناسکی عەیار بەجارێ... وااااای کە خۆش بوو...!! دوایی لە باوەشم دەگرتن و بەماچ ئاشتم دەکردنەوە... یەک دوانێکیان ئەوەندە دڵیان ناسک بوو، دوای ئاشتبوونەوەش، هەر دەگریان و فرمێسکی ورد وردیان هەڵدەڕشت... وەکو قازی شووشەی ئاویی بچووک بچووک بەسەر ڕوومەتی ناسکیاندا دەهاتنە خوارێ و بۆ ساتێ لەسەر چەناگەیان ئارامیان دەگرت...

دوایی لەپڕ خۆیان هەڵدەدایە ناو سنگیانەوە و لە بەرچاوم وندەبوون... ونیش نەدەبوون و دەمبینین... هەموو شتێکیانم دەبینی و سنوور لەنێوان ئاشکرا و نهێنیدا نەمابوو... سەریان دەخستە سەر شانمەوە و پەنجەکانم دەخستە قژیانەوە... هەندێ جار لەزەتی تۆرانی لەپڕ و خۆشیی ساتی ئاشتبوونەوەم بیردەچووەوە و بەدەم ئازارەوە دەتلامەوە... بەدزیەوە دەگریام فرمێسکم هەڵدەڕشت... دەبووایە بەدزیەوە بگریم... چ قودرەت بوو کەمێ بەخەمناکیی بیانبینیمایە، شێت دەبوون... خۆیان دەکوشت... هەر هەموویان دەستیان دەکردە ملمەوە و بەساقە و بەقوربانم دەبوون... نا... نا نەمدەهێشت بزانن بۆیان دەگریم... نەمدەویست بزانن لە داخی ئەوەی لێیان توورە بووم و دڵیانم ڕەنجاندووە، خەریکە شێت دەبم و ئازاری دنیا دەچێژم... هەر بەدزیەوە پیشم دەخواردەوە و بڕیارم دەدا، لەمەودوا هەر چییان کرد، لە گوڵ کاڵتریان پێ نەڵێم، بەڵام بەڕاستی ئەوانیش زۆر چەتوون بوون و تووڕەیان دەکردم... بەیەکەوە ڕێکنەدەکەوتن و ئاژاوەیان دەخستە ماڵەکەمەوە... بەوە باش بوو منداڵیان نەبوو، ئەگینا هەر شێت دەبووم بەدەستیانەوە.

لە پۆلی چوارەمیش، جارێکیان دەچووم بۆ قوتابخانە، لە کۆڵانێکی ئەولامانەوە دەرگایەک خرابووە سەر پشت و دوو کچی عازەبم لەناو حەوشەی خۆیاندا بینی... قژیان کردبووەوە و لە بەرخۆری ئەو بەهارە دانیشتبوون... لە بەرامبەریان وەستابووم و لێیان ڕادەمام... وەکو پەیکەر نەدەجووڵام و ئاگام لە دنیا نەمابوو، تا گەورەکەیان، کە یەکێک بوو لە دوانزدە ژنەکەی ناو خەیاڵم، تووڕە بوو و پێی وتم:

– تەماشای چ دەکەی...؟! چاوەمۆن...!!

نەدەکرا... بەخوا نەدەکرا لە ئاست جوانیی ئاوادا منی منداڵ چاوم مۆن و سەدان شتی دیکەی وەکو مۆن نەبێت... سەیری جیاوازیی نێوان خەیاڵ واقیعیش بکەن... ڕۆژ نەبوو لایەکی سەری بەسووکی نەخاتە بان یەکێ لە شانەکانمەوە و بەنەغمەیەکی چەند بلێیی خۆش پێم نەڵێ:

– وەی بەقوربانی ئەو چاوە جوانانەت بم، بەخوای بەس بەخۆم دەزانم چەندم خۆشدەوێن...!!

ئەوسا من ماچیم دەکرد و توند توند دەمگوشی بەخۆمەوە... ئیتر ئەو دەرفەتی دەهێنا و بەنازێکی منداڵانەوە، بەڵام بەڕاستی زۆر خۆش بوو و هەر لە خۆی دەهات، پێی دەوتم:

– بەس دەزانم ئەتوو جوانە مەیموونت لە من خۆشتر دەوێ...!!

– هەمووتانم بەقەدەر یەک خۆشدەوێ چاوەکەم... هەمووتانم بەقەدەر یەک خۆشدەوێ... جوونیشی پێ مەدە، خۆش نییە.

– هەها ئەوت خۆشتر دەوێ...!! خۆ ئەگەر ئەو هەزار قسەی بەمن برێ، ئەتوو هیچ پێت ناخۆش نییە.

– کەس حەددی نییە، بەخراپەش باسی تۆو بکا بەقوربانی یەک بەیەکی هەناسەکانت بم.

– ئا ئا کەس حەددی نییە...!! دەزانم ئەمنت خۆشناوێ...!!

– ئەوە چییە ئەو قسانە...؟! ئەمن ئەتووم خۆشناوێ...؟! لە ڕووحی خۆمم خۆشتر دەوێی... ئەوەی یەک قسەی ناشیرینت پێ برێ، هەردوو چاوی دەردەینم... باشە...؟! ئمممم پپە...!!



– لاکۆ... لاکۆ ماچم مەکە...!! هیچ خۆشتناوێم... دەزانم ئەمنت پێ جوان نییە... قەیناکا ئەمن ناشیرنم...!!

– ئەوە چتە...؟! هم...؟! شێت بووی...؟! ئەمن ئەتووم پێ جوان نییە...؟!

– ئەتوو، ئەدی کێ...؟!

– دە بەسە توخوا... هیچ حەزم لەو قسانەت نییە...!!

– دەستت لابە لەسەر شانم، ئەمن دەڕۆم... گازی ژنە جوانەکەت بکە، با ئەو بێتە باوەشت.

– حەزناکەم گێم لە قسەی وەها بی... خەفەتی دەخۆم.

– وەیە وەیە خەفەتی دەخۆی...!!

– ئەدی وەنییە...؟! خەفەتی ناخۆم...؟! ئەرێ وەڵڵا ئەوەندەی خەفەت دەخۆم، هەتا شێت دەبم... حەز دەکەی خەفەتی بخۆم و شێت بم...؟! ها...؟! حەز دەکەی...؟!

– ئەمن چەندم خۆشدەوێی، بەس ئەتوو هەر خۆت لە من دووردێخیەوە... بەناشیرنم دەزانی.

– خۆم دوورنایەخەمەوە چاوەکەم، بەس دەمەوێ لەگەر هەمووتان بم... خۆ هەر ئەتوو نی، ئەدی ئەوان...؟! هەر ئەوەندە پێڕادەگەم بەقوربان... ئەوە هالەیە، ئەوە سەوسەنە، ئەوە ئاوازە، ئەوە جوانە... ئەوە...!!

– ئا دەزانم لەبەر جوانی ئاگات لە من نمایە... قەیناکە ئەمن ناشیرنم، هەر بڕۆ لای وی.

– کەس لە توو جوانتر نییە... ئەگەر دەزانی چەندم خۆشدەوێی...!! بەسەعات تەماشای ئەو چاوانەت بکەم، لێیان تێرنابم.

– بڕۆ دەی ملت بشکێنە، لۆ تەماشای مارێ عالەمێ دەکەی...؟! ڕەزاگران...!!

دەبووایە بڕۆم و ملم بشکێنم... دەبووایە بڕۆم و چیتر سەیری نەکەم... منی ڕەزاگران نەمدەتوانی تێیبگەیەنم، کە چەندم خۆش دەوێت و پێش ئەوەی ڕامچڵەکێنێ، بیرم لە جوانترین کاتی بەیەکەوەبوون دەکردەوە... ئەی خوایە گیان چۆن ئەو ماڵە خۆشەی قەراغ شاری دڵگیری ناو خەیاڵی شەوانی پێش نووستنم ئاوا لەپڕ وێران بوو و ژنەکانم هەر یەکەی پەرتەوازەی لایەک بوون... دەیانبینم و بەشەرمەوە لێیان دەڕوانم... خێسەم لێ دەکەن... چەمۆڵەم لێ دەنێن... گاڵتەم پێ دەکەن... بووزم پێوە دەکەن... جنێوم پێ دەدەن... خۆیانم لێ نەناس دەکەن... لێیان دەترسم و پشتیان تێدەکەم... بەتەنیا لە ماڵێکی چۆڵوهۆڵدا مامەوە و بەیادی ئەو ڕۆژگارە ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشم... تەنانەت لە ئاست گریانیشدا دەستەوستانم... زەحمەتە من «جوان»م بیربچێتەوە، کە وازی لێ هێنام و گەڕایەوە ماڵی باوکی... لە گەڕەکەکە باریان کرد و ئێستاش ئێستاش نەمزانی چوون بۆ کوێ... بزانن من لەم شارەی خۆماندا چەند دۆست و ئازیزمم ونکردووە و نایاندۆزمەوە...!! دەڕۆن و دوای ماوەیەک شێوەیان دەگۆڕێ... بەلامدا تێدەپەڕن و نایانناسمەوە... دڵنیام ئەوان من دەناسنەوە، بەڵام چارەیان ناوێم و لێم نزیک نابنەوە... کەچی هەر

خۆشیشمدەوێن و بەپەرۆشەوە بەدوایاندا دەگەڕێم... لای ئەم و ئەو باسیان دەکەم و پیایاندا هەڵدەدەم... بەحەزەوە یادیان دەکەمەوە و بەجوانترین شێوە لەناو خەیاڵەکانمدا پەروەردەیان دەکەم... گەورە ببم و فێری هونەر و تەکنیکی نووسین ببم، دەیانکەم بەکارەکتەری چیرۆک و ڕۆمانەکانم... بەخەڵکی شارەکەم و شارەکانی تریان دەناسێنم... خۆیان لەناو کتێبەکانمدا دەبیننەوە و پێی ئاسوودە دەبن، کەچی هێشتا هەر خۆشیاننناوێم و لەگەڵم ئاشت نابنەوە... خۆزگە ڕۆژێ لە ڕۆژان چیرۆکێکم ڕێی دەکەوێتە ماڵی «جوان» و دەیخوێنێتەوە... ئەدرەسەکەم لە کارەکتەرەکان وەردەگرێت و دێ بۆ لام... بەپەنجە ناسکەکانی لە خەوێکی قووڵ بێدارم دەکاتەوە و بەماچە یەک لەسەر یەکەکانی قەرەبووی ئەو هەموو دووریەم دەداتەوە... ئەگەرچی من خۆشم ئەدرەسی خۆم نازانم و هەست ناکەم کوڕی هیچ ماڵێکم... دەشزانم تا ئەو کاتەی من گەورە دەبم و دەگەم بەو تەمەنە، «جوان»یش پیر دەبێت و تاقەتی خوێندنەوەی چیرۆکی منی نامێنێت... ئێستا تەمەنی لە سەرووی بیست ساڵە و مامۆستایە... بەڵام لە کام قوتابخانەیە...؟! نازانم... بەخوا نازانم... ئای لەم شارەی من چەندێ سەیرە، لەپڕ «جوان»ەکانمی تیادا ون دەبێت و بەهیچ ڕێگایەک نایاندۆزمەوە...!!

کچێکی دیکەی زۆر جوانیش هەبوو لە گەڕەکمان و چوار پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو... لە قۆناغی ناوەندی بوو و لەسەر دوا مۆدێل جلی لەبەر دەکرد... ئەگەر حەزدەکەن بزانن چاوەکانی لە چی دەچوون، ئەوا دوو قاپی بچکۆلەی پڕ لە ئارد بێنن و سەرو دەنک خورمای ئەشرەسیی گەییویان لەسەر دانێن... بڕوا بکەن ئاوا دەکەوتنە بەربینایيم و هەرگیز بیرم ناچنەوە... دوو گلێنەی زۆر ڕەشی سەر ئەو سپێنە گەورانە، پێیان دەوتم من تێدەگەم و لەزەت لە جوانیی دەبینم... هونەرمەندم و نهێنیی شاراوەی ناخی شتەکان دەدۆزمەوە... هیچ سەیر نەبوو ئەگەر دوای بینیان بڕۆمەوە ماڵ و وڕک بۆ خورما بگرم... قاچەکانم توند توند لە زەوی بکوتم و بەکوڵ بەکوڵ بگریم... ئەگەرچی ئەوسا من گەورەبووبووم و هی ئەوە نەبووم گڕناگە بگرم و بۆ ئەم شت و ئەو شت بگریم... هەر جارێ دەچوومە ماڵیان و کۆللارەم بۆ برا بچووکەکەی دروست دەکرد، ئەو دەرفەتی دەهێنا و یارییەکی زۆر خۆشی لەگەڵ دادەمەزراندم... دەبووایە زمانم بخەمە ناو دەمی و بنێشتەکەی دەربهێنم، کە تامێکی خۆشی هەبوو و هیچ لە بنێشتی ئاسایی نەدەچوو... زەحمەتێکی زۆرم دەکێشا و گیانم بەژێر ئارەقەدا دەکەوت، تا ئەو بنێشتەم لێ دەسەند، بەڵام بەراستی یارییەکی خۆش بوو و لەزەتێکی چەند بڵێی سەیرم لێ دەبینی... هەستم دەکرد ئەو هەر بەجارێ مەست بووە و چاوەکانی بەحاڵ هەڵدەهاتن... هەموو شوێنێکی ناو دەمی تامی بنێشتەکەیان گرتبوو، بۆیە زۆر جار زمانم یارییەکەی بیردەچووەوە و حەیران و سەراسیمە بەملا و بەولادا دەڕۆیشت... هەر ئەوەندە من بنێشتەکەم لێی دەسەند، ئەو خێرا بەزمان دەیبردەوە و دەبووایە جارێکی دیکە لێی بسەنمەوە... براکەیشی ئەو گەمەیەی پێ خۆش بوو و دەیویست بەشداریمان بکات، بەڵام ئەو ڕازیی نەدەبوو و پێی دەوت کۆللارەکە بەسە بۆ ئەو... دوو ڕۆژ دواتریش زمانم هەر دەیەشا، بەڵام پێی ئاسوودە بووم، چونکە تەنها ئازار دەیتوانی ئەو دیمەنەم بۆ تازەکاتەوە و لە دڵمدا بچەسپێنی، کە یارییەکە کۆتاییی نەهاتووە و بەردەوامە... بەردەوامە و درێژەی هەیە... بەناو دەماری ساڵەکانی تەمەنمدا هەڵدەکشێ و لەگەڵمدا هەنگاو



هەنگاو ڕێ دەکات... سەیر بوو... من قێزم لە هەموو شتێ دەهاتەوە و خواردنی دەستی کەم کەسم دەخوارد... ئەدی چۆن بنێشتی ناو دەمی ئەوم بەپیس نەدەزانی و ئەو تامە خواوەندیە چی بوو لەوم دەچێشت...؟! کچ...!! بەڵێ، کچ...!! بەڕاستی لەگەڵیاندا ئاسوودە بووم و ئەوانم بەداهێنەری یاریی پڕ لە حەز و ئەوین دەزانی، بەڵام بەداخەوە شەرمنیەکەم ڕێگای هەموو شتێکی لێ گرتبووم.

کاتێ لە پۆلی شەشەمیش بووم، کچێکی تری زۆر جوان بەفێڵێکی ئێجگار سەیر، فێڵێک کە تەنها کچان دەزانن بیکەن و جوانی و پاکیی خۆیانی تیادا بتوێننەوە؛ وێنەی خۆی دامێ و بۆ ماوەیەک لە خۆم و لە دەوروبەرەکەمی دابڕیم... دایبڕیم و لەناو گێژەنی کاتەکاندا گومی کردم... لە پێشدا چەند جارێ لێم ڕاما و بەروومەوە پێکەنی... داویی لەپڕ و بەشێوەیەکی زۆر سەیر پشتی تێکردم و چووە ژوورەوە، کە وامزانی تۆرا و لە هەموو ژیانیدا نایەتە دەرەوە... بەڵام چەند چاوترووکانێکی پێچوو و هاتەوە... زەرفێکی نایلۆنی بەدەستەوە بوو و بانگی کردم... پێی وتم لەو سەموونخانەیەی ئەوبەرمانەوە سەموونی بۆ بکڕم... بەو دەنگە ناسکەی، کە لەرەیەکی تێکشکاوی تێدا بوو و لە قوڵپی گریان دەچوو، بەڵام ئەوە تەنها نازێک بوو و هەر من لێی تێدەگەیشتم، وتی:

– پارەکە لەناو عەللاگەکەیە، ئاگات لێی بی...!!

دوای چەند هەنگاوێ دەستم پیاکرد، بۆ ئەوەی بیهێنمە دەرێ و بیخەمە گیرفانمەوە، وێنەکەیم بینی لە بنکی زەرفەکەدا لەسەر پشت ڕاکشا بوو... ئێستاش نازانم چۆنم هەڵگرت و چۆن لە چاوەکانم نزیک کردەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم هەموو شتەکانی سەر ئەو شەقامە لە بەربیناییمدا وەکو تارمایی دەردەکەوتن و بەترسەوە هەنگاوی کورت کورتم دەنا... دەمویست دەست لە یەکە بەیەکەیان بدەم و خۆم دڵنیا بکەم، ئەوە خەونێک نییە وەکو هەموو خەونەکانی پێشترم... سەرەمێکوتە بزێوەکان لەناو دڵمدا دەجووڵانەوە و خەیاڵی سەیر سەیر بەمێشکمدا گوزەریان دەکرد... وای باوکە من گەورە بووم و کچان چاوم تێدەبڕن...!! بیرم لێ دەکەنەوە و خۆشیاندەوێم...!! خۆشیاندەوێم و وێنەی خۆیانم دەدەنێ...!! ئەو شەقامەم هەرگیز بەو شێوەیە نەبینیبوو... لەودیوی ئەو هێڵە ڕەش و سپیە زۆر زۆر باریکانەی دەکەوتنە بەربیناییم و وەکو دەزووی جاڵجاڵۆکەی قەد دیواری بەرزی قوتابخانە دەلەرینەوە، دیمەنی خەڵکەکەم چەند بڵێی جوانتر دەبینی، کەچی لێیان دەترسام و زیڕەم کردبوو... وامدەزانی هەموویان بەو نهێنییەیان زانیوە و سەرنجم لێ دەدەن... کەمێکی دی باوکی من و باوکی ئەو کچەش ئاگادار دەکەنەوە و بەکارەساتێکی گەورە، کۆستێکی لەپڕ و چاوەڕواننەکراو کۆتایی بەهەموو شتێ دێت... کەچی ناشتوانم بوەستم... بگەڕێمەوە... بۆی بەرمەوە... خۆشم نازانم بۆچی لەپاڵ ئەو هەموو خۆشەویستیەدا، بەزەییم پێیدا دێتەوە... هەست دەکەم تاوانێکی زۆر گەورەم لەگەڵدا کردووە... سیمای تەواو گۆڕاوە و زۆر داماو دێتە بەرچاوم... هەر دەڵێی ئەو کچە هاروهاجە نییە، کە من و کوڕانی تری گەڕەک دەیناسین و هەمیشە بەچپە باسی دەکەین... یەکێکە لە قوتابییە بزێوەکانی قوتابخانەکەیان و لە ئاهەنگەکاندا بەدەنگی بەسۆزی خۆشترین گۆرانییان بۆ دەڵێ... چ پەیوەندیەک لەنێوان خۆشەویستی و تاواندا هەیە، من لێی تێناگەم خودایە...!! ئەو پارانەی ناو دەستمم خۆشدەوێن و دڵم نایەت بیانخەمە گیرفانمەوە... سەیریان دەکەم... لێیان وردەبمەوە...

دەیاننووسێنم بەلای چەپی سنگمەوە... بەقوربانیان دەبم... گۆرانییان پێدا هەڵدەڵێم... شیعریان بۆ دەخوێنمەوە... ماچیان دەکەم... بۆنەکەیان هەڵدەمژم... بەزەییم پیادا دێنەوە... لە پارەی ئاسایی ناچن... زۆر جیاوازن زۆر...!! نایاندەمە دەست ئەو نانەوایەی هیچ لێیان تێناگات و تێکەڵی پارەی تریان دەکات... ئاخر نابێ خەرجیان نەکەم... چاوەڕێی سەموونە و دەبێ بۆی بەرمەوە...!!

لە سەرەم داناون... سەیرم دەکەن... دیقەتم لێ دەدەن... لێم ورددەبنەوە... چاوم لێ دەنووقێنن... ئاخم بۆ هەڵدەکێشن... بۆم دەگرین... بۆیان ناگریم... دان بەخۆمدا دەگرم... گەورەم... منداڵ نییم... عاشقم... گاڵتەم پێ دەکەن... تەریقمدەکەنەوە... هووهام بۆ دەکێشن.

ئەوا نانەواکە دەستی بۆ برد... هەڵیگرت... بەرزیکردەوە:

– ئەوە هی کێیە...؟!

هی من نییە... بەخوا هی من نییە... بەسەری باوکم هی من نییە... وای دایکە دەترسم بڵێم هی منە... بەڵام هی من نییە... هی ئەوە... ئەی هی ئەو نییە...؟! کوا هی منە...؟! من خۆشم هی ئەوم:

– ئەوە هی کێیە...؟!

لەناو دەستیدا سەیرم دەکەن... خەریکە ئەوان لەجیاتی من بێنە دەنگ... وای خۆشمدەوێن... توخوا بەجێممەهێڵن... ناکرێ... ناکرێ... چارم نییە:

– هی منە.

– ئەدی لۆ سەعاتەکە قسەی ناکەی...؟! نووستبووی...؟!

قسەی چی بکەم...؟! لەگەڵ خۆمی دەکەم... ئیتر لەگەڵ کەستانی ناکەم... نووستنی چی...؟! من چیتر نانووم... خۆشم بنووم، چاوەکانم نانوون... ئەو زەرفەم بدەرێ... وای چەندێ گەرمن...!! چۆنیان بەرمەوە...؟! چۆن بیانخەمە ناو دەستی...؟! ئەی وێنەکە...؟! چی پێ بڵێم...؟! دەیدەمەوە... ئا، ئا دەیدەمەوە... ناوێرم بۆ ماڵەوەی بەرمەوە... پێم دەزانن... هەڵمدەواسن... لە کوێی بشارمەوە...؟! چەند ساڵێ لەمەوبەر ماسیەکی بچکۆلەی بەقەدەر پەنجەی باڵابەرزەی خۆمم کڕیبوو و بەدزیەوە لەناو شووشەی دۆشاوی تەماتە بەخێوم دەکرد... بەدزیەوە ئاوەکەیم دەگۆڕی... بەدزیەوە وردەنانم دەدایێ... بەدزیەوە سەرنجم لێ دەدا... بەدزیەوە لەزەتم لە جوانیەکەی دەبینی... بەدزیەوە لەژێر لێفەکەم بیرم لە جووڵە سەیرەکانی دەکردەوە و تێکەڵ بەهێڵە باریکەکانی بەرچاومم دەکرد... دڵم لەناو مستمدا بوو، کەی ئاشکرا دەبێت و تێمهەڵدەدەن... شەوێک لەسەربان سەرمای ئەو زستانە سەختە ئاوی ناو شووشەکەی بەستبوو و کردبووی بەزوقم... ماسیەکەش تیایدا ڕەقبووبۆوە و گیانی لە دەست دا... بەدزیەوە بۆی گریام و بەستۆڕەیەک فرمێسکم بۆی ڕشت.

ئاخ ئەو وێنەیە لە کوێ بشارمەوە...!!

دایکە گیان هەرچۆنێ بێت تۆ لێم تێدەگەیت و ڕێگای هەموو شتێکم لێ ناگریت... گوێچکەت بێنە، با



بەچپە شتێکت پێ بڵێم... بۆچی ئاوا سەیرم دەکەی دایکە...؟! بۆچی ئاوا سەیرم دەکەی...؟! دڵم ناسک بووە و ترس گیانمی کردووە بەهێلکەشەیتانۆکە... ئیتر لە هەموو شتێ دەترسم... لە سیمای جوانی تۆش دەترسم دایکە... لە سیمای جوانی تۆش... ئاوا بەحەپەساویەوە سەیرم مەکە، ئەگینا ناتوانم زمانم هەڵبێنمەوە و نهێنیەکەی ناو دڵمت بۆ بدرکێنم... هێمن بەرەوە... باش...؟! ئاوا...!! ئێستا خۆشمدەوێی... ئێستا لێت ناترسم... دەی گوێچکەت بێنە «بەدریە»کەی ڕۆحم... گوێچکەت بێنە، با بەچپە شتێکت پێ بڵێم: «کچێکی زۆر جوان خۆشیدەوێم و وێنەی خۆی داومەتێ... هانێ لای خۆت بۆمی هەڵگرە... جار جار بمدەرێ و چەند ماچێکی دەکەم... توند توند دەینووسێنم بەسنگمەوە... بۆنی قووڵ قووڵی دەکەم... بەکوڵ بەکوڵ بۆی دەگریم... فرمێسکی ورد وردی بۆ دەڕێژم».

ناکرێ... ناکرێ... لە ڕووم نایەت... لە ڕووشم بێت، هەر پێی ناڵێم... ئەویش دەترسێت... لە باوکم دەترسێت... بۆ خۆی دەگەڕێنمەوە... با وەکو وردەماسیەکەی بەسەر نەیەت... شێت دەبم... ئارامم نامێنێت، ئەو ئاوا ببینم... نا... نا دەیدەمەوە دەست خۆی و با بیخاتەوە ناو ئەلبوومەکەی.

ئەوە دەرگاکەیانە، کە هیچ کاتێ ئاوا جوان نەکەوتۆتە بەرچاوم و هەرگیز ئەوەندەم خۆشنەویستووە... بەسووکی لێی دەدەم:

– ئەوە سەموونەکەیە.

– سوپاس.

ئەی وێنەکە...؟! باسی نەکەم...؟! سەیرم دەکا... ئەو بزەیەی ئاسایی نییە... قسەی کوڕێکی هاوڕێمم بیردەکەوێتەوە، کە دەیان جاری پێ وتووم: «کچ بەردەوام کوڕان تاقیدەکەنەوە»... کەواتە باسی دەکەم، نەوەکا خراپ بکەوێتەوە... بەترسەوە دەست دەگەیەنمە ناو گیرفانم و بەقوڕگی تاساوەوە پێی دەڵێم:

– ئەو ڕەسمەی توو لەناو عەللاگەکەی بوو.

جوانتر لێم وردەبێتەوە، بەڵام مەبەستی خراپ نییە... چاوەکانی بەحاڵ هەڵدێنێت، بەڵام ئەوە نازێکی دڵگیرە... ڕەنگی گۆڕاوە، بەڵام جوانتر دەردەکەوێت... دەترسێ، بەڵام خۆشیدەوێم... نایشارێتەوە، بەڵام بەرێگا تایبەتیەکەی خۆی دەیدرکێنێت... تێدەگەم، بەڵام دەترسم:

– مادام ئەوەندە کوڕەکی پاکی، با لۆ خۆت بی.

وااای دایکە ئەوە چۆنی وت...!! خۆ من زۆر ویستم لاساییی بکەمەوە و هەر نەمتوانی... بینیت دایکە...؟! بینیت...؟! دەمیت بینی ڕێک لە هێلانەی سەر یەکێ لە درەختەکانی «باخی گڵکەند» دەچوو...؟! ئەی وشەکانت بینی چۆن وەکو کەناری هەڵدەفڕین...؟! نەتبینی...؟! چۆن...!! من بینیم من...!! ترسەکەم تاوی سەند دایکە... ترسەکەم تاوی سەند... دڵم لەپێش هەنگاوەکانمەوە ڕێگا دەبڕێت و لەسەر ئەو شەقامە حەیران و سەراسیمە، ترساو و زارەترەک سەرنج لە شتەکانی دەوروبەر دەدات... خۆشم بوێرم بڕۆمەوە ماڵ، ئەو ناوێرێت... سەرهەڵدەگرێت و دەداتە دەشت و کێو... ئەگەر باوکم بزانێت دڵمم لەگەڵ خۆم نەهێناوەتەوە، چییم پێ دەڵێت...؟! دەمکوژێت... بێگومان دەمکوژێت... من بەبێ دڵ چی لەو وێنەیە

بکەم...!!

تاوێ دواتر زانیم ئەوە تەلیسمی ئەو کچە هەرزەکارە بوو دڵمی لە خۆم جیاکردەوە و کردیە هی خۆی... بەبەرچاومەوە لە دەرگاکەیان ئاودیو بوو و چووە ژوورەوە... لێرە دەرگایەک و لەوێ یەکێکی دی... من خۆم بکەم بەکامیاندا و کوڕی کامماڵەم... نەدەکرا بچمە هیچ کامێکیان و دەبووایە بەخۆم و وێنەی گیرفانمەوە بدەمە دەشت و کێو... لێرە باوکی ئەو و لەولا باوکی خۆم... لەسەر ئەم شەقامەش دەیان باوکی دیکە بەلامدا تێدەپەڕن و لە هەموویان دەترسم... لە ساتێکی ئاوادا باوکەکان چەند ترسناکن و ئێمە چەندێ گوناح و دەستەپاچەین...!! دەڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان و هیچ چاری ترم نییە... ناکرێ نەڕۆمەوە...!!

خۆم دەکەم بەم کون و بەو کوندا و وێنەکە دەشارمەوە... تاوێکی پێدەچێت و دەریدەهێنم... دەترسم بیدۆزنەوە... دەیبەم بۆ شوێنێکی دیکە و دوای کەمێ بیرکردنەوەی تر، لەوێشی لادەبەم... نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بڕستیان لێ بڕیوم و گیانم تەواو داهێزراوە... ئەی خوایە ئەو ماڵە گەورەیەمان بۆچی جێگای وێنەی کچێکی تێدا نابێتەوە...!! ئاخۆ ئەو لە ماڵی خۆیان چۆن جێگا بۆ دڵی من دەکاتەوە و لە کوێی حەشار دەدا... نا... نا... ئەو لە من ئازاترە، شەو لە ناولەپی خۆیدا پاڵیدەخات و تا چاوی دەچێتە خەو، بەو دەنگە بەسۆزەی لایلایەی بۆ دەکات و گۆرانیی بۆ دەچڕێت... بەڵام من لێرە لەژێر ئەو لێفەیەی لە ترسا وەکو کیسەڵ چوومەتە ناویەوە و کردوومە بەقاوغ، خەوم لێ ناکەوێت و هەموو خەیاڵێکم لای کتێبی جۆگرافیاکەمە، کە دواجار خستمە نێوان لاپەڕەکانی و لەسەر تاقی ژوورێکی بچکۆلەی لادێی قەدپاڵی شاخێکی بەرزی کێشوەرێکی دووری ئەوێم دانا.

هەموویان نووستوون و ماڵ کشوماتە، کەچی هەر دەترسم و ئارامم لێ بڕاوە... هەرچەند بۆ ساتێکیش چاوم دەچێتە خەو، خەونی پێوە دەبینم و ڕادەچڵەکم... هەر زوو زووش قسەکەیم بیردەکەوێتەوە و لەناو سەرمدا دەزرنگێتەوە:

– مادام ئەوەندە کوڕەکی پاکی، با لۆ خۆت بی.

وام پێ مەڵێ... وام پێ مەڵێ... توخوا وام پێ مەڵێ... من پاک نییم... ترسنۆکم... شەرمنم... دەستەپاچەم... ئەوەتا لەگەڵ خۆم دەتبەم بۆ قوتابخانە و لە ترسی مامۆستاکان هەموو گیانم دەلەرزێت... دەترسم بتبینن و لەناو جۆگرافیا بەقژ بتهێننە دەرێ... خوێندنگای کوڕانە و قەدەغەیە کچ دوو پێی تێبخات... بەبەرچاومەوە تێتهەڵدەدەن و منیش لەولاوە دەستەکانم دەکەم بەقەڵغانی دەموچاوم، نەوەکا زللەیەکم بەرکەوێ... تفێکی زل بکەوێتە سەر لێوم... بەڵغەمێک پێڵوی چاوێکم داخات... هەی داوەشێم... پێم نەوتی من ترسنۆکم...؟! پاک نیم... پاک نییم بەساقە پاک نییم... پاک نییم ئەی ئەو کچەی لە کارەکتەری چیرۆکە خورافی و میتۆلۆژیەکان دەچییت و کوڕێکی ئازا و جەربەزەت دەستناکەوێت، هەڵتگرێت و بێباکانە ملی خۆیت بۆ لە کێردەکان بسوێت... لە کێوەکاندا عاسی بێت و شەڕی لەشکرەکانت لەسەر بکات... من دەترسم... زۆر دەترسم... جا کەی نەترساوم...!! لە باوکم و لە مامۆستا و بەڕێوەبەر و کارگوزار و قوتابخانە و جاڵجاڵۆکەی قەد دیوارەکانی قوتابخانە دەترسم... تۆ



لەوێ لەناو لادێی ئەو کێشوەرە دوورەی ناو جۆگرافیا خۆت بێدەنگ بکە و من بەچپە و بەدزیی مامۆستاوە چیرۆکێکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە... ساڵی پێشوو لە نزیک ماڵمان خانووێکیان دەکرد و تەنها تەماڵەکەی تەواو بووبوو... حەوزێکیان هەڵکەندبوو و پڕیان کردبوو لە ئاو... برای بچووکی کچێکی قژزەردی گەڕەکمان کلیلەکانی ماڵەوەی خستبووە ناو حەوزەکە و بۆیان دەرنەدەهات... ئەو کیژەش حەددی نەبێ لە ڕووی خۆت جوانییەکەی بێوێنە بوو و شەڕی بەکوڕانی ئەو دەوروبەرە دەفرۆشت... بانگی کردم، تا کلیلەکانی بۆ دەربهێنم... بەداخەوە من مەلەم نەدەزانی، چونکە لە ترسی باوکم نەمدەوێرا لەگەڵ هاوڕێکانم بچمە مەسبەحی مەلعەب... چەند جارێکیش لێدانم خواردبوو، چونکە خۆم خستبووە ناو ئاوی حەوزی ئاواوە... نیوەڕۆیەکیش بۆ ئەوەی زوو جلەکانم وشکببنەوە و باوکم ئاوا نەمبینێت، لەسەر ئاسنێکی داخبووی بەرهەتاوی ناوەڕاستی تەمووز دانیشتم... نەمزانی بوو ئەو ئاسنە ژەنگی هەڵێناوە و ئاوا جلەکانم ژەنگاویی دەکات... کاتێک سەیری خۆمم کرد و شمەکەکانم ئاوا بینی، دڵم کەوتە خوارەوە و نەمدەوێرا بچمەوە ماڵ... نەشچوومایەتەوە ماڵ، چییم بکردایە و بۆ کوێ سەری خۆمم هەڵگرتایە... دەبووایە هەر بڕۆمەوە و هیچ چاری دیکەم نەبوو... ئەو جارەیش دوور لە گیانی تۆ بەقوربان... دوور لە گیانی تۆ، هەزاران شەق و زللەیان لێ دام... باش بوو نەنکم لە ماڵمان بوو و بەفریام کەوت، ئەگینا دەیانکوشتم... ئیتر لەمەوە زانیم من هەرگیز فێری مەلە نابم و تەواو زەندەقم لە ئاو چوو...(١٣) ئاخ چ شکستێکی گەورە بوو من لە بەرچاوی ئەو کچە جوانە بڵێم مەلە نازانم...!! ئەوە لە کاتێکدا ئەو چاوەڕێیە وەکو کوڕی ئازای فیلمەکان هەر بەجلەوە خۆم هەڵدەمە قوڵاییەوە و دوای تاوێ بەدەم بزەیەکەوە بیخەمە ناو دەستی... ئەو بزەیەی، کە دەتوانێت پەیوەندیەکی گەورەی پڕ لە حەز و خۆشەویستیمان لەنێواندا بخولقێنێت... بمانکات بەدڵخواز و دڵدارێکی ئەفسانەیی و لەپێناوی یەکتردا بمرین... من ڕێگایەکی تەقلیدیم بەکارهێنا، کە هیچ لە هی کوڕی جەربەزە و دڵدار نەدەچوو و سەرنجی ئەوی ڕانەدەکێشا... سەتڵێکم هەڵگرت و ئاوەکەیم دەردەهێنا... بەڕاستی بەقەدەر کرێکارێکی بەهێز خۆم ماندوو کرد و بنکی ئەو حەوزەم بەدیار خست... بەڵام ئەمە هیچ شێوازێکی عاشقانە نەبوو و خاڵی بوو لە زەوق و توانای کوڕی ئازا... کلیلەکانم بۆ دەرهێنا و ئەو ناوەم بەجێهێشت... لەگەڵ کوڕانی هاوڕێم لە پەنا دیوارێکدا دانیشتبووم، کاتێ پیاوێکی مۆنی ڕەزاگران هات و بەپەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاستی ئیشارەی بۆ دەکردم... یەک دووانێک لەپێش منەوە بەترسەوە پرسیان:

– ئەمن...؟!

ئەو وتی:

– نەء.

هەرکە من وتم:

– ئەمن...؟!

وتی:

– ئا، ئەتوو.

چووم و توند گوێچکەی گرتم... خاوەنی خانووەکە بوو و چاوەکانی گڕیان لێ دەباری... تەمز من ئاوی ئەو حەوزەم کردووە بەژێر کیسەی چیمەنتۆکاندا و هەر هەموویان تەڕ بوون... چووبووە سەروگوێلاکیماڵی ئەو کچە قژزەردە و ئەویش خەتاکەی خستبووە سەر من... ڕاستیشی دەکرد، خەتای من بوو، ئەگەر بەجلەکانمەوە خۆم هەڵدابووایە ناوی و لێزانانە یەکێ لە پەنجەکانم لە ئەڵقەی کلیلەکان هەڵبکشایە... لەوسەر سەرم دەربهێنایە و بمخستایەتە ناو دەستی، بۆچی ئەوە ڕووی دەدا، کە ڕووی دا... چەندێ جوانە کاتێ کوڕێ بەجلی تەڕەوە لە بەرامبەر کچێکی خورافیدا وەستاوە و دڵۆپ دڵۆپیش ئاو لەو قژە لوولەی دەتکێن، کە ئەڵقە بچکۆلە بچکۆلەکانی لە کۆمەڵێ ئەموستیلە دەچن و دەشێ ئەو پەنجە باریکەکانیان تێبخات، ئەو پەنجانەی وا بەسوورێکی تۆخ تۆخ نینۆکەکانی بۆیە کردوون و لەژێر تیشکی ڕۆژی ناوەڕاستی ئاسمانەکەی سەرمان جوان جوان دەدرەوشێنەوە...!! من وام نەکرد و ئەویشم وەکو دەیانی تر نائومێد کرد... دڵی ڕەنجا و دامیە دەست ئەو پیاوە ڕەزاگرانەی تەنها بیری لە چیمەنتۆ و کۆنکرێت دەکردەوە... بەو پەنجە ڕەقانەی، کە لە کلکی بڕبەند دەچوون و تەنها پارەی پێ دەژماردن، گوێچکەی گرتبووم و بێبەزەییانە ڕایدەکێشا... بردمی بۆ لای باوکم و هەر خۆم دەزانم چ فەلاقەکاریەک کرام... جا چۆن نەترسم و زیرە نەکەم... بەڵێ، ئێستاش دەترسم... ئەوەتا دەستم لەسەر کتێبی سەر تەختەکەی بەردەمم دەلەرزێ و نازانم دەموچاوم کام ڕەنگەی گرتووە... دەترسم لەپڕ مامۆستا کتێبەکەم لێ وەرگرێت و بتبینێت... خۆت لەوێ گرمۆڵە بکە و متەق لە زمانت ببڕە، با نەزانن لەگەڵم هاتووی بۆ قوتابخانە... دەنگت لەناو دەنگی ئەو هەموو کوڕەدا دەناسرێتەوە و زوو هەستت پێ دەکەن... ڕیسوات دەکەن و لەم شارەت بەدەردەنێن... ئەوا وانەکە تەواو بوو و ئۆخەی نەیانبینی... یەکێکی تر و دووانی تریش تەواو بوون و خۆشبەختانە پێیان نەزانی... بەڵام ناوێرم چیتر بۆ ماڵەوەت بەرمەوە... ئێستا لەناو ئەو دڕکانەی سەر ڕێگا لەتوکوتت دەکەم و لەبیر خۆمت دەبەمەوە... وەکو شاگردی قەساب گۆشاوگۆش سەرت دەبڕم و بەسەر دنیاوەت ناهێڵم... تۆش کوڕی ترسنۆک و شەرمنی وەکو من لە خەیاڵی خۆت دەرکە و بڕبڕای بیرم لێ مەکەرەوە... بەڵام بڕوا بکە باوکم و مامۆستا و قوتابخانە ئاوا فێری شەرمیان کردووم و جورئەتیان تیادا نەهێشتووم...!!

شەرمنترین قوتابیی ئەو قوتابخانەیە بووم و هەمیشە هەقم خورابوو.

کارگوزاری قوتابخانە لە وانەی پێنجەمدا دەهات و پۆل بەپۆل دەگەڕا... قاقەزێکی دەدایە مامۆستاکان، بۆ ئەوەی ناوی منداڵە نەخۆشەکان بنووسن و بیاننێرن بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی، کە چەند هەنگاوێک لە قوتابخانەی ئێمەوە دوور بوو... جا قوتابییەکان بۆ ئەوەی قوتابخانە بەجێبهێڵن و خۆیان لە وانە ڕەزاگرانەکان بدزنەوە، بەدرۆ خۆیان نەخۆشدەخست و لەسەر ناونووسین دەبووە شەڕ... دەچوونە سەر کورسیەکان و تا دەکرا دەستیان هەڵدەبڕی... دەیانکرد بەیەک گەڕەلاوژە و تەنها گوێت لە وشەی مامۆستا مامۆستا دەبوو، کە بەجارێ لە دەمی هەموویانەوە دەهاتە دەرێ و لەناو پۆلدا دەنگی دەدایەوە... مامۆستاش بەئارەزووی خۆی چوار پێنج ناوی دەنووسی و دەیناردن بۆ لای بەڕێوەبەر... جارێکیان مامۆستایەک لەو هەڵسوکەوتەی قوتابیان تووڕە بوو و بەڕیز سەر و چوار داری زۆر قایمی لە هەموویان



دا... من چونکە لەپێشەوە ئاقڵانە دانیشتبووم و ئەویش بینیبوومی، لێی نەدام و بەوانی وت:

– بەس ئەوە ئاقر بوو و هەرای نەکرد، لۆبێ لێی نادەم و ناوی وی دەنووسم.

من لە هەموو شتێ زیاتر لە خەستەخانە و دکتۆر و سیستەر و دەرزی دەترسام... لچم هەڵهێنایەوە و زۆر داماوانە گریام، بەڵام ڕاپێچی لای بەڕێوەبەریان کردم و لەوێ ئەوەندەی دی خوێنم وشک بوو... نەمدەتوانی پێیان بڵێم من نەخۆش نیم و نامەوێ بچم بۆ خەستەخانە... کوڕێکی پۆلی شەش هەر هەموومانی برد و لە ڕێگا گاڵتەی پێ دەکردم، کە ئەوەندە ترسنۆکم و زیرەم کردووە... لەوێ «سیستەر حەسیبە»ی خوشکی مامۆژنم دڵنەواییی دامەوە، کەچی نەمتوانی بەویشی بڵێم و تا لای دکتۆر نەیانوەستاندم... ئەو هەر دەیوت:

– لە چ دەترسێی...؟! حەبی بخۆی چاک دەبیەوە، ئەگەرنا هەر دەبی بنارێنی... ئەتوو گەورە بووی... پیاوی پیاو.

دەرکەوت هەر بەڕاستی نەخۆشم و کۆمەڵێ حەبیان بۆ نووسیم... ئەوان نەخۆشیان خستم و لە ترسی حەب و دەرزی تام لێهات.

من لەسەر ئەم حاڵەیشەوە زۆر نەگبەت بووم... وەکو نەنکم هەموو جارێ دەیوت بەردێ لە ئاسمانەوە بکەوتایەتە خوارەوە، بەر سەری من دەکەوت... ساڵی دوای شکستی شۆڕش ماڵێکی عەرەبی سەر بەڕژێم لە پشت ماڵمان بوون و کوڕێکیان هەبوو ناوی «مەیموون» بوو... دیارە باوکی نەیزانیوە ئەو ناوە، کە بەعەرەبی واتە پیرۆز و بەشکۆ، بەکوردی مانایەکی دیکەی هەیە و شایانی پێکەنینە... یاخود نەیزانیوە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەوڵەت بەمەبەستی تەعریب کردن وەکو ئامێرێک لەو شوێنەی دادەنێ... ئەو «مەیموون»ە لە قوتابخانەی عەرەبی بوو... کاتێ دەچوو بۆ دەوام، چی منداڵی ئەو گەڕەکە هەبوون لە ڕێگا بە«مەیموون مەیموون» دوای دەکەوتن... لە مانای ناوەکە تێگەیشتبوو و داماوە شێت بووبوو... فریا نەدەکەوت یەک بەیەک وەڵامیان بداتەوە، بۆیە بەردەوام دەڕۆیشت و دەیوت:

– أنتو قرود... أنتو قرود. «ئێوە مەیموونن... ئێوە مەیموونن».

دەگریا و جانتاکەی فڕێ دەدا... ڕۆژێکیان لە شپرزەییان لەسەر شەقامی شەستی کەمێ لە دووری ماڵەکەیان خۆی بەئۆتۆمۆبیلێکدا کێشا و مەترێ لەولاتر کەوت بەپشتا... سەری شکا و خوێن فیچقەی کرد... شوفێر خێرا بردی بۆ نەخۆشخانە و دوای چەند ڕۆژێ چاکبۆوە... بەباوکی وتبوو، گوایە من منداڵانم فێرکردووە و بەهۆی منەوە ئاوای لێ هاتووە... کاتێکم زانی دەستێ پشتی ملی گرتم و دەستەکەی دی بۆ ناو دەمم... جنێوی پیس پیسی دەدا و منیش هاوارم دەکرد... دایکم شێت و هار بوو و چووە سەریان... کارەکەرەکەیان، کە کەڕ و لاڵ بوو، دەرگای کردەوە... دایکم بەتاکێ پێڵاو تێیکەوت و دەموچاوی سوورهەڵگەڕا... ئیتر باوکم تێیهەڵدەدام و سەرزەنشتی دەکردم، کە من هەر بەوەوە ناوەستم پشتم کردۆتە کتێبەکانم، بەڵکو لەگەڵ ماڵی ئەمنی عەرەبیشدا شەڕی بۆ هەڵدەگیرسێنم... کەچی باوکی کوڕەکە ڕۆژێکیان دەستی کردە ملم و ماچی کردم، چونکە زانیبووی بوختانیان بۆ هەڵبەستبووم... دوای ماوەیەک

ڕۆیشتن و ئەوێیان بەجێهێشت، چونکە منداڵان وازیان لە «مەیموون» نەدەهێنا و شێتیان کردبوو... باوکم لەبەر سێ شت ڕقی لەو ماڵەبوو: یەکەم غەدریان لە من کردبوو، دووەم بەعسی بوون، سێیەم بۆ تەعریبکردن و چەوساندنەوە هاتبوون، بۆیە دەیوت:

– بریا هەرچی عەرەب هەیە لەو کوردستانەی ناوەکی ئەوهای هەبا، بەشکوو هەر بەچەپرە دەریاندەکردن.

باوکم هەرگیز ڕقی لە هەموو عەرەبێک نەبووە و تەنها بەعس و ئەوانەی بەدوژمن زانیوە، کە دان بەبوونی نەتەوەی کورددا نانێن و هەوڵی لەناوبردنی دەدەن... ئەمە یەکێکە لە سیفەتە جوانەکانی ئەو و من خۆشمدەوێ... چەند بڵێی دڵیشی بەپێشمەرگە عەرەبەکانی شیوعی دەکرایەوە و پێی وابوو ئەو بەشەی کوردستان تەنها لەژێر سایەی ڕژێمێکی شیوعیدا ئازاد دەبێت... جارێکیش یارمەتیی کەسوکاری یەکێ لە لێپرسراوەکانی دابوو و زۆریش لە بەرچاویان بوو.

من چ لە قوتابخانە و چ لە گەڕەک هەمیشە لە پەراوێزدا بووم و کەس بایەخی پێ نەدەدام... هیچ بەهرەیەکم نەبوو سەرنجی ئەوان ڕابکێشێت و یەک مامۆستا ناوی منی نەدەزانی... بێجگە لە یەک دوو خاڵم و مامم و ئامۆزاکانم، کە بەراستی خۆشیاندەویستم و یارمەتییان دەدام... بەتایبەتی ئامۆزا گەورەکانم لە فێربوونی زمانی عەرەبیدا زۆر بەکەڵکم هاتن و هەر شتێ لە کتێبەکانم تێنەگەیشتمایە، ئەوان بۆیان ڕووندەکردمەوە و کتێبەکانی خۆیان بەلاوە دەنا، ئەگینا زۆربەی خزمەکانی ترم بەچاوێکی تا بڵێی سووک لێیان دەڕوانیم... هەندێکیان هەر نەیاندەناسیم و ناویان نەدەزانیم... تەنانەت ئەوانەی بۆ خێزانی ئێمەش دڵسۆز بوون و چاکەشیان هەبوو بەسەرمانەوە، هەر منیان خۆشنەدەویست و وەکو کەسێکی ڕۆح لەبەر حیسابیان بۆ نەدەکردم... ئەوانەی بەڕاستی و لە کاتی تەنگانەشدا بەکەڵکمان دەهاتن، بەشێوەیەکی جیا لە ئەندامانی خێزانەکەمان لە من ڕادەمان... هەر بۆیە شەرمێکی سەیرم لێ دەکردن و لە ڕووم نەدەهات قسەیان لەگەڵدا بکەم... کەچی کاتێ دەهاتن بۆ ماڵمان، باوکم و دایکم ناچاریان دەکردم بەخێرهاتنیان بکەم... ئاخر من دەیان جار دەستم بۆ تۆقە درێژ کردبوو و ئەوان تەریقیان کردبوومەوە... خێسەیان لێ کردبووم و چەمۆڵەیان لێ نابووم... ناخۆشترین شت لای من ڕۆژانی جەژن بوو... لە ژوورەوە خۆم دەشاردەوە و بەزۆر دەیانهێنامە دەرێ... تەنها کاتێ ناوی من دەهات، ئەگەر بیانویستایە باسی کەسێکی بێبەهرە بکەن و هاوکات بەشانوباهووی منداڵەکانی خۆیاندا هەڵبدەن... کەسیان باوەڕیان نەدەکرد بگەمە پۆلی شەشی سەرەتایی و پێیان وابوو من دوارۆژێکی زۆر خراپم دەبێت... هەموو ئەوانەش پتر باوکمیان دەترساند و فشاری ئەو لەسەر من زیاتر دەبوو... هەر زوو زوو پێی دەوتم، کە من دەبم بەبۆیاغچی و پێڵاوی فلان کەس و فلان کەس بۆیاغ دەکەم... چاوم دەکەوێتە دەستی خوشک و براکانمەوە و دەبمە بار بەسەریانەوە:

– داوەشێی دەرێی نەعامەی، نە بەتەیری دەچی و نە بەحوشتریش.

واتە نە وەکو باڵندە دەتوانم بفڕم و نە وەکو حوشتریش بارم پێ هەڵدەگیرێ... چەند پەندێکی تۆقێنەرە



و چۆن ئەژنۆی دەشکاندم... ئەمەم تەنها لەو بیستبوو... دوای هەموو دارکاریەکیش پێی دەوتم:

– ئەوە لێدان نییە، بەس دەمەوێ قوفل و کلیلی لۆ گێت بکەم.

ئەوسا من خۆم بەدەرگایەکی ئاسن دەزانی، کە ئاسنگەرێک دەیەوێت بەقەدەر شوێنی کێلۆنێک کونی تێبکات... هەر بۆیە کاتێ تابلۆ بەناوبانگەکەی «ولیام فرێدی»ی هونەرمەندی سوریالیم بینی، ئەوەی مرۆڤێک ڕوومەتی کلیلی پێوەیە، هیچ بەلامەوە سەیر نەبوو.

لە نیگارکێشان و تۆپی پێ سەرکەوتوو نەبووم، چونکە باوکم ڕازیی نەدەبوو کاتی خۆمیان لەگەڵدا بەسەر بەرم... ماوەیەک خووم دایە خۆشنووسی و دەمویست ببمە خۆشنووس... لە ماڵەوە گاڵتەیان پێ دەکردم، گوایە هەرگیز فێری ئەو هونەرە نابم... پێیان دەوتم، کاتێ دووکانێکی خۆشنووسیی دەکەمەوە، دەبێت پلێتی ناونیشانەکەی بەرم بۆ لای خۆشنووسێکی تر و بۆم بنووسێت... یان بەدەستوخەتێکی زۆر ناشیرین دەینووسم و کەس قێزی نایەت سەیری بکات... ئیتر ئەمە هەر خۆی بەڵگەیە، کە من خۆشنووس نییم و بازاڕم نابێت... بەراستی ئەمە لە کاریکاتێر دەچوو و پێکەنینم بەحاڵی خۆم و دوارۆژە پڕ لە نائومێدیەکەم دەهات.

ماوەیەک وا چووبووە ئەقڵمەوە، کە هەر کەسێ لەم دنیایەدا ڕۆحێکی دیکەی هەیە و لە شوێنێکی تر دەژین... هەمیشە بیرم لە ڕۆحەکەی ترم دەکردەوە، ئاخۆ ئەویش وەکو من دیلکراوە و بۆی نییە بەئارەزووی خۆی بجووڵێتەوە، یان جیایە و لەوپەڕی ئاسوودەییدا دەژی... ئاخۆ باوکی ڕۆحەکەی دیم ئاوا ڕێگەی هەموو شتێ لەو ڕۆحەم دەگرێت، یان کەسێکە دژ بەخوێندن و قوتابخانە و هیچ یاریەکی قەدەغە نەکردووە... چەند حەزم دەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان ماڵی ڕۆحەکانی ترمان ببینم و لەو نهێنیە تێبگەم... دایکی ڕۆحەکەی ترم، خوشک و برای ڕۆحەکەی ترم چۆن دەژین و چۆن بیردەکەنەوە... هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەوان وەکو ئێمە بژین و ئێرەییم پێ دەبردن.

هیچ شوێنێ نەمابوو لەو ماڵەی ئێمەدا منی لێ ڕیسوا نەکرابم و لێدانم تیادا نەخواردبێت... ڕۆژ نەبوو من چەند سەعاتێ خۆم نەخەمە ژوورێ لە ژوورەکان و وەکو مشکی زارەترەک تیایدا هەڵنەلەرزم... لەگەڵ کوڕێکی دراوسێمان بەشەڕ هاتبووم و لووتیم پڕکردبوو لە خوێن... باوکم باوکی ئەو کوڕەی زۆر خۆشدەویست و شەو تا توانی لێیدام... ئەگەرچی ئەوان نە سکاڵایان لای کردبوو و نە هیچ نارەزاییەکیان دەربڕی بوو... دایکم هەرچۆنێ بوو لەژێر دەستیدا دەریهێنام و پشتم بەدیواری مووبەقەکە دا... باوکم لەسەر یەکێ لە کورسیەکانی ناو چیمەنەکە دانیشتبوو و بەرووی گرژەوە گوێی لە ڕادیۆ دەگرت... من چەند سەعاتێ هەر ئاوا وەستابووم و پشتم لە دیوارەکە نەدەکردەوە... دانەدەنیشتم، نەوەکا لەپڕ پەلامارم بدات و نەتوانم خۆم بگەیەنمە مووبەقە گەرمەکە... ماندوو بووبووم و خەوم دەهات، بەڵام نەمدەوێرا بجووڵێم... جار جار بۆ ساتێ خەوم لێ دەکەوت و قاچەکانم دەخزین... دەکەوتم و هەر خێرا و بەترسەوە هەڵدەستامەوە... ڕۆژێکیان خۆم لە مووبەق نابوو و دەرگاکەم داخستبوو... باوکم پێی دەوتم بیکەمەوە و خۆم بەدەستەوە بدەم، بەڵام وام نەکرد و کۆڵم نەدا... چوارچێوەی پەنجەرەی ئەو مووبەقە دار بوو و بەچەند

شیشێک ڕایەڵ کرابوو... کاتێ خانووەکەمان کرد، ماڵی نەنکم ئەوەیان لێ زیاد بوو و دایانە ئێمە... یەکێ لە خوشکەکانم، بەمنداڵیی چووبوە ناو ئەو مووبەقە و دەرگاکەی بەسەر خۆیدا داخستبوو... ئیتر نەیزانیبوو بیکاتەوە و عاسی مابوو... دەگریا و داماوە لە ترسا ڕەنگی بەبەرەوە نەمابوو... دایکم لە حەژمەتا چەپک چەپک قژی خۆی دەردەهێنا و بەنینۆک دەموچاوی دەڕنیەوە... من تەگبیرم کرد یەکێ لەو شیشانە دەربهێنین، ئەوسا دەتوانین برا بچکۆلەکەمانی پیادا بەرینە ناوەوە و ئەو بیکاتەوە... ڕێگایەکی سەرکەوتوو بوو و خوشکەکەمان ڕزگار کرد... بەڵام نەمدەزانی ڕۆژێک هەر ئەوە دەبێتە مایەی ڕیسوابوونی من و کەس بەفریام ناکەوێت... باوکم ئەو جارە بەخوشک و براکانمی وت، کە بچن لە کۆڵان بەردی بۆ بێنن و لەو کونەوە بیانگرێتە من... ئەمە یارییەکی چەند بلێیی خۆش بوو و ئەوان زۆر حەزیان لێی کرد... هەر خێرا ڕایان کردە کۆڵان و بەدەست و بەگیرفان بەردیان هێنا... خێرا خێرا دەیاندایە دەست باوکم و ئەویش ئازا ئازا دەیگرتنە من... بەڵام منیش سینییەکی زۆر گەورەم کردە قەڵغان و هەمووی هەر بەر ئەو دەکەوتن... بەریاندەکەوتن و دەگەڕانەوە... هەموو جارێکیش لە ترسی ئەوەی نەوەکا بەردەکە بەر ئەو پەنجانەم بکەوێت، کە لەملا و لەولاوە قەراغی سینییەکەم پێ گرتبوون، لە دەستم دەکەوتە خوارەوە، بەڵام هەر خێرا هەڵمدەگرتەوە و دەمکردەوە سوپەری گیانم... باوکم فێڵەکەی دۆزیەوە و تاکتیکی خۆی گۆڕی... بەدیوارەکەیدا دەکێشا و بۆم دەگەڕایەوە... واتە لە پشتەوە بەرم دەکەوت و نیشانی خۆی دەپێکا... خوشک و براکانم بەردەوام بەردی خۆیان دەهێنا و وەستانیان نەبوو... برایەکم دەیوت:

– بابە ئەوە باشە...!! ئەوە گەورەیە...!!

– نا، بابە، ئەوەی من باشترە... هەر کوو پێی بکەوی، جێیەکی دەشکێنێ.

برایەکی ترم گلەیی دەکرد و دەیوت:

– بابە ئەوە دوو جارە لە شادەی خوشکمی وەربگری و لە منت وەرنەگرتیە.

– وەڵڵاهی وەنییە... نۆرەی خۆمە.

– ئاقر بن، شەڕی لۆ چییە، لە هەمووتانی وەردەگرم... دەی بڕۆن بینن.

لە حەمامەکەدا دوو عەللاگەی تەختەی جلهەڵواسین هەبوون، کە هەر یەکەیان مەترێک درێژ دەبوو... من و برام کاتێ خۆمان لەو حەمامەدا حەشار دەدا، موعاناتەکانمان لەسەر تۆمار دەکردن و لەژێریان دەمواننوسی: «بیرەوەریەکانی دوو بێتاوان لە زینداندا».

بەڕاستی زیندان بوو و ئێمەش بێتاوان بووین... هەموو گوناهەکەمان ئەوە بوو دەمانویست پراوەی حەزەکانی خۆمان بکەین و بەزیندوویی لە قۆناغی منداڵییماندا بژین.

باوکی من لەچاو هەندێ باوکی دی زۆر باشتریش بوو... باوکم دژی زۆر شت بوو... یەکێ لەوانە مۆسیقا بوو، کە من حەزی دنیام لێی دەکرد... دیارە زیاتر لەبەرئەوەی خوێندن بۆ ئەو هەموو شتێک بوو، بەڵام بەلایەوە کوفر نەبوو ئەگەر بەقوتووی شیری نیدۆ و بەتەلی زۆر باریک ئامێرێکی مۆسیقام دروستبکردایە...[١٤] بەڵێ، بۆ خۆم و بۆ زۆر لە منداڵانی دیکەی گەڕەکیشم دروستم کرد و تیپێکی



مۆسیقای منداڵانمان پێکهێنا... من سەرۆکی ئەو تیپە بەقەستیە بووم و هەرچۆنێ بوو کەمێ تینوویەتیی دەشکاندم... لە «کاک ڕێبوار حەوێز کۆیی»ی دراوسێشمان فێری ژەنینی شمشاڵ بووبووم و ڕۆژ بەڕۆژ شارەزاییی زیاترم لەو ئامێرە ساکارەدا پەیدا دەکرد... شەوێکی زستان زەنگی ماڵمان لێدرا و وەکو زۆر جاری دی من چووم دەرگای حەوشەم کردەوە... کچێکی دراوسێمان یەکێ لەو ئامێرە بەقەستیانەی بەدەستەوە بوو، کە من بۆ منداڵانم دروستکردبوو... لەناو مستی نام و بەگلەییەوە وتی:

– ها بگرە... بابم زۆری لە «...»ی برام دایە، هەر کوشتیتی... ڕازیی نابی هیچکە «...» بێتە فرقەی مۆسیقای.

باوکی ئەو کوڕەش وەکو باوکی هەزارانی تری شارەکەمان، بەمەبەستی گۆڕینی ئەو بارودۆخە نالەبار و پڕ لە چەوسانەوەیە و هێنانەدیی ژیانێکی بەختیار و پڕ لە سەربەستی و خەونی جوان، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی ئەیلوول چووە شاخ و بووە شۆڕشگێڕ... کۆڵانی ئێمە چۆڵ بووبوو و زۆر دیمەنێکی ترسناکی دەنواند... خەڵکی تر لەملا و لەولاوە هاتبوون و جێگای ئەوانیان گرتبووەوە... باوکی من هەرگیز چەکی هەڵنەدەگرت و بۆ گەشتوگوزاریش حەزی لە شاخەکان نەدەکرد، بەڵام لە یەک کاتدا هەم دەترسا و هەم دڵیشی بەو هێزە بێشومارە خۆش بوو... شەوان ڕادیۆی «دەنگی کوردستانی عێراق»ی دەکردەوە و گوێی لە هەواڵەکانی شۆڕش دەگرت... ئێمەش وازمان لە هەموو شتێ دەهێنا و دەمانویست ئەو دەنگە ببیستین، کە تەشویشی بەعس نەیدەهێشت بەئاسانی دەربچێت و هەموومانی بێزار کردبوو... باوکم هەر پێی دەکرا ئەملا و ئەولا بەشەپۆلەکە بکات و ڕووی ڕادیۆکە بسووڕێنێت... ئێمە ئەگەر گوێشمان لە ڕادیۆکە نەگرتایە، لە دەموچاوی باوکماندا دەمانتوانی هەواڵەکان بەروونی بخوێنینەوە... هەندێ جار بەدڵی خۆشەوە سەری هەڵدەبڕی و دەیوت:

– ئەی بەقوربانتان بم پێشمەرگە قارەمانەکان... خوایە بارزانیمان لۆ بپارێزی.

کەچی هەندێ جار بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە دەیوت:

– موئامەرەیە... ئەو کوردە قەت نابتە هیچ... هەمووی خاینە... ئەو خاکە هەمووی فرۆشرایە... لۆ سەیرانێ چووینە... شەڕی ناکەن... داوەشێن.

شەوێکیان «بارزانی» لە ڕادیۆ دووانێکی دابوو و بەیانیەکەی دایکم بۆی باسکردم... دەگریام و گللەییم لێ دەکردن، کە منیان خەبەر نەکردبووەوە... خۆشەویستترین کەسم قسەی بۆ کردبووین و من گوێم لێی نەبووبوو...!!

ساڵی حەفتاوچوار بۆ ئێمە پڕیبوو لە ناخۆشی... باوکم لەپڕ دەمی تووشی ئیفلیجی بوو و نەیدەتوانی بەچاکی بیجووڵێنێت... ئامۆزا گەورەکەم «پەیمانگای مامۆستایان»ی تەواو کرد و ئەو ساڵە کرا بەسەرباز... بردبوویانە ڕەبیەیەکی «سپیلک» و هێزی پێشمەرگە ئابلۆقەی شوێنەکەیان دابوو... ئازووقەیان پێ نەدەگەیشت و دەترساین لە برسان و لە سەرما ڕەقبێتەوە... هەواڵەکە زۆر لەپڕ گەیشتە ئێمە و باوکم ئاوای بەسەرهات... پێشتریش ئامۆزایەکی دیم، کە ئێستا مێردی خوشکە گەورەکەمە و نۆبەرەکەیان لە

«کۆلیژی بزیشکی» دەخوێنێت، ئەوسا قوتابیی «پەیمانگای مامۆستایان» بوو و بەموعجیزە لە مردن دەرباز بووبوو... ئەم و هاوڕێکانی هامشۆی گازینۆیەکیان دەکرد و بەعسیش دەیزانی ئەوانە کۆمەڵێ لاوی خوێنگەرمی دژ بەرژێمەکەین، مینێکی بۆ دانابوون و چەند قوتابیەکی ئەو پەیمانگایە شەهید بوون... یەکێ لەوانە «ئەسعەد»ی ناو بوو و ماڵەکەی لە ئێمەوە دوور نەبوو... ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی ئەو شەهیدە لەلایەن قوتابیان و خەڵکی شارەوە زیاتر لە هی سەرکردەی وڵاتێک دەچوو... ئەمە ناڕەزاییەکی بەئاشکرای جەماوەر بوو دژ بەو تاوانە... ئەو ئامۆزایەم بەرێککەوت هاوڕێیەکی بانگی کردبوو و کەمێ دوورکەوتبووەوە... تەنها پڕیشکی بەرکەوتبوو و بریندار بووبوو... ئیتر باوکم بەرگەی ئەو هەموو ناخۆشیەی نەگرت و دەمی ئیفلیج بوو... تا چاک بۆوە، دەیان دکتۆرمان پێی کرد و حەب و دەرمانی دنیایان پێ تاقیکردەوە... ڕەنگی مردوو لەسەر ڕوومان نیشتبوو و ڕۆژانە بۆی دەگریاین... ترسێکی سەیر ئابلۆقەی ماڵەکەمانی دابوو و لەو شارە چۆڵەی، کە تەواو سیمای گۆڕابوو و لە چۆڵەوانیی دەچوو؛ هەستمان بەبێکەسیی دەکرد... ئێستاش زۆربەی ئەو خەونە ترسناکانەم بیرن، کە ئەوسا دەمدین و سەغڵەتیان دەکردم.

نەخۆشی وازی لە باوکم هێنا و منی خست... کەس باوەڕی نەدەکرد چاکببمەوە و قوڕگیەشە و تای گەرم لەناو جێدا دەیانتلاندمەوە... لە ترسی دکتۆر و دەرزییش ئەوەندەی دی ڕۆحم چووبوو... ڕۆژێکیان بەتەواوی تەمایان لێ دانام و بەحاڵ گوێم لە دەنگی دایکم بوو بۆم دەگریا... بەباوەش خستمیانە ناو تاکسیەک و بردمیان بۆ لای «دکتۆر یاکۆب»ی پسپۆڕی نەخۆشیی منداڵان... بەهەزار ئەملا و ئەولا لەسەر تەختەکەی پاڵخستم و ملیۆنێ جنێوم بەخۆی و بەباوک و باپیری دا... بەتاکسیەکی تر هێنایانم بۆ لای «خاڵس»ی موزەمید لە نزیک «حەمامی ئیسکان»، بۆ ئەوەی دەرزیم لێ بدات... شوفێر خزمی خۆمان دەرچوو و لەگەڵ باوکم کردمیانە باوەش... هەرکە دایاننام، من بەو نەخۆشیە بەکۆڵاندا هەڵدەهاتم و ئەوان دوام کەوتبوون... دوایی هەمیشە دەیانگێڕایەوە، کە من چۆن دەتوت لە گۆڕ هاتوومەتە دەرێ و بەزەحمەت توانیان بمگرن.

لەگەڵ هەموو ئەو ناخۆشی و چورتوومانەشدا، باوکم هەر خەمی ئەوەی بوو دەرنەچم و فشارەکانی زیاتر بووبوون... من وەکو باسم کرد لە پێش نیوەی ساڵ شەش سفرم تیابوو و ئەمە ترسێکی گەورەی خستبووە دڵمەوە... دایکی ئەو کوڕەش وا دەرنەچوو و من ئەو هیوایەشم نەما... ئیتر چاوەڕێی کارتەکم دەکرد، کە دەبووایە بەشەش خەتی سووری جوانەوە پیشانی باوکمی بدەم.

ئەو ساڵە قوتابییان هەر بەگشتی خراپ بوون و کەمیان هەبوو حاڵیان لە من چاکتر بێ... ئەتمۆسفێری شار و هی قوتابخانە تەواو گۆڕابوون و هەستمان بەترسێکی لە ڕادەبەدەر دەکرد... هەواڵی لەسێدارەدانی سەدان کەسمان بیستبوو و بەچاوی خۆمان تەرمەکانمان دەبینین... «بۆتان موحسین» هاوپۆلێکی خۆمان بوو، ئەو ساڵە باوکی و مامێکیان لە سێدارە دا و هەموومان بۆ ئەو هاوڕێیەمان خەفەتبار بووین... ڕۆژانە لەسەر ئەو شەقامەی شەستی هێزی بەعسمان دەبینی و بەرەو شاخەکان دەچوون... زنجیری دەبابەکان دەرگا و پەنجەرەکانیان دەلەراندینەوە... سەرباز و جاشەکانمان دەبینی و بەرقەوە سەرنجمان لێ



دەدان... بەبەرچاومانەوە دەستیان بەسەر ماڵی بەجێماوی پێشمەرگەکاندا دەگرت و کەلوپەلەکانیان دەبردن... جنێویان بە«بارزانی» و بەشۆڕشەکەی دەدا و نەماندەوێرا ناڕەزایی دەربڕین... ئیتر چۆنمان ئاگا لە خوێندن دەما و چۆن دەمانتوانی بەلای کتێبەکانماندا بچین... ئەوەندە هەبوو ئەوان بەو ڕادەیەی من لە باوکیان نەدەترسان.

«ئەکرەم شینە»، کە لەجیاتی «بەڵێ» دەیوت «هۆ»، لە هیچ وانەیەکدا دەرنەچووبوو... تەمەڵیەکەی ئەویش سەیر بوو... هەر ئەو ساڵە ئێمە لە «جوگرافیا» ئیقلیمەکانمان دەخوێند... هەر یەکەمان ناوی «ئیقلیم»ێکمان دەوت و مامۆستا لەسەر تەختەڕەش دەینووسین... لەپڕ «ئەکرەم شینە» هەستایەوە و وتی:

– مامۆستا ئیقلیمی عارفی.

لە ڕاستیدا «ئیقلیم» ژنێکی زۆر وریای دراوسێی ئێمە بوو و مێردەکەی «عارف»ی ناوبوو... ئەو سەردەمە ئۆتۆمۆبیلێکی هەبوو و بۆ خۆی لێی دەخوڕی... جا ئەو «ئەکرەم شینە»یە دوای دەوامی قوتابخانە، شێلم و پاقلە و ئەزبەری و شتی لەم بابەتانەی دەفرۆشت و دەهاتە گەڕەکی ئێمە... ئەو ژنەی بەهۆی منداڵەکانیەوە دەناسی و دەیویست بیخاتە ڕیزی ئیقلیمەکانەوە... «هەژار»ی برای «ئیقلیمە»ش هاوڕێیەکی نزیکی من و تەممەڵێکی تری وەکو خۆمان بوو لە پۆلەکە و دەستی کرد بەجنێودان.

«ئەکرەم شینە» لەپاڵ ئەو تەمەڵیەیدا کوڕێکی بەجورئەت بوو و ناهەقیی قەبووڵ نەدەکرد... هەتا ئەگەر ئەو ناهەقیە لە مامۆستاکانیش بووایە... لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی هەر هەموومان «پشە پشەی ڕەنگینم»مان لەبەر کرد و تێکڕا بۆ مامۆستا «ئەلیاس»مان دەوتەوە، بەڵام ئەو لە بەری نەکرد و یاخیبوو... مامۆستا چەند جار لێی دا و سوودی نەبوو... دەیوت:

– بڕۆن پشیلەی کۆرانان تەمبێ کەن، چیتکە جووچکە و کۆترمان نەخۆن، ئەوجا لە کتێبان بەعسی تووکە نەرم و سمێرە جوانەکانیان بکەن.

بێگومان لەودیوی ئەو قسە سادانەوە کۆمەڵێ بیرۆکەی ئاڵۆز هەن... «ئەکرەم شینە» ویستوویەتی بڵێ خۆشەویستی نایەتە کایەوە، ئەگەر تەواوی شتەکان نەگۆڕێن و پەیوەندیەکان بەپێی «پەیمانێکی کۆمەڵایەتی» دانەمەزرێن... من دەمهێنایە بەرچاوی خۆم، چۆن مامۆستاکان لەبەر خاتری «ئەکرەم شینە» بەقات و بۆینباغەوە، تێلایەک، یان قامچیەکیان گرتووە بەدەستەوە و لەم سەربان بۆ ئەو سەربان ڕاوی پشیلە دەنێن... بەڕاستی دیمەنێکی سەیرە و مرۆڤ دەهێنێتە پێکەنین.

هۆیەکی دیکەی لەبەرنەکردنی ئەو شیعرە، ڕەنگە ئەوەش بووبێ، کە لەگەڵ تەمەنی ئەودا نەدەگونجا... بەڕاستی نەدەکرا ئەو بەو تەمەنە و بەو دەنگە نێرەیەوە ئەو وشە ناسکانە بڵێتەوە... ئێمە کاتێ هەموومان تێکڕا و بەدەنگی بەرز وانەکانمان لە دوای مامۆستا دەوتەوە، یان گۆرانیمان دەچڕی، دەنگی ئەو لەناو دەنگی ئێمەدا زۆر نەشاز دەردەکەوت و بەئاسانی دەناسرایەوە.

هەڵوێستێکی تری «ئەکرەم شینە» لە ئاستی ناهەقیدا لە پۆلی چوارەم بوو... ئەوسا «مامۆستا شێرکۆ» وانەی «کۆمەڵایەتی»ی پێی دەوتین، کە باسی بابەتی جیا جیای دەکرد و یەکێ لەو باسانە «نەبوو خوز

نەسر»بوو... هەر هەموومان لەو مامۆستایە دەترساین و نەماندەوێرا بەرێکیش هەناسە بدەین، بەڵام قوتابیی زیرەکی زۆر خۆشدەویست و بەردەوام هانی دەداین بخوێنین... ئەو ڕۆژەش لە ترسا وەکو زۆربەی ڕۆژەکانی تر ئەو دوو لاپەڕەیەمان لە بەرکردبوو و بەسەرە بۆیمان دەوت... بەڵام «ئەکرەم شینە» لەپڕ هەستایەوە و دەستەکانی خستە سەر تەختەکەی بەردەمی... ڕووی کردە مامۆستا و پێی وت:

– ئەوە ئەنگۆ قەشمەریی بەمە دەکەن...؟!

مامۆستا هەرگیز باوەڕی نەکردبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان قوتابییەکی لە بەردەمیدا هەستێتەوە و ئاوا بەو شێوەیە قسەی لەگەڵدا بکات... سەیرێکی کرد و بەتووڕەییەوە پێی وت:

– ئەوە چتە کورە...؟!

بەڵام «ئەکرەم شینە» نەترسا و وتی:

– ئەمە چ پێویست دەکا بەعسی کەسەکی بکەین و پێوەی ماندی بین، کە نەبووە...!!

– ئەوە چتە ئەتوو...؟! کێ نەبووە...؟!

– خوز نەسر... ئەدی ئەوە بەدەوی خۆتان نارێن نەبوو خوز نەسر، مادام نەبووە لۆ لە کتابان دەینووسن و ئەمەی پێ دەکوژن...؟! بەعسی یەکەکی بکەن هەبی... لۆ بەعسی «مەلا مستەفای بارزانی»ی ناکەن، هەموومان خۆشماندەوێ و بابی کوردانە...!!

ئینجا مامۆستا تێگەیشت و دەستی کرد بەپێکەنین... خۆیشی «بارزانی»ی خۆشدەویست و دڵی بەو قسە و باسانە دەکرایەوە... لە حەفتاوچوار ئەم و «مامۆستا ڕەمزی وەلی عەلی»یش چوونە شاخ و بوونە پێشمەرگە.

ئەگەرچی «ئەکرەم شینە» یەکێ بوو لە کوڕە گەورەکانی قوتابخانە و تەمەنی شتێ لە خوار تەمەنی باوکمانەوە بوو، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان ئازاری نەداین، بگرە بەقسە خۆشەکانی هەمیشە دڵخۆشی دەکردین.

باوکی هەندێ لە قوتابییە تەمبەڵەکان فێربووبوون کەبابیان بۆ بەڕێوەبەر و مامۆستاکان دەکڕی و هەر کاتێکمان دەزانی بۆنی کەباب خۆی بەپۆلەکاندا دەکرد... ئێمە ئەوەمان پێ خۆشبوو، چونکە مامۆستاکان لە خۆشیا ئاگایان لێمان نەدەما... کوڕی مامۆستاکانیش بانگدەکران و بەشدارییان لەو خواردنە بەلەزەتەدا دەکرد... ئەو جارەیش بانگیان کردن و دوای تێرخواردن هاتنەوە... «ئەکرەم شینە» لە پشووی نێوان وانەکاندا بۆ خۆشیی پێی دەوتن:

– تێر بوون لە کەبابی واستەی...؟!

ئەوان پێدەکەنین و قاقایان لێ دەدا... بەڵام یەکێکیان لە پۆلێکی خوار خۆمان بوو و شارەزای گاڵتەکانی نەبوو، بۆیە تووڕە بوو و جنێوی پێ دا... کوڕی مامۆستا بوو و دڵی ناسک بوو... بەردەوام جوونی دەدا و نەیدەبڕیەوە... ئەو سەرەتا دەنگی نەکرد و پێی دەوت گاڵتەی لەگەڵدا کردووە... دوایی



پەلاماری دا و چاکی تێهەڵدا... کوڕەکە هاواری لێ بەرزبووەوە و باوکیان لە ژووری مامۆستایان بانگ کرد... ئەو مامۆستایە «ئەکرەم شینە»ی زۆر خۆشدەویست و بەچاوێکی جیا لە قوتابییەکانی دی لەوی دەڕوانی، چونکە کوڕی پیاوێکی هەژار بوو و دوای دەوام لە کۆڵانان شتی دەفرۆشت... «ئەکرەم شینە»یش ئەوەی چاک دەزانی و زۆر ڕێزی لێ دەگرت... کوڕەکە لە بەرچاوی باوکی خۆی ئازا کرد و پەلاماری دا... «ئەکرەم شینە» سەرێکی بادا و بەدەم سەیرکردنی مامۆستاوە بەکوڕەکەی وت:

– کورە هەی سەگی سەگباب، ئەمن لەبەر خاتری مامۆستای لێت نادەم، ئەگەرنا داکت دەگێم.

من هەر «ئەکرەم شینە»م بدیایە، پێکەنین دەیگرتم... ئەویش خۆی پێی خۆش بوو، چونکە زۆر حەزی دەکرد وەکو کەسێکی قسەخۆش و کۆمیدی دەرکەوێت... جا بەڕاستییش وابوو و نکوڵی لەوە نەدەکرا.

من وەکو زوو دەگریام و درەنگ ژێردەبوومەوە، زووش پێکەنین دەیگرتم و درەنگ بەریدەدام... شتی وا لای من سەیر بوون، کە لای ئەوانی دی زۆر ئاسایی بوون و پێکەنینیان هەڵنەدەگرت... جارێ لە پۆلدا هەموو دەنگ و جووڵەیەک دەیخستمە پێکەنین... دەستم دەگرت بەدەمی خۆمەوە و بیرم لە هەزاران شتی ناخۆش دەکردەوە، بۆ ئەوەی بەرم بدات و نەتەقێتەوە، بەڵام زۆر جار دەتەقیەوە و لێدانم دەخوارد... مامۆستایەکی خەڵکی «کفری»یمان هەبوو و «سابیر»ی ناوبوو... وانەی «بیرکاری»ی پێ دەوتین و توانایەکی سەیری لە وتنەوەیدا هەبوو... نموونەکانی هەمیشە لەسەر «شەکر» دەهێنایەوە... ئینجا دەیوت «شەکەر» و من بەلامەوە سەیر بوو... لەسەر ئەو وشەیە دەیان جار لێدانم خواردووە.

مامۆستا «ساڵح ئەحمەد بەنناء»ی جێگری بەڕێوەبەر و هی وانەی «ئینگلیزی هەر جارێ دەیوت «سمایڵ» واتە «خەندە»، من «مام سمایل»ی شێلمفرۆشم بیردەکەوتەوە، کە پیاوێکی ڕۆحسووکی هەزەلی بوو و لە کۆڵان قسەی سەیر سەیری دەکرد... ئەو مامۆستا قسەخۆشەمان یاریزانێکی زۆر لێهاتووی پەنجاکان بوو و لە تیپی مۆسیقای هەولێریش دەفێکی بچکۆلەی لێ دەدا... ئێمە کاتێ لە تەلەفزیۆن دەمانبینی، زۆرمان پێ خۆشدەبوو، کەچی نەنکم هەموو جارێ پێی دەوتین، لە هەولێرەوە بۆ ئەوەندە چووە بۆ بەغدا...؟! بۆ ئەو دەفە بچکۆلەیە، کە ئەوەندەی قاپی منداڵانە...؟! ئیتر من ئەمەم بیردەکەوتەوە و پێکەنینم دەهات.

لە کتێبی ئینگلیزیدا وێنەی شت کرابوو و لە تەنیشتی ناوەکەی نووسرابوو... مامۆستا دەیخوێندەوە و یەکێ لە قوتابییەکان ماناکەی دەوت... لە ڕاستیدا وشەکان زۆربەیان هەر ئەوانە بوون، کە خۆشمان لە زمانی کوردیدا بەکاریاندەهێنین... هەرکە گەیشتە «چۆکلێت»، من خێرا دەستم هەڵبڕی و وتم:

– بالیف.

هەر هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دا... من وێنەی چوکلێتەکەم لێ بووبوو بەوێنەی ئەو سەرینانەی لەسەر ئەستێرکی نێونەکانی ژووری نەنکمدا هەڵچنرابوون.

ڕۆژێکیان لە گەڵ دایکم لە بازاڕ پیاوێکی زۆر لاوازمان بینی و میزەڵدانی پڕ لە غازی دەفرۆشت... پەتی میزەڵدانەکانی گرتبوو بەدەستەوە و بەدەنگە سەیرەکەی هاواری دەکرد:

– دەبدەبە... دەبدەبە... دەبدەبەی غاز.

بەشێوەیەک ئەو وشانە لە دەمی دەردەچوون، کە لەگەڵیدا دەهەژایەوە و هەستت بەکاریگەریەکەیان دەکرد... باوەڕم وابوو هەر کەسێ سەد جار ئەم ڕستەیە بەسەر یەکەوە بڵێتەوە، وەکو مەل باڵدەگرێت و بەئاسماندا دەفڕێت... چجای ئەو پیاوە لاوازەش... دیمەنێکی چەند بڵێی پێکەنیناویی هەبوو... من خۆم بەدایکمەوە گرتبوو و قاقام لێ دەدا... چاوەڕێ بووم ئەو هەموو میزەڵدانە بەرزیکەنەوە و بیبەن بۆ ئاسمان... ئیتر ئەو لەو بەرزاییەوە بەو شێوە خۆشەی خۆی بڵێ:

– دەبدەبە... دەبدەبە... دەبدەبەی غاز.

حاجی لەقلەقەکانی سەر منارەی مزگەوتەکەش پەلاماری بدەن و بەدەنووکە تیژەکانیان یەک بەیەک میزەڵدانەکانی بتەقێنن... ئینجا ئەو دەست و قاچە باریکەکانی لە هەوادا دەکەونە جووڵە و شڵپەی لێوە دێ... دوایی من هەمیشە ئەمەم بۆ خوشک و براکانم دەگێڕایەوە و ئەوان پێدەکەنین... قوتابخانە دەستی پێکردەوە و من بووم بەپۆلی چوار... مامۆستایەک هاتە پۆلەوە و من لێی وردبوومەوە... ڕێک لە میزەڵدانفرۆشەکە دەچوو و هەر وامدەزانی خۆیەتی... دیمەنی ئێستا و هی ئەو ڕۆژەی بازاڕ تێکەڵ بەیەکتر دەبوون و پێکەنین دەیگرتم... لەپڕ تەقیەوە و قاقام لێ دا... ئیتر مامۆستا هات و یەکەم زللەی خۆی لەم قوتابخانە تازەیە وەشاند... دواتریش ناوی چووە ڕیزی مامۆستا زاڵمەکان.

«ئازاد» ناوێک چوار پێنج ساڵ لە پۆلی شەش مابووەوە و خووی بەخواردنی قەراغی کتێبەکانیەوە گرتبوو... سمێڵێکی ڕەشی جوانی هەبوو و لەملا و لەولاوە تا نزیک چەناگەی هاتبووە خوارێ... بەڵام حەزی لە ڕیش نەبوو و هەموو بەیانییان پێش ئەوەی بێت بۆ قوتابخانە، دەیتاشی... زوو زوو خەیاڵی دەڕۆیشت و نەیدەتوانی گوێ لە مامۆستا بگرێت... هەر پێیان دەکرا تەباشیری تێبگرن و بەئاگای بهێننەوە... بانگی بکەن و شانەکانی ڕابتەکێنن... من پێم وابوو کەس لەو زیرەکتر نییە، بەڵام داڵغەکانی ناهێڵن تێبگات... ئەگەرچی هەرگیز نەمدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە و چۆن ئاوا بەجارێ ئاگای لە دەوروبەری دەبڕێت... من لە خەیاڵی خۆمدا چارەسەرەکەیم دۆزیبووەوە، ئەویش ئەوە بوو فەراشێکی دی بێنن بۆ ئەو قوتابخانەیە و لە تەنیشت ئەوی دابنێن... بەردەوام بەگوێچکەیدا بچپێنێت:

– داڵغەی لێ مەدە... داڵغەی لێ مەدە... گێت لە مامۆستای بی... ئەوە قسەی لۆ توو دەکا... هەر مەکتەبت بەکەلک دێ کوڕم... ئەویدکە هەمووی فشەیە... تەمەشای من بکە لە سبەینێ هەتا هێوارێ بەدیار تەمبەرەکی وەکی توو دادەنیشم و بەئاگات دەینمەوە... توخوا ئەوە ژیانە ئەمن هەیتم... تفوو لە هەزار ژیانی وەها... تفوو لەو ڕزقەی... گووم تێکرد... شەوێ هەتا سبەینێ هوڕێنەی دەکەم و دەرێم داڵغەی لێ مەدە... داڵغەی لێ مەدە... گێ بگرە... کورە گێ بگرە... ژن و منداڕەکەم قەشمەریم پێ دەکەن و لۆ خزمان دەگێڕنەوە... نازانم کێ ئەو ئیشەی لۆ من دیتەوە و تووشی ئەو عەزابەی کردم... داڵغەی لێ مەدە... لەگەر توومە... کورە ئەتوو گێ لە قسەکانی منیش ڕاناگری... پێت دەرێم واز لە داڵغەی بینە... ئەوە مامۆستایە، خۆ بەردی چیای نییە... گەمەی لەگەر سمێرت مەکە... بەس ئەو کتێبەی بخۆ... خۆ چێر و بزن



نی... ئەو قەرەمەی بەدەستەوە بگرە و لەسەر دەفتەرەکەت چشتی بنووسە... گێ بگرە... کورە پەژیوان دەبیەوە... دوایێ دەزانی خیندن چەند باشە... تەلەبەک لە وەختی ئیمتیعانی سەری سارێ مردبوو... داکی لە خۆی دەدا و دەیگۆت: خەمی ئەوەم نییە مرد، بەرام ئیمتیعانەکانی لە دەست چوو... پلکی دری دەداوە و پێی دەگۆت: مەگرییێ خوشکم مەگرییێ، قابیلە لۆی نەکەنە ئینجازە...!! بەخوای کوڕی من نەخۆش بوو و پوختە و جوان لۆیان تەعجیل کرد... پێمەکەنە... پێمەکەنە... کورە پێمەکەنە... لۆ ئەوەم نەگێڕاوە، پێبکەنی... مەخسەدم ئەوەیە بزانی خیندن چەند باشە... پێمەکەنە عەمرکورت... مامۆستا بتبینی، لێت دەدا... هەردوو چاوت دەردەینی و لۆ باپیرەگەورەتت تەمبێ دەکا... قوڕگم دڕا... مردم... کەینێ گێ دەگری... یاخوە ئەوەی ئەو ئیشە بێمەعنایەی لۆ من دیتەوە، قەت قەت ئۆخەی نەکا.

دیمەنەکەی دەهاتە بەرچاوم و بەڕاستی هەستم پێ دەکرد... پێکەنینم دەهات و توند دەمی خۆمم دەگرت... لەپڕ دەردەچوو و دەمکردە کۆکە... مامۆستام بەلاڕێدا دەبرد و گیانم لە لێدان دەپاراست... «ئازاد» نەیدەتوانی پۆلی شەش ببڕێت و وازی هێنا... لە بازاڕ بووە حەماڵ و خێزانەکەیانی دەژیاند... ڕۆژێکیان هاتبووەوە قوتابخانە و لە پەنجەرەوە سەیری دەکردین... مامۆستای بیرکاری لێی تووڕە بوو و پێی وت، بڕوات و ئەو ناوە بەجێ بهێڵێ... ئەو بەشێوەیەکی زۆر سەیر وتی:

– لۆ بڕۆم مامۆستا...؟! لۆخۆم گێ لە دەرسێ دەگرم.

من هەر جارێ ئەو دیمەنەم بیردەکەوتەوە، پێکەنینم دەهات و خوا خوام بوو چرکەیەک زووتر زەنگەکە لێ بدات.

«یونسە قەڵەو»یش دراوسێی ماڵی «ئازاد» بوو... ئەو لە ڕاستیدا بۆ خوێندن نەدەهات، بەڵکو ناو تەختەکەی پڕکردبوو لە وردەواڵە و دەیفرۆشتن... ئێمە قەڵەم و قەڵەمدادەر و لاستیکی بۆندار و نوقڵ و شتی دیمان هەر لەو دەکڕی... جار جار کۆتر و ڕیشۆڵە و جووچکیشی دەهێنا و بەسەر قوتابییەکاندا ساغی دەکردنەوە... ئیتر ئەو پۆلەی ئێمە هەر ڕۆژێ دەبوو بەکۆڵانێکی ناو بازاڕ... ڕۆژێک مەیدانی مریشکان و ڕۆژێ قەیسەری عەتارەکان... ڕۆژێ مەزاتخانە و ڕۆژێ شتێکی تر... ئەوەندە شارەزا بوو، دەیتوانی شوێنپێکانی خوتت پێ بفرۆشێتەوە و کۆڵێکیش سوپاسی بکەیت... ژیشکێکی هێنابوو و من بەبیست و پێنج فلس لێیم کڕی... بیرم دەکردەوە چۆن بەدزیی دایک و باوکمەوە بیگەیەنمە سەربانەکەمان و لەوێ بەنهێنی بەخێوی بکەم، بەڵام دوای تاوێ پێی وتم، دەچێ بەبەڕێوەبەر دەڵێت من ژیشکم لەگەڵ خۆم هێناوە... مەبەستیشی ئەوەبوو بیدەمەوە و پارەکەیش بۆ خۆی... من لە ترسا ڕازیی بووم و هەر خوا خوام لێم وەرگرێتەوە... دەرکەوت ئەو ڕۆژە دەستی بیستی تری وەکو منی بڕیوە... ئەو «یونسە قەڵەو»ە لەگەڵ هەر قسەیەکیدا بەهەق و ناهەق دەیوت:

– ئەو شتانە هیچی وەنییە، بەس با لەبەر خاتری برام وەبی.

شیعری کوردی و عەرەبی لەبەر دەوتەوە و لەنێوان هەر دێڕێکدا ئەمەی بۆ زیاد دەکرد... گۆرانیی دەچڕی و هەر بەو ئاوازەوە لەنێوان بەندەکاندا دەریدەپەڕاند... مامۆستاکان زۆر هەوڵیان لەگەڵ دا وازبێنێت...

بەدار ناولەپەکانیان دارِزاند و بەزللە پەناگوێکانیان وێران کرد، بەڵام مەحاڵ بوو... ناردیان بەشوێن «مام ئەسعەد جەبار»ی باوکیدا... بینیان ئەویش هەمان خووی لەگەڵدایە... کاتێ لێیان پرسی بوو ئەمە مانای چییە و لە کوێ هاتووە... ئەو بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە پێی وتبوون چیرۆکی خۆی هەیە و ناکرێ بۆیان بگێڕێتەوە... وتبووشی دەبێ منداڵی منداڵی ئەم قسەیە بڵێنەوە و وەکو داخێکی گەورە لەگەڵیاندا بژی... ئیتر لەمەوە زانیان کارەساتێک لەودیوی ئەو قسەیەوە هەیە و ناچار وازیان هێنا... دوای ئەوە «یونسە قەڵەو» بۆی هەبوو بەئارەزووی خۆی وا بڵێت... مامۆستا «حەمەدەمین»ی وانەی ئاین هەرگیز داوای لەو نەدەکرد سورەتی قورئانی بۆ بڵێتەوە، چونکە دەیزانی تووشی کوفرمان دەکات و بەهەزار تۆبە و ئەستەغفیرەڵلاش لەژێریدا نایەینە دەرێ... دوای کارەساتی حەفتاوپێنج لە وانەی خوێندنەوەی عەرەبیدا بابەتێک هەبوو بەناوی پەیمانی یانزدەی ئازار... باسی ئەوەی دەکرد، کە چۆن شۆڕشی «١٧- ٣٠» تەمووز هەموو مافێکی داوە بەکورد و ئێمە لە سایەی ئەو ڕژێمە عادیلەدا بەختەوەرانە دەژین... بۆ نەگبەتی ئەو ڕۆژە مامۆستایەکی بەعسیی زۆر زاڵم بەمیوانی هاتبوو و دەبووایە یەک بەیەک بۆی بخوێنینەوە... «یونسە قەڵەو» دوای هەر دێڕێک دەیوت:

– ئەو شتانە هیچی وەنییە، بەس با لەبەر خاتری برام وەبی.

مامۆستا شێت و هار بوو و بەشەق و بۆکس تێیکەوت... ئینجا داوای لێکرد بەڕاستی بیخوێنێتەوە... ئەو داماوە بەدەم گریانەوە دەیخوێندەوە و بەردەوام دەیوت:

– ئەو شتانە هیچی وەنییە، بەس با لەبەر خاتری برام وەبی.

«فاخیر عەلی» ڕقی لە شیعر بوو و هەرگیز لەبەری نەدەکردن... دەیانهێنایە بەردەمی تەختەڕەش و سەدان داریان لێ دەدا... زیرەی لێ هەڵدەستا و دەبوورایەوە، بەڵام سوودی نەبوو... جارێکیان شیعری «دایک»ی ئاوا بەدەم گریانەوە بۆ مامۆستا وتەوە:

«مندارەکی پیسی چرکن بووم... توخوا وەکی هەوکە بووم...؟! کورە نەوەڵلا... لۆ هەق نەرێم...؟! داکم بەخێوی کردم، دەنا بەگۆڕی بابم هەر ئەو ڕۆژی دەمردم... بەس بریا بەخێوی نەکردمایە و نەگەیشتبمایە ئەورۆ... ئەوە ژیانە ئەمن تێیدامە...؟! هەموو ڕۆژێ بێمە مەکتەبێ و مامۆستا بەداران تێمکەوی...؟!».

«ڕەشاد حسێن»یش پەپوولەیەکی تر بوو و بەدە ساڵ و هەشت مانگ و نازانم چەند ڕۆژێکیش گەیشتبووە پۆلی چوار... هەموو جارێ باسی کۆتاییی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی بۆ دەکردین و ئاخی بۆ ئەو ڕۆژگارە بەسەرچووە هەڵدەکێشا... لە پشووی نێوان وانەکاندا بەردەستیی فەڕاشەکانی دەکرد و لەوان چاکتر هەڵدەسووڕا... چای بۆ مامۆستایان دەبرد و سەر مێزەکانی پاکدەکردەوە... هەرچەند تەمەڵ بوو، بەڵام قوتابخانەی لە هەموو شتێ زیاتر خۆشدەویست و حەزی دەکرد خزمەتی بکات... ئەگەر یەکێ بەقەڵەم شتی لەسەر دیوارەکان بنووسیایە، ئەو دەگریا و دەیوت قوتابخانەیان پیس کردووە و خوا غەزەبمان لێ دەگرێ... پەڕۆی تەڕی دەهێنا و دەیکوژاندەوە... منیش بۆ ئەوەی ئاوا بکات و گوێم لەو قسە خۆشانەی بێت، لەسەر دیوارم دەنووسی: «ڕەشاد ڕەشیکەوە»، واتە «ڕەشاد بیکوژێنەرەوە»، یاخود



بیسڕەرەوە... بە«قواعد»ی دەوت «وەقاعید» و زەحمەت بوو فێری ئەو ناوە ببێت... باوکی بەکەر و عەرەبانە سەوزە و میوەی دەفرۆشت و ئەو سەری کەرەکەی بۆ ڕادەکێشا... «شادە»ی خوشکم هەموو جارێ دەیوت ئەو لە ڕۆڵی کەرەکە تێدەگات، کە عەرەبانەکە ڕادەکێشێت، بەڵام نازانێت «ڕەشاد» چ دەورێک دەبینێت... هەمیشە بیری لێ دەکردەوە و سەری لەو هاوکێشە پێکەوەیبە دەرنەدەچوو... بەمنی دەوت، کە بچم بەباوکی بڵێم با ئەو کوڕە داماوە لەگەڵ خۆی نەهێنێت، چونکە ئەگەر ئەویش نەبێت، کەرەکە ئاقڵ و سەنگین عەرەبانەکە ڕادەکێشێت، بەڵام من لە ڕووم نەدەهات وای پێ بڵێم و جورئەتم نەدەکرد بەگژ ئەو چەوسانەوەیەدا بچمەوە... ئەگەرچی نەشمدەویست دڵی خوشکە ئازیزەکەم بشکێنم... مامۆستایەک پێی ڕادەبوارد و دەیهێنایە بەردەمی تەختەڕەشەکە، بۆ ئەوەی لاساییی زەڕەزەڕی نێرەکەرەکەیان بکاتەوە و ئێمە پێی پێبکەنین... ئەو مامۆستایە جنێوی زۆر ناشیرینی بەقوتابییەکان و بەدایک و باوکیان دەدا... جارێک لە کۆبوونەوەی باوکاندا لێپرسراوێکی شۆڕشی ئەیلوول هەستابووەوە و وتبووی، لەبەر خاتری ئەو باوکانە نەبێت، ئێستا دەریدەهێنێت و ڕیسوای دەکات، چونکە جنێوێکی زۆر عەنتیکەی هەوەسبزوێنی بەدایکی کوڕەکەی دابوو... ئەو مامۆستایە هەر کاتێ لە یەکێکمان تووڕەدەبوو، پێی دەوتین:

– پێم نارێی چ سەگبابەک ئەتووی گەیاندە ئێرە...؟!

جا چونکە قوتابی دەبووایە هەر خێرا وەڵامی هەموو پرسیارێکی مامۆستا بداتەوە، بۆیە ئێمەش ناوی مامۆستای پۆلی پێشوومان دەوت.

هەندێ لە مامۆستاکانمان بەڕاستی بۆ شتی باش هانیان دەدایین، لەوانە «مامۆستا ڕەمزی وەلی عەلی»، کە دواتر کرا بەراهێنەری تیپی هەڵبژاردەی هەولێر... لەپاڵ نوکتە و قسە خۆشەکانی، حەزی دەکرد خەریکی وەرزش بین... «مامۆستا تایەر باپیر گەردی» سەرگوزشتە و چیرۆکی خۆشی لابوو و بۆ شانۆ و تەمسیل هانی دەدایین، کە ئەو کاتە شتێکی کەم نەبوو... «مامۆستا ساڵح بەننا»یش ڕووخۆش و قۆشمەچی بوو و باسی مۆسیقای بۆ دەکردین... «مامۆستا سابیر کفریی»، کاتێ خەفەتی هەبووایە، لەسەر کورسیەک دادەنیشت و بەدەنگە ئێجگار خۆشەکەی گۆرانیی بۆ دەوتین... کرێچی بوو و هەر زوو زوو لە خانوو دەریاندەکرد... سەد نمرەی لە وانەی بیرکاری دەدایە هەر قوتابییەک، کە خانووێکی بۆ بدۆزیبایەتەوە... جارێکیان من و «ئەکرەم شینە» ویستمان ئەو هەلە بقۆزینەوە و بۆ یەکەمجار سەد بەسەر کارتەکانمانەوە ببینین، بەڵام بەداخەوە سەری نەگرت... بەڕێوەبەر زۆر ڕقی لەو مامۆستایەمان بوو و هەمیشە دژایەتیی دەکرد... ئەگەرچی ئەم لە وتنەوەی وانەی بیرکارییدا زۆر باش بوو، کەچی ئەو دەهاتە پۆلەوە و تەباشیرەکەی لێ وەردەگرت، گوایە خۆی دەیەوێت فێرمان بکات... ئەو سەردەمە باوی قژی درێژ بوو و هەر زوو زوو ناچاریان دەکردین سەرمان بتاشین... بەیانیان مامۆستاکان لە حەوشەی قوتابخانەدا فێری ڕەوشتی جوانیان دەکردین، هەزار جنێوی سووکیان بۆ ئەو هەرزەکار و گەنجە سەرەڕۆیانە دەنارد و دایک و باوکیان دەخستنە بەر لێشاوی نەفرەتەوە، کە چارلستۆنیان لە پێ دەکرد و زوڵفیان هێنابووە خوارێ... هاوکات هێرشیان بۆ ئیمپریالیزمی ئەمبەر و ئەوبەر دەبرد و ڕیسوایان دەکردن، کە دەیانویست لە خشتەمان بەرن و دەستمان بەسەردا بگرن... بەڕێوەبەر لەگەڵ چەند قوتابییەکی لاساری تردا بەمەقەست

قژی کوڕی ئەو مامۆستایەی بڕی و ئەتکی کرد... ئیتر ئەم لە داخا کەوتە گۆرانیوتن و هەموومانی خستە گریان.

سەربانی ماڵێکی کوترباز دەیڕوانیە ناو حەوشەی قوتابخانەکەمانەوە... بەیانیان کاتێ مامۆستاکان قسەیان بۆ دەکردین، یان قوتابیە دەنگخۆشەکان گۆرانییان دەوت، ئێمە بەهەموو هێزی خۆمانەوە چەپڵەمان لێ دەدا، بۆ ئەوەی ئەو هەموو کۆترە بفڕن و سەیریان بکەین... مامۆستایەکمان هەمیشە شیعری بەسەر عێراقدا دەوت و بەگژ ئیمپریالیزمەکاندا دەچووەوە، ئێمە چەپڵەمان لێ دەدا و هاوارمان دەکرد:

– دووبارە... دووبارە.

کۆترەکان هەناسەبڕکێیان پێ دەکەوت و نەماندەهێشت بنیشنەوە... کابرای کۆترباز شێت و هار دەبوو و دەستی بۆ ڕادەشەقاندین... ئەوە جنێوێکی زۆر ناشیرین بوو بۆ هەموومان، بەڵام یاریەکی خۆش بوو و وازمان نەدەهێنا... لەولاشەوە مامۆستا ئەوەندەی هاوار کردبوو، ئارەقەی لێ دەچۆڕایەوە، بەبێ ئەوەی ئێمە گوێمان لێی گرتبێت و هیچی لێ تێگەیشتبین... من بۆ دەرمان ئەم دوو دێڕە لە شیعرێکی تێگەیشتبووم و ئێستاش بیرم ماون: «بێگانە خەیاڵی خاوە... ئەوڕۆ دۆلار قیمەت ناکا».

مامۆستایەکیشمان هەبوو فشەی بۆ دەکردین و هەمیشە بەشانوباهووی کەسوکاری خۆیدا هەڵدەدا... ڕۆژێکیان باسی پایسکیلی کوڕێک بوو، کە زۆر جوان بوو و هونەرمەندانە ڕازاندبوویەوە... ئەو چاوی پێ هەڵنەهات و وتی، گوایە ئەوان پایسکیلێکیان هەبووە، ئەوەندە سەیر بووە، سەرنجی هەموو خەڵکی ڕاکێشاوە... بەشێوەیەک وەسفی کرد، کە بەو گێڕ و ئیستۆپ و سەقف و دەرگا و چوار تایە ئەستوورەیەوە لە ئۆتۆمۆبیل دەچوو، نەک لە پایسکیل... «ڕەقیب سلێمان»، کوڕێکی چوختی و قسەخۆشی پۆلەکەمان بوو و دواتریش یەکێ بوو لە پێشمەرگە جەربەزەکانی شۆڕشی تازە، هەستایەوە و بێشەرمانە پێی وت:

– ئەوجا مامۆستا ئەوە تڕوومبێل بووە، پاسکلی چ...؟! پاسکل کوو ئەوهایە...!!

ئەو دەمی تێکئالا و وتی:

– ئم... ئوو... ئا... ئێ... ئئئ... ئەخر... ئا... بەخۆی سەیارەبوو، بەس ئەمە لەبەر خۆشەویستی ناومان لێ نابوو پاسکل.

خوا هەڵناگرێ دوای ئەوە بەتەواوی وازی لە فشە هێنا، بگرە زۆر جار دەیویست تۆڵەمان بۆ بکاتەوە... ئەوەبوو بەپێچەوانەی پێشوو بەهەق و ناهەق خۆیانی دەشکاند.

ئەو «ڕەقیب سلێمان»ە لەشێکی بتەوی هەبوو، بۆکسی لە هەر کێ بدابوایە، دەیبووراندەوە... خۆشبەختانە منی زۆر خۆشدەویست، چونکە ماڵی نەنکی دراوسێمان بوون... نەک لێی نەدەدام، بەڵکو لەسەریشی دەکردمەوە... پێنجشەممەیەک تیپێک لە خەستەخانەوە هاتبوون و قوتابیانی قوتابخانەکەمانیان دژی نەخۆشیی مەلاریا کوتا... هەر هەموومان کەوتین و لەتاوا شەو وڕێنەمان دەکرد... شەممە بەنەخۆشی هاتینەوە و نەماندەتوانی دەستمان بجووڵێنین، کەچی «ڕەقیب سلێمان» بەبۆکس لە شوێنی دەرزیەکەی سەر قۆڵی چەپی خۆی دەدا و گاڵتەی پێ دەکردین... ئەویش وەکو من ڕقی لە



قوتابخانە بوو و باوکی بەزۆر دەینارد... جارێکیان لە پۆلی سێیەم «مامۆستا عەزیز»ی عەرەبی پرسی بەکوردی بەقیتار دەڵێن چی... ئێمە هەموومان پێکەنین، واماندەزانی ئەو وشەیە کوردیە، کەچی ئەو «ڕەقیب سلێمان»ە زانی و وتی شەمەندەفەر... من لە ماڵەوە بۆ دایکمم گێڕایەوە و ئەو بەگاڵتەپێکردنەوە وتی:

– عالەمی پێشان بەقیتاریان دەگۆت شەمەندەفەر.

من هەموو نیوەڕۆیەک، کە دەنگی شەمەندەفەرم دەبیست، «ڕەقیب سلێمان»م بیردەکەوتەوە و وا چووبووە ئەقڵمەوە ڕۆژێک ئەو یان دەبێت شوفێری شەمەندەفەر، یانیش دەبێت بە«تیتی» و کۆنترۆلی بلیتی نەفەرەکان دەکات.

ئەو قوتابخانەیەی ئێمە کەسانی سەیر سەیری تیابوو، کە من تا سەر ئێسقان بەبەهرەی هەندێکیان سەرسام بووم و بەهیوابووم پێیان بگەم... دیارە من هەرگیز بەخیلیم بەوانە نەدەبرد، کە لە وانەکان زیرەک بوون و نمرەکانیان فوول بوون، کەچی لە ئاستی بەهرەکانی تردا دەحەپەسام... «عومەر خورشید» کوڕی پیاوێکی هەژاربوو و تا بڵێی تەمەڵ بوو... لەسەر کورسیی دواوەی ڕیزی ناوەڕاست لە تەنیشت «ئەکرەم شینە»ی هاوتەمەنی خۆی دادەنیشت... ئیسکانی بوو، بەڵام لە گەڕەکی ئێمە جۆللانەیەکی دانابوو، کە لە هەولێر پێی دەڵێن لەیلووک و دوای دەوام بەپارە و بەنۆرەیەکی عادیلانە منداڵانی تێدەخست... مامۆستاکان بانگی سەر سەکۆکەی حەوشەیان دەکرد و بەقوڕگ زوڕنای لێ دەدا... بێگومان زوڕنای بەڕاستی و دەیان ئاوازی دەردەکرد... جا زۆر جار دەیوت ناتوانێ، چونکە برسیەتی... ڕاستی دەکرد برسیی بوو و کەس نرخی ئەو بەهرەیەی نەدەزانی... دڵنیام ئێستاش برسیەتی و بەهرەکەیشی لە دەست داوە.

هاوڕێیەکی ڕۆحسووکی ترمان لە پشووی نێوان وانە ڕەزاگرانەکاندا بەشێوەیەکی ئێجگار سەیر سەمای دەکرد و هەمووومانی دەخستە حاڵەتی مەستبوونەوە... لاسایی «سوهێر زەکی»ی سەماکەری بەناوبانگی میسریی دەکردەوە و ڕێک وەکو ئەو بەنازێکی کچانەی زۆر ناسکەوە دەیوت: «دلعني يا گميل في فرح بلدي»... دوو سێ کوڕی دیکەش بەتەختەکانی بەردەمیان دەهۆڵیان لێ دەدا و بۆیان دەسەندەوە: «واسمع كمان اگمل ألحان... منک یا وهبه یا شازلی گمال»... کاتێکی چەند بڵێی ئاسوودەمان لەگەڵدا بەسەر دەبرد.

«ئازاد حەمید سەبری» لەناو گوش ڕایدەکرد و هەموو ساڵێ کاسێکی دەبردەوە... من گوشێکم دەهێنا و دەمویست لەو بەر دەرگایەی ماڵی خۆمان لاسایی بکەمەوە... زۆر بەربوومەوە و سەر ئەژنۆ و ناولەپەکانم ڕووشان، کەچی هەر فێر نەبووم... دواجار بەدەمدا کەوتم و لچ و لێوم هەڵتۆقین... وازم هێنا و مەحاڵ بوو من فێری هونەری ئاوا بەرز بم.

«برووسک حەیدەر» بێجگە لەوەی کوڕێکی چوختیی قسەخۆش بوو، چاکترین یاریکەری تێنسیش بوو و لەسەر ئاستی هەموو قوتابخانەکانی شاردا بەیەکەم دەردەچوو.

قوتابیانی قوتابخانەی ئێمە هەر هەموویان بەهرەدار و هونەرمەند بوون، بەڵام «ئەسکەندەر قولی»

یاریکەرێکی موعجیزە بوو و لە کەس نەدەچوو... ئەو لە بوونەوەرە سەرەتاییەکانی گەردوون بوو و بەدرێژاییی چاخەکان بەنهێنیی دەژیا... بەردەوام لەودیوی ئاگاییی نەوە یەک لەدوای یەکەکاندا مەشقی دەکرد و پەرەی بەتواناکانی خۆی دەدا... لە سەرەتای حەفتاکاندا دەرکەوت و هەر هەموومانی بەخۆیەوە سەرسام کرد... دەیان چیرۆک و سەرگوزشتەی خورافی و میتۆلۆژیی بیردەخستینەوە و لەناو خەیاڵە ئاڵۆزەکانماندا نغرۆی دەکردین... کۆمەڵگای کوردی ئەو مەخلووقە ئەفسانەییەی پێ پەسەند نەدەکرا و هەوڵی لەناوبردنی دەدا... «ئەو شتانەی سەیرن و لێیان تێناگەین، دەبێ لەناو بچن و کۆتایی بەموشتومڕەکانی ناخمان بێنین»... ئاوای دەوت و پیلانی کوشتنی ئەوی دادەڕشت... منیش بەوە غەدری لێ دەکەم، کە دەمەوێت دەربارەی بنووسم و بەو وشە سواوانە تەعبیر لە توانا ئێجگار گەورەکانی ئەو بکەم... نا ، زەحمەتە... ئەوە لە دەست من نایەت... ئاخر «قولی» وەکو چۆن لەناو گۆڕەپانەکەدا بەهیچ یاریکەرێکی دی نەدەگیرا و کەس بۆی نەبوو تۆپەکەی لێ بستێنێ، لە نووسینیشدا خۆی بەدەست هیچ وشەیەکەوە نادات و لە ناولێنان یاخییە... من شێتی ئەوانەم و تا سەر ئێسقان پێیان سەرسامم، کە بەگەورەیی و بەوپەڕی هێزەوە دەردەکەون و بەگەورەیی و بەوپەڕی هێزیشەوە گومدەبن...!!

پۆلی دووەمی سەرەتایی بووین و لەپڕ دەرگا کرایەوە... بەڕێوەبەر هاتە پۆلەوە و دوو قوتابیی هێنابوو... لەسەر دوو کورسیی ناوەڕاستی لای دیوار دانیشتن... «مامۆستا محەمەد کەرکووکی» ، مامۆستای «خوێندنەوەی کوردی» پێی وتین ئەمانە دوو قوتابیی تازەن و بران... «ئەسکەندەر» و «دلاوەر»یان ناوە... پێی وتین بەخێرهاتنیان بکەین... کاتێ زەنگەکە لێی دا، ئیسکانییەکان باسیان کرد، کە ئەوانە یاریزانن و ناوبانگیان هەیە.

«مام ئەحمەد»ی باوکیان ئەندامێکی زۆر ناسراوی پارتی بوو و لای خەڵکی ئیسکان ڕێزێکی سەیری لێ دەگیرا... هاوڕێی مامۆستاکانمان بوو و هەمیشە قسە خۆشەکانیان دەگێڕایەوە... «ئەسکەندەر» و «دلاوەر»یش وابوون و ڕۆحیان بەرادەیەک سووک بوو، کە ئێرەییت پێ دەبردن و بەبێ ویست لاساییی هەڵسوکەوتەکانیانت دەکردنەوە... بەتایبەتی «ئەسکەندەر» ، کە برا گەورەکە بوو و ئەوسا تەمەنی لە دوانزدە ساڵ کەمتر نەبوو... باڵایەکی بەرزی هەبوو و یەکێ بوو لە کوڕە گەورەکانی ئەو قوتابخانەیە... زیرەکیش بوو... لە یەکەمەکان بوو... پشتی هەموو ئەو قوتابییانەی دەگرت و لەسەری دەکردنەوە، کە لەلایەن بەهێزەکانەوە غەدریان لێ دەکرا... ڕۆحی یارمەتیی تیا بوو و منداڵەکانی بەبرای بچووکی خۆی دەزانی... یەکێ لەوانە من بووم... زۆر خۆشی دەویستم و ئەوانی تریش ئەوەیان دەزانی، بۆیە نەیاندەوێرا شەرم پێ بفرۆشن... بەدایکمی دەوت، کە من برای بچووکی ئەوم و هیچ ترسی لێم نەبێت... جارێکیان لە پۆلی دووەم، کە تەمەنم شەش ساڵ بوو، وانەی وەرزشمان هەبوو و دەبووایە بەفانیلە و دەرپێی کورت لە گۆڕەپانە فرەوانەکەی بەردەمی قوتابخانە وەرزش بکەین... کاتێ تەواو بووین و هاتینەوە پۆل، جلەکانمان لە بەر دەکرد و دەبووایە بچینەوە ماڵ... هەموو جلەکانیان لەبەرکردبوو، تەنها من مابووم، چونکە زۆر منداڵ بووم و دایکیشم بۆ ئەوەی سەرمام نەبێ، چوار پێنج پارچەی لەبەرکردبووم، نەمدەزانی لەبەریان بکەم... بیرم لەوە دەکردەوە دەرگای قوتابخانە دادەخەن و من ئەمشەو لێرە بەتەنیا دەمێنمەوە... قوتابخانە



بەڕۆژی ڕووناک ئەوەندە ترسناکە، ئاخۆ بەشەوی تاریک و نووتەک چۆن بێت...!! هەر زەندەقم چووبوو و ڕەنگم بەبەرەوە نەمابوو... «ئەسکەندەر قولی» هەستی پێ کردبووم و لێی پرسیم:

– چییە... ئەتوو نازانی جلکی خۆت لەبەرکەی...؟!

دەستم کرد بەگریان و ئەو جلەکانی لەبەرکردم.

ڕۆژانە لە ڕێگای قوتابخانە و شەوان لەسەر جێگا پێش ئەوەی خەوم لێ بکەوێت، بیرم لەو دەکردەوە و حەزم دەکرد برام بووایە... هەمیشە بەخەیاڵ دەمکرد بەبرای گەورەی خۆم... بەڵام ئەو چونکە لە تەمەنی من نەبوو، لێم نزیکنەدەکەوتەوە و زۆر کەم قسەی لەگەڵدا دەکردم... منیش بەڕاستی خۆشیمدەویست و شەرمم لێی دەکرد... پێی سەرسام بووم و بیرم لە توانا بەرزەکانی دەکردەوە.

یەکێ لە وانەکانمان نیگار بوو و دەبووایە لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ و سەری ساڵدا هەر قوتابییەک نیگارێکی لەسەر کارتۆنێکی گەورە پێشکەش بەمامۆستای نیگار بکردایە... مەرج نەبوو ئەو نیگارە خۆمان بمانکێشایە... «ئەسکەندەر» ناوەکەی بەئەلف دەستی پێدەکرد و خرابووە پێش ناوی «ئەکرەم شینە»یش، یەکەم کەس بانگیان کرد و نیگاری خۆی پیشان دا، کە وێنەی «بارزانی» بوو و بەخەنجەرەکەی بەر پشتێنییەوە زۆر هونەرمەندانە کێشابوویان... «مامۆستا...» سەیری کرد و چاوی چووە پشتی سەری... ڕێک و ڕەوان، بەبێ ترس پێی وت:

– ئەوە نابی.

دوایی نازانم چۆن لێی وەرگرت و خستیە سەر ئەو کەلێندەرەی پۆل، کە لە داری ساج دروست کرابوو و جامخانەیەکی هەبوو... ئەوسا ئێمە لە پۆلی سێیەم بووین... ئەو مامۆستایە هی قوتابخانەکەی ئێمە نەبوو، بەڵام هەر خۆی بەمیوانیی دەهات و زاڵمی وەکو ئەو لە هەموو دنیادا نەبوو... ئەو ڕۆژەی ئەو بهاتایە، زۆر ئاسایی بوو هەر هەموومان میزمان بەخۆماندا بکردایە... دەنگێکی بەراستی ترسناکی پێوەبوو و بەردەوام دەیقیژاند... لە دەرەوەش بماندیایە، ڕامانده‌کرد و خۆمان دەشاردەوە... جارێکیان جلێکی مغاویریی لەبەربوو و لەسەری کۆڵانەکەی ئێمەوە دەرکەوت... هەرچی منداڵ هەبوو ڕایانکرد و چوونە ژوورەوە... تمەز دەچوو بۆ هەموو قوتابخانەکان و قوتابییانی هەموو شارەکەی تۆقاندبوو... زۆرن ئەوانەی پەتپەتێن دەکەن و هەر ڕۆژێ ئەندام و لایەنگری حیزبێکن، بەڵام ئەم لە منداڵییەوە بەعسی بوو و نەدەگۆڕا... بەلاوەنانی وێنەی «بارزانی» و بەدەستی «ئەسکەندەر قولی»یش جورئەتی دەویست، بەڵام بەڕاستی ئەو مامۆستایە ئازابوو و دەیتوانی.

«ئەسکەندەر قولی» لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، چووە شاخ... چییتر قوتابخانەی ئێمە لە یاریی تۆپی پێدا نەیدەتوانی یەکەم بێت و کاسەکە بەرێتەوە... لە هاوینی حەفتاونۆ گەڕایەوە و بەتەواوی وازی لە وەرزش هێنابوو... من لە حەفتاوچوارەوە تا کاتی نووسینی ئەم بیرەوەریانە نەمدیوە، بەڵام هاوڕێکانم زۆر جار باسیان کردووە، کە ئێستا هەر کەسێ بەو ورگەیەوە بیبینێ، باوەڕناکات ئەو ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر قاچیشی بەر تۆپ کەوتبێت... بۆیە دوورنییە منیش سەدان جار دیبێتم، بەڵام نەمناسیبێتەوە... بەڵێ،

یەکێ لە شەوەکانی ساڵی نەوەد لەگەڵ برادەرێکم بەسەر شەقامی ئیسکاندا دەڕۆیشتین و دوو پیاو بەلاماندا تێپەڕین... من سەرنجم لێ نەدان... دوایی ئەو هاوڕێیەم وتی، کە ئەوەی لای ڕاست «ئەسکەندەر قولی» بوو... من لەپڕ لام کردەوە و تەنها تارماییەکەیم لەو تاریکاییەی نزیک «مونەزەمەی یەرمووک»دا بینی... من لە «رووناکی» و ئەو لە «ئیسکان» زەحمەت نەبوو، ئەگەر بمویستایە ببینم، بەڵام بەڕاستی نەمدەویست... نەمدەویست و چاوم بەرایی نەدەدا سیمای تێکشکاوی ئەو پاڵەوانە خورافیە ببینم... ببوورە «قولی» گیان ئێمە دڕندانە بەهرەکانی تۆمان کوشت و زۆر دوژمنانە خەونەکانتمان قەلاچۆکرد... ئێمە سیمای جوانی تۆمان تێکشێواند و لە یاریزانێکی زۆر لێهاتووەوە بۆ پیاوێکی ورگنی دەستەپاچە گۆڕیمانی... ببوورە «قولی»یەکەی ڕۆحم لەگەڵتدا دڵڕەق بووین و چاومان بەتوانا بەرزەکانت هەڵنەهات... جاران لەو مەلعەبەی هەولێر ڕاکردنی هەموو دنیا بەرگەی چەند چرکەیەکی ئەو قاچانەتیان نەدەگرت و ئێستاش لەو گازینۆیەی ئیسکان بەتەمەڵی ڕایاندەکێشیت... ماندووبوونەکانت یەک لە دوای یەک ماندوو دەکرد و هەناسەبڕکێت پێ دەخستن... لەودیوی هێڵەکانەوە وەکو ڕەوەیەک ورچی شەکەت دەکەوتن و ئاومان بەدەمیانەوە دەکردن، بەڵام تۆ ماندوو نەدەبوویت و لە ڕاکەراکی خۆت نەدەکەوتی... هەموو شتێ لە بەر چاوی تۆدا شێوەی گۆڕەپانی یاری و تۆپی پێیان بەخۆیانەوە دەگرت و خەیاڵەکانت لەپێش جەستەتەوە مەشقیان دەکرد... فێڵ و تاکتیکی تازەیان دادەهێنا و شاگەشکەیان دەکردی... دواجار زۆر لێزانانە لەو گۆڕەپانە پیشانت دەداین و لە دڵمانت دەچەسپاند، کە ئێمە بەختەوەرین و هاوڕێ و هاوپۆل و هاوقوتابخانە و هاوشار و هاووڵاتی گەورەترین یاریزانین... ئەی ئێستا بیر لە چی دەکەیتەوە...؟! تەواو «قولی» گیان تەواو... ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو و کاسەکانت لەسەر تاقی ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانەی زێوەر ژەنگیان هەڵهێنا... وەکو خۆت سیمایان گۆڕا و لەبیرچوونەوە... وێنەکەت لە قەدی دیوارەکانی ئەو ژوورە و هی «یانەی وەرزشی ئیسکان» تێکشێوا و خۆشت نایناسیتەوە... تۆ ئێستا خاوەنی جەستەیەکی داهێزراویت و ئێمە ناتوانین وەکو ئەوسا چەپڵەت بۆ لێ دەین... ئافەرینت لێ بکەین و خۆمان بەقوربان و بەساقەت بکەین... چیتر ناتوانین دەنگمان بکەین بەیەک و تا تینمان تیایە هاوارکەین:

– قولی... قولی... بڕۆ... بڕۆ... دەی دەی دەی... ڕاکە... ڕاکە... لێیدە... لێیدە... گۆڵ گۆڵ گۆڵ...!!

ئینجا لە خۆشییا هەر هەموومان بەجارێ هەستینەوە سەر پێ و بڵێین:

– بەقوربانت بم...!! بەقوربانت بم...!!

چاوەڕێی هیچمان لێ نەکەیت «قولی» گیان، تکایە چاوەڕێی هیچمان لێ نەکەیت... تۆمان بیرچووەوە و ناتوانین هیچ شتێکت بۆ بکەین... تەنانەت ناتوانین ناوەکەت لە یانەیەکی وەرزش، تیپێکی تۆپی پێی گەڕەک، گۆڕەپانێکی بچکۆلەش بنێین... چیتر حەز لەو ناوە خۆشەی جارانت ناکەین، کە لە حەفتاکان ڕێگای ماڵی هەموو گوێچکەکانی پێدەزانی و بەبێ وەرگرتنی ڕوخسەت خۆی پیادا دەکردن... ئیتر تۆ گیانێکی تەمەڵ و سیمایەکی ناشیرین و ناوێکی ناخۆش و نازناوێکی ناخۆشترت هەیە و لەو گازینۆ لاچەپە سەری خۆت کزکە... پارەت هەیە چا و قاوەی پێ بخۆیتەوە، یان نییتە، کەیفی خۆتە و بەئێمە



چی... ڕۆژگار گۆڕاوە و پێویستمان پێت نەماوە... نە بۆ شیعری ئێمە دەستدەدەیت و نە بۆ گۆرانیمان... نە بەکەڵکی چیرۆکمان دێیت و نە هی ڕۆمانمان...!! ئاخر نەبۆتە باو لە ئەدەبدا باس لە پاڵەوانێکی وەرزش بکرێت «قولی» گیان... نەبۆتە باو و بەڕاستییش جوان نییە... بۆچی لەجیاتی فودبۆڵ، چەقۆیەک، خەنجەربۆکسێک، خەنجەرێکی دەبان، شمشێرێ، تەورێ، تاپڕێ، دەمانچەیەک، تفەنگێکت هەڵنەدەگرت و خەڵکت پێ نەدەکوشت...؟! بۆچی لە یەکێ لە زیندانەکاندا خەریکی جەللادی نەدەبووی...؟! بۆ ئەوەی ئێستا من بیبلۆگرافیایەکی ئەو هەموو شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەم بکردایە، کە دەربارەیان نووسیبووی.

چییە تووڕەبووی...؟! پێت ناخۆشە بڵێم پیاوکوژ و جەللاد بوویتایە...؟! ببوورە ئەی ناسکترین ناوی سەرتاپای شارە دوور دوور دوورەکەم... ئەی جوانترین کارەکتەری ناو خەیاڵە قووڵ قووڵ قووڵەکانی منداڵیم... من لە تووڕەییا ئاگام لە خۆم نەماوە... زمانم تەتەڵە دەکات و قسە هەڵدەبزڕکێنم... تووڕەم چاوەکەم تووڕەم... لە خۆم و لە ڕابردووم و لە ئێستام و لە هەموو شتێ تووڕەم... هەڵەشەم... شپرزەم... پەشۆکاوم... شێتم... ئا، بەخوا شێتم... کەمێکی تر هێمن دەبمەوە، وەک نە بام دیبێت و نە باران، نوکتە دەگێڕمەوە و قاقا لێ دەدەم... بەخەیاڵە تێکشکاوەکانی منداڵیم دەژیم و ئەوان هەڵم دەسوڕێنن... گەورە نابم... نە بەخوا گەورە نابم... ئەو سەرسامیە ناهێڵێ گەشە بکەم... نەوە لە دوای نەوە بەلامدا تێدەپەڕن و گەورە دەبن... بەبچکۆل بچکۆل بانگم دەکەن... بەمامە مامە و خاڵە خاڵە دوایان دەکەوم... ناشتوانم هەنگاو بنێم... قاچەکانم لە لیتەی ساڵانی سەرەتای حەفتادا ڕۆچوون و جووڵەم بۆ ناکرێت... تا ڕۆژێ لە شوێنی خۆم ڕەقدەبمەوە و وەکو پەیکەری ئێسقانی دەعبایەکی سەیر و سەمەرە دەردەکەوم... نەوەیەکی تر و دوانی تر و دەی تریش دێن و بەجێم دەهێڵن، من هەر وەکو خۆمم و ناگۆڕێم... ئامۆژگاریم دەکەن... سەرزەنشتم دەکەن... چەمۆڵەم لێ دەنێن... بووزم پێوە دەکەن... گوێچکەم ڕادەکێشن... لێم دەدەن... گەورە نابم و هەر منداڵەکەی ئەوسام... «دادە نادیە» و «دادە تاڤگە»ی خوشکم، زۆر دوای من لە دایک بوون و دەیان جار لەجیاتی دایکم بێشکەکانیانم ڕاهەژاندووە، کەچی ئێستا دەست بەسەرمدا دێنن و دڵنەواییم دەدەنەوە... بە«برا بچکۆلەکەم» بانگم دەکەن و دەمکەنە قەڵاندۆشکانیان... «شادە»ی خوشکم هەر چیرۆکێ بۆ منداڵان دەنووسێت، لەپێشدا بۆ منی دەخوێنێتەوە و تەمسیلی جووڵەی گیاندار و باڵندەکانم بۆ دەکات... «دواڕۆژ»ی کوڕم و «ڕۆژیار»ی کچم و «ڕەهەند» و «ڕۆڤان»ی برازاشم گەورەبوون و باسی ئەزموونی ژیانی هەرزەکاری و گەنجێتیی خۆیانم بۆ دەکەن، من هەر منداڵەکەی جارانم و ناگۆڕێم... برازاکانی ترم «مەنار» و «ڕەندە» و «ئاسار» و «مەسار» شوویان کرد و بوون بەدایک، من هەر لەو شوێنەی خۆمم و جووڵە ناکەم... وەکو «ئۆسکار»ی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی «تەپڵی تەنەکە»ی «گۆنتەر گراس»م لێهاتووە و گەشە ناکەم... تا ماوم هەر بەمنداڵی دەمێنمەوە... «قولی» گیان ئەی برا گەورەکەی منداڵیم، تۆ لەناو خەیاڵەکانمدا تێکشکاوی و لەوساوە حەیران و سەراسیمە لە پارچەکانت دەڕوانم... تازە ئەگەر هەمووشیان کۆکەمەوە و بتکەمەوە بەوەی جاران، کە دەزانم هەرگیز هەرگیز نابیت، بەڵام من هەر لەو حەپەسانە ئەبەدیەدا دەمێنمەوە و هەر ئاوا منداڵانە هەڵسوکەوت دەکەم... ساڵ هەر ساڵی حەفتا و حەفتاویەک و حەفتاودوو و حەفتاوسێ و سەرەتای حەفتاوچوارە و هیچ ناگۆڕێ...

«نیلس لوندڤال Niels Lundvall»ی هاوڕێم، کە ژۆرنالیست و نیگارکێشێکی ناسراوی دانیمارکییە، ڕقی لە تۆپی پێیە، چونکە پێی وایە سیمایەکی نێرانەی بەخۆیەوە گرتووە و یاریەکی هیۆمانیستیی نییە، بەڵام من تۆم لەوێدا ونکردووە و بەدواتا دەگەڕێم... «نیلس لوندڤال» بۆیە وای وت، چونکە من باسی تۆم بۆی کرد... ئێستا باسمان کردی... ئەو دێڕانەی سەرەوەم دەربارەی تۆ دەنووسی و هەستی بەحاڵەتە نائاساییەکەم کرد... پرسیاری لێ کردم و بەراستی وەڵامیم دایەوە... هێنایتیە بەر چاوی... سەرنجی لێ دایت... لێت وردبووەوە... ئەبلەق بوو... حەپەسا... پێت سەرسام بوو... خۆشیویستی... دنیایەک ئاخی بۆ شکستی تۆ و بۆ نائومێدیەکانی من و بۆ نەهامەتیەکانی نەتەوە ژێردەست و لەتلەتەکەمان هەڵکێشا... هەر خێرا بە«ئینگا Inge»ی ژنی ناساندی... دەبووایە زووتر لە ڕێی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە بتناسن، نەک لە زمانی منەوە... من کوا دەتوانم باسی تۆ بکەم...!! چۆن دەتوانم لاساییی جووڵە هونەریەکانت بکەمەوە...!! کەس ناتوانێت کەس... خۆشت ناتوانیت... تۆمان لە دەست چوو «قولی» گیان تۆمان لە دەست چوو... براگەورە و هاوڕێ و هاوپۆلی من نەبوویتایە... قوتابیی قوتابخانەی زێوەر نەبوویتایە... ئیسکانی نەبوویتایە... هەولێری نەبوویتایە... کورد نەبوویتایە... ڕۆژهەڵاتی نەبوویتایە... تاقە «قولی»ـەکەی ئەم سەردەمە زاڵم و بکوژە نەبوویتایە...!!

کورد دەزانێت شۆڕشێکی گەورەی نوشستی هێناوە، بەڵام نەیزانیوە یاریزانێکی جیهانییشی لە دەست چووە... «قولی» ئەگەر کوڕی ئێمەی کورد نەبووایە، ئێستا «ئەلیکساندەر»ێک یان «ئەلیخاندرۆ»یەک دەبوو... زۆربەمان خۆشماندەویست و وێنەکەیمان بەدیواری ماڵەکانمانەوە هەڵدەواسی.[١٥]

مێژووی ئێمە ناتوانێت و ماقووڵیش نییە، کاتێ باسی زیانەکانی ئەو هەرەسە بکات، «ئەسکەندەر قولی»یشی بیربێت، بەڵام بەڕاستی هەق وایە ئەدەبی ئێمە ئەو ناوەی لە یاد نەچێت.[١٦]

«قولی» بۆ من وێنەیەکی نموونەیی بوو و تێکشکا... ئاخر ژیانی من پڕیبوو لە وێنەی تێکشکاو... ئەو شەوەی لە تەنیشت باوکە خەمبار و ڕووخاوەکەم، لەو ڕادیۆیە وەکو ملیۆنان ملیۆن کەسی دیکە هەواڵی هەرەسی شۆڕشم بیست، تەمەنم تەنها یانزدە ساڵ بوو... دەگریام و دایکم و باوکم لەسەر حاڵی خۆیانەوە دڵنەواییی منیان دەدایەوە... ئەگەرچی مەحاڵ بوو بتوانن ئەو کۆستە گەورەیەم لە خەیاڵ دەرکەن... چیتر ئەو ڕادیۆیە لەوەی جاران نەدەچوو و مات و زەلیلانە لە باوەشی باوکمدا خۆی بێدەنگ کردبوو... نەیدەتوانی هیچ شتێکمان پێ بڵێ... خۆی بەشەرمەزار دەزانی... فێڵی لێ کردبووین... تەفرەی دابووین... دەستخەڕۆی کردبووین... بەڵام وا درۆکانی دەرکەوتن و هیچی دی گوێی لێ ناگرین... هیچیشی نەماوە پێمانی بڵێ... شەپۆلە کورتەکانی، درێژەکانی، ناوەنجیەکانی، ژمارە ورد و درشتەکانی، هەر هەموویان دوژمن دەرچوون و ناپاکییان لێ کردین... کەچی باوکم هێشتا لە ئاستیدا دڵنەرمە و بەشەق نایکاتە دەرەوە... ئێمە لەسەر شتی چەند بچووک تێمانهەڵدەدرا و بەسەعات دەکراینە ژوورەوە، ئەی ئەو ڕادیۆ ناپاکە بۆچی لە گوڵ کاڵتری پێ ناوترێ و شاربەدەری ناکەن... ئای کە درۆزن بوو...!! ئای کە بێویژدان بوو...!!



لە پایەتەختی ئەو وڵاتەدا ئێمە و شۆڕشەکەمانیان فرۆشتووە، کە من خۆشیمدەوێت و دەیان شەو لەژێر لێفەکەمەوە بۆ «جەمیلە بوپاشا»ی قارەمان گریاوم... بۆ مەمکە جوانەکانی فرمێسکی دنیام ڕشتووە، کە جەللادەکانی فەرەنسا بەئاگری جگەرە سووتاندوویانن و تەواو سیمایان گۆڕیون... ئامۆزایەکم بۆی باسکردووم و چیرۆکی ژیانەکەی بۆ خوێندوومەتەوە... دەیان جار بەسۆزەوە لە وێنەی خۆی و «نەفیسە»ی خوشکی و دایکی و باوکی ڕاماوم و ماچم کردوون، کە لە پێشەکیی کتێبەکەی «سیمۆن دی بۆڤار» و «جیزیل حەلیمی» لە لای ئەو ئامۆزایەمدا بینوومن... یەکێ لە وێنەکانی «جەمیلە»، «پیکاسۆ» کێشاویەتی و لە سەیرکردنی تێر نەدەبووم... گوێچکەکانم کەڕبن و هیچ شتێ نەبیستن، بەڵام گوێم لە دەنگی باوکە پیرەکەی «جەمیلە» نەبێت، کاتێ لەو زیندانە لە جەللادەکان دەپاڕێتەوە و پێیان دەڵێت:

– کەمێ ئینسانیەت.

ئەوانیش خراپتر ئەشکەنجەی دەدەن و بەسەریدا هاوار دەکەن:

– لەگەڵ عەرەبدا ئینسانیەت نییە.

چاوەکانم کوێربن و ڕۆشناییان تیادا نەمێنێ، بەڵام جەستەی ناسکی «جەمیلە» نەبینم، کاتێ بەتەوژمی کارەبا تێکدەشێوێنرێت و دایکی خۆیشی نایناسێتەوە... منداڵێکی یانزدە ساڵانی خوێنگەرمی چەپڕەوم و هیچ پەشیمان نییم... دژی هەموو شێوە چەوسانەوەیەکم، جا هی خۆمان بێت، یان هی دراوسێ و بێگانە، بەڵام سەدان «جەمیلە»ی ئێمە لەپڕ هەناسەسارد کران و کەس باسیان ناکات... «دادە سیمۆن دی بۆڤار» و «دادە جیزیل حەلیمی» «جەمیلە»کانی ئێمە بە«جەمیلە» نازانن و بەرگرییان لێ ناکەن...[١٧] «پیکاسۆ»کان، هونەرمەندانی چەوساوەکان نیگارکێشانیان بیرچۆتەوە و نازانن وێنەی یەکێ لە «جەمیلە»کانی ئێمەش بکێشن... بەیانی ناچم بۆ قوتابخانە... ئاخر بۆچی بچم... توخوا بۆچی بچم... پێم بڵێن بۆچی بچم و کێ ببینم... ڕۆژانی تر بەچپە هەواڵەکانمان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە و باسی کوشتنی سەدان سەرباز و ئەفسەری گەورە و کەوتنەخوارەوەی دەیان فڕۆکەمان دەکرد...[١٨] ئەی بەیانی چی بەیەکتر بڵێین... نەدەکرا نەچم، باوکم ڕازیی نەدەبوو... بەم حاڵەیشەوە من و کتێب و مامۆستا و قوتابخانەی بیرنەدەچوو... لە قوتابخانەیشەوە چووین بۆ لای «مزگەوتی ئیسکان»، کە زیلەکان هەزاران پێشمەرگەیان تێکردبوو و چاوەڕێ بوون ناوەکانیان بخوێننەوە، ئینجا بچنەوە ناو ماڵەکانیان... مەراقم بوو پێشمەرگە ببینم... وامدەزانی ئەوەی دەچێتە شاخ و ناوی پێشمەرگەی لێدەنێن، ڕۆحێکی دیکەی لە خواوە بۆ دێت و دەبێتە کەسێکی تر... هەر ئەوانەی ڕۆژانێک دراوسێمان بوون و هەرگیز سەرنجیان ڕانەکێشابووم، کاتێ چووبوونە شاخ و چەکیان کردبووە شان، بۆ من بووبوونە پاڵەوانی ناو چیرۆکە میتۆلۆژیەکان و حەزم دەکرد بیانبینم، بەڵام نەمدەدین... چۆنم بدینایە... بەڵێ، دیمن... بۆ یەکەمجار لەو مزگەوتە دیمن... لەسەر دیوارەکەوە دیمن... هێشتا هەر خۆشمدەویستن... هێشتا هەر شەرمم لێ دەکردن... باوەڕم بەهەرەس و ئاشبەتاڵ و نسکۆ و تێکشکان و هیچ ناوێکی دی نەبوو... بەجامانە دەموچاویان پێچابوو و کز و خەمناک چاوەڕێی خوێندنەوەی ناوی خۆیان دەکرد... پێشمەرگەی زەلیلم بینی... زۆر جیابوون لەوانەی ڕادیۆکە پێی وتبووین... خەونی چەند ڕۆژ لەمەوبەرم بیردەهاتەوە.. ئەوەتا لەگەڵ

ئامۆژنم بەگەڕەکێکی چۆڵدا تێدەپەڕین.. دەرگای خانووەکان دەفی زل زلن.. دەستیان لێدەدەین و دەنگی سەیریان لێ هەڵدەستێت.. گۆزەی ڕەش ڕەشی بچووک و بچووکتر، گەورە و گەورەتر لەسەر دیوارەکان ڕیز کراون و تک تک دڵۆپە ئاوی سپی سپیی ورد و وردتر، درشت و درشتتریان لێ دێتە خوارێ.. دواتر تێکەڵ بەیەکتری دەبن و لەناو کۆڵانەکاندا جۆگەی گەورەی سوور سوور پێکدەهێنن.. سووک سووک ئاو بەرز دەبێتەوە و شتەکان نقوم دەکات.. پەیتا پەیتا بەباڵای دیواراندا هەڵدەزنێت و زیاتر ترس دەخاتە دڵمەوە.. نازانم چۆن ئاوا گەیشتوومەتە ترۆپکی منارەیەکی بەرز و وا لەوێوە لەسەربانی ماڵەکان ڕادەمێنم.. ئەو سەربانانەی، کە پیاوە ڕەشپۆشە لەیەکچووەکان بەڕیز دەستیان لەسەر پەرژینە سپییەکان داناوە و ناوچەوانیان شل و خاو خستۆتە سەریان.. هەر دەڵێی سوێندیان بەهەموو کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمان و زەوی خواردووە، ئیتر هەڵیان نەبڕن و تا ماون وەکوو پەیکەر جووڵە نەکەن.. قژی ژنانیان لە لوولەی چەکەکانیان ئاڵاندووە و فڕەیان داونەتە پشت خۆیانەوە.. دەسا من زۆر دەستم گرت بەملاو بەولای دەممەوە تا تینم تیابوو هاوارم کرد:

– ئاگاتان لە خۆتان بی مامەکانم..!! ئاگاتان لە خۆتان بی..!! ئەوە لۆ گیم لێ ناگرن..؟! وەختە لافاو ڕاپێچی ناو......

کەچی ئەمان نەجووڵان و نەجووڵان.. گۆزەکان بەژێر ئاوی خۆیان کەوتن و سیمای گەڕەک گۆڕا.. ئەمان نەجووڵان و نەجووڵان.. لافاو گەیشتە سەربان و تا تەوقی سەریان هات.. ئەمان نەجووڵان و نەجووڵان. پۆلیسێکی عەرەب لە بەردەرگای مزگەوت وەستابوو و دەیوت:

– ئەمن کوردی نازانی.

بەو خەڵکانەی دەوت، کە دەیانویست چی زووترە بانگی باوک و کوڕەکانیان بکەن و لە ئامێزیان بگرن... هەر ئەو ڕۆژە ڕوویان لە ماڵەکانیان کردەوە و مزگەوتەکە چۆڵ بوو.

ڕۆژنامەکانم بینی... ڕیزێ پێشمەرگەی بێچەکم بینی بەدوای ئەفسەرێکدا دەڕۆیشتن و بەرەو زیلەکان دەچوون... «ڕزگاری مامۆستا عەبدوڵلا»ی دراوسێمان ئەفسەرەکەی بەمەقەست لەوان جیاکردەوە و لێیان ڕادەما... بەڵام هێشتا هەر خەمبار و زەلیل دەهاتنە بەرچاوم... «ئەکرەم حەسەن»، کە باوکی هەر زوو لە شەڕێکدا شەهید بووبوو و لەگەڵ دایکیان هاتبوونەوە ناو شار، تا تینی تیابوو جنێوی دەدا و «بژی مەلا مەسەتەفای بارزانی»ی لەناو کۆڵانەکەدا دەوت... کۆڵانی چی...!! چۆڵ چۆڵ... بێدەنگ و بێچرپە... تەواو سیمای گۆڕا بوو و نەماندەناسیەوە.

من ئەوسا ساڵی دووەمم بوو لە پۆلی پێنجەم... بەڵێ، پار دەرنەچووم و نمرەکانم لە سی و چل بەسەرنەکەوتن... پێش نیوەی ساڵ لە شەش وانە دەرنەچووم، بەڵام کارتەکەم پیشانی باوکم نەدا... چەند دەترسام لەپڕ ئەو جانتایەم بکەنەوە و بیهێننە دەرێ... بۆ بەیانیەکەی براکەم، کە ئەوسا پۆلی دوو بوو و دواتر بەمن گەیشت، زانی کارتمان وەرگرتۆتەوە، بۆیە من لە ماڵەوە وتم، بەڵێ وەرمانگرتەوە، بەڵام هەر خێرا لێیان سەندینەوە... نەموت کارتەکەم دوێنێ شەو وەکو ئاسکێکی خەڵتانی خوێن لە ژوورەکەمدا



گەوزی دەدا و ئێوە نەتاندەبینی... شەش ڕاوکەر بەتاپڕ نیشانیان لێ گرتبوو و سەر و گوللەیان لێ دابوو... گوێتان لە لرخەلرخی قوڕگی نەدەبوو و لە ڕەنگی هەڵبزڕکاوی مندا هیچتان بەدی نەدەکرد... پێم وتن لە «بیرکاری» دەرنەچووم، ئەو بابەتەی، کە ڕقی دنیام لێی بوو و هەمیشە من و باوکمی دەکرد بەگژ یەکدا... هەرکە باوکم زانی لە دەرسێ کەوتووم، تەواو ڕەنگی گۆڕا و دەترساین شتێکی بەسەربێت... ئەوە یەکەمجار بوو من بکەوم... نەیدەزانی لە من بدات، یان لە خۆی... خۆم لە ژوورێ نابوو و دەرگاکەم داخستبوو... جنێوی بەخۆم دەدا... بەدایکمی دەدا... بەخۆی دەدا... بەهاوڕێکانی کۆڵانەکەمان و هی ئەودیومانی دەدا... هەڕەشەی دەکرد... شاڵاوی دەهێنا... ئینجا وەرە بیزانیایە لە پێنجی تریش کەوتووم... جا بۆ نەیزانی...؟! نیوەی ساڵ ئەو شەشەی پێشوو و هەشتە تازەکەیشی بینی... وەی وەی چی ڕووی دا...!! ئەی سەری ساڵ بۆ ناڵێی...؟! پێویست ناکا بیگێڕمەوە، چونکە دیارە چی کردووە.

ساڵی دواتر زۆر زیرەک بووبووم و نمرەکانم بەرز بوون... ئاخر نەدەکرا ساڵێکی تریش دەرنەچم، بۆیە کۆششم دەکرد... ئەگەرچی کتێبەکانیشم کۆن بوون و هەر یەکەیان لە سەرەتا و کۆتاییەکەیان چەند لاپەڕەیەکیان کەم بوو، بەڵام چار نەبوو و هی هاوڕێکانم دەهێنا... لە «سەفین سابیر»[١٩]م وەردەگرت و دێڕ بەدێڕ لەبەرم دەکردن... ساڵی پێشوو کاتێ کتێبەکانیان لێ دەسەندینەوە، ئەگەر کۆن بوونایە، دەبووایە پارە بدەین... جا من کتێبی مێژووم چونکە لە ترسی باوکم زۆر بەدەستەوە گرتبوو و دەیان جار لە کۆڵان لە کاتی یاریکردن فڕێمدابووە ناو قوڕ و خۆڵەوە، تەنها چەند لاپەڕەیەکی مابووەوە... منیش یەک بەرگی جوانم بۆ کرد و پێیان نەزانی... بەڵام ساڵی دواتر، کە دەرنەچووەکان دەبووایە کتێبی کۆن وەربگرن، هەموویان بردین بۆ ژووری ژێر قادرمەکە و بۆ خۆمان کتێبمان بژار دەکرد... من هەر چاوم بەبەرگی ئەو کتێبە کەوت، خێرا پەلاماریم دا و کردمە باوەشم... دوایی کاتێ لە پۆلەکە لێی وردبوومەوە و زانیم هی خۆمە، پێکەنینم هات و دەیان چیرۆکی فۆلکلۆریم بیرکەوتەوە.

باوکم دوای شکستی شۆڕش زۆر لە جاران خراپتر بەخوێندن و قوتابخانەوەی گرتبوو و دەیویست هیچ نەبێت لەو ڕێگەیەوە بەشێ لە ئاواتەکانی بێتە دی... من ئەو ساڵە زۆر باشبووم و سەری ساڵ بەنمرەی چاکەوە هاتمەوە... بەڵام لە پۆلی شەشەم، کە ئەوسا بەکالۆریا بوو، بەرەو خراپی چوومەوە و سەری ساڵ و خولی دووەمیش لە بیرکاری گەڕامەوە... ساڵی دواتر باشبووم و بەپلەی زۆر بەرز دەرچووم... ئەو ڕۆژەی کارتی سەری ساڵیشم وەرگرتەوە، دایکم کچێکی زۆر جوانی بووبوو و باوکم لە خۆشیا نەیدەزانی چی بۆ من و بۆ دایکم بکات... ناوی «نادیە» بۆ ئەو ڕۆژە زۆر گونجاو بوو و هەموومان لەسەری ڕێککەوتین... دڵنیام باوکم هەر ئەو ڕۆژە بیری لەوە کردبووەوە، ئاخۆ ئەو کۆرپەیە کەی گەورە دەبێت و دەچێت بۆ قوتابخانە... ئاخۆ زیرەک دەردەچێت، یان تەمەڵ... چی تەواو دەکات و دەبێت بەچی...؟! یەکێ لە خوشکەکانم لە قوتابخانە هاوپۆلێکی بۆی باسکردبوو، کە هەر جارێ دایکی کچی بووبووایە، باوکی تێیهەڵدەدا و خۆی و منداڵە ساوەکەی لە حەمام دەکرد... باوکی ئێمە لە هەموو ژیانیدا نەیزانیوە جیاوازیی نێوان کچ و کوڕ چییە و هەموومانی بەقەدەر یەک خۆشدەویست... ئەگەر دایکم سووکە تایەکی لێ بهاتایە، سەرتاپای دکتۆرەکانی «بەغدا» و «مووسڵ»ی پێ دەکرد و بەردەوام دڵنەواییی دەدایەوە...

شەو تا بەیانی بەدیار سەریەوە دادەنیشت و نەدەنووست... خوێندن و قوتابخانە نەبوونایە، بۆ خۆمان ئاسوودە دەژیاین و ڕۆحمان بەسەر سەری یەکترەوە دەردەچوو، بەڵام ئەوان وازیان لێ نەدەهێناین و هەر زوو زوو دەیانکردین بەگژ یەکدا... ئاژاوەیان دەخستەماڵەکەمانەوە و پەیوەندیی نێوانمانیان دەپچڕاند.

باوکم جنێوێکی خۆشی بۆ من داتاشیبوو و پێی دەوتم «ساقیتباب»... «کەمال عوسمان» هاوڕێیەکی خۆشەویستی منداڵیمە و زۆر بەو جنێوە سەرسامە... پێی وایە ئەمە داهێنانێکە لە بواری جنێوی کوردەواریدا... تا ئێستاش باسی دەکات و لە نامەکانی خۆیدا بۆمی دەنووسێت.

ساڵی یەکەم لە پۆلی شەش هەر سەیری کتێبەکانم بکردایە، خەو بەرچاوی دەگرتم و مەحاڵ بوو لەژێر دەستیدا دەربچم... هیچ شتێ لەوە خۆشتر نەبوو کاتێ لە بەرامبەر عەلائەدینەکە سەرم دەخستە سەر ڕانی دایکم و دەنووستم... ئینجا دوای پشتکردنە خوێندنی ئەو کتێبە ڕەزاگران و بێتامانەش... ئای کە خۆش بوو...!! لەنێوان هەردوو گەڕەکی ئاگایی و نائاگاییمدا گەڕەکێکی دیکە هەبوو، نەمدەزانی ناوی چییە و نەدەکرا لە کەسیشی بپرسم... ماڵی «پوورە دلارام»ی بەرگدروو بۆ ئەوێ گوێزابوویانەوە و خانووێکیان لەو قەراغە بەکرێ گرتبوو، کە دەیڕوانیە دەشتێکی کاکیبەکاکی و درەختە دوور دوورەکان لەناو تەمە کەمێ چڕەکەدا وەکو کۆرسی گۆرانی دەردەکەوتن... تیپێک دەفژەنم دەبینی، دەفەکانیان بەئاگرێکی کزی ئەوێ گەرمدەکردەوە و نەمدەزانی کەی دەیکەنە بەزمی خۆیان... لەولاتر کۆمەڵێ ژنی قەرەج لەسەر شەختەسەهۆڵەکان تیتکی خۆیان دەڕنیەوە و سنگیان دەکوتا... ئاخ پوورە ئازیزەکەم چەندم خۆشدەویستی و چ دەستێکی ڕەنگینت هەبوو...!! لێت ناشارمەوە کاتێ قەدەرت دەگرتم و پەنجە بزێوەکانم بەر شانە گۆشتنەکانت دەکەوتن، تەزوو بەسەرتاپای گیانمدا دەهات و وامدەزانی گوناهێکی گەورەم لەگەڵدا کردووی... بەخوا بەدەست خۆم نەبوو...!! مەبەستم ئەوە نییە خەتاکە لەسەر خۆم لابەرم... نە بەخوا مەبەستم ئەوە نییە، بەڵام تۆ بەبێ ویست منی منداڵت دەورووژاند و ئارامت لێ دەبڕیم... ئاخر بەڕاستی زۆر جوان بوویت و شێتی ئەو وشە ناسکانەت بووم، کە هیچ کەسێ نەیدەزانی ئاوا وەکو تۆیان دەربڕێ و لە شوێنی شیاوی خۆیاندا بەکاریانبهێنێت... ئەو لەرەیەی ناو دەنگت بەشەونمی زیویی سەرەتای پایزی سەر گەڵای زەردی وەریوی درەختە بەرزە بەرزەکانی قەراغ شار شۆرابوو و کەنارییە ڕاوکراو و ڕاونەکراوەکان ئێرەییان پێ دەبردی... هەرکە قۆڵ و باسکەکانت لەملا و لەولاوە بەشلی لە کەمەرم دەئاڵاند و زۆری نەدەما دەمم بچێتە ناو قژە نەرمەکەتەوە، بیرم دەچووەوە من منداڵێکم و پانزدە شانزدە ساڵ لە تۆ بچووکترم... خەیاڵەکانم لە دەوروبەرمیان دادەبڕیم و دەیانخستمە سەر کەڵکەڵەی کارێکەوە، کە هیچ لەگەڵ توانا و تەمەنمدا نەدەگونجا و دەیانویست تووشی گۆبەندم بکەن... بەو مەقەستە ڕەشەت دەکەوتیتە گیانی خەیاڵە چڕەکانم و دەیان پارچەی سەیر سەیرت لێ دەبڕین... ئەو مەقەستەی ئەگەر ئەملا و ئەولایت لێکبکردایەتەوە، کتومت لە کۆترێکی فڕیو دەچوو و پەنجەگەورە و دۆشاومژەی دەستی ڕاستت بەشلی تێهەڵدەکێشان... هەر بەقوماشی خەیاڵە پڕ لە هەوەسەکانم دەیان کراس و بیجامەت بۆ دووریم و بەختەوەرانە دەمپۆشین... ئەگەر ئێستا لێم بپرسی ئاخۆ بەدڵم بوون، دەڵێم زۆر زۆر، بەڵام مەپرسە ئەوسا بۆچی هەر جارێ بەبیانوویەک دەمهێنانەوە و پێم دەوتی فلان شت و فیسار شتیان ماوە:



– پوورە دلارام دایکم دەڵێ دەستت خۆش بێت، زۆر جوانە، بەڵام گیرفانەکەی بچووکە و لە دوو مەقام و بەستەیەک زیاتر ناگرێت.

– پوورە دلارام ڤیانی دراوسێمان گاڵتەم پێ دەکات و دەڵێ بیجامەکەم ڕەنگی پرتەقاڵیە و تۆ بەوشەی شینی ئاسمانی دووریوتە.

– پوورە دلارام بۆیە هاتووم، چونکە ئەو مانایانەی بەو کراسەمت داگرتوون، زۆر قورسن و هیچ لێیان تێناگەم.

– پوورە دلارام، پانتۆڵی ڕزگاری هاوڕێمت جوانتر دووریوە، سەیرکە هی ئەو بەشیعر دادەخرێت، هی من بەچیرۆک.

– پوورە دلارام تووڕەم لێت، حەز لەو سەمایە ناکەم، کە تۆ کردووتە بەنەخشی سەر قۆڵەکانم.

– پوورە دلارام با ئاشتبینەوە، ئەوەتا هەقدەستی کراس و بیجامەکەمم بۆ هێناوی... هانێ ئەوە پێنج چۆلەکە، بێنە زەڕنەقووتەیەک باقیم بدەرەوە.

«پوورە دلارام» لە حەفتاوچوار کاتێ خۆت و «مام نازم»ی مێردت و «شیلان»ی بچکۆلەی ڕۆحسووک وەکو هەزاران هەزار کوردی دیکە ڕووتان لە شاخ کرد، من لە هەموو دراوسێکانمان زیاتر بیری تۆم دەکرد و چاوەڕێ بووم زوو بێیتەوە... هاتیتەوە، بەڵام لەوەی جاران نەدەچووی... باڵندەیەکی ناسکی خوارفی بوویت و لە شوێنێکی دوور دوورەوە هاتبووی... نابەڵەدانە خۆت خستبووە ناو ئاوی لیخنی گۆمێکی ژەهراویەوە و بەهەزار حاڵ گیانتت تیادا دەرباز کردبوو... پەڕوباڵت وەریبوون و چاوە جوانەکانت بێجگە لەوەی ڕەنگی خۆیان ونکردبوو، بەزەحمەتیش دەتتوانی هەڵیانبێنی... بۆم باسمەکە چۆن مێردەکەت شەهید کرا، چونکە خۆم پێشتر لە خەوندا دیبووم و ورد ورد بۆ دایکمم گێڕابووەوە، بەڵام تێمبگەیەنە بۆچی هەموو ئەوانەی من خۆشمدەوێن، ئاوا لە ژیان نائومێد دەبن و تا ماوم لەگەڵ ئازارەکانیان دەتلێمەوە... هەست بەگوناه دەکەم و قێزم لە خۆشەویستیی خۆم دێتەوە... میکرۆبە میکرۆب بچێتە گیانی هەر کەسێکەوە، دایدەڕزێنێت و لە پەلوپۆی دەخات... بەخۆڕایی نەبوو من ئەوەندە دڵسۆزیی خۆمم پیشانی «شیلان»ی کچت دەدا و وەکو براگەورەی نازیم دەکێشا... بەسەعات یاریم لەگەڵدا دەکرد و لە تۆم دووردەخستەوە، بۆ ئەوەی بتوانی چەند پارچە جلێک بۆ ئەم و ئەو بدووریت و شتێ پارەت بێتە دەست... هەمیشە بیرم لە ئێوە دەکردەوە و لە دڵەوە بۆتان دەسووتام، بەڵام کاتێ لە بەردەمی ئەو عەلائەدینە سەرم دەخستە سەر ڕانی دایکم و لە ئاگری جار جار شین و جار جار زەردی ناو گلێنەکەی وردەبوومەوە، چاکتر تێدەگەیشتم و دەمزانی مرۆڤی دوای شکستەکان، مرۆڤی دوای هەرەسی شۆڕشەکان چەندێ گوناحن... چەندێ بێ پشت و پەنا و زەلیل و بێهیوان... ئەو داخانە تەنگیان پێ هەڵدەچنیم و خەویان لێ دەخستم... دایکم دڵی نەدەهات ڕانی خۆی بجووڵێنێت، نەبادا سەرتاپای خەونەکانم هەرەس بێنن و دار و بەردی خانووەکەتان لەو گەڕەکەی ئێستاش نەمزانی ناوی چی بوو، بەسەریەکدا برمێن... منیش منداڵێکی دەستەپاچە بووم و باوکم و مامۆستاکانم لە پەلوپۆیان خستبووم،

بۆیە نەمدەتوانی بەڵێنتان پێ بدەم، کە جوانییە لەدەستچووەکانتان بۆ دەگەڕێنمەوە و ئەو ژیانە فەنتازییەی ناو خەیاڵەکانمتان بۆ دەکەم بەراستی... کاتێکیش پشتم ڕاستکردەوە و شتێکی کەمێ کاریگەرم لە دەست دەهات، تۆ نەمابوویت و لەو گۆڕستانە کشوماتەدا نێژرابوویت، کە گوڵاڵەسوورەی سەر گۆڕەکانی هەمیشە دەمیان بۆ دڵۆپەباران کردبووەوە... شەوان لەسەر چێورمەی گۆڕەکەت بەپێوە دەوەستایت و باڵات زۆر زۆر لە جاران بەرزتر خۆی دەنواند... شوێنەواری مەمکە بڕاوەکەی لای چەپت وەکو خۆڵەمێشی نێوان سێکوچکەی ژێر مەنجەڵی ژنە کۆچەریەکان دەردەکەوت و دەستی ڕاستیشت توند توند بەمەمکە ساغەکەتەوە دەگرت... دەتگوشی و شیرێکی کەمێ خەستت لە کونی سەرگۆکەی دەهێنا... دەتگوشی و بەدەنگێ، کە شەماڵێک بوو و هاڕەی شووشە ناسکە وردوخاشبووەکانی ناخی ناختی هەڵگرتبوو دەتوت:

– ڕێککەوت نییە... ڕێککەوت نییە، کە من بەئاگام و ئێوە نووستوون...!! ئاخر ئێوە نووستنی ناو ژیانتان هەڵبژاردووە و من بەئاگاییی ناو مردن...!!

«پوورە دلارام» سوێند بەگۆڕەکەت ئێستاش ئەگەر لەبەرامبەر ئەو عەلائەدینە سەرم بخەمە سەر ڕانی دایکم، دەتوانم هەموو مێژووی ژیانت لەناو گلێنەکەیدا بخوێنمەوە، بەڵام بەداخەوە ناتوانم... ڕقم لە ڕستەی سواوە، ئەگینا دەموت: دایکە گیان چەند حەز دەکەم وەکو ئەوسا لای ڕاستی سەرم بخەمە سەر ڕانی چەپت و بەهەموو خەیاڵەکانی منداڵیمدا بچمەوە... بیجامەکەم تا سەر ئەژنۆ و قۆڵی کراسم تا ئانیشکم هەڵکەم... وەکو چۆن لەگەڵ منداڵانی گەڕەک بەپێی پەتی دەچوومە ناو گۆمەکەی پشت ماڵمان، ئاوا بچمە ناو خەون و زیندەخەونە بەجێماوەکانمەوە و بیکەمە شڵپوهووڕ... بەدەم گۆرانییەکی بێسەروبەر لەمسەریەوە بۆ ئەوسەری بچم و بەتۆڕی سەرنجەکانم وردە تیشکی سەر بڵقی ئاوەکان ڕاو بکەم... ئاخ ئاگرە تەزیوەکەی ناو چاوی عەلائەدینی سەردەمی منداڵیم چەند بیری خەوی بەردەمی تۆ دەکەم...!! تکایە با ئەو قسانە بەینی خۆمان بێت و بۆ دایکمی مەگێڕەرەوە، نەوەکا تا دێمەوە لە بەرامبەرت دانیشێت و بەگریان سەرقاڵت بکات.

جارێکیان هەر لەوێ لە خەونمدا باوکم هەموو کتێب و دەفتەرەکانمی کردمە زەنبیلەیەکی گەورەوە و بەزللە بۆ قوتابخانەی بردم... زەنبیلەکەی لە بەردەمی بەڕێوەبەر دانا و پێی وت:

– بگرە کتێبەکانتان، ئەمن چیتکە ناهێلم کوڕم بێتە مەکتەبێ.

بەڕێوەبەر پەشیمانی کردەوە... ئیتر ئەو زەمبیلەکەی دایە دەست من... هەرچی قوتابی هەبوون لەو قوتابخانەیە گاڵتەیان پێ دەکردم و دەیانوت:

– یی...!! یی...!! بەزەمبیلەی هاتیتە مەکتەبێ...!!

من لە شەرما ئارەقم کردبووەوە و نەمدەزانی ڕووبکەمە کام لاوە... قوتابییەکان وازیان نەدەهێنا و دوامدەکەوتن... فیکەیان لێ دەدا و هووهایان بۆ دەکێشام.

لە ڕاستیدا شەرمم بەزۆر شت بوو و تەریقبوونەوە هەستێکی سەیر بوو لە مندا، کە تەواو پەرێشانی



دەکردم و پێوەی دەتلامەوە... ئەوسا گەورە بووبووم و زیاتر شەرمم لەوە دەکرد هاوڕێکانم بزانن باوکم ڕێگەی هەموو شتێکم لێ دەگرێت... ئەگەرچی ئەمە هی ئەوە نەبوو بشاردرێتەوە و هەستیان پێ دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی گەڕەکی خۆمان... ئەوان هەمیشە گاڵتەیان پێ دەکردم... کاتێ باوکم بەوێدا دەڕۆیشت، بەدەنگی بەرز باسی منیان دەکرد و بوختانیان پێ دەکردم... ئەو شتانەیان دەوت، کە دەیانزانی ئەو لە منی قەدەغە کردوون و لەسەریان بەتووندی سزا دەدرێم... لە کاتێکدا هەر ئەو شتانە بۆ ئەوان ئاسایی بوون و کەس ڕێی لێ نەدەگرتن... کاتێ لەو گۆڕەپانەی لای ماڵی خۆماندا دووگۆڵێمان دەکرد، من کتێبێکم بەدەستەوە بوو و دوای کەمێ یاریکردن، تا سەر شەقامەکە دەچووم، بۆ ئەوەی بزانم باوکم دیار نییە... ئەگەر دیارنەبووایە، جارێکی دی دەستم پێ دەکردەوە... ئەمە بۆ من زۆر ناخۆش بوو... بێجگە لەوەی گاڵتەیان پێ دەکردم، نەشیاندەهێشت من بەم حاڵەوە لە یاریەکەدا بەشداربم... بۆم نەبوو دووربکەومەوە و لەسەری کۆڵانەکەی خۆمان ئەولاتر بچم.(٢٠)

زستانم خۆشنەدەویست، کە ڕۆژەکانی ئەوەندە کورتن و دەبووایە زوو بڕۆمەوە ماڵ... ئەگەرچی ڕۆژە درێژەکانی هاوینیش بۆ من هەر کورت بوون و هەرگیز بەشیان نەدەکردم... هەرچۆنێ بێت لە زستان باشتر بوو... ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر دەفتەرێک دەمنووسی، کە ئەمڕۆ چەند دەقە ڕۆژ درێژدەبێتەوە... گرنگ ئەوە بوو من لە دوای ڕۆژئاوابوون نەیەمەوە ماڵ، چونکە لە دەرگا، یان لە سووچی کۆڵان بۆم دەوەستا و بەزللە و شەق دەیبردمەوە... دەیبردمەوە و دەبووایە بەدیار ئەو کتێبە ڕەزاگرانانەوە دانیشم.

جارێکیان بەدزییەوە هەندێ پارەم لای خۆم پاشەکەوت کرد و چوومە بازاڕ، بۆ ئەوەی وەکو منداڵانی تر ئەو وردبینانە بکرم و بەتیشکی ڕۆژەکە لە گەڕەک و لە حەوشەی قوتابخانەدا قاقەزی پێ بسووتێنم... ئینجا شتە ورد وردەکانی پێ گەورە بکەم و لەزەت لە دیمەنی جوانیان ببینم... دووکان بەدووکان دەگەڕام و دەمپرسی، بەڵام نەمدۆزیەوە... لەپڕ کوڕێکی گەورەی خزمی خۆمانم دی و دەستی بۆ تۆقە درێژ کرد... من ئاگام لە دنیا نەمابوو و لەجیاتی تۆقە، پارەکانم خستە ناو دەستی... ئەو لێیان ڕادەما و هیچ تێنەدەگەیشت... ئیتر لەویشم پرسی و نەیزانی... کاتێکم زانی وا ڕۆژ ئاوا دەبێت و ئەوەندەی تر شپرزە بووم... خۆم گەیاندە لای ئێستگەی پاسی «ئیسکان» و سوار بووم... دەستم بەکوشینەکەی بەردەمی خۆمەوە گرتبوو و پاڵم پێوە دەنا... دەمویست زووتر بگەم... ئەگەرچی دڵنیابووم ئەوەی من دەمکرد، زۆر بێمانا بوو، بەڵام ترس هەموو شتەکانی لێ گۆڕیبووم... خۆ من لە هاتندا پێویستم بەوردبینێک بوو تا شتە وردەکانی پێ گەورە بکەم و وا لە گەڕانەوەیشدا ئامێرێکم دەوێ دەستەڵاتی باوکمی پێ بچووک بکەمەوە... بەڵام ئاخ هیچیانم دەستناکەوێت.

ماوەیەک فێربووبووم بەدرۆ یەکێ لە خەڵکی گەڕەکم نەخۆش دەخست و دەموت بیستوومە لە سەرەمەرگدایە، بۆ ئەوەی باوکم بچێت و کتێبەکەم فرێدەم... دەهاتەوە و دەیوت، کێ پێی وتووم ئەو نەخۆشە، لەو ساغترە و بەڵای لێ نییە... منیش دەموت لە منداڵانم بیستووە.

گیانێکمان لەوە بوو، کە باوکم لە دایکم زیاتر ڕادیۆکەی خۆشدەویست و لەو پتر بایەخی پێ دەدا... ئیتر ئەو هەوێیەی دایکم دەیتوانی کەمێ سەرقاڵی بکات و سەرنجەکانی لە ئێمە دوورخاتەوە... پەنجا

میوانمان هەبووایە، گوێی لە مۆنتیکارلۆ و لەندەنی خۆی دەگرت...

من و براکەم هەر جارێ درەنگ بکەوتینایە، بەدرۆ بەباوکمان دەوت، گوایە لە فلان شوێن کۆمەڵێ جاش و سەرباز بەدەستی پێشمەرگە کوژراون... باوکم دەگەشایەوە و دەیوت:

– کووتان زانی...؟!

ئیتر ئێمەش نیوەکەی تری ئەو درۆیەمان تەواو دەکرد... ئەوسا هەناسەیەکی ئارامی هەڵدەکێشا و دەیوت:

– دەستی پێکردەوە...!! شۆڕش دەستی پێکردەوە...!!

دەبووایە بیزانیایە، کە هەر کاتێ ئێمە درەنگ بێینەوە ماڵ، ئەوا کۆمەڵێ لە سوپای بەعس کوژراون... ئەگەر بمانوێرایە چەند ڕۆژێ بەسەریەکەوە درەنگ بێینەوە، ئەوا ڕژێمی بەعس بەتەواوی هەرەسی دەهێنا و ئاواتە گەورەکەی دەهاتە دی، بەڵام بەداخەوە نەماندەوێرا... دایکم دەیزانی ئێمە درۆ دەکەین و خۆمانی پێ دەپەڕێنینەوە، بەڵام چونکە ئەو زۆر لە باوکم جیاواز بوو و بەڕاستییش بەرگریی لە مافەکانمان دەکرد، بەدرۆی نەدەخستینەوە و هەر بۆ خۆشیی دەیوت:

– ئا، ئا، شۆڕش دەستی پێکردەوە... هەر بزانە بەغداش گیرا.

خۆش ئەوە بوو باوکم ئەو هەواڵانەی دەگەیاندە دراوسێکانی لە دووکان و دەیان گوێچکە و زمانی تریشیان دەکرد.

دووکانەکەی باوکم لەناو یەکێ لە قەیسەریەکان بوو و هەندێ جار دەبوایە بچین بۆ یارمەتیدانی... بەتایبەتی ئەگەر قوماشی بۆ بهاتایە... ئەو یەک دوو ڕۆژەش، کە دەچوو بۆ «بەغداد»، من و براکەم دووکانەکەمان بۆ بەڕێوە دەبرد... بێگومان ئەگەر هاوین بووایە، ئەگینا لە کاتی دەوام دایدەخست و ڕازیی نەدەبوو ئیشی بۆ بکەین... هەر لە زووەوە ئەو دژی ئیشکردنی ئێمە بوو... من لە منداڵی مەراقم بوو وەکو ئەو منداڵانەی تری گەڕەک دۆڵدرمە و ئەزبەری و پەشمەک بفرۆشم... لە بیرمە لە خانووە کۆنەکە بەسەعات دەگریام و لە دایکم دەپاڕامەوە، کە ڕێگام بدا و نەیدەدا... هەزار جار پێم دەوت تۆخوا، تووە سەری خاڵم جەوهەر و خاڵم عەلی و خاڵم عومەر، بەڵام مەحاڵ بوو ڕازیی بێت... ئینجا بەردەوامیش دەیوت:

– بەقوربانی سەریان بم... بەقوربانی سەریان بم.

باوکم دەچوو بۆ «گەلاڵە» و قوماشی ئێرانیی دەهێنا... نوقڵ و بستەیشی بۆ ئێمە دەهێنایەوە... جارێکیان لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی، نوقڵەکانم خستە ناو قاپێک و وەکو منداڵانی تر دەمفرۆشتن... دوایی خەڵکم بینی بەو بەهارە دەچوون بۆ سەر گۆڕستانی «سەید مەعرووف» لە «باداوە» و منیش بەگەڵیان کەوتم... بۆ ئەوەی لەناو ئاپۆرەی ئەو خەڵکە نوقڵەکانم بفرۆشم... ئەوەی بیرم نەبوو باوکم بوو... نەمزانیبوو دنیام بۆ گەڕاوە و تەواو شپرزە بووە... ئێوارە گەڕامەوە و لە دوورەوە بینیم... لەنێوان هەردوو سایدی شەقامی شەستی وەستابوو... هەرکە دیم، خێرا بۆ لای چووم... «ئەی چۆن باوکم نییە...؟! من



کوڕە گەورەکەی ئەو نییم...؟! ئێستا دەمکاتە باوەشییەوە و ئەملا و ئەولام ماچ دەکات... پەنجەکانمان لە یەکتر هەڵدەکێشین و بەجووتە بەرەو ماڵ دەبینەوە... لە ڕێگا باسی گژوگیای ئەو بەهارەی بۆ دەکەم، کە ئاسوودە ئاسوودە بەناویاندا دەڕۆیشتم و شەونمەکانی سەریان قاچەکانمیان تا ئاستی ئەژنۆم ئاوپرژێن دەکرد... فێنکیان دەکردمەوە و تەزوو بەسەرتاپای گیانمدا دەهات... لێی دەپرسم، ئاخۆ دایکم چێشتی چی لێناوە و لە کوێی ماڵەکە سفرە دادەخەین... هەر خۆمانین، یان میوانیشمان هەیە»... هەر ئەوەندەم زانی هەڵیبڕیم و بەزەوییدا کێشام... دەستێکم لە جێ چوو و بوورامەوە... هەرگیز نەمزانیبوو من تاوانێکی ئەوەندە گەورەم کردووە، چونکە ئەقڵم پێی نەشکابوو... کاتێ لە هەیوانەکەدا چاوم کردەوە، لەسەر دۆشەگێ پاڵیانخستبووم و گیانم دەیتریواند... مامە گەورەکەم، کە بەتەواوی لە باوکم جیاواز بوو و لە هەموو ژیانیدا باوەڕی بەلێدانی منداڵ و هیچ ڕۆح لەبەرێکی تر نەبوو، کردمیە باوەشییەوە و ویستی بمبات بۆ ماڵی خۆیان، چونکە ئامۆژنیشم منی بەکوڕی خۆی دەزانی و زۆربەی ژیانی منداڵیی خۆمم لەگەڵ ئەودا بەسەربردووە... مامم لە دەرگای حەوشە بەقوڕگی پڕ لە گریانەوە بەباوکمی وت، کە ئیتر تا ماوە ناهێڵێت چاوی پێم بکەوێتەوە... ئینجا باوکم دەستی بەگریان کرد و هات منی لێ سەندەوە... مامم زۆر سەرزەنشتی کرد و پێی وت، کە هەرگیز ئەوەی ئەو دەیکات، کارێکی ڕاست نییە.[٢١]

منداڵان فێربووبوون یانسیبیان دروست دەکرد و دەیانفرۆشت... کاغەزی بچکۆلە بوون و لوولکرابوون... بەزۆری سفر دەردەچوون... منیش ڕۆژێکیان لاساییم کردنەوە و لە کۆڵانان دەمگێڕا... هاوارم دەکرد:

– یانسیب پارە دەردەچی... یانسیب پارە دەردەچی.

هەر لە کۆڵانی خۆمان چەند دانەیەکم فرۆشت و سفر دەرچوون... ژنێکی «سەیداوەی ئەوبەر» سێ چوار منداڵی لەگەڵ بوو، وڕکیان بۆ یانسیب گرت و ناچار بۆی کڕین... منداڵەکان قاقەزەکانییان خستە گیرفانیانەوە و ڕۆیشتن... نەیانکردەوە ئاخۆ دەرچووە، یان نا... وا دیاربوو لە ماڵەوە هەڵیاندەپچڕین و پارەکەیان لە باوکیان دەسەند... بەو شتە پێدەکەنیم و هاوارم دەکرد:

– یانسیب پارە دەردەچی... یانسیب پارە دەردەچی.

لەپڕ باوکم بۆ دەرچوو و هەر خێرا گرتمی... پارە و زەرفی یانسیبەکەی فڕێدا و بەزللە تێمکەوت... باوکم ڕازیی نەدەبوو شتی چاک بفرۆشم، ئینجا یانسیبیش...!!

جارێکیان کوڕێکی دراوسێی ماڵە کۆنەکەمان پەشمەکی دەفرۆشت، کە لە هەولێر پێی دەڵێن «شەعرلبەنات»... بۆ ئێمە و دایکمانی باس دەکرد، کەوا بەیانییان پێش ئەوەی دنیا ڕووناک بێتەوە، ئەو دەچێت لە بەر ئەو دووکانە سەرە دەگرێت... جارێکیان ئەوەندە زوو چووە، هێشتا دەستیان بەئیش نەکردووە... گوشێکی لەسەر ئەو شۆستەیە داخستووە و لەسەری نووستووە... دایکم دوای ئەوە هەمیشە دەیگێڕایەوە و ئاخی هەڵدەکێشا... من دیمەنەکەیم دەهاتە بەرچاو و زۆر کاری تێ دەکردم... دەستەکانیم دەبینی جووتی کردبوون و لایەکی سەری خستبووە سەریان... قاچەکانی گرمۆڵە کردبوون و ئەژنۆکانی زۆریان نەمابوو بگەنەوە لای دەمی... چاوەکانی نووقابوون و لە خەودا هەڵدەلەرزی... ژنانی دەبینی لە

قەراغ گۆمێکی پڕ لە تیشکی خۆردا منداڵەکانیان ڕووت کردبووەوە و دەیانشتن... جامە سپی و شەفافەکانیان دەکردە ناویەوە و دەریاندەهێنان، تیشکەکان ڕەنگی پەشمەکە پرتەقاڵییەکانیان هەبوو... کاتێ بەسەریاندا دەکردن و بەشان و ملیاندا دەهاتنە خوارێ، پڕیشکیان بەر جەستەی ئەم دەکەوتن و ڕادەچڵەکی... چاوەکانی لەناو ئەو بازارە ساردوسڕ و چۆڵوهۆڵەدا هەڵدێنا و لە دەڕابەی دووکانە داخراوکانی دەڕوانی... حەزم زۆر لەو شێوە ئیشکردنە بوو و خەونم پێوە دەبینی، بەڵام چەند لە دایکم دەپاڕامەوە، ڕێم بدات منیش ئاوا ئیش بکەم، ئەو ڕازیی نەدەبوو.

من هەرگیز شتەکانی خۆمم بەباوکم نەدەوت، چونکە شەرمی من لەو سنووری نەبوو... باوکم لە ماڵەوە ئاوا بوو، کەچی لەگەڵ خەڵک بەقسەخۆش ناسرا بوو و لە دووکان گاڵتەی سەیر سەیری لەگەڵ ئەم و ئەودا دەکرد... هەندێ گاڵتەی لەگەڵ ژناندا دەکرد، من دەترسام ڕازیی نەبن، کەچی ڕازیی دەبوون و زۆریشیان بەلاوە خۆش بوو. باوکم جارێکیان بە«مامۆستا ئیسماعیل»ی هاوڕێی وت، کە قوماشفرۆشتن هەر خۆی گاڵتەیەکی خۆشە: «بەری پانە... بەری تەسکە... دەچێتە ئاو... ناچێتە ئاو... ڕەنگی کاڵدەبێتەوە... ڕەنگی کاڵنابێتەوە... دە بێنە با تفی لێ دەم، بزانم ڕەنگی کاڵنابێتەوە...!! هانێ بیگرە و بەئارەزووی خۆت تفی لێ دە... لووسە... زبرە... ڕەقە... ڕەق نییە... دە تۆ دەستی لێدە بزانە ڕەقە، یان نا...!! ڕاستدەکەی، بەڵام تەڕیکەی، نەرم دەبێت... بیپێوە... کەمێ زیاد... کەمێکی دیش... دەی مەعمیلی خۆتم... ئەوە چییە...؟! ئەمسەر و ئەوسەری جووتکە، با خوار نەبێ... بۆم بگرە... با بیبڕم... بینووسە... بیخەرە سەر ئەوی تر... سەری مانگ دەتدەمێ».

«بژار ئەنوەر» کوڕێکی گەنجی دراوسێی دووکانەکەیەتی و زۆر یەکتریان خۆشدەوێ، هەر جارێ دەیبینیم، پێی دەوتم، کە من چەند بەختەوەرم ئەو باوکە قسەخۆش و نوکتەچییەم هەیە...

جارێک دوو پیاو لەسەر مەسەلەیەک دەمەقاڵێیان بووبوو و باوکم ویستبووی ڕێکیان بخات... هەر وتبووی:

– هەوکە نە شیش بسووتێ، نە...

ئەوان دەرفەتیان نەدابوو قسەکەی تەواو بکات... چەند جارێ ئاوای وتبوو و گوێیان لێ نەگرتبوو... لەو کاتەدا سواڵکەرێ پەیدابووبوو و دەستی لە بەر باوکم پان کردبۆوە... ئەو هەر خێرا نیو دیناری لە گیرفانی دەرهێنابوو و پێی وتبوو:

– بگرە... بڕۆ یەک نەفەر کەبابی پێ بکڕە... خۆ ئەمن شێت بووم لۆ کەبابی.

جارێکیش پیاوێکی زۆر تووڕە ڕێی کەوتبووە دووکانەکەی و لەسەر مەسەلەیەک بۆڵەبۆڵی کردبوو... باوکم پێی وتبوو:

– ئەوە ئەمن دوو شاگردم ڕاگرتیە و ڕۆژانەیان دەدەمێ، بەس لۆ ئەوەی شەڕم لۆ پەیا کەن، ئەتوو بەپێی خۆت هاتی...؟! یاخوە بەخێربێی سەر هەردوو چاوم.

«حەسەن وەلی» بەرگدرووێکی ماستاوچی بوو... زۆر حەزی دەکرد خۆی لە ئاغاکان نزیک بخاتەوە...



دووکانەکەی بدابووایە بەئەفسەرێک یان عەریفێک، هەر بۆ ئەوەی دوو وشەی لەگەڵ بلێ، بەلایەوە ئاسایی بوو... جارێک یەکێ لەو پیاوماقووڵانە لەگەڵ دووکاندارێکی ئەوێ دەوەستێت... «حەسەن» لێی ڕادەمێنێ و بەباوکم دەڵێ، کە باڵای چەند جوانە و مەراقیەتی ڕۆژێک دەستێ جل بۆ پیاوێکی ئاوا بدوورێت... باوکیشم پێی دەڵێ:

– دەرێی چ پێی برێم ئەتوو حەلاقەکی زۆر باشی...؟!

ئەو لە خۆشیان دەڵێ:

– وەللا هەزار جار...!!

باوکم پێی دەڵێ:

– بەس ئەتوو کا حەلاقی...!!

ئەو دووکاندارانەی لای باوکم هەر هەموویان قسەخۆش بوون و حەزیان لە گاڵتە دەکرد... هەر دەتوت تیپێکی شانۆن و خەریکی نواندنن... من لەوێ خەڵکی جیا جیام دەبینی و هەمیشە گوێم لە قسەکانییان دەگرت... لێیان ڕادەمام و سەرنجم لە سیما و هەڵسوکەوتیان دەدا... کەچی باوکم لە ماڵەوە شتێکی تر بوو و بەدەگمەن گاڵتەی لەگەڵدا دەکردین... هەمیشە تووڕە دیار بوو و نەماندەوێرا سەیری چاوەکانی بکەین... بۆیە هەر خەریکی داهێنانی تەکنیکی خۆپاراستن بووین لە زەبرەکانی.

باوکم دوای هەموو دارکارییەکی ئێمە، ئاخی قووڵ قووڵی هەڵدەکێشا و زۆر خەمناکانە دەیوت:

– خەونم دیتبوو، دەبایە چشتەک لەو مارەی بقەومێ.

ترسێکی زۆری لە خەون هەبوو و هەمیشە کارەکتەری خەونەکانی بەڕێوەیان دەبرد... لەسەر لێکدانەوەی خەونەکانی ژیانی خۆی و هی ئێمەی دادەڕشت... بەیانیان، کاتێ بەرچاییمان دەخوارد، بەترسەوە لێمان ڕادەما و بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە پێی دەوتین:

– خەونم دیتیە، زۆر ئاگاتان لە خۆتان بی... دوور نەکەونەوە.

جا باوکە گیان تۆ کەی خەونت نەدیوە و ئێمە کەی زۆر ئاگامان لە خۆمان نەبووە و کوا دوورکەتووینەتەوە...؟! ئەمەش نەگبەتیەکی دیکەی ئێمە بوو و زیاتر سنوورەکانی سەربەستیمانی تەسکدەکردەوە... بەڕاستییش هەندێ لە خەونەکانی سەیر بوون و بەدیاریەوە دەحەپەساین... بەیانیەکیان بەترسەوە سەیری کردین و بەمن و براکەمی وت، کە ئەمڕۆ نەچین بۆ قوتابخانە و لە ماڵەوە بمێنینەوە... ئەوە بەلای ئێمەوە زۆر سەیر بوو و بەحەپەساویەوە لێی ڕامایین... ئەو ئەگەر بەدەستی بووایە لە ڕۆژانی هەینی و پشووی و نیوەی ساڵ و سەری ساڵیش دەیناردین، ئەی بۆ ئەمڕۆ ئاوا دەڵێت...؟! کاتێ لێمان پرسی، وتی گوایە لە خەونیدا ئەو پلێتە ئاسنەی، کە ناوی قوتابخانەکەمانیان لەسەر نووسیبوو و بەدیواری دەرەوەی باڵکۆنەکەوە هەڵواسرابوو، لەسەر یەکێ لە شەقامەکانی بەغدایان داناوە و کۆمەڵێ پیاوی عەگالبەسەر کردوویانە بەنیشانی کلاشینکۆفەکانیان... هەزارەها کونیان تێکردووە و تەواو

سیمایان گۆڕیوە... کەچی دوایی لە چێشتخانەیەکدا بینیویەتی وەکو قیمەکێش گۆشتیان لەسەر جنیوە... چەند ڕۆژێ دوای ئەو خەونەی باوکم، ناوی قوتابخانەکەمان لە «زێوەرە»ەوە کرا بە«عێراق»...[٢٢]

ئەمە بەشێک بوو لە سیاسەتی تەعریب و دوای هەرەس ناوی زۆربەی قوتابخانەکانیان گۆڕی... «قازی محەمەد»ی دراوسێشمان کرا بە«یەکگرتن»... ئەوسا من پۆلی «شەشەم»ی سەرەتایی بووم و وەکو زۆر قوتابیی تر ئەمەم بەلاوە ناخۆش بوو.

من ئەو شکستە گەورەیەی شۆڕشم بیرنەدەچووەوە و هەمیشە لە خەیاڵمدا تاووتوێم دەکرد... ڕقێکی سەیرم لە بەعس بوو و ڕۆژانە لەگەڵ هەندێ لە منداڵانی گەڕەکەکەمان بەزمانە ساکارەکەی خۆمان باسی کوردایەتی و دەستپێکردنەوەی شۆڕشمان دەکرد... «ڕزگاری مامۆستا عەبدوللا» و «بارامی حاجی کەریم» دوو کوڕی گەڕەکەکەمان بوون و جورئەتێکی سەیریان تیابوو، کە دواتر ڕۆڵێکی گەورەیان لە خۆپیشاندانەکانی قوتابیاندا بینی و هەردووکیشیان گیران... من زۆر گوێم لێ دەگرتن و دڵم پێیان دەکرایەوە.

بەیانییان زوو زوو پێش هەتاوکەوتن دەچووم بۆ نانەواخانە و لە ڕێگا بەتەباشیر لەسەر هەموو دیوارەکانم دەنووسی: «بژی کوردستان... بژی مەلا مستەفای بارزان»... دایکم و باوکم هەمیشە ئافەرینیان لێ دەکردم، کە ئەوەندە ئاقڵم و بەبێ قڕە دەچم نانیان بۆ دەکڕم... کوڕێکی لە خۆم گەورەتر، کە زۆر ڕقی لە پارتی و بارزانی بوو و یەکێک بوو لە قوتابییە بەعسیەکانی «ناوەندیی...»، گومانی لە من کردبوو... ڕۆژێکیان ڕێی لێ گرتم و پێی وتم، کەوا دەزانێ من ئەو شتانەم نووسیوە... من نکووڵیم لێ کرد و ئەو جنێوی بەبارزانیی دا... ئینجا بەمنی وت، کە وەکو ئەو جنێوی پێ بدەم... هەر چۆنێ بوو خۆم دەربازکرد، بەڵام نەموێرا هیچی تر ئەو کارە بکەم... «ئەو کوڕە لە دوای ڕاپەڕین بەشێوەیەک گۆڕا، کە بەلای هەموومانەوە سەیر بوو».

هەرچەند «پوورە مەرجان مووسڵاوی»یم دەبینی و سەرنجم لەو سیما خەمناکەی دەدا، لە ناخەوە دەورووژام و هەستم دەکرد دڵ و گورچیلە و سیەکانم خراونەتە سەر ئاگری مەنقەڵێک... سووک سووک دەبرژێن و تک تک دەتوێنەوە... ئا ئەوەتا کۆمەڵێ مرۆڤی سپیپۆشی سەیر سەیر، نازانم ژنن یان پیاو، دەمامکی خۆیان داوە و بەردەوام بەباوەشێنی ڕەش ئەو پشکۆیانە گەشدەکەنەوە... جا شەوان کاتێ چاوەکانم دەبوونە دوو بەردی داخبووی بەر هەتاوی گەرمی ناوەڕاستی تەمووز و خەو وەکو پەڕەسێلکەی ناسکی ترساو نەیدەوێرا لەسەریان هەڵنیشێت، ئەوا دەبووایە دوو ئەستێرەی ئاسمان داگرم و لە شوێنیان دانێم... دەمتوانی ئەوان بکوژێنمەوە، بەڵام چاوەکانم نە... دەمویست پشت لە شار بکەم و بەدەم گۆرانیەکی دڵتەزێنەوە بگریم... بگریم و بەهەنگاوەکانم ئەم دەشت و ئەو دەشت ببڕم... لەودیوی ئاسۆ دوور دوورەکانەوە خۆم گومکەم و چیدی ڕووخساری تێکشکاوی پوورە ئازیزەکەم نەبینم... «کاک ئەیووب»ی مێردیان بەجلی خەوەوە لێ جیاکردبووەوە و ژیانیان لە ترسێکی گەورەدا هەڵکێشا بوو... ڕۆژانە «تاڤگە»ی بچکۆلەی لای دراوسێکاندا بەجێدەهێشت و ئەم دەرگا و ئەو دەرگای دەکوتا... لەم و لەو دەپاڕایەوە، بۆ ئەوەی سۆراغێکی بکەن... سۆراغ...؟! لە کوێ...؟! ئاخ چ ژیانێکی پڕ لە ناسۆری بەسەر



دەبرد پوورە دڵەکەی من...!! بازن و گوارە و ملوانکەکانی فرۆشت و گیرفانی دەستەڵاتدارانی پێ گەرمکردنەوە، بەو هیوایەی بەریدەن و جارێکی دیکە چاو و دڵی بەبینینی ڕۆشەنبێتەوە... کەلوپەلە چاکەکانی ناو ماڵی دەبردە مەزاتخانە و نانی ڕەقی پێ دەکڕین... کەسوکاری حاشایان لێ کردبوو و بەهی خۆیان نەدەزانی، چونکو ڕەدوو «کاک ئەیووب» کەوتبوو و ئابڕووی بردبوون... پارەی زۆریشیان لەسەر وەرگرتبوو، بەڵام نەیاندەتوانی قەبووڵی بکەنەوە... لە شەرمان هەولێریان بەجێهێشت و بۆ مووسڵ گەڕانەوە... «نەزار»ی برای «مەرجان»، کە تەمەنی چواردە پانزدە ساڵ بوو، بەدزیی باوکی و برا گەروەکەی دەهات بۆ سەردانیان و بەحەفتە لە لایان دەمایەوە، گوایە چووە بۆ ماڵی مام و پوورەکانی لە دهۆک... ئاشکرا بوو و چەند ڕۆژێ بەقامچی لێیان دا... هێشتا وازی نەهێنا و هەر دەهات، بەڵام لە بەختی ئەوان لە ئاهەنگێکدا حەزی لە خوشکی هاوڕێیەکی خۆی کرد و شەو بەیەکەوەیان بینیبوون... هەر لەوێ بەچەقۆ تێیکەوتن و دوای پێنج دەقە گیانی دەرچوو... ئەمە تەنها چەند مانگێک پێش گیرانی «ئەیووب» بوو.

خۆشەویستیی «مەرجان» و «ئەیووب» هەر لەوانەی ناو میتۆلۆژیاکان دەچوو و هەموو سنوورەکانی ماقووڵ و ناماقووڵی بڕیبوو... «مەرجان» خوێندەواریی نەبوو و نەیدەتوانی نامەی دڵداریی پێ بنووسێت، بەڵام وشە ناسک و گۆرانیە ئاودارەکانی خۆی لەسەر کاسێت تۆمار دەکرد و بەهۆی دەستەخوشکێکیەوە بۆی دەنارد... «ئەیووب» لەو دەشتە پانوپۆڕەی باداوە، کە هەمیشە بۆ خوێندن ڕووی تێدەکرد، گوێی لێ دەگرت و بەدیاریەوە فرمێسکی هەڵدەڕشت... کتێبی قوتابخانە و مرۆڤی دڵداریان نەوتووە، بۆیە «ئەیووب» نەیدەتوانی چیدی بیانگرێت بەدەستەوە و بەرگەی ژیانی بێتامی ناو پۆلی ساردوسڕی نەدەگرت... لە وزەیدا نەبوو لەسەر کورسیەکی ڕەق دانیشێت و بڕوانێتە ئەو تەختەڕەشەی، کە ڕێک دەڵێی بۆ ئەوە خولقاوە سنوور بۆ هەرچی خەیاڵی ڕۆمانسیانەیە دابنێت و بەردەوام بەدەنگی بڵحی بقیژێنێت: «من هەموو شتێکم و لەودیومەوە جیهان فەزایەکی بۆشە»... وازی هێنا و هەموو ژیانی بۆ ئەو عەشقە تەرخانکرد... کەچی «مەرجان» بەپێچەوانەوە، کاتێ زانی گۆرانیەکان بەتەنیا ناتوانن گوزارشت لە هەموو بەها و نهێنیی خۆشەویستیەکەی بکەن، خۆی فێری خوێندن کرد... ئەو کچە بادینیەی سێ بەشی ژیانی لە شاری مووسڵ بەسەربردبوو، بەدیالێکتیکی سۆرانی جوانترین نامەی دڵداریی بۆ «ئەیووب» دەنووسی... یەکێکیانی لێ گیرا و وشە وشەیان خوێندەوە... تووڕە بوون و دەستیان بۆ چەکەکانیان برد... لە دواوە تەقەیان لە خۆشەویستەکەی کرد و بەسەختی بریندار بوو... تا بەردەم ماڵی مەرگ چوو و گەڕایەوە... «مەرجان» لە ژوورەوە کرا و بۆی نەبوو لە پەنجەرەش بڕوانێتە دەرەوە... دوو جار هەوڵی خۆکوشتنی دا و سەری نەگرت... وەکو دیل هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا و ڕۆژی تەنها یەک کەڕەت بۆ تەوالێت دەرەوەی دەبینی... هەر زوو زوو بەشێکی جەستەیان داخدەکرد و ئازارەکان تا ئەو شوێنەی دڵی ڕۆدەچوون، کە گۆرانیە ئێجگار ناسکەکانیان لێ هەڵدەقولا و بۆ سەر زمانی فوارەیان دەکرد... «دادە بەفرە»ی «کەریم خۆشناو» بێوەژنێکی هەژار بوو و بەپارە نانی بۆ دەکردن، جار جار دەچوو بۆ لای و دڵنەوایی دەدایەوە... هەر ئەویش پەیامی ئەم و خۆشەویستە بێهیواکەی دەگەیاندە یەکتر و هێزی

دەخستنە بەر... بۆ ئەوەی زوو زووش بیبینێت، فێڵی عەنتیکە عەنتیکەی ڕێکدەخست و تا ناو ژوورە داخراوەکەی نەدەوەستا... جارێکیان وتبووی فریشتەکان لە خەوندا پێیان ڕاگەیاندووە مانگێکی ڕەبەق بەخۆڕایی کونوکەلەبەری ماڵەکەیان بۆ پاکبکاتەوە و بێشکەی منداڵیان ڕاژەنێت... هەر ئەویش یارمەتی دا و شەوێکیان بەدزیەوە گەیاندیە لای «ئەیووب»... شاریان بەجێهێشت و هۆزێکی کۆچەری کوێستانەکان داڵدەی دان... ئەو دوو دڵدارە بەشێوەیەک لای ئەو خەڵکەی ئەوێ خۆشەویست بوون، کە تێکڕا بڕیاریان دا بەرگرییان لێ بکەن و نەهێڵن خوێنیان بڕێژن... هەر بەهۆی ئەوانیشەوە ڕێککەوتن و بەپارە چارەسەری مەسەلەکەیان کرد... هاتنەوە ناو شار و خانووێکیان لە بەرامبەر ئەو دەشتە کڕی... سەرەتا «بەختەوەرانە!!» دەژیان و بێئاگا لەوەی چی لە دەوروبەر ڕوودەدات، پیلانیان بۆ داهاتوو دادەنا... «ئەیووب» کرێکارێ بوو ڕۆژی هەشت سەعات و بگرە زیاتریش دەچەوسێنرایەوە، بەڵام هیچ پێوەی دیار نەبوو و لە زەوقی خۆی نەدەکەوت... قسە خۆشەکانی دەیان کەسی دیکەیان بەختەوەر دەکرد و پێکەنینە سەیرەکەی هەیبەتێکی گەورەی پێ بەخشیبوو... بەپێچەوانەی زۆربەی پیاوی کوردەواری بەبێ ژنەکەی بۆ کەم شوێن دەچوو و ژیانێکی شارستانییان دەگوزەراند... تاقە شتێک جار جار ناخۆشیی دەخستە نێوانیانەوە، ئەو خواردنەوەیە بوو، کە «ئەیووب» خووی پێوە گرتبوو و نەیدەتوانی وازی لێبێنێ... هەرچەند «مەرجان مووسڵاوی» سەرزەنشتی دەکرد، ئەو پێی دەوت:

– ئەمن لە ڕێی گۆرانی ئەتووم ناسی، لە ڕێی تووش خواردنەوە... ئەگەر بموێ واز لە خواردنەوەی بینم، دەبی لە پێشان واز لە توو بینم، لۆئەوەی واز لە تووش بینم، دەبی پێشتر واز لە گێگرتنی گۆرانی بینم... بەڕاستیت پێ بڕێم ناتانم واز لەو سێ چشتەی بینم.

«ئەیووب» ڕاستی دەکرد، ئەوی لە ڕێی گۆرانیەوە ناسی... من خۆم ئەمەم زۆر چاک لە بیرە... لەو ئاهەنگەی بەبۆنەی دەرچوونی «عادیل»ی پوورزای «مەرجان» لە کۆلێژی مافەکان و ڕامیاریەوە ڕێکخرا بوو و کچان و کوڕان لەسەر شێوەی ئاهەنگی فیلمە میسریەکان بەدەم سەماوە بەسێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی گۆرانییان دەوت، یەکتریان بینی و لە پەناوپەساری وشەکان دڵیان گۆڕیەوە... لەناو تۆنەکاندا یەکتریان ڕاموسی و لە ژێرزەمینی ئاوازەکاندا ئەمیان لەویان توایەوە... ئەو ڕۆژە «مەرجان» بەو دەنگە خورافیەی سەرنجی گەورە و بچووکی لەسەر یەک خاڵدا کۆکردەوە، کە ئەویش دەمی خۆی بوو... نەدەکرا بێجگە لەو دوو لێوەی، لە شوێنێکی دیکە بڕوانیت و واتدەزانی لە دەرەوەی ئەوێ، دنیا کۆتاییی پێهاتووە... کاتێ دەنگی «فەیرووز»یانەی لێ هەڵدەبڕی و بەدەست هێمای بۆ وشەکان دەکرد، گیانت پڕی دەبوو لە خۆشەویستی و دەتویست هەموو دنیا بەجارێ ماچ بکەیت، بەڵام وات نەدەکرد، نەبادا وابزانیت کاریگەریەکەی تەواو بووە...

«ئەیووب» هاوڕێی نزیکی «عەدنان»ی برابچووکی «عادیل» بوو و بەهۆی ئەویشەوە بانگهێشت کرابوو، بەڵام من و «ڕزگار»ی دراوسێمان بەڕێککەوتێکی زۆر سەیر گەیشتینە ژوورەوە... دەیان منداڵی وەکو ئێمە لەو بەردەرگایە وەستابوون و دەپاڕانەوە، تا ڕێگایان بدەن، بەڵام مەحاڵ بوو... «ڕزگار» و ئەو دوو کوڕەی منداڵانیان دەردەکرد، لێیان بووە شەڕ... ئەو هاوڕێیەم سەرەتا هەندێ بەرگریی کرد، بەڵام



زۆری نەبرد خستیان بەپشتدا و بەهەردووکیان تێیکەوتن... دایانپڵۆسی و دەموچاوی خوێنی لێ دەچۆڕایەوە... کوڕێکی گەنج هات و «ڕزگار»ی بردە حەوشە... برینەکانی تیمار کرد و بۆ دڵنەوایی هێشتی لە ژوورێ بمێنێتەوە... «ڕزگار» پێی وتبوو منیش لەگەڵ ئەوم و دەبێت بانگم بکەن... سەرو پێپسی کۆلایان داینێ و لە قەراغی باخە فرەوانەکە لێی دانیشتین، کە کوڕ و کچ بەجلی ڕەنگاوڕەنگەوە گۆرانییان تێدا دەوت و بەدەم سەماوە نیگا شەهوانیەکانیان لە چاوی یەکتردا دەڕواند... ئای لە دڵگەورەییی ئەو هاوڕێیەم، چۆن لەو کاتەشدا منی بیرنەچووبوو و بەشایانی ئەو بەختیاریەی دەزانیم... سەرزەنشتی نەکردم، کە بەبەرچاومەوە لێیان دا و وەکو هەر منداڵێکی تر لێیم دەڕوانی... دیارە دەیزانی من لە ترسی باوکم دەبووایە خۆم لە شەڕ بەدوور بگرم و لەسەر هیچ هاوڕێیەکیشم نەکەمەوە... جارێکیان بۆم گێڕابووەوە، کە لە خەونمدا دوو عزرایل هاتن و ویستیان ڕۆحم بکێشن، من پێم وتن: «باوکم ڕازیی نابێت»، ئەوان وتیان: «باوکت کێیە...؟! ئێمە لە لای خودای گەورەوە هاتووین»... «ڕزگار» هەموو گیانی سۆز و بەزەیی بوو و لە کەسمان نەدەچوو... ڕۆژانەکانی خۆی بەسەر سواڵکەراندا دەبەخشیەوە و لە گەڕەک و قوتابخانە جلەکانی بەری بۆ منداڵە هەتیوەکان دادەکەند... پیرەمێردێکی هەژار ڕۆژانە لە گۆڕەپانەکەی ئەوبەری کۆڵانی ئاغاکان لگاوێکی دادەنا و نیوەڕۆیان لەسەر تەختی دەرەوەی گازینۆکەی «فاتم نانەوا»، نانێکی ڕەقی بەجامێ ماستاوەوە دەخوارد... جا چونکە لە بەیانیی زوو زووەوە بەدەستە لەرزۆکەکانی بەردەوام ئەو زارە قورسەی لەناو ئەو قوتووە دەخولاندەوە و مشتومڕی گەرمی لەگەڵ قومارچییەکان دەکرد، دیارە بۆ جۆش و خرۆشی یارییەکەش دەبووایە هەمیشە بڵێت: «زۆر دانێن و زۆر ببەن... زۆر دانێن و زۆر ببەن»، بۆیە داماوە کفت دەبوو و هەر خێرا خەو دەیبردەوە... بەحاڵ فریای ئەوە دەکەوت پێڵاوەکانی بخاتە ژێر سەریەوە... «ڕزگار» بەمەقەبایەک باوەشێنی دەکرد و نەیدەهێشت مێشەکان لەسەر دەموچاوی بنیشن... دواییش ڕەنگی سەر کارتۆن و زارەکەی بۆ تۆخدەکردەوە، بۆ ئەوەی چاوە کزەکانی بتوانن بەچاکی بیانبینن و ئەو زۆڵانە گزیی لێ نەکەن... هیوای دەخستە دڵە لاوازەکەیەوە و گوێچکەکانی بەمژدەی سەرکەوتن ئاو دەدا... کەسمان نەماندەزانی ئەو پیرەمێردە کوێندەرییە، چونکە زمانی تەنها بەلوغز هەڵدەهێنایەوە و لێی تێنەدەگەیشتین... بۆ هەر شتێک دەمودەست چیرۆکی خۆی هەڵدەبەست و زۆر هونەرمەندانە دەیگێڕانەوە... درەنگ درەنگ بۆمان دەرکەوت ناوی «شاکر کافر»ە و دەبووایە لەسەر داوای خۆی بە«مام کافر» بانگی بکەین... هەر زوو زوو دەیوت:

هاتم لە لای بەستۆڕە
هەر قسەکی دەکەم، قۆڕە

– ئەتوو خەرکی بەستۆڕەی...؟

– بەستۆڕەی چ...؟! وەکی ئەمن پیاو بووم، هەولێر شەش کەسی تێدا بوو، سێیان بێوەژن بوون و سێیەکەی دیان نێرەمووک... بەس چ لەو زەمانەی دەکەی ئەمنی ئەوها لێکرد.

– ئەوە مەعنای چییە...؟

– قسەی من مەعنایان نییە، هەرچی بێتە سەر دەوم، نایگێڕمەوە.

«قاسمی مەلا ئەسعەد» ، ئەو منداڵە ئاینپەروەرەی لای باوکی قورئانی دەخوێند و دەیتوانی لە شوێنی شیاوی خۆیدا ئایەتەکان بلێتەوە، هەمیشە هەوڵی لەگەڵ ئەو پیرەمێردە دەدا و دەیویست واز لەو لگاوەی بێنێت، بەڵام ئەو پێی دەوت:

– خۆت لەگەر من ماندی مەکە، ئەمن گوناعەکی ئەوەندە گەورەم کردیە، قەت بەهەشتی بەچاوی خۆم نابینم.

– بەس خودای گەورە زۆر بەرەحمە، هەر کەسەک تۆبەی بکا، لە گوناحەکانی خۆش دەبی.

– دەزانم خوا چەند گەورەیە و چەندیش بەرِوعمە، هەر لۆیێ، باوەڕناکەم لەو گوناعەی من خۆش بی.

– لۆ ئەتوو چت کردیە...؟

– بەعس ناکرێ. ئەوەی ئەمن کردیتم، هەتا هەوکە نە کەس کردیتی و نە کەسیش دەیکا... ئەگەر پێت بڕێم، باوەڕ ناکەی.

– دە پێم برێ، بەخوای باوەڕ دەکەم.

– لێمگەڕێ، با هەر لە دری خۆم بی.

– ئێ دە واز لەو لگاوەی بینە، ئەخر ئەتوو دەزانی ئەوە چەند گوناحەکی گەورەیە...؟!

– لۆ من لگاو و هەر ئیشەشکە وەکی یەکن... وا لۆ خۆم هەتا دەمرم و ئاودیوی جەهەندەمێ دەبم، پێی دەژیم.

ڕۆژێکیان لەژێر سێبەری تانکییە گەورەکەی سەیداوە چووبووە خەیاڵی قووڵەوە و لەپڕ پرسی:

– دەزانن ژیان بەچ دەچی...؟!

ئێمە هەر یەکەی شتێکمان دەوت و ئەو سەری بادەدا... ئەوەی من وتم، ئەوەندە بێمانا بوو، تێکڕا قێزیان هاتەوە و تەریق بوومەوە... دوایی خۆی دەستی بۆ ئەو جۆڵلانەیە ڕاکێشا، کە هی «عومەر خورشید»ی هاوپۆلی من بوو و بەپارە منداڵی گەڕەکی سوار دەکرد... ئەو کوڕەی دەیتوانی بەقوڕگ زوڕنا لێ بدات و دەیان ئاوازی پێ دەربکات... ئەوسا تەختە لاکێشەییەکەی خستبووە سەر پایە بەرزەکان و بەپەت بەستبووی، بۆ ئەوەی منداڵ نەتوانن دایبگرن و سواری ببن... ئیتر «مام کافر» ، کە لە بەرامبەری دانیشتبوو و بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە وتی:

– بیننە بەرچاوی خۆتان، هەوکە مندارەک دێت و ئەو لەیلووکەی دەینیتە خوارێ، هەتا سواری بی و خۆشیی لێ ببینی... دیارە دەشترسێ ساعێبەکەی لەهیکڕا بێت و دارکاریی بکاتن، چونکو هی خۆی نییە و بەبێ پرسی وی سواری بووە... ئەوجا ئەو مندارە ناشزانی ئەو لەیلووکە هی کێیە، لۆیە دەبی ئاگای لە خۆی بی و هەموو دەمێ تەمەشای ئەولا و ئەولای بکا... هەر کەسەکی دەبینی، دری لێدەدا و وەدەزانی ئەوە ساعێبەکەیتی و هەوکە بەلەقان دەیهێنتە خوارێ... دەبینین ئەو مندارە لە بیری چووە لەناو لەیلووکی دانیشتیە... نەک هیچ خۆشییەکی لێ نابینی، بەرکوو ئەوەندە دەترسێ، زراوی دەڕژێ... هەوکە ساعێبەکەی ڕەنگە نووستبی، یان بەچشتەکی وەها خەریک بی، هەر نەزانی لەیلووکیشی هەیە، بەس دەبی برێێن ئاگای لێیە... مادام کەسەک هەیە و فکری لێ دەکاتەوە... دەترسێ عەقابی بداتن، مەعنای



ئەوەیە دەیبینی... ئەگەر ئەو پیاوە ملوێنەک لەیلووکی هەبی و ملوێنەک مندار سواری ببن، هەموویان بەیەک جاری دەبینی... ژیان بەو لەیلووکەی دەچی و ئەمەش وەکی ئەو مندارەی سواری بووینە، لۆیە بەهی خۆمانی نازانین... دەزانین هی خوایە، بەس نازانین خوا کەینێ عزرایلەکانی دەنێری و لەسەری دەمانهینیتە خوارێ... ناشزانین ئەو عزرایلانە کێنە و شکلیان کووە... ژیان خۆشە، بەرام چونکە هەموو دەمێ چاوەڕێ دەکەین، لێمانی بستیننەوە، ناتانین لەزەتی لێ ببینین.

من پێیم وت:

– ئەو لەیلووکە هی کوڕەکیە ناوی عومەر خورشیدە، ئەوەندە باشە، ئەگەر بێ و بشیبینی، لێی نادا.

«مام کافر» پێکەنی و وتی:

– هەوکە ئەتوو بەوانە دەچی، وەکی هەر لە خۆڕا مزگێنیی بەهەشتێمان دەدەنێ... کوڕم ئەتوو عومەرت لە مەکتەبێ دیتیە، بەس چووزانی هەرکە چاوی بەو مندارەی دەکەوی، وا لەیلووکەکەی داگرتیە، تووڕە نابی و هەزار زللەی لێ نادا...!!

«ڕزگار» وتی:

– منداری وەها هەنە، ئەوەندە هارن، لە کەس ناترسێن... ئەگەر مندارەکی وەها سواری ئەو لەیلووکەی بی، لەوانەیە بەبێ ترس گەمەی پێ بکا و هەر وجوودی کەسیش نەزانی.

– قەت وەنییە... ئەو زیاتر دەترسێ، بەس بەسەر خۆی نایینی... ئەو مەلایەی وا لەو مزگەفتەی ئەوبەرمان پێشنێژیی پەنجا کەسی دەکا، بەچارێگی من لە خوای ناترسێ.

«ڕەمزی عوسمان» لێی پرسی:

– ئەدی مادام لۆ ناچی نێژی بکەی و واز لەو لگاوەی بینی...؟!

– ئەوەیان چشتەشکەیە و با بیبڕینەوە... هاتم لە لای بەستۆڕە هەر قسەکی دەکەم، قۆڕە.

ئێمە دوایی زانیمان پارەکانی بۆ گیرفانی خۆی نەبوو و هەمووی بەسەر خەڵکی هەژار و لێقەوماودا دەبەخشیەوە... دەیویست نیوەی زیاتر بداتە «جاوید» ، بەشکوو بۆ ساتێکی کورت هەست بەتارمایی ژیان بکات، بەڵام ئەو وەرینەدەگرت و باوەڕی بەوە نەبوو هیچ شتێک بەپارە بکڕێت... «جاوید» ، کە بە«جاوە» بانگ دەکرا و سێبەریشی لە هی مرۆڤی ئاسایی نەدەچوو، عاجباتیهەکی ئەم دنیایە بوو و ناکرێ ئەگەر ناویت هێنا، بەئاسانی لێی تێپەڕی و بەسەرسوڕمانەوە نەڵێی: «بەڕاست ئەو سەردەمەی جاوەی تێدا ژیاوە، ناوی چییە...؟!»... بەڵام چۆن و کەی لە دایک بووبوو...؟! کێ باوکی بوو...؟! ئەو ناوەی چۆن لێنرابوو...؟! لە کوێوە هاتبوو...؟! سەر بەچ ئاین و نەتەوە و وڵاتێک بوو...؟! ئەمانە هیچیان گرنگ نیین، بەڵکو ئەوەی شایانی وتنە ئەوەیە، ئەم بەبێ شوناس دەیتوانی هەبێت... ئەگەرچی سنووری بازنەییی کات و شوێنەکانی بڕیبوو، بەڵام خەوشی زمان لە گێڕانەوەی ڕووداودا ئەوەیە، لە وزەیدا نییە ئەو چوارچێوانە تێکبشکێنێت و لە ئاسۆ دوور دوورەکان تێپەڕێت... زمان هەرچی بێت و چەند سەرچڵی

بکات، هێشتا ناتوانێ دەستبەرداری ئەو پیت و دەنگ و تۆنە سواوانە بێت، بۆیە دەڵێین یەکەمجار «جاوە»مان لە شێوەی منداڵێکدا بینی، کە تەمەنی لە دە ساڵ تێپەڕی نەدەکرد و جلوبەرگی سیمای هیچ نەتەوە و میللەتێکیان دەرنەدەخست... ڕەنگەکانیان لە بینینمان یاخیبوون و خۆیان بەدەست هەستەکانمانەوە نەدەدان... ئەم هەر زوو تێکەڵی فەنتازیای بەکۆمەڵی ئەو گەڕەکە بوو و ڕۆژ بەڕۆژ چیرۆکە میتۆلۆژیەکان دەربارەی ژیانە سەیرەکەی زیاتر دەبوون... لە ڕێگای ئەفسانەوە ڕابردووی ئەو مەخلووقەیان پێکدەهێنا و گێڕانەوەکان لە یەکدی نەدەچوون... هەر بۆیە دوور نییە ئەو «جاوە»یەی من باسی دەکەم، زۆر جیاواز بێت لەوەی کەسێکی تری شارەکەم دەیناسێت، ئەگەرچی وشەی «ناسین» بۆ ئەو، هەموو ڕەهەندەکانی خۆی لە دەست داوە:

زستانی «١٩٦٣»، سەردەمی کودەتای ناسیۆنالیستە شۆفینیستەکان، کۆمەڵێ چەکدار بەسەر ماڵێکیان دادا، بەڵام ئەوانەی مەبەست بوو بگیرێن، چەند ڕۆژێ پێشتر خۆیان دەرباز کردبوو... ئەو کچە جوانەی بەتەنیا لەگەڵ دایکە پیرەکەی لەو ژوورە مابووەوە، سەرنجی ئەو عەریفە ڕەشتاڵەیەی ڕاکێشا و گیانی پڕکرد لە شەهوەت... هەر خێرا پەلبەست کرا و گەیاندرایە ژوورەکەی دی... جارێک و دووان و دە تینوویەتییان نەدەشکاند و ڕۆژانە دەهاتەوە بۆ لای... «جاوە»ی ساوا کوڕی دایکێکی چواردە ساڵانی جوان بوو، بەڵام نەیدەتوانی دەمە بچکۆلانەکەی بەو سەرگۆی مەمکانەیەوە بنێت و تێر تێر مژیان لێ بدات... پەنجە نەرمەکانی بۆیان نەبوو یاری بەو تەڵەقژانە بکەن، کە لەملا و لەولاوە بەسەر ئەو سنگە سپییەدا دەهاتنە خوارێ و وەکو نەخش دەردەکەوتن... جارێکیان لە کتێبێکی فۆتۆگرافیدا تیمساحێکی زلم بینی لەسەر پووشی وشکی زەردی قەراغ دەریادا بەخەوتوویی کلکی هێنابووە لای دەمی و بازنەیەکی نارێکی پێکهێنابوو... لەناو بازنەکەدا چوار بێچووە تیمساح لە چوار هێلکە و جووچکێ لە پێنجەمدا سەری جووقابوو... جووچکەکە خۆی لەوان جیاکردبووەوە و حەیران و سەراسیمە لە تیمساحە خەوتووەکەی دەڕوانی...[٢٣] ئەو دیمەنە «جاوە»ی بیرخستمەوە و ویستم بگریم... فرمێسکەکانم دابارێنمە سەر ئەو لاپەڕانە و سیمای هەموو وێنەکانیان پێ بگۆڕم، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوە، چونکو گریان تەنها بۆ ئەو شتانەیە، کە لێیان تێدەگەین و ماناکانیان ئاشکران... «جاوە» بۆ نەگبەتی مرۆڤ بوو و قۆناغەکانی گەشەکردنی لەچاو باڵندەدا، سستر ڕێی دەکرد، بۆیە زۆری دەویست تا بگاتە ئاستی تێگەیشتنی ئەو جووجەڵەیە و لە سیمای دایکی بڕوانێت... تەنانەت ئەو دەستە چرچانەشی بیرنەدەهاتەوە، کە لە ڕۆژێکی باراناویی پایزێکی درەنگوەخت لە قەراغ چێورمەی گۆڕێکی زۆر کۆنی گۆڕستانی «چراغ»دا هەڵیانگرتەوە و بەرەو ماڵێکی پەڕپووتیان بردەوە... ئەوە دەستەکانی ئەو پیرەژنە چەلەبیە بوون، کە بیست ساڵ لەمەوبەر بەزمانی شڕی ئاژاوەیەکی گەورەی نابووەوە و گیانی چوار برای پێ فەوتاندبوو... لەمەوە دڵ و سی و جگەری بۆ چەند پشکۆیەکی ئەبەدی گۆڕا بوون و جەستەی هەمیشە لە مەنقەڵێکی شەقوشڕ دەچوو... گوناحەکان دەیانتلاندەوە و ئارامیان لێ بڕیبوو... دوای مردنی «عەبدوڵڵا چەلەبی»ی مێردی، سامانە ئێجگار زۆرەکەی بەسەر هەژاراندا بەخشیبووەوە و لە کووخێکی بچووکدا ژیانی بەسەر دەبرد، کە ڕۆژانە تێیدا نوێژی دەکرد و ناوی پێغەمبەرەکانی دەهێنا... دەگریا و دەکڕووزایەوە... لەبەر



خوای تاق و تەنیا دەپاڕایەوە لەو خەتا گەورەیەی خۆشبێت و تا ماوە لەناو ئاگری زۆر بەتینی دۆزەخدا نەیسووتێنێت... شەوان بەسەر گۆڕەکاندا دەسووڕایەوە و فاتیحا و دووعای دەخوێند... دەستی لە ملی کێلەکان دەئاڵاند و ڕایدەمووسین... فرمێسکەکان بەقەدیاندا دەهاتنە خوارێ و دەبوون بەگۆمیلکەی بچووک بچووک... بەسەعات لەو تاریکاییەدا واوەیلای بۆ حاڵی پەرێشانی دەکرد و ئاگای لە دەوروبەرەکەی نەدەما... دەنگی دەگەیشتە ئاوەدانی و منداڵەکان لە ترسا خۆیان دەخزاندە باوەشی دایکیانەوە... دەیویست گیانی پاککاتەوە و بیرۆکە ترسناکەکان لەوە زیاتر ناو سەری هەڵنەکۆڵن... هەڵەی ئەویش ئەوە بوو نەیدەزانی هێنانەدنیای مرۆڤێکی وەکو «جاوە» و لە ڕۆژگارێکی ئاوادا لەگەڵ لەناوبردنی جیاوازیی نییە... ئێستا «جاوە» ڕۆڵەیەکی یەکڕۆژیی پیرەژنێکی پەککەوتەیە، بەڵام هیچ لە «ئیسحاق»ی کوڕی حەزرەتی «ئیبراهیم خەلیل» ناچێت، کە «دایکە سارە»ی نەزۆک زۆر بەپیری بووی و وەکو موعجیزەیەک لە کتێبە پیرۆزەکاندا باسی کراوە... تەنانەت ناتوانێت لە ڕووی جیاوازییەوە ئەو تابلۆیەی «خاتوو فریدا کاهلۆ»ی هونەرمەندی بەناوبانگی مەکسیکییشمان بیربخاتەوە، ئەوەی مرۆڤێکی بەتەمەن لە باوەشی ئافرەتێکی گەنجدایە و مژ لە سەرگۆی مەمکی دەدات... لێوەکانی «جاوە» سەرگۆی مەمکی هیچ ئافرەتێکیان نەدەمژی و بەمەمکەمژە گەورە دەکرا... زانایەکی سایکۆلۆژی پێی وایە ئەگەر «هیتلەر»ی زۆڵی دوور لە سۆزی دایک بەمنداڵیی بیتوانیایە پەنجەی قاچی بخاتە دەمیەوە و تێر تێر بیمژیبا، ئەوا هەرگیز ئەو شەڕە خوێناوییەی هەڵنەدەگیرساند و لەززەتی لە کوشتنی کەسانی دیکەدا نەدەبینی... ئایا «جاوە»، کە ناوەڕاستی حەفتاکان لە کەند و کۆندڕەکانی ئەوبەری شەقامی شەستی، لەناو سێگۆشەی «سەیداوە»، «ئیسکان»، «بەلاشاوە»دا دەژیا و ڕاوی باڵندە و بۆق و کوللەی دەکرد، لەبەرئەوە بوو لەززەتی لە کوشتندا دەبینی، یان برسیەتیی پاڵی پێوە دەنا...؟! ئەوەی بۆ من ڕوونە، هەر ئەوەیە ئەم نیشانەی زۆر ڕاست بوو، تەنانەت دەیتوانی بەدارلاستیک ئەو بۆقە سرکانەش بکوژێت، کە ئەوەندە بەخێرایی قەڵەمبازیان هەڵدەدا، لە هەوادا ڕەنگی خۆیان وندەکرد و وەکو تارمایی دەردەکەوتن... من تەنها ئەوەندەم دەبینی، چونکە هەرگیز نەمدەتوانی وەکو هاوڕێکانم سەرنج لەو دەستانەی بدەم، کاتێ هەڵیاندەگرتنەوە و دەیانخستنە قووتوویەکی شیری نیدۆوە... سەیر بوو...!! خۆ هەر باڵندە و بۆقێکی بکوشتایە، لە پێشدا دەیخستە ناو قوتووی شیرەوە، تا زۆر دەبوون و لەسەر چیلکەدار دەیبرژاندن، یان دەیکوڵاندن... چۆن دەیتوانی قوتوویێک بۆقی کوڵاو بخوات، لە کاتێکدا من تەنها بەبیستنی لە زمانی هاوڕێکانمەوە دڵم تێکهەڵدەهات و چەند ژەمێک دەمم لە هیچ نەدەدا...؟! کاتێکیش لێیان دەپرسی، چۆن بۆی دەخورێت و ئەو لە وەڵامدا دەیوت:

– هەموو چشتەک بەئاگری خاوێن دەبیتەوە... بنیادەم بەو هەموو پیسیەی خۆی، کە خوا دەیسووتێنی، خاوێن دەبیتەوە.

من گوێچکەکانم توند توند دەگرت و نەمدەویست ئەو دەنگە پیسەی ببیستم... هەستم دەکرد وشەکان دەچنە دەممەوە و لەوێ بۆ چەند بۆقێکی زیندوو دەگۆڕێن... ئەمانە لە قسەی کەسێکی ئاوا نەدەچوون، بەڵام نەماندەزانی کێ فێری کردبوو... دەیانوت لە غەیبەوە بۆی دێ... ئاخر ئەو هیچی لە مرۆڤی ئاسایی

نەدەچوو... ڕەنگە ویستبێتی لە ڕێگەی هەستی قێزکردنەوەوە خۆمان و شتەکانی دەوروبەرمان ببینین و بزانین ئێمە لە چ سەردەمێکدا دەژین... شەوانێکی زستان فێری ئەوە بووبوو بەدزییەوە لەناو ئەو تەویلە بچووک و شێدارەی بەردەرگای ماڵی پیاوێکی نەوتفرۆشی گەڕەکی بەلاشاوەدا بنوێت... خۆی بەسەر پشتی ماکەرەکەدا دەدا و دەستەکانی توند توند لە ملی دەئاڵاند... هەر زوو خەوی لێدەکەوت و خەونی بەژیانێکی لەوەی خۆی سەیرترەوە دەبینی... هەرکە بەیانی پێش هەتاوکەوتن «دەروێش برایم»ی مزگەوتی «حاجی قەرۆ» لەوبەریەوە بەدەنگی ئێجگار بەرزی بانگی دەدا، ئەم بێدار دەبووەوە و دەبووایە بچێتە دەرێ، بۆ ئەوەی خاوەنی کەرەکە نەیبینێت و بەبەر شەقی نەدات، کە دوای دوو ڕەکعات نوێژ، دەهات و دەچوو لە بەنزینخانە نەوتی دەهێنا... بەو سەرمایە لە بەرباران هەڵدەلەرزی و هیچ شوێنێک داڵدەی نەدەدا... هاوینێک فێر بووبوو ئاوی ساردی لە سەلاجەی ئەو مزگەوتە دەخواردەوە و هەندێکیشی بەسەر سنگیدا دەپرژاند، بەڵام دوای ئەوەی مجێورەکە بینی و بەدارێک تێیکەوت:

– برۆ هەی لە سەگی گڕوو گراوتر، جارەشکە لێرەت نەبینم.

ئیتر نەیویست ڕووی تێبکاتەوە و تینوێتیی خۆی لە ئاوی گەرمی ئەو گۆمەدا دەشکاند... تەنها وتمان گەرم و باسی پیسیمان نەکرد، چونکو لای ئەو هیچ شتێک لە مرۆڤ چەپەڵتر نەبوو... ئەو کە دەچوو ئاوی مزگەوتی دەخواردەوە، لەبەرئەوە بوو سارد بوو، نەک پاک... کەری ئەو پیاوە نەوتفرۆشە دەیتوانی شەوان بەدزییەوە هەندێ گەرمی و سۆزی پێ ببەخشێت و دڵنەوایی بداتەوە، بەڵام بەداخەوە خاوەنەکەی هیچی لەو ئیشەی دەستنەدەکەوت و تاقەتی چوو... وازی هێنا و بووە فەراشی قوتابخانە... تەویلەکەی هەڵوەشاندەوە و ئەوی بەڕەڵڵا کرد... منداڵە چەقاوەسووەکان دەستیان بەسەردا گرت و ڕۆژانە سواری دەبوون... بەدار تێیدەکەوتن و هەموو لەشیان داڕزاند... شەوێکیان لە قەراغی ئەو گۆمەی سەرچاوەی ژیانی «جاوە» بوو، گیانی دەرچوو و لاشەکەی بۆگەنی کرد... «جاوە» بەتەنەکەی ژەنگاوی کولانەیەکی پێکەوەنا و لە تەختەدارێک دەگەڕا سەری پێ بگرێت... بەچەند ڕیشۆڵەیەک، کە بەداو گرتبوونی، یەک دوو منداڵی ڕازیی کرد ئەو تاتەشۆرەی مزگەوتی بۆ بدزن... ئەو تاتەشۆرەی هەزاران مردووی لەسەر شۆرابوو و دنیایەک چیرۆکی خوێناویی دەزانی، دەیتوانی کەمێ گیانی «جاوە» لە باران و سەرمای وشک بپارێزێت، بەڵام کاتێ پێیانزانی، هاتن بردیانەوە و ئەم ئەوەندەی دی بەر نەفرەت کەوت... ئاسکێک شەوان لەو دەشتەوە دەهات و تا بەرەبەیان گوانی پڕ لە شیری دەخستە دەمیەوە... ئەو لە خەودا دەیمژی و خەونی بەپەیژەیەکەوە دەبینی، کە نەیدەزانی سەری لە کوێیە... پێیدا سەردەکەوت و نەدەگەیشتە هیچ شوێنێ... کاتێ دەکەوتە خوارێ و بێداردەبووەوە، بەدەم بیرکردنەوە لە جیاوازیی نێوان پەیژە و گریان سەرنجی لەو ئاسکە دەدا و تێکەڵ بەتارماییی شتەکانی ناو خەونەکەی دەبوو... بەیانی بەشیری وشکبووەوەی سەر جلەکانی دەیزانی ئەوە ئاسکێکی ڕاستەقینەیە و ئەمی تێرکردووە... تا ئێوارە برسیی نەدەبوو و هیچی بۆ نەدەخورا... شەوێکیان هەورەتریشقە گرماندی و برووسکێک بەر ئاسک کەوت... بەرزیکردەوە و پارچەکانی لە هەوادا وەکو چەند تیلمە قوماشێکی باریکی گڕگرتوو دەردەکەوتن... هەر خێرا کوژانەوە و کۆتایی بەو دیمەنە کورتخایەنە هات... بەیانی سم و شاخەکانی لە بەردەرگای کولانەکەیدا



بینی و برسێتیەکی سەیر لە ناخەوە هەژاندی... دەستەکانی بەملا و بەولای قەپرغەیەوە گرت و خەمبارانە بەخۆی وت:

– چەند خۆشە لە ڕۆژی باراناندا برادەرەکت لەگەڵ بی و گۆشتی لەسەر مەقەڵەی ببرژێنی...!!

پیرەژنی بیرکەوتەوە... «دامین»ی پێ دەوت... کورتکراوەی «دایە ئامین» بوو... هێنایەوە بەرچاوی... لە ژوورە بچووکەکەی ئازووقەدا مەنقەڵیەکی پڕ دەکرد لە خەڵووز و هەر لەوێ کەمێ نەوتی بەسەردا دەپرژاند... شقارتەکەی دەخستە گیرفانی کەواکەی و بەوی دەوت:

– دەی جاوەکە ئەو قاپە گۆشت و باوشینەیەی هەڵگرە.

ئەم لە پێشەوە هەنگاوی کورت کورتی دەنا و ئەو بێدەنگ بێدەنگ دوای دەکەوت... هەر ئاوا بوو... یان لە پێشیەوە، یان لە پشتیەوە دەڕۆیشت، بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵدا نەکات... نەیدەویست هیچی لەگەڵدا بڵێ، کەچی دەقەیەکیش بەبێ ئەو نەدەحەوایەوە... تا دەگەیشتنە قەراغی گۆڕستانی «چراغ»، «دامین» چەند جارێ مەنقەڵیەکەی دادەنا و ماندووی خۆی دەحەساندەوە... هاوکات مەبەستیشی ئەوە بوو «جاوە» پێی بگاتەوە و کەمێ بیدوێنی، بەڵام ئەویش قاپەکەی دەخستە سەر ڕانی و دەوەستا... لە کاتی گۆشتبرژاندنیشدا پیرەژن بەدەم باوەشێنکردنەوە دەیان سەرگوزشتەی بۆ دەگێڕایەوە... باسی ئەو مردووانەی بۆ دەکرد، کە ڕۆژگارێ ناسیبوونی... لەگەڵ زۆربەیان شەڕی بووبوو و ددانی بەخەتاکانی خۆیدا دەنا... داوای لێخۆشبوونی لەوان و لە خوای گەورە دەکرد... «جاوە» وای پیشاندەدا گوێی لەو نەگرتووە و چۆتە خەیاڵەکانی خۆیەوە، بەڵام لە ناخەوە دەهەژایەوە و چێژێکی سەیری دەبینی... ئەوسا لە پلەگۆشتەکانی دەڕوانی، کە لە ترسی ئاگرەکە خۆیان بەشیشەکانەوە دەنووساند و تک تک دەچزانە سەر خەڵووزەکان... بیرۆکەکان لەناو سەریدا تێکدەقژقژان و تارماییی دنیایەکی سەیر بەبەرچاویدا گوزەری دەکرد... دەیتوانی دەستی درێژکات و دەیان شت بەو پەنجە بزێوانەی بگرێت، کە لە هەر یەکێکیاندا نهێنیی جۆراوجۆر خۆیان حەشار دابوو و دەبووایە بەدوایاندا بگەڕێت... وەختێ لە نزیک گۆڕێک دادەنیشتن و قاپەکەیان دەخستە بەردەمیان، ئەم بیری لەوە دەکردەوە بۆچی «دامین» تەنها لەکاتی گۆشتبرژاندن و لەم گۆڕستانە چۆڵوهۆڵەدا هەقایەت و سەرگوزشتەکانی بۆ دەگێڕێتەوە... ئەو هەموو زەحمەتەشی بەبرژاندنیانەوە دەکێشا، کەچی دەمی تێوە نەدەدان، چونکو ئەو چەوریی لە خۆی حەرام کردبوو و زۆر کەم شتی دیکەشی دەخوارد... لە حەفتەیەکدا شەش ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو... ئینجا پلەگۆشتەکانی دەکرد بەچەند وردکەیەک و بۆ باڵندەکانی هەڵدەدان... کاتێک دەیانویست بۆ ماڵ بگەڕێنەوە، «دامین» دەستی بۆ ئەو گۆڕەی سووچی ئەوسەر ڕادەکێشا و پێی دەوت:

– لە پارچەپەڕۆیەکیان پێچابووی و لەوێندەرێیان فڕێدابووی... ڕۆژی پێشتر خۆشەویستی عەرد و عاسمانم لە خەوندا دیت و پێی گۆتم: منداڵەکت دەبی و ناوی جاویدی لێ بنێ... کورە ئەمن ئەگەر پێت دەڵێم جاوە، ئەو خوایە پێ عالیمە، لەبەر خۆشەویستیمە.

دوای تاوێ ئەمەشی دەخستە سەر:

– خوا دەزانی ئەگەر پێت دەڵێم فڕەیاندابووی و هەڵمگرتیەوە، مەقسەدم نییە منەتت لەسەر بکەم، بەس نامەوێ بەدرۆ هیچت پێ بڵێم... لە زمانی خۆم بیزانی باشترە لەوەی یەکەشکە پێت بڵێ... ئەگەر مردم، گەردەنم ئازاکە... لۆم بەڕۆژی بەو فەقیر و هەژارت لە بیرنەچی... بەمنداڵی منداڵت بڵێ لە نێژ و دووعایان ناوم بینن، بەشکوو ئەو خوایە لێم خۆشبی... کورە ئەمن بارم گەلەک گرانە، ئاگات لێم بی.

فرمێسک لە چاوە کزەکانییەوە بەرەو چاڵوچۆڵیی ڕوومەتەکانی جۆگەلەی باریکیان دەبەست و بەچمکی کراسەکەی دەیسڕین... «جاوە» دڵی پڕدەبوو، کەچی بەسەر خۆی نەدەهێنا... بەناچاری پارووەکانی دەگلاند و لەوی نەدەڕوانی... ڕۆژێکیان لە کۆڵان هاتەوە و سەرنجی لە ڕووخساری دا... زۆر داماو کەوتە بەرچاوی و بۆ دواوە گەڕایەوە... دەرگای حەوشەی ترازاند و منداڵەکانی گەڕەکی بینی، چاوشارکێیان دەکرد و بەزاقوزیق ئەو ناوەیان هێنابووە هەژان... خۆیشی نەیزانی بۆچی ئاوا لەپڕ تەقیەوە و بارتەقای دە ساڵ فرمێسکی ڕشت... ئەو هەرگیز تێکەڵیان نەدەبوو و ئەوانیش زۆر زۆر کەم دەیاندواند... یاریی نەدەکرد و وەکو ئەوان هەڵبەزودابەزی نەدەزانی... زۆربەی کات بەتەنیا بوو... بەڵام لەناو خەیاڵەکانیدا هەزاران کەس دەژیان... لەوێ گەمەی دەکرد و لەگەڵ ئەوان دەدوا... تەنانەت پێی وابوو هیچ کەسێ بەقەدەر ئەو قسە ناکات... ئیدی ئەو نەیدەپەرژا تێکەڵی منداڵانی گەڕەکی خۆی بێت و «دامین»یش ئەمەی پێ باش بوو، چونکو بەباوەڕی ئەو یاری سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی شەهوەت و ڕابواردنە... «هەر ئەمەش زیاتر دەیخستمە سەر ئەو باوەڕەی، کە دەتوانم لە منداڵییەوە بەهاکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لە دڵدا بچەسپێنم و بزانێ چاکە و خراپە چیین... تەمەنی تەنها چوار ساڵ بوو، کاتێ ویستم فێری پیتەکانی بکەم، بۆ ئەوەی وەختێ دەچێت بۆ حوجرە، بەخێرایی قۆناغەکان ببڕێت... من خۆم و خوشکەکانم لە یەکەم دەستەی ئەو کچانەی هەولێر بووین، کە لە قوتابخانە خوێندبوومان... من دوای چەند ساڵێ وازم هێنا، بەڵام خوشکەکانم بوون بەکەسانی ناسراوی شار... دوای تۆبەکردن، مەرجم بۆ ئەمان و هەموو خزم و ناسیاوەکانم دانا، کە خۆیان و کچەکانیان بەقاچی ڕووت و بەبێ لەچک پێ نەخەنە ماڵەکەم... ئیدی لەمەوە هیچیان هامشۆیان نەکردم و بەتەنیا مامەوە... یەک دەنک بیرم نەدەکردن و نەمدەویست بەدەقە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بم، کە پشتی کردبێتە خوای خۆی... با ئەوە دایک و باوک و خوشک و براشم بووایە... دەمزانی لەو دنیا لێپرسینەوەم لەگەڵ ئەوانەدایە، کە خۆشمویستوون و لەگەڵیاندا ژیاوم... من خانووەکەمم لەسەر شێوەی پەرستگایەک دامەزراندبوو... تەلەفزیۆنەکەم بەچەکوش وردوخاشکرد، چونکە پێم وابوو لەگەڵ بت جیاوازیی نییە... وێنەکانی خۆم و مێردەکەمم سووتاند و ماڵەکەم لە هەموو شتێکی حەرام پاککردەوە... فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویستە ئەو شوێنەی لەم جۆرە شتانەی تێدا بێت، فریشتەکان ڕووی تێناکەن... دیوارەکانم بەئایەتەکان نەخشاند و سەر تاقەکانم پڕکرد لە قورئانی پیرۆز و کتێبی ئاینی... دەمویست جاوەش هەموو ئەو شتانە بزانێت، هەر بۆیە پەلەم لێ دەکرد و دەمویست زوو پێی بگەیەنم... کتێبم بۆ دەخوێندەوە و چیرۆکە ئاینیەکانم بۆ دەگێڕایەوە... پیتەکانم بەگەورەیی بۆ دەنووسی و پێم دەوت لاسییان بکاتەوە»... بەڵام «جاوە» ڕازیی نەدەبوو و هەرگیز ئەو قەڵەمەی بەدەستەوە نەدەگرت... بۆیە «دامین» لە پێنجساڵیی بردی بۆ مزگەوتی خانەقا و بە«مەلا شەریف



ڕەمەزان»ی سپارد، بەشکوو ئەو فێری قورئانی پیرۆزی بکات و لە دواڕۆژ مەلایەکی چاکی لێ دەربچێت... لەسەر گۆڕەکەی سووڕەتەکان بخوێنێت و بەدەنگی پڕسۆزی گوناحەکانی بشواتەوە... مانگانەی یەکەمی خستە ژێر بەرماڵەکە و بەجێیهێشتن... ئەم گوێی دەگرت، کەچی هیچی نەدەوت... مامۆستا هەر زوو زانی بەکەڵک نایەت، بەڵام لەبەر دڵی پیرەژن ماوەیەک لای خۆی هێشتیەوە... لە حوجرە دادەنیشت و گوێی لە هەموو قسە و باسێک دەگرت... بیری لێ دەکردنەوە و دەیهێنانە بەرچاوی، بەڵام وا دەردەکەوت هیچ فێرنەبووە... ناچار پیرەژن بەبۆڵەبۆڵ بردیەوە... ئەمجارە هێنایە قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان» و ناونووسی کرد... لەسەر کورسییەکی دواوەی دواوە دادەنیشت و وەڵامی کەسی نەدەدایەوە... مەگەر جار جار بەمامۆستای بوتایە:

– لەسەر مەکتەبێ ماڵی خۆمانم لێ دیارە، بەس ئەوە ماڵی مە نییە.

منداڵەکان قاقایان لێ دەدا و ئەو پێی دەوتن:

– ئەنگۆ لۆبێ پێدەکەنن، چونکە ماڵتان لەسەر مەکتەبێ دیار نییە، بەس دەزانم ئەوە ماڵی خۆتانە.

ڕاستی دەکرد... ماڵی ئەوان لەوێوە بەچاکی دیار بوو و درەختەکەی بەردەرگاش لە پاسەوانێک دەچوو... تەنها دوو ژووری بچکۆلەیان هەبوو، بەڵام بەشی دەکردن... جاران پێش ئەوەی پیرەژن مێردەکەی بمرێت و تۆبەی ئەبەدی بکات، ژن و پیاوە کارەکەرەکەیانی تێدا دەژیان... خۆشیان لەو خانووە گەورەیەی تەنیشتیان... لە جوولەکەیەکی دەوڵەمەند کڕیبوویان و دیوارەکانی نەخشی جوان جوانیان بەسەرەوە بوو، بەڵام کاتێ خانووەکان و سەرجەمی دووکانەکانی ناو بازاڕی فرۆشت و بەشێکی هەرە زۆری پارەکەی بەسەر هەژارانی ئەم گەڕەک و ئەو گەڕەکدا بەخشیەوە، ئیدی ئەو خانووە بچکۆلەیەی لە کارەکەرەکان سەندەوە و یەکێکی لە نزیک «منارەی چۆڵی»ی خستە سەر ناویان... پێی وتن:

– گەردەنم ئازاکەن، ئەمن بەخۆم خزمەتکاری خوای گەورەیمە و حەددم نییە کارەکەرم هەبی... ئەو لەقەبی چەلەبییەشم فڕێدایە و هەر بەئامین گازم بکەن... ناوی داکی فەخری عالەمە و هەر حەرفەکی هەموو چەلەبیی دنیایێ دەینی... خانیی گەورەم ناوێ... پیرەژنەکم بەناشکوری ناڵێم منداڵیشم نییە... سبەینێ دەمرم و دوو مەتر عەرد و سێ گەز خامم بەنەسیب دەبی.

قاوەچیەکەشیان کۆشکێکی چاکی لە پشت «مزگەوتی حاجی بەکر» بەرکەوت و لە خۆشییان هەر زوو ژنێکی دیکەی هێنا... بەڕێوەبەری قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان» دراوسێی ئەو قاوەچیە بوو و بەچاوێکی میهرەبانیانەی جیاواز لە «جاوە»ی دەڕوانی، ئەگینا هەر زوو دەردەکرا و هیچی لە قوتابی نەدەچوو... مامۆستاکان بەگشتی «دادە ئامین»یان دەناسی و ڕێزیان لێ دەگرت... هەموو جارێ لە ماڵەکەی لایاندەدا و سەریان ماچ دەکرد... بەو دەستە لەرزۆکانەی چێشتی بۆ لێدەنان و چا و قاوەی دەخستە بەردەمیان... لێیان دەپاڕایەوە ئاگایان لە «جاوە» بێت و دڵی ڕابگرن... ئەوان هەمیشە پێیان دەوت، ئەو چەند بڵێی کەمدووە و زەحمەتیشە هیچ فێربێ... بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان نەیاندەزانی «جاوە» ڕادەی تێگەیشتنی جێگای سەرسوڕمانە... ئەو هەر زۆر زوو لای «دامین» فێری خوێندن و نووسین بوو... لای «مەلا

شەریف»یش توانی هەموو جزووی عەممە لەبەر بکات... هەر ڕۆژی یەکەمیش لە قوتابخانە دەیتوانی «ئەلفوبێی نوێ» لە بەرگەوە بۆ بەرگ لەبەر بڵێتەوە و بەچاکی بیاننووسێت... لاساییی وێنەکانی دەکردەوە و وەکو خۆی دەریدەهێنان... حەزی دنیای لە وانەی «داو» بوو... بەسەعات لێی ڕادەما و خەیاڵی بەملا و بەولادا دەگێڕا... قەڵەمی دەهێنا و بەجوانترین شێوە ئەو وێنەیەی دەکێشا... بەڵام بەدزییەوە... ڕۆژانە مامۆستاکان تێیدەکەوتن و بەدار ناولەپەکانیان دادەڕزاند، کەچی سوودی نەبوو... نەیدەخوێندەوە... نەیدەنووسی... لە دوایاندا نەیدەوتەوە... ئەو ساڵە مایەوە و ساڵی دواتر و سێی دیکەیش هەر ئاوا... «مامۆستا سیراج»ی ماتماتیک پیاوێکی تووڕە بوو و هەر هەموویان لێی دەترسان... «جاوە» ڕۆژانە بەدەستی ئەو دارکاریی دەکرا و گیانی شین و مۆر هەڵدەگەڕا... کاتێ بەگوێچکە هەڵیدەبڕی و بەشەق لە ئەژنۆکانی دەدا، قوتابییەکان چاوی خۆیان دەگرت و نەیاندەوێرا لێی بڕوانن... دواییش دەهێنایە بەردەمی تەختەڕەش و دەبووایە تا زەنگەکە لێدەدا، لەسەر یەک قاچ بوەستێت... ئەو جارە پێی وت:

– ئەتوو ئەوە پێنجەمینساڵتە لەو سنفەی، دیارە بەتەمانی لێی دەربچی... بەس ئەوەی لێرە دەیکەی، دەبایە لە زگی داکە شەریفەکەت بتکردبا و بەڕووی ڕەشەوە نەهاتبایە دنیایێ.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو گەیشتبووە ئاستێک، لەماڵەوە کتێبی ناو تاقەکانی بەدزییەوە دادەگرت و چەند سەعات سەری بەسەردا دەژەندنەوە... ئەو پارچە کاغەزانەی ژێر پێی ڕێبوارانی هەڵدەگرتەوە و لە ماڵەوە بەدزیی پیرەژنەوە دەیخوێندنەوە... هەندێ جار لەو لاپەڕە پەرتەوازانەدا چیرۆکی خۆشی دەستدەکەوت و دەیویست پارچەکانی دیکەشیان بدۆزێتەوە... بەسەر ئەو شەقامەدا دەڕۆیشت و وەکو شێت دەستی لەناو تەنەکە و بەرمیلە خۆڵەکاندا دەگێڕا... ئەوسا هەستی دەکرد ئەو بەڕاستی لە کۆمەڵێ مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە دەگەڕێت، کە لەناو ئاپۆرەی ئەو شارە دا ون بوون و دۆزینەوەیان ئەرکی سەر شانی ئەمە... ئاخۆ کۆتاییی ئەم چیرۆکە چی بێت...؟! ئەو ژنە بۆ کوژراوە...؟! کێ ئەو منداڵەی فڕاندووە...؟! ئەم کچە، کە ئەو کوڕەی خۆشناوێ، ئەی دڵی بەکێ وەیە...؟! ئەو مەڕە چۆن خۆی لە دەست گورگەکە ڕزگار دەکات...؟! بەڵام بەداخەوە نەیدەدۆزینەوە و ئەوەندەی دیکە لێی دەبوونە مەراق... ناچار خۆی بۆی تەواو دەکردن و لەمەوە فێری خولڵقاندنی چیرۆک بوو... دەشیزانی «دامین» حەز لەو بابەتانە ناکات... ئەگەر بیانبینێ، دنیا هەڵدەگێڕێتەوە... جارێکیان لە سووچی کۆڵانەکەیان پێچی کردەوە و گەیشتە سەر شەقامێکی بازاڕ... ملی پێوەنا و خۆی لە بەردەمی ئەو کتێبفرۆشانەدا بینیەوە، کە پەڕتووکی کۆنیان لە پەنادیواری قەڵات دادەنا و بەهەرزان دەیانفرۆشتن... شاگەشکە بوو... بەتیلەی چاو لێیانی دەڕوانی و بەرگەکانی دەخوێندنەوە... بەفێڵێک، کە زیاتر لە سیحر دەچوو، چوار پێنجێکی دزی و لە گیرفان و ناو باغەڵی نان... هەستی بەلەزەتێکی سەیر کرد... ئەمە هێزێکی گەورە بوو و خستیە سەر کەڵکەڵەی خەیاڵێکی تەواو نامۆوە... دەیویست لەو دووکانانەی سەر ئەم شەقامە دەیان شتی دیکە بدزێت... هەر ئەو کراس و پانتۆڵ و کاسکێت و چاویلکانەی دەیان جار پیرەژن ویستبووی بۆی بکڕێت و ئەم بەلچەهەڵقورتاندن، یان شانهەڵتەکاندن پێی وتبوو نایەوێت، ئێستا وا حەزی چۆتە سەریان و خەریکە سوێی بۆیان دەبێتەوە... لە ڕێگا بەدزییەوە کتێبەکانی دەردەهێنان و پەیتا پەیتا سەرنجی لێ دەدان... شەویش هەرکە «دامین» چووە



گۆڕستان و تا بەیانی بۆ نوێژ هاتەوە، هەر دەیخوێندنەوە و لێیان تێر نەدەبوو... دواییش لە پەنا باوەڵەکانی شاردنەوە و چەند جاری دیکە پێیانداچووەوە... ئاوا شێتی خوێندنەوە و نووسین بوو، کەچی هەر جارێ ئەو پیرەژنە داماوە پێی دەوت:

– بەقوربانت بم جاوەکە زەینی خۆت بدێ... کوڕە با فێری خیندەواریی بی... با بەس منداڵی عالەمێ بەجێتبێڵن.

ئەم تەنها یەک جار ئاوا وەڵامی دایەوە:

– بەجێم دێڵن...؟! لۆ بەجێم دێڵن...؟! ئەوانیش بەجێم بێڵن، هی تکە دێن... ئەدی هەموو ساڵێ منداڵان قەید ناکەن...؟! خۆ ئەو سنفە بەتاڵ نییە... ئەتوو خەمی منت نەبی دامین، بەتەنێ نامینێمەوە... ئەوساڵ لە پار زیاتر منداڵم لەگەڵە... پاریش سنفمان لە پێراری زیاتر تێدا بوو... ساڵ بەساڵ قەڵەباڵغتر دەبی... ژن ڕۆژ بەڕۆژ منداڵیان دەبی... خۆ ئەوانە ئەگەر نەمرن، گەورە دەبن... پاش چەند ساڵەکی تکە دێنە مەکتەبێ... هەر لەو گەڕەکەی خۆمان بیستوسێ ژن منداڵیان لە زگیە.

پیرەژن حەپەسا و پێی وت:

– ئەوە چییە ئەو قسە بێتامانە جاوە...؟! یەک چشتت پێ دەڵێم، باش گێت لێ بی... ئەو قسەیەی کردت، زۆر عەیب بوو... ئەرێ وەڵڵا ئەوەندە عەیب بوو، نەبیتەوە...!! تەمەشای ژنان نەکەی... حەرامە... چشتەشکەت پێ دەڵێم، ئەوەی چاوی لە فعلی خراپ بی، دوایێ پەشیماندەبتەوە و دەزانی چ گوناحەکی گەورەیە... ئەمن ئەگەر ببمەوە منداڵەکی وەکی توو، هەردوو چاوی خۆم دەگرم... دەوم دەبەستم... ئەمن ئەو ئەفعالانە لە ڕێی خێریان لادام... باش بوو جارەشکە عەقڵم هاتەوە سەری و ڕووم لە خوای خۆم کرد... بەقوربانی ئەو خوایەی بم... هەوکە هەر ئەوی دەناسم و شەهادەی هەر بەپێغەمبەری خۆشەویست دەینم.

– ئەتوو خوات زۆر خۆشدەوێ...؟!

– بەقوربانی بم، لە خۆمم خۆشتر دەوێ.

– چونکە لێی دەترسێی... وەنییە...؟!

– ها...؟! لێی دەترسێم...؟! ئەدیکوو لێی ناترسێم...!!

– ئەگەر لێی نەترسێی، خۆشتدەوێ...؟!

– ئەوە چییە ئەو قسانە جاوە...؟! کێ فێری کردی...؟! ئەتوو لە مەکتەبێ کەس دەبینی...؟! لە ڕێیێ لەکن کافران ڕادەوەستی...؟! گێ لەو نەفامانە دەگری، وەکی لەسەر جادان قسەی هەلەقومەلەق دەکەن...؟! هەوکە جوابی چت بدەمەوە...؟! ها...؟! جوابی چت بدەمەوە...؟! ئەوە چ بوو لە دەوت دەرچوو...؟! ئەوە کەینێ فێری ئەو چشتە هیچوپووچانە بووی...؟! پێنج ساڵە لە سنفی یەکی، نازانی ناوی خۆت بنووسی، ئەدی پێم ناڵێی ئەوە چ بوو گێم لێبوو...؟! بڵێ ئەستەغفیرەڵڵا... دەی زوو بیڵێی باشترە.

– ئەتوو حەز دەکەی خودا هەبی...؟!

پیرەژن بەدەست خۆی نەبوو تفێکی کردە چاویەوە و گۆچانەکەی بۆ هەڵبڕی، بەڵام دڵی نەهات پیایدا بماڵێ... هەرگیز لێی نەدەدا... لە دایکی خۆی چاکتر نازی دەکێشا، ئەگەرچی ئەو لە ژیانیدا نازی نەدەکرد... «دامین» گۆچانەکەی بەدیواری هەیواندا کێشا و پێی وت:

– ئەتوو ئەورۆ چت بەسەرهاتیە...؟! هیچ لێت تێناگەم... بێدەنگ بەبا هەندەکت دووعا لەسەر بخینم.

پاش تاوێ «جاوە» وتی:

– دامین ئەتوو هەر لە خۆڕا لە من تووڕە بووی... وەتزانی قسەکی خراپ دەکەم، بەس وەنییە... ئەمن چونکە منداڵم، ئەقڵم تێکنەچووە، دەزانم خودا هەیە و حەزیش دەکەم هەبی، بەس ئەتوو لە خوای دەترسێی و هیچ حەزیش ناکەی هەبی، چونکە قەت باوەڕ ناکەی لەو گوناحانەت خۆش بی... لێی دەپاڕێییەوە و بەقوربانی دەبی... شەڕی لەسەر دەکەی، بەس دەزانم ئەتوو ئەگەر...

– بیبڕەوە... بیبڕەوە... ئەمن دڵی چم پێت خۆش بی... هەوکە لە هەموو دەمێ زیاتر لە ئاگری جەهەندەمێ دەترسێم... نائومێدت کردم... وەمدەزانی دەبیە پیاوچاک و لە پاش مردنم بەخێر و خێراتت، بەدووعا و نێژت گوناحەکانم کەمدەکەیەوە... نەمدەزانی زیاتریان دەکەی... ئەوها بڕوا ئەتوو پشت لە نێژ و ڕۆژیی دەکەی و لێم دەبیە شیوعی... دەزانی شیوعی چییە...؟! ئەو کافرانەنە تۆبە ئەستەغفیرەڵڵا بەجاحێڵی بەگژ خوا و پێغەمبەرەکاندا دەچن و بەپیرییش ڕوو لە مزگەفتێ دەکەن... بەس لەوێش ئەگەر یەکەک قسەی بەڕەنگی سۆر بڵێ، تووڕە دەبن... هیچ دوور نییە نێژی خۆیان بەتاڵ بکەن و لەسەر گاوری ڕووسیا و ئەڵمانیا و ئەمەریکای بەشەڕبێن.

– ئەمن قەت نابمە شیوعی دامین... بنیادەم بەمنداڵی بمری باشترە، لەوەی سبەینێ شک لە بوونی خوای بکا... دوایش هەر بەو شکەوە لێی بپاڕێتەوە... منداڵ زۆر لە گەورەکان زیاتر خوایان خۆشدەوێ... بڕوا بکە ئەمن یەک بەخۆم حەزم لێیە هەر هەوکە لە بەرچاوی توو بمرم، بەس نامەوێ بەگەورەیی لە خوای بپاڕێمەوە لە گوناحم خۆشبی... ئەو کەسەی لە خوای دەپاڕێتەوە، هەتا لە گوناحی خۆشبی، ئەوە هیچ خۆشی ناوێ و پڕ بەدڵ حەز دەکا ئەو هەر وجوودیشی نەبی... هەندەک تەلەبەمان هەیە لە ماڵێ دەرسی خۆیان نانووسنەوە، دوایش لە مامۆستای دەپاڕێنەوە، لێیان نەدا... بەچ سوندت لۆ بخۆم هەتا هەوکە یەک جار لە مدیریش نەپاڕامەوە... دەستەکانم ڕادەگرم و لێدانی خۆم دەخۆم... جاری وەها هەیە پێم دەڵێن ئەگەر بڵێم سبەینێ دەینووسمەوە، لێم نادەن، بەس ئەمن سەری خۆم بادەدەم و وەناڵێم... ئەوجا خراپتر لێم دەدەن... ئەگەر بڵێم نایەشی، درۆی دەکەم.

– وەی لەو قسانە...!! ئەوە ئەتوو عومرت بووە دە ساڵ، دە کەلیمەت لەگەڵ نەگۆتیمە... ئەدی پێم ناڵێی ئەورۆ چت لێ قەومایە...؟! دەبی ئەمن بتهینمەوە سەر ڕێێ، دەنا گوناحکار دەبم... ئەرێ وەڵڵا وەها گوناحکار دەبم، نەبیتەوە...!! کورە کوڕم شەیتانی بەنەعلەت بکە و گێم لێ بگرە... هەموو کەسەک غەڵەت دەکا و خواش بەرەحمە، ئەگەر لێی بپاڕێتەوە، لە گوناحی خۆشدەبی و دەشیباتە بەهەشتێ... چما



بنیادەم لۆ ئەوەی خوڵقایە، هەر لە جەهەندەمێ بمینێتەوە...؟! ئەوەی گوناحی گەورەشی کردبی، بەئاگری خاوێن دەبیتەوە.

– ئەمنیش دەڵێم ئەو قسانە ڕاستن دامین... بنیادەم بەو هەموو پیسییەی خۆی، وەکی خوا دەیسووتێنی، خاوێندەبیتەوە... ئەوەی بەئاگری بسووتێندرێ، دەترسێ و دەپاڕێتەوە، بەس خۆ ناتانی کەسی خۆشبوێ... ئەوانەی گوناحیان کردیە و لەناو جەهەندەمێ دەسووتێن، لە خوای دەپاڕێنەوە و بەقوربانی دەبن، بەس قەت خوایان خۆشنەویستیە... ئەوجا خوا هەقی خۆیان لێ دەستینیتەوە و دەیانباتە بەهەشتێ... چما ئەتوو وەدەزانی ئەو تەلەبانەی سروودی «مامۆستای خۆشەویست هەر تۆ باوکمانی»یان لەبەر کردیە و لە ئیمتیحانان و دەیلێینەوە، ئەوە لە خۆشەویستیی مامۆستایە...؟! قەت وەنییە... هەمووی لە ترسانە... دە وەرە تەمەشایان بکە کوو دەلەرزن... زۆر جار پێکەنینم دێ وەکی ئەو شیعرەی بەلەرزەلەرز دەڵێنەوە... ئەگەر ئەو کەلیمانەیان بەڕاستیە، لۆ ئەوها زراویان چووە...؟! ئەوان مەدحی مامۆستای دەکەن، خۆ جوونی پێ نادەن... بەس ئەوەی لە دەرێ، لەودیوی پەنجەرەی تەماشایان بکا و گێی لێیان نەبی، هەر دەموچاویان ببینی، وەدەزانی ئەو لچ و لێوانە وەکی دەجوولێن، چشتی ناشیرنیان لێ دێتە دەرێ... ئەوجا ئەگەر ناجیح دەبن و دەچنە سنفەشکە، ئەوە چشتەشکەیە... ئەوەی مامۆستای خۆشدەوێ، با لە دەرێ شیعری بەسەردا بڵێ... ئەمن هەموو ڕۆژێ تەمەشای ئەو منداڵانەی کۆڵانی خۆمان دەکەم، گۆرانیی دنیایێ دەڵێن، بەس هەتا ئێستا کەسیانم نەدیتیە ئەو سروودەی گۆتبی... ئەو منداڵانە زۆر لەو عەسکەرانەش باشترن وەکی بەیەک دەنگ سروودی «سەرۆک تەنها لە سایەی تۆدا بەختەوەرین» دەڵێن... جارەک ئەوانم لە تەلەفزیۆنی ئەو چایەخانەیەی مام بەکری دیت و لە پێش ڕەئیسی ئەوهایان دەگۆت... ڕەنگیان وەها زەرد هەڵگەڕا بوو، دەتگۆت دەیانەوێ ئینقیلابی بەسەردا بکەن... ئەوانە ئەگەر ئەوەندە لە سێبەری سەرۆکی خۆیان دڵخۆشن، ئەدی لۆ ئەوها چۆکیان دەلەرزی...؟! ئەوەی خوای خۆشدەوێ، با قەت فکر لەوەی نەکاتەوە، ئەو جەهەندەمی هەیە و خەڵکی تێدا دەسووتێنی... ئەوانەی خوایان لە ترسان خۆشدەوێ، قەت وەکی ئەوانەی نیینە لەبەر گەورەیی خۆشیان دەوێ.

«دامین» ئاخێکی هەڵکێشا و وتی:

– قەت باوەڕم نەدەکرد ڕۆژەک قسەی وەهات لە دەوی دەردەچی، کە ئەمن نازانم باشن، یان خەراپ...!!

بە ڕوومەتی خۆیدا کێشا و ئەمەشی خستە سەر:

– هەی وەی شێرە بەئێتغە سۆزلار، ئۆشەغلارن داجیلتە، بیۆچتە بوسزلارە. «هەی وەی شێرە ئەوانەی گۆتی، هی منداڵان نەبوون...!! گەورەش نازانن ئەوها بدوێن».

«دامین» ئەو شەوە زۆر زووتر لە کاتی خۆی قورئانەکەی هەڵگرت و دەرگای حەوشەی ترازاند... بەدەم خوێندنی دووعاوە بەرەو گۆڕستان چوو و وەکو هەموو شەوێکی دی ئەمی بەتەنیا لە ماڵێکی چوڵوهۆڵدا بەجێهێشت، کە زیاتر لە ئەشکەوت دەچوو و هیچ بنیادەمێ نەیدەتوانی دوای ڕۆژئاوا سەری بەناودا

بگرێت... کەچی «جاوە» نەک هەر نەدەترسا ، بەڵکو باوەڕی نەدەکرد لە هیچ شوێنێکی دی بتوانێت بمێنێتەوە... ئەو شەوە بیری لەو قسانەی خۆی دەکردەوە، کە بە«دامین»ی وتن و تەواو سیمایان گۆڕی... خەوی زڕا و ترسێک لە دڵیدا هەڵتۆقی... پێش بەرەبەیان لە ژوورەوە لەژێر ڕۆشنایی گڵۆپە کزەکەی بنمیچە شێدارەکە پیاسەی دەکرد و بەردەوام بەدەنگێکی کەمێ بەرز دەیوت:

– خوایە چەندم خۆشدەوێی... نامەوێ بنووم، نەخۆ خەونەکی ببینم و ئەو قسەیەی بەکەسەکی غەیری توو بڵێم... لۆیەش ئەوهات پێ دەڵێم، چونکە هەست بەلەززەتەکی زۆر خۆش دەکەم... ئەی خودایە هیچ بنیادەمەک نییە ئەوەندەی من بلێ، بەس هەتا هەوکە هیچ قسەکم نەکردیە لەوەی جوانتر بی... قەت باوەڕ ناکەم ئەوەی بەهیچ کەسەکی دی بڵێم... حەز دەکەم کاتەک ڕووحم بکێشی، وەکی ئەو قسەیەت پێ دەڵێم... خوایە خەڵک کەیفی خۆیانە عەشقی کێنە، بەس ئەمن عەشقی توومە... بەدەست خۆم نییە چاوم بەچشتی گچکە تێر نابی و شێتی گەورەییمە... هیچم لەو کەونەی نەدیت قابیلی من بی و تەماعم لە خۆشەویستیی توو کرد... حەز ناکەم کەس ڕقی لێت بی، بەس ناشمەوێ هیچ کەسەک ئەوەندەی من خۆشی بوێی... بەمنداڵی بمبەوە، با عەقڵم تێکنەچی... با زمانم نەشێوێ و قسەی هەڵەقومەڵەقی پێ نەکەم.

لەپڕ تەپەیەک لە حەوشەکەوە هات... سەرەتا وای بۆ چوو «دامین»ە لە گۆڕستان گەڕاوەتەوە، بەڵام هەر خێرا زانی، کە ئەو هێشتا زۆری ماوە بێتەوە... بۆ ساتێکی کورت بیری کردەوە و زانی یەکێک لەسەر دیوارەکەوە خۆی هەڵداوەتە حەوشەوە... هێندەی نەبرد تەپەیەکی دیکەشی هەر لەو شوێنە بیست... ئینجا دەنگی هەنگاوە هێواشەکان هاتنە گوێچکەیەوە و گومانی نەما دز بەسەر ماڵەکەیانیدا داوە... ها ئێستا نا ساتێکی دیکە هەر چییان ماوە لە پارە و ئاڵتوون، دەستیان بەسەردا دەگرن... دوور نییە ئەمیش بکوژن... هەموو جارێ «دامین» دەستی بەناو باوەڵەکەدا دەکرد و خشڵەکانی دەردەهێنا... پیشانی ئەوی دەدا و بەدەنگێکی لەرزۆک پێی دەوت:

– وەنەزانی حەزم لێیانە... بەخوای هەر لۆ ئەوەم هێشتینەوە، پێیان بژین... ئەوها پیر و خەرۆ نەبام، هەموویانم بەسەر فەقیر و لێقەوماواندا دەبەخشیەوە و دەچووم لەو دەڵاڵخانەیەی کەونەجلکم دەفرۆشت... ئەتووش ئەوەی لە داکی خۆت فێر بە، قەت چاوت لێیان نەبی... ڕەنگە بڵێی لۆ لە جێیەکی باش تەقەتیان ناکەی...؟! ئەگەر لێیان دزین...؟! بەس نایکەم... بیاندزن باشترە لەوەی ئەمن وەبزانم ئەوانە ئەمە دەپارێزن... ئەوە کوفرەکی گەورەیە جاوە... ئەگەر بەعاستەمیش وەهات بەمێشکیدا بێت و وەبزانی بێجگە لە خوای چشتەشکە هەیە دەتانی ئەمە لە ناخۆشی قوتار بکا، گوناحە... ئەوە ئەمەینە ئەوان دەپارێزین... قاسەی ئاسنیان لۆ دەکەین... لەناو دیوارەکانییان دەشارینەوە... شەوان بەخەیاڵیان دەنووین... خەونیان پێوە دەبینین... سوێندیان بەدرۆ لەسەر دەخۆین... شەڕیان لەسەر دەکەین... خەڵکییان لەسەر دەکوژین... هەموو چشتەکیان لەسەر دەکەین و دەیانپارێزین... دوایش دەرێین ئەوان ئەمەیان پاراست... ئەوانە وەختەک دەتانن بمانپارێزین، ئەگەر بەهی خۆمانیان نەزانین و لە ڕای خوای بیانبەخشینەوە... ئەمن یەک چشتی لە پارەی تێگەیشتیمە، بەهی خۆتی نەزانی، بەکەڵکت دێ... بەهی خۆتی بزانی، ماڵت



وێران دەکا.

ئەو جارە «جاوە» بەخەیاڵ پێی وت:

«– ئەمن ئەگەر چشتەکت پێ بڵێم، ئەتوو لەوانەیە وەبزانی ئێستا هەڵم بەستیە، بەس سوندت لۆ دەخۆم دوونێ لە مەکتەبێ سەد جارم پێ گۆتی بەقوربانت بم دامین... پێنج فلسەکەی ئەتوو پێرێ داتمێ، ویستم لوقمی پێ بکڕم، چونکە ئەوەندەم برسی بوو، وەمدەزانی ناگەمەوە ماڵێ... کوڕەکی سنفی شەش لە پێش ئەو حانووتەی هەر لە خۆڕا پاڵەکی قایمی پێوەنام و سەری بەدیواری دادام... ئەگەر دەزانی چەند هێشا ، هەر باوەڕ ناکەی... چونکە برسییشم بوو، چاوم ڕەشکەوپێشکەی کرد و چۆکم دەلەرزی... دەترسام لە خۆ بچم... ئەوجا بەمنداڵەکانی تکەشی گۆت ئەو کوڕە ئەگەر ناوی داک و بابی خۆی بزانی، ئەمن چشتی لۆ یەک بەیەکتان دەکرم... هەموویان پێکەنین و ئەمن بەسەر خۆمدا شکامەوە... هێشتا لێم نەگەڕا و گۆتی: ئەگەر بزانی لە چ پەنادیوارەکیشیان فڕێدابوو، هەر قەیناکە... کوڕەکی برادەری لێی توورە بوو و پێی گۆت: ئەتوو ئەوە شەش ساڵە لەو مەکتەبەی، نەتتانیە یەک پسکیتیش لۆ خۆت بکڕی... وەکی سەگی برسی تەماشای دەستی منداڵان دەکەی و بەدزیی لیکاوی ناو دەوت قووتدەدەیەوە، هەوکە خۆت لەسەر ئەو بەستەزمانەی هەڵدەکێشی...؟! ئەمن خۆمم لە بیرچۆوە و وەختبوو لۆ وی بگرییێم... ئەو کوڕەی لەسەر منی کردەوە، زۆر لەوی زیاتر دڵمی ناخۆش کرد... دوایێ بەدزیی چوومە کنی و پێم گۆت: ئەمن ئەو پێنج فلسەم لێ زیادە و دەیدەمە توو... لوقمەکی پێ کڕی و خواردی... ئەوجا بەبرادەرەکانی خۆی گۆت: تەمەشای ئەو کوڕەی کەن، پارەم دەداتێ، هەتا هیچکە قەشمەریی پێ نەکەم و نەڵێم بیژییە... ئەمن زۆر توورە بووم... جەڕەس لێی دا و هەر کەسە چووە سنفی خۆی، دەنا بەخۆم دەمزانی کوو بەبۆکسان تێیدەکەتم... ئەوەندەم ڕق لێی بۆوە، فکرم دەکردەوە بەردەکی لە سەری بدەم و بیکوژم... دوایێ ئەتووم بەبیر هاتەوە... گۆتم نەء، لێی نادەم... دوونێ چووم پێنج فلسی تکەم دایێ، لەبەرئەوەی نا ، چونکە زگم پێی دەسووتا ، نەء، هەر لۆ ئەوەی هەتا ڕقم لێی نەبیتەوە... ئەوجا لە فکرم چۆوە کە ئەو غەدری لێم کردیە... ئەدی ئەتوو ناڵێی ئەگەر دەتەوێ دوژمنەکەت بەخەفەتان نەتکوژی، وەبکە خۆشت بوێ...؟! ئەگەر ئەو لوقمەم لۆی نەکڕیبا ، قەت نەمدەتانی خۆشم بوێ و ئەو هەموو خەمەی لە دڵی خۆم ببەمە دەرێ.[٢٤]

– بزانە جاوە ئەتوو ئەگەر بەو پێنج فلسانە دوو لوقمت بکڕیبا ، هیچیانت پێ نەدەخورا... ڕۆژی یەکەم زگت پێی دەسووتا و ڕۆژی دووەمیش ڕقت لێی بوو... ئینسان ناتانی لەزەت لە خواردنی ببینی، ئەگەر زگی بەکەسەکی سووتابی یان ڕقی لێی بی... پارەکەشی بەزایەع دەچی... بەشەر مەخلووقەکی گەورەیە جاوە، بەس ئەو گەورەییەی لەناو دڵی خەڵکی تکە پەرتبووە... ئەوی بیەوێ گەورەییی خۆی بەدەست بکەویتەوە، دەبی هەموو کەسەکی خۆش بوێ و لەگەڵیان باش بی... ئەمە ئەگەر ئەوانمان خۆشدەوێ، نابی منەتیان لەسەر بکەین، چونکە لەبەر خاتری خۆمانە، ئەوانمان خۆشدەوێ... وا نەبی ناگەینە ناو دڵیان و ئەو گەورەییەی خۆمانمان پێ خڕ ناکرێتەوە... بێجگە لە خۆشەویستی، چییتکە هەیە، بتانی بچتە ناو دڵان...؟! جاوەکەی خۆم گەورەیی خۆت لەو دڵانە دەربینە و پێی بژی... سەروەت و سامانت ئەگەر هەبوو، بەخۆشەویستیی بدە... داکم بەڕەحمەت بی، ڕەحمەت لۆ مردی هەر باشە، دەیگۆت وەسیەت بی کچەکانم

ئەگەر پارەتان هەبوو، هەر بەزێڕی بدەن، چونکو هەر وەختەک بیفرۆشنەوە، هەقی خۆی زیاتر دەکاتەوە... هەوکە ئەمن دەزانم ئەو قسەیەی داکم چەند گوناحە... وەسیەتی من لۆ توو هەر ئەوەیە، هەر چت هەبوو، بەخۆشەویستیی بدە، قیمەتی وی قەت ناگۆڕێ... ڕەنگە بنیادەم لە کەلاوەکی بژی و پارەی نانی ڕەقی نەبی، بەس بەو خوایەی هەر لەوێ دەتانی خۆشەویستیی بەدەستکەوی.

– ئەمنیش ئەوەی دەڵێم دامین... هەردوو جارەکە پارەکانم دا وی، بەس ئەوان لۆم گەڕانەوە و بەکەڵکی خۆشم هاتن... سوندیشم خوارد هەتا مامە بەپارە هیچ چشتەکی نەکڕم.

– ئەوجا مەرگم بەپێشت کەوی هەوکە دەزانی ئەمن لۆ ئەو سەروەتەی خۆمان ناشارمەوە و لە دزان ناترسێم.»

«جاوە» دەیتوانی دەرگاکە بەقوفڵ داخات و ئەوان نەتوانن بەئاسانی زەفەری پێ بەرن... پەنجەرەکەش بەشی خۆی مکۆم بوو و بۆیان نەدەشکا، بەڵام وای نەکرد... لەسەر پیاسەکەی بەردەوام بوو و وشەکانی دەوتەوە... دەرگای ژووری ئەودیو جیڕەجیڕی لێوەهات و دوای تاوێ کرایەوە... هیچی وای تێدا نەبوو بەکەڵکیان بێت، بێجگە لە ڕیکۆردەر و کاسێتەکانی «دامین»، کە زۆربەیان قورئان و وانەی ئایینیی بوون و ڕۆژانە بەدەم گریانەوە گوێی دەدانێ... هەندێ جار بەدیاریانەوە خەوی لێ دەکەوت... ئاخر ئەو بەدرێژاییی شەو بێدار بوو و بەڕۆژ چەند سەعاتێ ئاوا چاوی لێکدەنا... «جاوە» دەهات و بەو لێفە شڕەی سەر ئەو سەندووقە دایدەپۆشی... ڕەنگە ئێستا دەرگاکانی ئەو سەندووقەیان کردبێتەوە و بەڕووناکیی لایت لە پارە و زێڕ و زیو بگەڕێن، بەڵام هیچ نادۆزنەوە و وازی لێ دەهێنن... ئینجا دێنە ئەو ژوورەی «جاوە» و باوەڵەکە بەتاڵ دەکەن... ئەوا گەیشتن... دووانی تێکسمڕاون... دەمامکی خۆیان داوە... چەقۆیان خستە سەر سنگی... خۆی تێکنەدا... ڕیتمی قسەکانی نەگۆڕان... پاڵێکی قایمیان پێوەنا و لە سووچی ئەوسەر خۆی گرتەوە... بەجێیانهێشت... باوەڵەکەیان هێنایە خوارێ... کردیانەوە... شاگەشکە بوون... بردیان... چاویان بەهەموو لایەکی ژوورەکەدا گێڕا... هیچی دیان نەبینی... لە دەرگا چوونە دەرێ... ئەم لەسەر جێگاکەی نووست... نیوەڕۆ بێداربووەوە... «دامین»ی نەبینی... ئەودیوی بۆ گەڕا... نەبوو... ناندین و حەمام و ئاودەست... نەبوو... بەردەرگا و ئەمسەر و ئەوسەری کۆڵان... نەبوو... ناو قەیسەری و بناری قەڵا... نەبوو... نەیدۆزیەوە... گۆڕستان... پەنا چێورمەی گۆڕی ئەو چوار برایەی بەهۆی ئەمەوە خوێنیان ڕژابوو... ئەوەتا لەوێ بەدەمدا کەوتووە... گیانی دەرچووە... دەستەکانی لەسەر قورئانەکە مردوون... ویستی بگری... دەموچاوی برنێتەوە... سەری بەکێل و پەرژینی ئەو گۆڕانەدا بکێشێت... پڕ بەهەموو دەنگی هاوار بکات، بەڵام هەر زوو پەشیمان بووەوە... پشتی تێکرد و نەیویست چیتر بیبینێت... بەڕاستی نەزانی هەواڵەکە بەرێتەوە ئاوەدانی و بەم و بەو بڵێ دایکی وا لەو گۆڕستانەدا مردووە... زەحمەت بوو ڕستەیەکی ئاوای لە دەم بێتە دەرێ... تەنانەت چاوەڕێی نەکرد دوای نیوەڕۆ خەڵک بێن و هەر لەو شوێنە بەخێری خۆیان بینێژن... هیچ نەبووایە پێی بوتنایە ئەمە کێیە، تا ناوەکەیان لەسەر بەردێک بنووسیبا... تازە بەبێ ناونیشان لە گۆڕی دەنێن و کەسێک نییە بیریشی لێ بکاتەوە... ئەوەتا «جاوە» بەرەو ئەو شوێنە کەوتە ڕێ، کە ئەم بەیانییە خەونی پێوە دی... سێگۆشەی نێوان «سەیداوە»، «ئیسکان»،



«بەلاشاوە»... قەراغی ئەو گۆمە پیسە... لەوێ ڕووی کردە ئاسمان و مات و زەلیلانە وتی:

– خوایە هەتا دوونێش منداڵ بووم، بەس لەوڕۆوە خۆم بەگەورە دەزانم... ئەخر بنیادەم وەختەک گەورە دەبی، وەکی بێ داک دەمینێتەوە... ئیدی داکم مرد و چیتکە منداڵ نییمە... ئەمن هەر بەگەورەیی لە داکی خۆم ببووم و دامین کردمیەوە منداڵ... تازە قەت باوەڕ ناکەم دامینەشکەم بەدەست بکەوی و منداڵیی من تەواو... لێرەوە هەر دەبی ئاخی هەڵکێشم... هەر دەبی بڵێم بەمنداڵیی چەند گەورە بووم و هەوکە بەگەورەیی چەند گچکەمە... منداڵیم تێپەڕیە و ئەمنیش وەکی دامینی لێت دەترسێم، بەس جێیەکم نییە عیبادەتی تووی لێ بکەم... بستەک عەردی پاک نمایە بنیادەمەکانت پیسیان نەکردبی... دەشزانم عەقڵم تێکچووە و زمانم شێوایە... هەر قسەکی بکەم، بێمەعنایە، بەس هەتا مامە فکر لە خۆشەویستیی تووە دەکەمەوە... خودایە لە ئێستاوە غەریبیی خۆشەویستیی تووە دەکەم... خودایە بەبێ خۆشەویستیت ناژیم... شێت دەبم... بەزگ دەدەم.

«جاوە» بوونەوەرێکی دەستەپاچە بوو و تواناکانی بڕیان نەدەکرد، بەڵام خەونەکانی سنووریان نەدەناسی... ئەگەر ژیانی ئەو بکرێت بەچیرۆکێکی کورت یان یەکێکی درێژ، یاخود ڕۆمانێ، ئەوا تەنها ئەم ناونیشانە هەڵدەگرێت: «دۆنکیشۆتێکی بچووک لە سەدەیەکی درەنگدا»... ئەو مەبەستی بوو هەموو ئەو بەها و سیگناڵانە لە خۆیدا بکوژێت، کە دەیکەنە مرۆڤ، بەڵام مرۆڤ بەبێ ئەمانەش ئەوی قەبووڵ نەبوو... بەکورتی ئەو ئەگەر بشیویستایە، هەر نەیدەتوانی ببێت بەئینسان... ئەو ئینسانەی داهێنەری گەورەترین پۆخڵەواتە، کە ئینسانیەتە... «جاوە» نەیدەویست بمرێت و تەحەدای هەموو میکرۆب و نەخۆشیەکانی دەکرد، ڕەنگە ئەمەشی هەر بۆئەوە بووبێ، تا بەتەواوەتی لە مرۆڤ جیا بێتەوە... بەڵگەش ئەوەیە شەوێک لەناو ئەو سێگۆشەیەدا کوشتیان و هەر لەوێ بەبێ ناونیشان نێژرا... ئەمە ڕووداوێکی ترسناک بوو و نەدەکرا لە بیر خۆمانی بەرینەوە... نەشماندەزانی بڵێین: «خوێنی فەیلەسووفێکی بچکۆلە لە قەراغی گۆمێکی لیخندا ڕژاوە»... ئەگەر «سوێرێن کیەکاگۆرد Søren Kierkegaard»ی فەیلەسووفی دانمارکی و داهێنەری فەلسەفەی ئێکسیستێنتیالیزم لە تافی لاویدا گیانی سپارد، ئەوا «سوێرێن کیەکاگۆرد»ی ئێمە بەمنداڵی تیرۆر کرا... «مام کافر» ئەو نیوەڕۆیە نەیتوانی وەکو نیوەڕۆی ڕۆژانی دی نان و ماستاوەکەی بخوات و لەسەر تەختی ئەو گازینۆیە زۆر زۆر گریا... پێشتر پێی وتبووین گریانی منداڵ جوانییە، هی گەنج عەشقە، هی پیر نائومێدیە... ئەو ڕۆژە ئەوەندە بەسۆزەوە فرمێسکی هەڵدەڕشت، وای بۆچووین ئەم باوکی «جاوە»یە و گوناحە گەورەکەش، کە نایەوێت باسی بکات، هەر ئەمەیە... تەنانەت هەندێک وتیان هەر خۆشی شەو بەدزییەوە کوشتی، بۆ ئەوەی چیدی درێژە بەو ژیانە ناهەموارەی نەدا و لەوە زیاتر ئازار نەچێژێت... ئاخر کێ لە «جاوە» و لە «مام کافر» و لەو شارەی ئێمە تێدەگەیشت...!!

«مام کافر» لەم دواییەدا چونکە چاوەکانی ئێجگار کزبووبوون، بەچاکی ڕەنگەکانی سەر کارتۆن و زارەکەی بۆ لێک جیا نەدەکرایەوە، بۆیە زۆر جار یان فێڵیان لێ دەکرد، یان ئەو بەناهەق دەستی بەسەر پارەی ئەواندا دەگرت... ئێوارەیەکیان ئەو زاڵمانە ئەوەندەیان لێ دا، دەموچاوی خوێنی لێ دەچۆڕایەوە...

ئیتر لەمەوە وازی هێنا و نەمانزانی چی بەسەر هات... باش بوو «ڕزگار»ی هاوڕێم نەیبینی، ئەگینا زۆر خەفەتی دەخوارد و دڵنیابووم دەشگریا... ئەو ڕۆژەش لەناو ئەو باخەی ماڵی «عادیل»ی پوورزای «مەرجان مووسڵاوی» هەر زوو زوو دەستی دەخستە سەر برینەکانی دەموچاوی خۆی و دەیوت:

– ئەگەر یەک بەیەک دەهاتن، دەتدیت چم لێ دەکردن...!!

زیانەکەی تەنها بەهی خۆی دەزانی، کەچی بۆ قازانجەکەی دەیوت:

– هەر ئەمە بردمانەوە، چونکە وا هاتینە ژۆرێ و بیبسییشمان وەرگرت... وەنییە...؟!

زۆر ڕاستە هاوڕێ خۆشەویستەکەم، وا نەبووایە من نەمدەتوانی ئەو هەموو لەزەتە لە گۆرانیی کچێکی دڵداری وەکو «مەرجان مووسڵاوی» وەربگرم... هەر ئەمەش پاڵی پێوەنام ئەوەندە بیری لێ بکەمەوە و هەمیشە ژیانە تایبەتیەکەی بێنمە بەرچاوم... تۆش پێت وتم ئەوان یەکتریان خۆش دەوێت و بۆت گێڕامەوە چۆن بەنیگای چاو ڕێگا دوورەکانی نێوانیان بۆ چەند چرکەیەک کورتکردۆتەوە... بەڵام دواتر تۆ بەچارەکی منت لە بارەیانەوە نەدەزانی... ئاخر خستبوومە ژێر چاودێریی خۆمەوە و زۆر جار هەنگاو هەنگاو دوایان دەکەوتم... دیارە تۆ دەزانی من هەرگیز لەم کارەم مەبەستی خراپم نەبووە، بەڵکو عەشقی ئەو عەشقەیان بووم و دەمویست لەگەڵیان بژیم... دەبا پێت بڵێم: هیچ کەسێ ئەوەندەی «مەرجان» حەزی لە قسەی خۆش و گاڵتە نەدەکرد... ئەکتەرێکی بەتوانا بوو و دەیزانی چۆن چۆنی بەسەرهاتەکان بگێڕێتەوە... دەشیزانی چۆن هەموو ئەندامەکانی جەستەی بەجارێ بخاتە جووڵە و ڕۆڵی شیاویان بەسەردا دابەش بکات... ئەو جەستەیەی کە تەنها بۆ ئەوە بوونی هەبوو تا سنوور بۆ خورافەکانی ناخی دابنێت... یاخود قاڵبێک بوو و خەیاڵە سەیر سەیرەکانی ئەوی لە خۆیدا هەڵگرتبوو... کاتێ مێردەکەی دەچووە دەرەوە، دەستەکانی دەخستە سەر ئەم شان و ئەو شانی و وەکو دووعا گۆرانییەکی زۆر تایبەتی بەسەردا دەخوێند، بۆ ئەوەی لە ناخۆشی و گرفتەکان بەدوور بێت و بەسەلامەتی بگەڕێتەوە... کاتێ دەگەڕایەوە، باوەشی پێدا دەکرد و گۆرانییەکی دیکەی بەسەردا دەخوێند... ئەمەیان بۆ ئەوە بوو ڕق و کینە و دڵپیسیەکان لە ناخی بچنە دەرێ و ئاسوودەیی لە ماڵەکەیان بەرقەرار بێت... نانخواردن و خۆشتن و یاری و دەستبازی و شتەکانی دیکەش گۆرانیی تایبەتیی خۆیان هەبوو و ئەمیان لەویان نەدەچوو... هەموو نهێنیەکانی ژیانی «مەرجان» لای من بوون... دڵی کاتژمێرێکی گەورەی قەد دیواری کەنیسەیەک بوو و ورد ورد دەمخوێندەوە... تەنانەت دەمزانی شەوانە چەند خەون دەبینێت... ڕەنگە وابزانی من هەر لە خۆمەوە ئەمانەم هەڵبەستووە، بەڵام بڕوا بکە هەمووی ڕاستیە... ئەگەر پێشت بڵێم ئەو خۆی هەندێکیانی لە نووکەوە بۆ دەگێڕامەوە و هەندێکیشیانم بەچاوەکانم دەبینی، ئەوا تۆ دەمت دادەپچڕی و دەپرسی: «چۆن...؟! کەی...؟! لە کوێ...؟!»... من ئەگەر بمەوێ سەرتاپای ئەو ڕووداوانەت بۆ بگێڕمەوە، ئەوا دەبێ لە سەرەتاوە ئەو ڕۆژگارەت بیر بخەمەوە، کە من و تۆ و یەک دوو هاوڕێی دیکەمان لەو دەشتەی بەرامبەر ماڵی «مەرجان مووسڵاوی» کۆدەبووینەوە و بەزمانە ساکارەکەی خۆمان باسی دەیان مەسەلەی جۆراوجۆرمان دەکرد... ئاخمان بۆ شکستی لەپڕی شۆڕش هەڵدەکێشا و دڵنەواییی یەکترمان دەدایەوە... نەورۆزی ئەو ساڵە هەتاوێکی خۆش بوو و خەڵک پۆل پۆل ڕوویان لەو دەشتە دەکرد... شار چۆڵ چۆڵ،



کەست تێدا نەدەبینی... دایکم نەخۆش بوو و ئێمە لە ماڵ ماینەوە... دوای نیوەڕۆ بەتەنیا چوومە ئەوێ و «مەرجان»م لە بەردەرگای خۆیاندا بینی... خەمناکانە دانیشتبوو و لە «تاڤگە»ی کچی ڕادەما... ئەو یاریی بەو بەردە وردانە دەکرد، کە هیچ کامێکیان لە دەنکە زەنگیانەیەک گەورەتر نەبوون... ئاوی باران لە دووری دوور دوورەوە، لەو شوێنەی من تا ئەو کاتەش پێم وابوو مردووەکانی لێ زیندوو دەبنەوە و شەوان ڕۆژ لەوێ سەرخەو دەشکێنێت، هێنابوونی و لە قەراغی ئەو جۆگەلە باریکەدا بەجێی هێشتبوون... ڕەنگی جۆراوجۆریان هەبوو و لە بەرتیشکی هەتاوی سەرەتای ئەو بەهارەدا دەبریسکانەوە... بەپەنجە بچکۆلەکانی کۆیدەکردنەوە و دەیخستنە شووشەیەکی مەیلەوسوورەوە... ئەوسا جوانتر دەردەکەوتن و دەمتوانی دەیان نهێنییان تێدا بدۆزمەوە... ئەوە ئەگەر لە دەرەوە لێیم بڕوانیبا، بەڵام من بەرگەی بینینی دیمەنی ئاوام نەدەگرت، هەر بۆیە خێرا کێشی کردم و وەکو وردەبەردێ خۆم لەناو ئەو شووشەیەدا بینیەوە... ئەوەتا «مەرجان» لێمان دەڕوانێ و چۆتە خەیاڵێکی قووڵەوە... ڕەنگە بیر لە دانانی ئاوازێک بکاتەوە، تا بمانکات بەهەڵبەستی گۆرانییەکی تازەی... گۆرانییەک وشەکانی لە کۆمەڵێ بەردی خورافی پێکهاتووە و بەم نەورۆزە دەیچڕێت... ئێستا من لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر لە «مەرجان» دەگەم و چاکتر پەی بەنهێنییەکانی ناخی دەبەم... «تاڤگە» بەبێ ویست ڕامانده‌شەقێنێت و بەر یەک دەکەوین... هەر یەکێکمان تۆنێکی جیاوازمان هەیە و دەیان ئاوازمان لێ دەخوڵقێنێت... بەڵام ئاوازێکی خەمناک... بەڵێ خەمناک تا ئاستی ڕەشبینی... کاتێ شار چۆڵ دەبێت، شتەکان ترسناک دەردەکەون... ئەمە قسەی «خەجیج ساڵەیی»ی نەنکم بوو، بەڵام ئەو ساکارانە ئەمەی دەردەبڕی... نەورۆزی ساڵی حەفتا لە نەورۆزەکانی پێشتر نەدەچوو... هەمووی دە ڕۆژ بوو پەیمانی یانزدەی ئازار مۆر کرابوو... گەورە و بچووک ڕوویان لە «کونەگورگ» کرد و لەوێ ئاهەنگێکی بێوێنەیان گێڕا... شار چۆڵ چۆڵ... نەنکم ترسێکی سەیر دایگرتبوو و دەگریا... خۆ ئەو نابینا بوو و چاوەکانی هیچ شتێکیان نەدەدی... کات و شوێن چ مانایەکیان بۆ ئەو مابوو، هەتا لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر بیرۆکەی چۆڵبوونی شار بیتۆقێنێت...؟! لەگەڵمان نەهات و بەتەنیا لە ماڵ مایەوە... من ئەوسا منداڵێکی شەش ساڵان بووم و لەوە تێنەدەگەیشتم... نەشمدەتوانی بەراوردی نێوان ئەم و ئەو منداڵە بێکەسەی کارەکتەری یەکێ لە چیرۆکەکانی بکەم... ئەوەی شەوان درەنگ درەنگ بەپێی شەقارشەقاری دەچووە ئەو دەشتە و گوڵی دەچنی... بەیانییان زوو زوو لە شارێکی پڕ لە شەڕ و ئاژاوەدا دەیویست بیانفرۆشێت... بەدەنگە ناسکەکەی و بەجوانترین نەغمە هاواری دەکرد:

– گوڵی ئەو دەشتەی بێجگە لە من کەس نایبینێت... گوڵی ئەو دەشتەی بێجگە لە من کەس پێی نازانێت.

بەڵام بێهوودە بوو و لێیان نەدەکڕی... هەر دەتوت گوێشیان لێی نییە... ئەوسا هەستی بەچۆڵ بوونی شار دەکرد و زەندەقی دەچوو... بەخۆی دەوت: «ئەرێ ئەوە چشتەکان نەماون، یان چاوەکانی من...؟! کوان ئەو خەڵکە...؟!» تاقە کچێک لە دەرگا بەخەمبارییەوە سەری دەردەهێنا و لێی دەڕوانی... گریان قوڕگی دەگرت و بەئاماژەی پەنجە ناسکەکانی پێی دەوت پارەی نییە، ئەگینا هەموویانی لێ دەکڕێت... ئەو کچە

کوڕێکی هەژاری خۆشدەویست و باوکی ڕازیی نەدەبوو شووی پێ بکات... کوڕەکە دابوویە کێو و نەیدەویست بگەڕێتەوە ئاوەدانی... لەوێ گۆرانیی بۆ دڵدارەکەی دەچڕی و چریکە خۆشەکەی لە ئەشکەوتەکان دەنگی دەدایەوە... کەنارییەکان بۆیان دەسەندەوە و تێکەڵ بەنەغمە دڵگیرەکانی خۆیان دەکرد... ئینجا منداڵە گوڵفرۆشەکە پێی دەوت:

– وەرە بەئارەزووی خۆت چەپکێ هەڵگرە... بەخۆڕایی دەیدەم بەتۆ.

ماڵەکەیان لە شوێنێکی کەمێ بەرز بوو و دوای بڕینی چوار پایەی قادرمە دەگەیشتە بەردەرگاکەی... لەوێ لە چاوە فرمێسکاویەکانی دەڕوانی و پێی دەوت:

– دەستت درێژکە و چەپکێ هەڵگرە... بۆنەکەیان هەڵمژە و با فرمێسکەکانت بڕژێنە سەریان... چی هەیە جوانتر لەو گوڵەی بەفرمێسکی کچێکی عاشقی دڵشکاو شۆرابێت...!!

ئەو هەر بەسەرلەقاندن تێیدەگەیاند، کە دڵی نایەت لەویان بستێنێت... ڕێ و ڕێ دەگەڕایەوە و لە ناوەڕاستی کۆڵان لە پرمەی گریانی دەدا... ئینجا هەر بەو گریانەوە هاواری دەکرد:

– گوڵی ئەو دەشتەی بێجگە لە من کەس نایبینێت... گوڵی ئەو دەشتەی بێجگە لە من کەس پێی نازانێت... ئەو گوڵەی کچێکی عاشق ناوێرێت بۆنی بکات.

تا دەگەڕایەوە ئەو کەلاوەیەی لە قەراغی شار بوو و تێیدا دەژیا، فرمێسکی هەڵدەڕشت و بەگوڵەکان دەیسڕین... ئینجا لەوێ هەڵیدەدانە سەر ئەوانەی ڕۆژانی پێشوو، کە بەبەرزاییی چەند مەتر لەو بەردەمەدا کەڵەکە بووبوون و «کات» دوا تنۆکی شیلەیانی دەمژی... ئەو پیرەمێردەی لەگەڵی دەژیا چەند ئامۆژگاریی دەکرد تا واز لەو پیشەیەی بێنێت، یان هیچ نەبێ لە کاتێکی دیکەدا بیکات، نەک پێش هەتاوکەوتن، کەچی ئەو گوێی لێ نەدەگرت و هەر وازی نەدەهێنا... پیرەمێردی نەگبەت لە دڵەوە ئەوی خۆشدەویست و بەزەییی پێدا دەهاتەوە... زۆر جار کە لەوێ دەنووست و لە سەرمان هەڵدەلەرزی، بەقاپووتە دڕاوەکەی خۆی دایدەپۆشی... هاوین بووایە باوەشێنی دەکرد... یان کاتێ بەداو لەو زبڵدانە گەورەیەی ئەوبەریان چەند باڵندەیەکی بگرتایە، لەسەر چیلکەدار دەیبرژاندن و بەشی ئەویشی دەدا... ئیدی دەیزانی ئەم کارەی ئەو زۆر بێمانایە و ئەگەر دەستبەرداری نەبێت، ژیانی خۆی لە پێناو دادەنێت... پێی دەوت:

– کوڕی خۆم بڕوانە ئەو بازرگانەی ناو ئەو قەیسەریە تاریکە و بزانە چەند ئاقڵە... دەزانێت سەردەمی شەڕ و کوشتارە و خەڵک تازیەبارن، تەنها کوتاڵی ڕەش لە شارە دوورەکان دەهێنێت و ڕۆژ بەڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبێت... هەر لە تەنیشتیەوە بازرگانێکی دیکە هەیە و قوماشە ڕەنگاوڕەنگەکانی تۆزیان لێ نیشتووە... هاکە زانیت لە برسان مرد... خەڵکی زۆرزان دەزانن چی ساغدەبێتەوە، ئەوە دەفرۆشن... تۆ بزانە ئەو بازاڕە چۆن گۆڕاوە...!! ئەو دوو ڕیزە دووکانە دەبینی، کە لەمبەر چەک دەفرۆشن و لەوبەر چەخماخچی چاکیان دەکەنەوە...؟! ئەوانە جاران هی عەتر و پاقلاوە و بولبول و کەروێشک و شتی دیکە بوون... ئەو عەرەبانانەت بینیوە فیشەکدان و کیفی خەنجەر و قایشوقرۆشیان بەسەرەوەیە...؟! ئەوانەت پێش شەڕ لە هیچ شوێنێکدا نەدەبینی.



شەوێکیشیان لەکاتێکدا لەو دەشتە گوڵەکانی دەچنی، لەناکاو پیاوێکی لێ پەیدابوو، کە بەدوو دارشەق بەرێدا دەڕۆیشت... لەژێر تریفەی مانگی چواردەدا سەرنجی لە سیمای خەمناکی دا و بەزەییی پێدا هاتەوە... ئەو لەشەی وا وشکبووبووەوە، ئێسقانەکانی دەرکەوتبوون... لەگەڵ دارشەقەکانی بنباڵی جیا نەدەکرایەوە و ئەوەی دەیبینی، شتێک بوو لە دار دروست کرا بوو و هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ڕۆح بتوانێت لەناو جەستەیەکی بێکەڵکی ئاوادا بژی... سێبەرەکەی لەسەر زەوی وەکو سەماوەرێکی قووپاو دەرکەوتبوو و ترسی دەخستە دڵیەوە... ئەو لێی نزیککەوتەوە و پێی وت:

– کوڕی شیرینم من دەزانم تۆ لە کەیەکەوە خەریکی ئەو کارەی و دەشزانم ڕۆژێ دێ پەشیمان دەبیتەوە... دیوتە من بەدارشەق دەڕۆم...؟! ئەوە لەبەر ئەو خەڵکە وام لێ هات، کە تۆ دەتەوێ گوڵیان پێ بفرۆشیت... ساڵێک باران نەباری و ئاو ڕۆژ بەڕۆژ کەم دەبۆوە... منیش بەدەمی خۆم نەڵێم لە هەموو شارەکە بەئازا ناسرابووم و دەیانزانی چەند بەهێز و دەستڕەنگینم، لێم پاڕانەوە تا بیرێکیان بۆ هەڵکەنم... براکەمم هێنا و شەو و ڕۆژ ئیشمان تێدا دەکرد... من هەڵمدەکەنی و ئەو لە سەرەوە بەدۆڵچە خۆڵەکەی هەڵدەکێشا... بەڵام چونکو ئاوەکە زۆر لە قووڵاییی زەویدا بوو، هەر پێی نەدەگەیشتم... ڕۆژێکیان ڕەشەبایەک هەڵی کرد و پیرەداری بەڕەگەوە لەژێر عەرد دەردەهێنا... بەبراکەمم وت شتێ بخاتە سەر دەمی بیرەکە، نەبادا پڕی بێت لە دار و بەرد و گیانم تێیدا دەربچێت، بەڵام ئەو بەجێیهێشتبووم و خۆی گەیاندبووەوە ئاوەدانی... من لە باوکمەوە چیرۆکێکم بیستبوو و کەڵکم لێ وەرگرت... بۆیە وازم لەوە هێنا عەردەکە قووڵ بکەم، بەڵکو ئەمجارە کونێکم لە تەنیشتەوە کرد، بۆ ئەوەی بچمە ناویەوە و خۆم لە مردن بپارێزم... توانیم تا ناوقەدم بەرمەناوەوە، بەڵام فریای قاچەکانم نەکەوتم... کۆمەڵێک بەرد کەوتنە ناو بیرەکەوە و بەریان کەوتن... ئازارێکی زۆرم هەبوو و نەمدەتوانی بیانجووڵێنم... هەر دوای ئەو ڕەشەبایە، بارانێک دایکرد، لە هەموو ژیانمدا شتی ئاوام نەدیبوو... وردە وردە ناو بیرەکە پڕدەبوو لە ئاو... ئەگەر لێم بپرسی چۆن هاتمە دەرێ، ئەوا نازانم چ وەڵامێکت بدەمەوە... ڕەنگە لە ترسی مردن پاشماوەی هێزی گیانم کۆکردبێتەوە و هاتبێتمە دەرێ، چونکە من مەلەوانێکی باشیش بووم... خەیاڵت بۆ ئەوە نەچێ خەڵکی ئەو شارە ڕزگاریان کردبێتم، چونکو ئەگەر وابووایە، یارمەتیی دیکەشیان دەدام و ئاوا پشتیان تێنەدەکردم... کاتێکم زانی وا لە بەردەمی بیرەکە کەوتووم و قاچەکانم داڕزاون... دەمویست بەخشکەخشک خۆم بگەیەنمەوە ئاوەدانی... لە ڕێگا کۆمەڵێ قەرەجم بینی... کەلوپەلیان خستبووە سەر پشتی ئێستر و کەرەکانیانەوە و بەلامدا تێدەپەڕین... ئەوانیش لەو خەڵکە نائومێد بووبوون و بۆ شوێنێکی دوور دوور دەیانگوێزایەوە... بانگم کردن... هەڵیانگرتم... زۆر دەستەودامێنیان بووم، بەشکوو لەگەڵ خۆیانم بەرن و لێرەم دوورخەنەوە، بەڵام وتیان: تۆ پیاوێکی باشیت و شاری خۆت بەجێمەهێڵە... ئێ ئەوە دنیایە بتوانی بیانگۆڕی...!! لە بەردەمی کەلاوەکەمیان دانام و ڕۆیشتن... ئینجا لە برا و دراوسێ و لەم و لەو دەپاڕامەوە فریام بکەون، بەڵام کەس گوێی پێ نەدەدام... ئەو بارانە خێر و خۆشیی بۆ هێنان و منیان بیرچووەوە... سواڵیشم نەدەکرد... ئێستاش نایکەم... نەک لەبەرئەوەی شەرمم پێیە، بەڵکو دەزانم خێر لەم شارە نەماوە... تۆش وازبێنە کوڕی خۆم... پەشیمان دەبیتەوە.

منداڵێکی کەللەڕەق بوو و لە قسەی خۆی نەدەهاتە خوارێ... بەپیشەی هەمیشەی شەوان درەنگ درەنگ بەپێی پەتی بەرەو ئەو دەشتە ڕایدەکرد و گوڵی دەچنی... بەیانییان زوو زوو بەڕاکردن دەهاتەوە و کۆڵان کۆڵان دەیگێڕان... تا ڕۆژێ لە گۆڕەپانێکدا برسیەتی زۆری بۆ هێنا و خستی... نەیتوانی هەستێتەوە و گیانی دەرچوو... گوڵەکان لەناو دەستیدا وشکبوونەوە و با هەڵیوەراندن... هیچ کەسێ بەلایدا نەدەچوو و گۆڕیان بۆ هەڵنەدەکەند... تەرمەکەی بۆگەنی کرد و گوڵە بۆنخۆشەکانیش بەسەرچوون... گەڵایەکی وشکبووەوە گەیشتبووە ئەو ئەشکەوتەی کوڕە دڵدارەکەی تێدا دەژیا و هەڵیگرتەوە... بۆنی کرد و هەر خێرا گەڕایەوە... لە دەرگای ماڵی کچەکەی دا و باوکی بەڕووی خۆشەوە لێی کردەوە... کچەکەیان دایە و زەماوەندیان بۆ گێڕا... منداڵان دەچوون لەو دەشتە گوڵیان دەچنی و بەسەر ئەو ژن و پیاوانەیاندا دەباراند، کە لەو گۆڕەپانەی گوڵفرۆشێکی بچکۆلەی تێدا مردبوو، بەجلی ڕەنگاوڕەنگەوە دەستی یەکدیان گرتبوو و دڵخۆش دڵخۆش هەڵدەپەڕین... بازاڕ داخرا و تەنها بازرگانە چاوچنۆکەکە دووکانی کردبووەوە، بۆ ئەوەی بەدیار قوماشەکانیەوە بگری، چونکە خەڵکی شار تێکڕا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون چیتر جلی ڕەش نەپۆشن.

من هەقم بەسەر گۆرانی و هەڵپەڕکێی ئەو خەڵکەدا نەبوو و بۆ ئەو منداڵە گوڵفرۆشە دەگریام... لای من چیرۆکەکە لەوێ کۆتاییی دەهات و ئەو پاشکۆیەی دوای مردنی هیچ مانایەکی پێ نەدەبەخشیم... ئینجا نەنکم سەرمی دەخستە سەر ڕانی و پێی دەوتم:

– مەرگم بەپێشت کەوی، ئەوە هەقایەتە... گریانی ناوێ... لۆیە دەیگێڕمەوە، هەتا پەندی لێ وەربگری.

ئەو ڕۆژە کە بەتەنیا لە ماڵ بەجێمانهێشت و ئەو دەگریا، من نەمدەتوانی دڵنەواییی بدەمەوە و پێی بڵێم:

– نەنکە ڕۆحەکەم ئێمە دەچینە دەشت و ئاهەنگ دەگێڕین تۆ ئەو فرمێسکانە بۆ هەڵدەڕێژی...؟!

ئاخر من وەکو ئەو لەوە تێنەدەگەیشتم، بیرۆکەی چۆڵبوونی شار چەند ترسناکە...!! بەڵام شەش نەورۆز دوای ئەوە کاتێ «مەرجان»م بینی، موفارەقەیەکی سەیرم بەدی کرد... خەڵک دەچن لە دەشت و کێوەکان ئاهەنگ دەگێڕن و چاکترین گۆرانیبێژی نەناسراویشیان لەناو شاردا بەجێهێشتووە...چ ڕۆژێکی سەیر و جیاوازە ئەمڕۆ...!! یەکەمین جارە ئەوەندە لێیان نزیکبکەومەوە و بمەوێت بیاندوێنم... باشە من چییم لەو ژنە دەوێت...؟! بۆچی ئەوەندە بیری لێ دەکەمەوە...؟! بەزەییم پێیدا دێتەوە، یان خۆشیمدەوێت...؟! حەزم لە خۆیەتی، یان لە دەنگی...؟! شەوانیش تا چاوم دەچێتە خەو، لەناو خەیاڵەکانمدا دەیهێنم و دەیبەم... دەست دەکەمە ملیەوە و دڵنەوایی دەدەمەوە... بەپشتی پەنجەکانم فرمێسکەکانی دەسڕم و سەری دەنووسێنم بەسنگمەوە... لەپڕ هەستێکی سەیر، کە خاڵیی نییە لە گوناح و بێویژدانی، لە دڵمدا هەڵدەتۆقێت و دەمەوێ ماچی بکەم... ترسێک دامدەگرێت و پەشیمانم دەکاتەوە... ئەو ترسە چییە...؟! نازانم... جارێکیان بەپارێزەوە دەمم خستە سەر ڕوومەتی... نەء، لە پێشدا چەناگەمم لەناو قژیدا نوقووم



کرد... تا ئەو کاتەش وامدەزانی دەمەوێت بۆی بگریم، بەڵام نازانم چی بوو لەپڕ وای لێکردم ماچی کوڵمی بکەم... پێش ئەوەی ئەو هیچم پێ بڵێت، هەر خێرا بەخۆمم وت: «چەند ژنێکی گوناحە...!!»... ویستم مەغزای ماچەکە بگۆڕم و ئەو حاڵەتە ناخۆشە لە دڵمدا بکەمە دەرێ... هاوکات ئەو سەیرێکی کردم و ویستی شتێ بڵێت، بەڵام نەیوت و سەری داخست... خۆزگە دەمزانی دەیەوێت بڵێ چی... یان بریا گوێم لە دەنگی ناخی بووایە... پڕ بەدڵ پێم خۆش بوو زللەیەکی قایم تێسرەوێنێت... بزانە چەند ناپاکم...!! چەند بێویژدانم...!! ئەو هەستە پیسە چی بوو لە ناخمدا دەرکەوت و نەمتوانی سەرکوتی بکەم...!! ئەگەر برادەرەکانم بزانن من ژنی شۆڕشگێڕێکم ماچکردووە، کە ئێستا لە زیندان بەناشیرینترین شێوە ئەشکەنجەی دەدەن، چییم پێ دەڵێن...؟! بێگومان ڕیسوام دەکەن... هەقی خۆشیانە... ئەو جارە «جاسمی»ی کوڕی «ئەنوەر خەفاف» چۆن «سەربەستی عەریف فوئاد»ی دایە بەر کەللە، چونکو وتی بەچاوی خۆی بینیویەتی «قومری لەقلەق» چۆتە ماڵەکەی... ئەو قسەیەی چۆن ئاوا بەئاسانی لە دەم دەرچوو...؟! مانای ئەوە بوو «مەرجان» بۆتە سۆزانی و هاتۆتە ڕیزی «مونیرە» و «نەهلە» و «پەروین» و ئەوانی دی... خۆزگە دەقەیەک پێش ئەوە گوللەیەکی وێڵ سەرگۆی دڵمی بپێکابا و لە جووڵەی بخستمایە، بەڵام گوێم لەو چەند وشەیە نەبووایە... ئەو چەند وشەیەی، کە لای من وەکو ژەهر وان، ئەگەر بیانخەیتە ناو دەریای زمانەوە، تانوپۆی ژەهراویی دەکەن و گیانلەبەری تێدا ناهێڵن... کاتێکیش خوێنی دەم و لووتی دەسڕی، وتی:

– دە وەللاهی زۆر چشتی تکەش دەزانم و شایەدیشم لۆ یەک بەیەکیان هەیە.

«جاسم» ئەوەندە تووڕە بوو، چەند جارێ سەری خۆی بەدیواری قوتابخانەی «قازی محەمەد»دا کێشا... وتم ناوچەوانی دەتەقێت و مێشکێ بەو بەردە ڕەقانەوە دەنووسێت... بەس باش بوو هیچی لێ نەهات... کاتێ تووڕە دەبوو، لە شێتێکی تەواو دەچوو و چاوەکانی دەردەپۆقین... ئێمە توند توند گرتبوومان و ئەو خۆی ڕادەپسکاند... دەیویست جارێکی دیکەش دەرفەت بێنێت و لە چرکەساتێکدا ڕۆحی لە کونی لووتیەوە دەربکات... «سەربەست»یش لە تاوی ئازاری دەم و لووتی، نەیدەبڕیەوە و تا دەهات شتی بێماناتری دەوت:

– بڕۆ لێی بپرسە لۆ ڕۆژی بارانەکەی لە کن حەمامی ئیسکان قسەی لەگەڵ حەسەناغەی دەکرد...؟!

– وس بە هەی برای سستەر سوهامی... ئەمن هەر ئەوەندەت پێ دەڵێم، چونکە دەزانم هیچ چشتەک لە خوشکت پیستر نییە... ئەمن ئەگەر هەر ناوەکی لەو خوشکەت بنێم، مەعنای ئەوەیە گەورەم کردیە... ئەوەندەی بەسە کە ناوی سستەر سوهامە.

بەڵام هەر ئەو «سستەر سوهام»ەش بوو پار و پێرار لەو نەخۆشخانەیەی چۆمان پێشمەرگەی برینداری تیمار دەکرد... شەوانیش خێمە بەخێمە دەگەڕا و دەرزیی لەم و لەو دەدا... من ئەمانەم لە دەمی «جاسم» خۆیەوە بیستووە... ئەدی ئێستا بۆچی ئەو هەموو جنێوەی بۆ دەنێرێت...؟! جارێکیش «نیهاد» لەسەر دەفتەری ڕەسم وێنەکەی کێشا و سەدی بۆ دانرا... بەڵام کاتێ «سەربەست» وتی ئەوە وێنەی خوشکیەتی،

ماموستا هەر بەجارێ ئاگای لە خۆی بڕا... ترساین لەژێر ئەو تەختەڕەشە گیانی دەربچێت و بەسەرماندا ساغبێتەوە... «نیهاد» لە پێشدا نکوڵیی لێ کرد... ئینجا چوار قوتابی شایەدییان بۆ «سەربەست» دا و وتیان «نیهاد» خۆی وتوویەتی ئەوە «سیستەر سوهام»ە... ماچی کردووە و زۆر شتی دیکەش... شتی دیکەی وەکو چی خوای گەورە...؟! خۆزگە دەیانوت... ئای لەو بێناموسە...!! ئەو ئێوارەیەش لە ترسی باران خۆمان دابووە پەنادیواری ماڵی «سەدیقە مولایە»ی پووری و ئەو بەلامانداا تێپەڕی، ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و زۆر بێشەرمانە وتی:

– وەی بەقوربانی هەموو شووشە و تەپەدۆری دنیایێ بم، مادام دەستی توویان پێ دەکەوی...!! هەی تووشی سیل و سەرەتانی بم و بەو پەنجانەت دەرمانم بەدەوی وەبکەی...!!

ویستم یەک بۆکسی قایم بەناوچەوانیدا بکێشم و مێشکی ڕژاوی بەو دیوارەوە بنووسێنم، بەڵام ئاخ جورئەتم نەدەکرد...!! ماموستا وەکو من نەبوو و نەیهێشت لەسەری بچێت... دەفتەری ڕەسمەکەی دڕاند و لەژێر پێلەقەی نا... گوێی بەوە نەدا ئەو چاکترین نیگارکێشی قوتابخانەیە و نازناوی «پیکاسۆ»ی داوەتێ... پێشی وت:

– بێئەدەب...!! ئەوەی ئەتوو کردیتت، کەسەک دەیکا، کە تەربیەتی نەدرابیتێ... خوشکی برادەرت، خوشکی خۆتە.

ئینجا قژی گرت و پێی وت:

– دە جار بڵێ گووم خوارد.

ویستی نەیڵێت، بەڵام ئەو قایمتر ڕایکێشا و بەلەقەش لە ئەژنۆکانی دا... ئیدی لە ترسان دووانیشی زیاد وت... «جەمال کەریم» بێشەرمانە هەڵیدایە:

– ماموستا ئەتوو پێت گۆت دەی بخوا، ئەو دوازدەی خوارد.

– ئەو دووە بەشی توو بوو جەمال، گەردەنی ئازا کە.

– گەردەنی خۆش و ئازابی ماموستا.

کاتێ وانەکە کۆتاییی هات، «هیمدادی خەجێ بولغاری» بە«نیهاد»ی وت:

– ئەوە لۆیە لێی دای، حەتا دوایێ بچتە خەستەخانەی و لۆ سستەر سوهامی بگێڕتەوە... دەیەوێ بەو فێڵانە خۆی لێ نێزیک بێخیتەوە... ئەدیکوو بابە...!! ئەدیکوو...!! ئەمن بەخۆم دەزانم ئەوە چی دەوێ...!! هەموو شێتی وی بووینە...!!

لەسەر دیوارەکانیش ناوەکەی دەنووسن و هێمای سەیر سەیر بۆ وشە ئاڵۆشاویەکانیان دەکەن... هەندێکییان فێربوون گۆرانیی «سستەرێ هەی سستەرێ لە خەستەی وەرە دەرێ» دەڵێن و «سەربەست»ی پێ تووڕە دەکەن... بۆچی ئەو هەموو کوڕە حەزیان لەو کچەیە...؟! جوانە...؟! دەمێکی خوار، لووتێکی پان، دوو ڕیز ددانی شاش، جووتێ گوێچکەی شۆڕ و قژێکی بژی هەیە... هەموو ئەمانە سەرێک



پێکدەهێنن و ملێکی کورت ڕایدەگرێت... کەچی کاتێ لێی دەڕوانی، جوانیی دنیای تێدا دەبینی... ئەو جوانییە لە کوێوە دێت...؟! ڕەنگە ئەمە مەسەلەیەکی ماتماتیکی بێت و من سەری لێ دەرنەکەم... ئەی خوایە گیان چۆن کۆی چەند شتێکی «ناشیرین» ئەنجامەکەی «جوان» دەردەچێت...؟! ئینجا زانیم بۆچی من ئەوەندە لە ماتماتیک خراپم و نمرەکانم لە سی بەسەر ناکەون... بڕوانن لە ژنێکی عەرەب و پیاوێکی کورد چی خولقاوە...!! تمەز ئەو دوو نەتەوەیەی ڕووبارێ خوێنیان لە یەکتر ڕشتووە، دەتوانن بەخۆشەویستی جوانترین مرۆڤ دابهێنن...!! جلی کەشخە دەپۆشێت و مۆدێلی پێڵاوەکانی زۆر تازەن... چەند بلێیی بەناز هەنگاو دەنێت و ڕوون نییە سەیری کام لا دەکات... هەندێ جار وادەزانی شتێکی وردی گرانبەهای گومکردووە و بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆی دەگەڕێت... هاکە دانەویەوە و هەڵیگرتەوە، بەڵام لەپڕ سەری هەڵدەبڕێت و ئەو هەستەت بەدرۆ دەخاتەوە... ئینجا بەخۆت دەڵێیت باڵندەیەکی خورافیی لە تاقی ئاسماندا بەدیی کردووە و لێی دەڕوانێت... تا تۆ دەتەوێت نیگات ئاڕاستەی ئەوێ بکەیت، ئەو فێڵێکی دیکەت لێ دەکات... ئەمجارە وا دەچێتە ئەقڵتەوە کەسێکی خۆشەویستی دیوە و بەپیریەوە دەچێت، کە دوای ماوەیەکی زۆر لێکدابڕان وا لەپڕ لێرە چاوی پێی دەکەوێتەوە... ئێستا دەگاتە لای و باوەشی پێدا دەکات... هەر زوو پەشیمان دەبێتەوە و خەیاڵت بۆ شتێکی دیکە دەچێت... ئیدی بڕوا ناکەی ئەمجارەیان بەهەڵەدا چووبیت... ئەوەتا کامێرایەکی پێیە و دەیەوێت وێنەت بگرێت... جوان بوەستە...!! بزەیەک بخەرە سەر لێوت...!! قژت ڕێکخە...!! ئەوە بۆچی چاوەکانت داخستووە...؟! بیانکەرەوە...!! دەستەکانت بگرە بەملا و بەولای قەپرغەتەوە...!! نا، ئاوا جوان نییە...!! بیانخەرە گیرفانەکانتەوە...!! بەدڵمە... نەجووڵێی...!! ئەوە چی بوو...؟! ئای لەوە...!! خۆ وای نەکرد...!! بەسە کاروان واز لە مەزەندە بێنە، چونکو ئەو تا ئێستاش نەهاتۆتە دەرێ... وا لە بەرامبەر ئاوێنەی ژوورەکەی وەستاوە و خۆی دەگۆڕێت... ئەوەتا پێڵاوەکانی لە پێ دەکات... بەحاڵ ئاوڕێکی کورت دەداتەوە و لە دواوەی خۆی دەڕوانێت... جانتاکەی لە شانی هەڵدەکێشێت و بەسووکی گۆرانییەک دەچڕێت... دەنگیشی خۆشە... وا نییە...؟! نازانم، بەڵام ئەو وشانەی جار جار بەدەم بزەیەکەوە دەریاندەبڕێت، سەرنجڕاکێشن... تۆ وادەزانی ئەوە بزەیە، ئەگینا سیحرێکی دیکەیە و زەحمەتە ناوێکی بۆ بدۆزیتەوە... کاتێ دەیەوێت شتێ بڵێ، جا گرنگ نییە چی بێت، لە پێشدا بیر لە کۆمەڵێ فێڵ دەکاتەوە بۆ دەربڕینی... هەر بۆیە کەم دەدوێت و زۆر دەگەیەنێت... لە ڕاستیدا ئەو مەبەستیەتی تەنها لە ڕێی زمانەوە دەرکەوێت و ئێمە هەر لەوێدا بیبینین... واتە ئەو وەهمێکە... کاتێ زمان نییە، ئەویش ونە... بەمانایەکی تر ئەو قسە ناکات، بەڵکو بەوشە خۆی دەخولقێنێت... ئینجا ئەگەر هەر جارێ بەشێوەیەک دەیبینین، ئەوە لەبەرئەوەیە هەرچی ئێستا دەیڵێت، جارێکی دیکە دووبارەی ناکاتەوە... لەوانەیە من ڕۆژێ گەورە ببم و قسەی هەموو خزم و دراوسێکانم بیربچێتەوە، بەڵام دڵنیام ئەوانەی «سوهام»م تا مردن لا دەمێنێت... ئەو نیوەڕۆیە بینیت قوڵێکی بەدەرگای حەوشەوە نابوو و بەشلی ڕوومەتی خستبووە سەر...؟! بەبێ ئەوەی یەک دەنک خۆی بزوێنێت، بانگی خوشکەزاکەی دەکرد... هەرچەند دەیوت:

– ئێ دەوەرە...!! ئێ دەوەرە...!! تاقەتم نییە ئەوەندە لێرە ڕاوەستم.

ئەو باڵندەیەم بیردەکەوتەوە، کە بەهاری پار دوای لێزمەبارانێک لەسەر لقی درەختێکی تەڕیماڵی «ئامین»ی نەنکمدا بینیم... جوان جوان هەڵدەقوونیەوە و دڵۆپەبارانی ورد ورد لە گەڵاکان هەڵدەوەرین... خەریک بوو من لەجیاتی ئەو خوشکەزایەی بچم و باوەشی پێدا بکەم... دەمم بخەمە ناو دەمیەوە و هەموو پیت و دەنگەکانی ناخی بەجارێ هەڵمژم... بێگومان پێشتر هەزاران جار ئەمانەم لە کەسانی دی بیستبوو و نەیانورووژاندبووم، بەڵام ئەو زانای وشەسازیە، نەک سستەری نەخۆش و خەستەخانە و دەزانێت چۆن بەگیراوەی پیتەکان لە پەلوپۆم بخات... لە ڕێگای قوتابخانە جاڵجاڵۆکەیەکی گەورەم بینی... سەرنجی ڕاکێشام... بەدیاریەوە وەستام... دیقەتم لێی دا... تۆڕێکی ورد وردی بەدرکێکی ئەو دەشتەدا ڕایەڵ کردبوو... زیندەوەرێک نەشارەزایانە هات و خۆی لێ دا... جاڵجاڵۆکە بەدەزوولەی باریک باریک شەتەکی دا و لە جووڵەی خست... «سوهام» ئاوا بەوشە من دەتەنێت و پێم دەڵێت: ئەوەی بیەوێت لە جوانیی تێبگات، دەبێ لەناو زماندا نوقووم بێت... من لە تۆدا نوقووم بووم و تا ماوم خۆم بەلاڵ دەزانم... ڕۆژانە قۆڵم دەنێم بەدەرگای حەوشەی خۆمانەوە و ڕوومەتمی دەخەمە سەر... دەڵێم:

– ئێ دەوەرە...!! ئێ دەوەرە...!! تاقەتم نییە ئەوەندە لێرە ڕاوەستم.

گوایە لاساییی تۆ دەکەمەوە، بەڵام مەحاڵە ئەوە بەمن بکرێت... نەنکم دیمی و لێم تووڕە بوو:

– ئەوە چییە...؟! لەگەر کێتە...؟! شێت بووی...؟!

جا خۆ زەحمەت نییە بۆ کەسێ بیەوێت لەوە تێبگات کێ شێتە و کێ ئاقڵ، بەمەرجێ بزانێت کێ تۆی بینیوە و کێ نەیبینیوی... کێ دەنگتی بیستووە و کێ نەیبیستووە... ئەی کچە ناشیرینەکەی گەڕەکی منداڵیم، ئەوە گوێچکەم و بەچپە پێم بڵێ ئەو هەموو جوانییە چۆن لە تۆدا جێگایان بۆتەوە...!! ئێرەییت پێ نابەم، بەڵام لە ئاستدا حەپەساوم... وامدەزانی من ڕۆژێ سەر هەڵدەگرم و تا ماوم ڕوو لە ئاوەدانی ناکەمەوە، کەچی تۆ ڕۆیشتی و نەک هەر گەڕەکەکە، بەڵکو شارەکەشت بەجێهێشت... هەر کاتێکم زانی وا لۆرییەک لە بەرامبەر دەرگاکەتان وەستاوە و شتومەکەکانتانی تێدەکەن... بۆ کوێ دەڕۆی...؟! بەڕاستی دەچیت بۆ سلێمانی و ئیتر ناگەڕێیتەوە...؟! وازم لێبێنە بچکۆڵ گیان... تۆ چی لە ئازارەکانی ناوەوەی من تێدەگەیت...!! ئەگەر دراوسێتان بوومایە، دەمزانی کەی لە دایک بوویت... دەیان جار لە باوەشم کردبووی... ئەو ساڵەی تۆ چاوت هەڵێنا، من تەمەنم نۆ ساڵ بوو... ڕۆژانە دوای قوتابخانە لە بازاڕ شتم دەفرۆشت... خانووێکی پەڕپووتمان هەبوو لە گەڕەکی «تەعجیل»... باوکە نەخۆشەکەم لە سووچێکی ئەو ژوورە چاوەڕێیی مەرگی خۆی دەکرد... «فالیحە عەرەب»ی دایکم لە هەیوانەکە مەکینەیەکی دوروومانی دانابوو... تا درەنگی شەو بەپارەیەکی زۆر کەم جلی بۆ خەڵک دەدووری... «مامە فازیل»م خرابووە زیندانەوە... دەبووایە خەمی ئەویشمان هەڵبگرتایە... بەیانییان لەگەڵ «نەمام»ی خوشکم پێش قوتابخانە دەچووینە لای «حەمۆ خەیات»ی پوورزای دایکت و قوماشمان دەهێنا... دایکم دوو پارچەی بەپێنج فلس دەدووری... ئێواران پێش خۆرئاوا دەمانبردنەوە... ئێمە دەمانویست بەم ئیشە پارە پەیدا بکەین و بۆ باوکە نەخۆشەکەمانی بدەین بەحەب و دەرمان، بەڵام سوێند دەخۆم هەر بەگرەگری ئەو مەکینەیە حاڵی خراپتر دەبوو... جارێکیان بەعەرەبانەی ماڵێکی دراوسێ گەیاندمانە دکتۆر... ڕاچێتەمان بردە دەرمانخانە، بەڵام



پارەکەمان ئەو هەموو حەب و دەرزیەی پێ نەدەکڕا... ئەو ڕۆژە ئەوەندەم بەزەیی بەخۆماندا هاتەوە، لەناو بازاڕ دەگریام، کەچی هەر بەدەم هەنسکەوە بانگم دەکرد:

– ڕێواس... ڕێواس... ڕێواسی ناسک.

پرسیارێک...!! تۆ دەتوانی بۆ دەقەیەک کچێکی نۆ ساڵانی دەستفرۆش بێنیتە بەرچاوت، کاتێ لەسەر شەقامی بناری قەڵات فرمێسکی ورد ورد لە چاوەکانی دێنە خوارێ و تیشکی ڕۆژی ئاسمانی بێگەردیش ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەیان لەسەر دەنەخشێنێت...؟! با بڵێین دەتوانی، بەڵام خۆ هەرگیز نازانی ئەو چۆن بیر لە مەرگی ئازیزێکی دەکاتەوە... کورە بەچی بڕوا دەکەی، من بەشێوەیەک خەیاڵم لەو مەسەلەیە ئاڵا بوو، کە وامدەزانی لە نیوەشەوێکی ئەنگوستەچاو بەناو گۆڕستانێکدا هەنگاو دەنێم... ئەو خەڵکەم وەکو مردوو دەبینی... ترس دایدەگرتم... ئەگەر زوو زووش هاوارم دەکرد:

– ڕێواس... ڕێواس... ڕێواسی ناسک.

ئەوا لەبەرئەوە بوو، دەمویست لە ڕێگەی ئەو دەنگەوە بەخۆم بڵێم: ئێمە ماوین... بەپێچەوانەی ئێوارەکانی پێشوو، کەس لێی نەدەکڕیم... چووم لە بەرامبەر ئەو دەرمانخانەیە وەستام... سەرنجم لە سەر ڕەفەکان دەدا... دەمویست بەمەزەندەی خۆم ئەو دەرمانە بدۆزمەوە، کە باوکم پێویستی پێیەتی... دانەیەکم نیشان کرد... چەند ژن و پیاوێک بەجارێ چوونە ژوورێ... منیش بەدوایاندا، بۆ ئەوەی وا بزانن لەگەڵ ئەوانم... هەموو گیانم دەلەرزی... کەچی بەم حاڵەیشەوە توانیم دەستمی بۆ درێژ بکەم و بیخەمە ناو گیرفانی عەزیەکەمەوە... ئەو عەزیەیەی ڕەنگەکەیم بیرنەدەکەوتەوە و وەکو باڵی پەپوولە تەنک بووبوو... بەئەسپاییی چوومە دەرێ... بەسەر ئەو شەقامەدا هەڵدەهاتم... دەموت ئێستا نا ساتێکی دیکە دەستی بەهێزی پیاوێک قژم دەگرێت... بەرزمدەکاتەوە... بەزەویمدا دەکێشێت... ڕێواسەکانم بەو ناوەدا بڵاودەبنەوە... شووشەی دەرمانە سوورەکە دەشکێت... دەرمان بەسەر ئەو شۆستەیەدا دەڕژێت... کاتێ پێچمکردەوە و گەیشتمە بەردەرگای قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان»، ترسەکەم ڕەویەوە، بگرە خۆشییەکی سەیر خزایە دڵمەوە... لە ئاستی ماڵی «ئامین چەلەبی» لە گیرفانم دەرهێنا... وەکو شتێکی زۆر خۆشەویست لێی ڕامام... وامدەزانی ئەم دەرمانەی ناو دەستم، باوکم لە نەخۆشی و مردن دەپارێزێت... بەهەمان خێراییی پێشوو ڕامدەکرد... دەمویست چی زووترە ئەو مژدەیە بگەیەنمە ماڵەوە... پاڵم بەدەرگاوە نا... وەکو هەموو جارێکی دی دایکمم بینی... جلی دەدووری... ئەدی چی بکردبا:

– دەرمانم لۆ بابم هینایە...!!

– چ...؟!

گەیشتمە لای:

– ئەوە دەرمانە، لۆ بابم هینایە.

دامە دەستی... بەحەپەساویەوە لێی وردبووەوە... سەیرێکی کردم... پرسی:

– ئەوە چییە...؟! تێمبگەینە...!!

نەمدەتوانی تێیبگەیەنم... دەبووایە من لە ڕێگا درۆیەکم هەڵبەستایە، بەڵام نیوەی یەکەمی لە ترسان و نیوەی دووەمی لە خۆشییان، نەمپەڕژابوو بیر لەوە بکەمەوە، بۆیە ناچار ڕاستیەکەیم پێ وت... ئینجا دارێکی هێنا و تێمکەوت... خوێن لە دەم و لوتمەوە فیچقەی دەکرد... هەموو جەستەم بەجارێ دەیتریواند... دوایی من زانیم چ کارێکی گەمژانەیە دەرمان بۆ نەخۆش بدزم...!! ئەوەی دزیبووم، دەرمانی شتێکی دی بوو... بەکەڵکی باوکم نەدەهات... ئەمە ڕۆحی داخکردم... هەمیشە دەیتلاواندمەوە، بۆیە دەمویست بەهەر شێوەیەک بێت لە بیر خۆمی بەرمەوە... ئەو شەوە خەونم بەکۆمەڵێ ماسیگرەوە بینی... لە قەراغی ڕووبارێکدا ڕاوی ماسییان دەکرد... سەدان ژنی عەبابەسەر خەمناک خەمناک لە دوایانەوە وەستابوون و سەبەتەی بەتاڵیان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی... ئەوان تۆڕەکەیان هەڵدەدایە ناو قووڵاییەوە... دوای ماوەیەک دەریاندەهێنان... لە شێوەی ڕیشاڵی سوور سوور دەکەوتنە سەر ڕووی ئاوەکە... ئینجا ژنەکان سنگیان دەکوتا... دەموچاویان دەڕنیەوە... بێداربوومەوە... ترسام... خۆم نووساند بە«نەمام»ی خوشکمەوە... دەستەکانم لە ملی ئاڵاند... گەرم گەرم بوو... دەتوت تای لێهاتووە... بەزەییم پێدا دەهاتەوە... ئەوسا بڕیارم دا ببمە دکتۆرێکی زۆر شارەزا و لە سەرتاپای شاردا بناسرێم... «سەروین»ی خوشکی «بەگیسی ئی دریتە» و «ست سەبری»ی کۆڵانی ئاغاکان لە پۆلەکەمان بوون و لێیان بپرسە، بزانە لە هەموو قوتابخانەکەمان کەسێک دەیتوانی لە زیرەکیدا شان لە شانی من بدات... هەمووساڵێ یەکەم دەبووم... کتێبەکانم لەگەڵ خۆم دەبردە بازاڕ... بەدەم فرۆشتنی شتەکانمەوە دەمخوێندنەوە... زۆر جار لە بەرامبەر عیادەی «دکتۆرە ئومیە» دەوەستام... لەو نەخۆشانە ڕادەمام، کە خەمناک و ڕەنگزەرد دەچوونە ژوورەوە، یان دەهاتنە دەرەوە... لە ڕاچێتەی ناو دەستیان ورددەبوومەوە... لە خەیاڵی خۆمدا پلانم بۆ دواڕۆژێکی دوور دادەڕشت... عیادەیەکم هەیە... نەخۆشەکان پۆل پۆل ڕووی تێدەکەن... یەک بەیەک دێنە ژوورەوە... دەیانپشکنم... لەسەر ئەو مێزە ڕاچێتەکان دەنووسم... لەپڕ دەنگێک بەئاگای دەهێنامەوە... هاوارم دەکرد:

– بنیشتی ئەبوو ویسام... بەیەک فلس.

ئەوێم بەجێدەهێشت... لەسەر شەقامەکان دەمگێڕان... دەگەیشتمە بەردەمی دەرمانخانەیەک... دیسان دەوەستام... لەودیوی جامخانەکەیەوە سەرنجم لەو دەرمانانە دەدا... بەراوردم دەکردن... لە ماڵەوە بەدیار باوکە نەخۆشەکەمەوە دادەنیشتم... دەست و قاچەکانیم دەشێلان... شەوان بەو ماندوێتیە ئاگام لێی دەبوو... ئاوم بەدەمیەوە دەکرد... لە خەیاڵی کێدا بوو «عەریف فوئاد» ئاوا لە جێدا بکەوێت... لەو ئۆردووگایانەدا سەدان سەربازی لەسەر پەلاماردان و بەرگریی ڕادەهێنا... چوستوچالاک بەو پۆستاڵانەیەوە هەنگاوی دەنا... دەیویست دەستە بەهێزەکانی ئەوەندە بۆ بەرز هەڵبڕێ، لە بەرچاواندا وەکو تارمایی دەرکەون... یان لە جەستەی جیا ببنەوە و وێنەی دوو شاباز لە شەقەی باڵ بدەن... بەو دەنگە گەورەیەی گوێچکە نووستووەکانی بەئاگادەهێنایەوە... ئەژنۆکانی دەلەرزاند... لە دەرەوەش ئەو خەیاڵانە بەریاننەدەدا... جدیەتی لێ دەباری... هەموو شتێک لە دیدی ئەودا خۆی لە پەیوەندیی نێوان مەشقکەر و مەشقپێکراودا دەبینیەوە... ناڵێم گاڵتەی نەدەکرد، بەڵام سنوورێکی دیاریکراو لەنێوان قسە خۆش و



ڕەقەکانیدا نەدەبینرا... لە چرکەیەکدا گەورەترین قاقای بۆ نەڕەیەک دەگۆڕی... هەرگیز باوەڕم نەبووە ئەو هیچ ژنێکی خۆشویستبێت... جا نازانم چۆن دڵی چووە بەدایکمدا:

«شەهاب»ی برام ئەفسەر بوو... هەر جارێ مۆڵەتی وەردەگرت و دەهاتەوە، یەک دوو لە هاوڕێکانی خۆی دەهێنایەوە... لەو ژوورە دادەنیشتن و تا درەنگی شەو دەیانخواردەوە... نە من و نە دایکیشم ئەمەمان بەدڵ نەبوو، بەڵام نەماندەتوانی هیچ ناڕەزاییەک دەربڕین... «کچەکەم ئەگەر عەریفێک یان ئەفسەرێک باوکت بوو، نازی زۆر بەسەردا مەکە... برات بوو، کەم ڕووی بدەرێ... کوڕت بوو دەست لە کاروباری وەرمەدە... مێردت بوو، جڵەوی بۆ شل نەکەیت»... ئەمە وتەیەکە ژنانی بەغدا لەبەریانە... بەڵام ئەو ئێوارەیە کوڕێکی هێنایەوە، لەوانی دی جیاواز بوو... کەم دەدوا و زۆر سەرنجی دەدا... نازانم بۆچی وا تێگەیشتم هاتۆتە خوازبێنیم... لە ڕاستیدا بەهەڵەدا چووبووم... هەر نەشیزانی بوو «شەهاب» خوشکی هەیە... دوو ڕۆژمان لا مایەوە... قسەمان زۆر بەیەکەوە نەکرد... خەتای من بوو... وەکو وتم وامدەزانی بۆ شتێکی ئاوا هاتووە، بۆیە بەپارێزەوە لەگەڵی دەدوام... ڕۆیشت... هەزار دووعام کرد بیبینمەوە، بەڵام بەمراز نەگەیشتم... مەپرسە ئەدی چۆن ئێستا ژنی ئەوم... لە ژیانمدا نەمدەوێرا بەلای شتومەکی برامدا بچم، کەچی بۆ ئەوەی وێنەکەی بدۆزمەوە، ئەو باوەڵانەیم هەموو پشکنی: «ئەوەتا...!! بەقوربانی بم...!! وەرە لای خۆم... دە تۆ لاچۆ شەهاب... چییە ئاوا دەستت کردۆتە ملیەوە...!! بۆ منی واز لێبێنە... ڕووت بکە بەولاوە، دەمەوێت لە باوەشمی بگرم و چەند ماچێکی بکەم»... موچوڕکەم پێدا هات... خستمەوە شوێنی خۆی... دوای ئەوە زوو زوو دەرمدەهێنا و لێی ڕادەمام... هەموو سەری مانگان خۆم دەڕازاندەوە: ئەم کراسەم بەدڵ نییە، ئەوی دیکە دەپۆشم... دایکەنە...!! ئەمەت لێ نایەت... خێرا ئەوەی ناو باوەڵەکە بێنە... کامەیان...؟! سوورەکە...؟! ئا، ئا سوورە نیوقۆڵەکە... قژم دەبەستم، با گوارەکانم دەرکەون و جوان جوان بلەرێنەوە... نەء، دەیکەمەوە... بەملا و بەولای سنگمدا دەیهێنمە خوارێ... کاتێ پەرداخی ئاوەکەی دەدەمە دەست، یان قاپی چێشتەکانی لە بەردەم دادەنێم، بەو جووڵەیەی خۆم دەزانم چۆنە، پەرچەمە خاوەکەم لەسەر چاوم لادەدەم... هاوکات بەشێوەیەک لێوم دەخەمە ژێر ددانەکانم و ئەوەندە بەقایم گازی لێ دەگرم، کە شوێنەکانیان وەکو نەخش بەوێوە دەرکەون و وابزانێت تەنها بەماچەکانی ئەو دەسڕێنەوە... چاوت لێیە ئاوا چەند جوانی...؟! بەشکوو لەگەڵ «شەهاب»ی برات بێتەوە و بەم شێوەیە بتبینێت... نەبوو... کەسانی دی هاتن... دڵیان نەدەکردمەوە... بگرە ڕقیان هەڵدەستاندم... لە جێگای ئەو هێناونی... تێم بگەیەنن بۆچی دیار نەما...؟! ناکرێ لێی بپرسم... لە ڕووم نایەت... ئەگەرچی دڵی پیس نییە و تا ئێستا پێی ناخۆش نەبووە لەگەڵ هاوڕێکانی گاڵتەم کردووە... چەند جاریش بردوویمی بۆ سینەما... کاتێ وازم لە قوتابخانە هێنا، زۆر ناڕەزاییی دەربڕی... بەڵام ئەمەیان جیاوازە... خۆم نەگرت... چوومە لای دایکم... لە ناندینەکە چێشتی لێ دەنا... دەبووایە بەشێوەیەک ئەو باسە بکەمەوە، لە مەبەستم تێنەگات... هەرچەند تێبگات باشترە:

– ئاسمان کۆڵەگەی دەوێت، ئەمجارە شەهاب کەسی نەهێناوەتەوە...!!

– چی لێ بکەم...؟! گەنجە و دڵی بەو شتانە خۆشە... ئەگەر پێی بڵێم وازبێنێت، بەقسەم دەکات...؟!

نایکات.

– نازانم ئەو ڕەزاگرانانە لە کوێ دەدۆزێتەوە...!! ئەو کوڕە کوردەت بینی ئەو جارە هێنابووی...؟!

– فوئاد...؟! چی بوو...؟! شەهاب دەڵێ زۆر کەسێکی باشە.

– ئا، فوئادە، فارووقە، نازانم چییە... وی ئێسکی زۆر قورسە...!!

– تۆ کەست بەدڵ نییە فالیحە... وەرە ئەو پیازەم بۆ بجنە.

کەسم بەدڵ نییە، بەڵام شێتی ئەوم... نازانم چۆن ئەمەت پێ بڵێم... تا زووە بۆمی بێننەوە، دەنا دەچم لە بەردەرگای ئەو ئۆردووگایە دەوەستم... هەرکە هاتە دەرێ، خۆم دەخەمە باوەشیەوە:

– ئەگەر پیازەکەت جنی، ترش و خوێش بکە بەو ماسییەوە.

ئەو جارەی «فوئاد»یشمان لابوو، ماسیمان برژاند... دەیخوارد و پەیتا پەیتا ئافەرینی بەدایکم دەوت... ئاخر هەی ناشیرین من دوو ئەوەندەی ئەو پێوەی ماندووبووم، ئەدی بۆ باسم ناکەی...؟! نایکەی...؟! باشە باش مەیکە... بەو خوایە دەبێ بتکوژم... ئەو کولمانەت دەگرم و قایم ڕایاندەکێشم... نایەشێت...؟! ئا، ئا نایەشێت...!! دەبا بەم نینۆکە درێژانەم بیانڕنمەوە، بزانە چۆن سوورهەڵدەگەڕێن...!! چی...؟! چی...؟! تۆش وا لە من دەکەیت...؟! ناتوانی... نەء، ڕاناکەم... ڕاکردنی چی...؟! دە تۆ ئەگەر ئازای دەستم بۆ دێنیت، دەبینی چۆن دەتخەمە ژێر خۆمەوە... کورە لاچۆ هەتیو بەڕاستیمە... نەیەیتە پێشەوە... بەقسەم ناکەی...؟! منیش ئاوا ملت دەگرم... ناتوانم بتخەم...؟! دە بوەستە...!! بوەستە...!! وتت چی...؟! نەمتوانی...؟! جارێکی دی وا دەکەیت...؟! ها...؟! وا دەکەیت...؟! هم...؟! بتخنکێنم...؟! دڵم نایەت...؟! بۆ دڵم نایەت...؟! گەلێکم خۆشدەوێیت...؟! دیارە ڕەزات زۆر سووکە...!! بڵێ تۆبە...!! کورە بڵێ تۆبە، ئەگینا وازت لێ ناهێنم... هەستم...؟! هەڵناستم... ئازانی...؟! بەخۆت ناڵێی پیاو...؟! لەژێرما وەرە دەرێ... مەکە...!! ناتوانی هیچ بکەیت... لە جووڵەم خستووی... قژم دەگری...؟! بەریدە...!! پێت دەڵێم قژم بەڕەڵاکە...!! بەس ڕایکێشە...!! وی چەند هاری...!! ئەوە لەگەڵ تۆم نییە...؟! گازت لێ دەگرم...!! ئەو ڕوومەتانەت دەخۆم...!! چەناگەت دەکرۆژم...!! قژم لە بنڕا هاتە دەرێ، وازبێنە...!! ئووه...!! قژم بەردە...!! لەگەڵ تۆمە فوئاد...!! هەی زاڵم...!! بەری نادەی...؟! ئاخر کورە منیش...:

– پێم نەوتی ئەو ماسییە ترش و خوێ بکە، چییە ئاوا داڵغەت لێ داوە...؟! ئەو دەستە چەورانە بۆ دەخەیتە قژتەوە...؟! شێت بووی...؟!

ئەرێ بەچاوی تۆ شێت بووم... ئەگەر نەیەت، دەدەمە دەشت و کێو... پێم بڵێن چی بەسەرهات...؟! بۆچی جارێکی دی نەهاتەوە...؟! تووڕەتان کرد...؟! قسەی ڕەقتان پێ وت...؟! دەتانکوژم... هی خۆمە... کەس بۆی نییە ئازاری دڵی بدات... وەڵامم نادەیتەوە...؟! ئێستا پرسیارێکی وا دەدۆزمەوە، وەکو تیر بەناختدا ڕۆدەچێت و هەموو نهێنییەکانت بەگۆڕێ وەردەبن... ئەمە ترش نییە دەیکەم بەم ماسییەوە...؟! داری سماق لە شاخەکان ناڕوێ...؟! کوردەکان لەوێ ناژین...؟! «فوئاد»ی خۆم کورد نییە...؟! دە گوێ بگرە:



– دایکە خۆت وەستای ماسییت، هەر کەسێ ماسیی دەستی تۆی خواردبێت، سەری سوڕماوە... پێم بڵێ چەندی ترش پێدا بکەم...؟!

– چووزانم تۆش...!! خۆزگە ئەوەندە بەپرسیار نەبوویتایە...!!

سەری نەگرت... ئەگەر وەکو خۆم دەمویست، ئاوا وەڵامی بدابوومایەتەوە، لێم دەپرسی سماق لە کوێ دەڕوێت و باسی کوردان دەکرایەوە... بێگومان ناوی «فوئاد»یش دەهات... «وەی بەقوربانی حەرف بەحەرفی ناوە خۆشەکەت بم کوڕە هەولێرییەکەی نازانم خۆشتدەوێم، یان ڕقت لێمە...!! هەر کامیان بێت، هەر بەختەوەرم، مادام لە خەیاڵتدا هەم و بیرم لێ دەکەیتەوە»... دە وەرە ئەو هەموو مەراییە و تەریقیشت بکاتەوە...!! قەیناکە... کۆڵ نادەم... ناهێڵم لەژێر دەستم دەربچێت... ئەمەش ڕێگایەکی دی:

– باشە تۆ پرسیارت لێ کردووە، ئاخۆ ماسی دەخوات، من وا ئەو هەموو زەحمەتەی پێوە دەکێشم...؟!

– برای خۆت ناناسی...؟! دایک و باوکی ماسییە...!!

– دەیناسم، بۆیە وا دەڵێم... قەت تا سەر لەگەڵ شتێک نامێنێتەوە... وەکو برادەرەکانی... ئەمڕۆ هاوڕێیەک دەگرێت و سبەی بەڕەڵڵای دەکات... قسەیەکت پێ دەڵێم، بەڵام توو گۆڕی باوکم با نەزانێت من پێم وتووی.

بە پەرۆشەوە هاتە پێشێ و خێرا پرسی:

– چییە ئەوە...؟! چییم پێ دەڵێی...؟!

– ئەوسا نەنووستبوو...؟! وڕێنەی دەکرد... دەستی ڕادەشەقاند و دەیوت: باشە باش فوئاد...!! تۆ ئاوات لەگەڵ من نەکرد...؟! ئەگەر شەهاب بم و شیری حەرامم نەخواردبێت، خۆم دەزانم چۆن هەقت لێ دەکەمەوە.

باوەڕی کرد... دوای نانخواردن پرسی:

– ئەرێ ڕۆڵە دەنگوباسی فوئاد چییە...؟!

وەی دڵم...!! ناوەکەیم بیست... ئاخۆ چ وەڵامێکی بداتەوە... ئەو ئاخە بۆ...؟! ئەو هەناسە قووڵانە لە پای چی براکەم...؟! نازانی خوشکەکەت بەرگەی ئەمانە ناگرێ...؟! چی بەسەرهاتووە...؟! مردووە...؟! منیش دەمرم... بڕوا بکەن خۆم دەکوژم... قەتیش نازانن بۆ ئەوە... دەی شتێ بڵێ... خێرا... دڵم داهێزرا... ڕۆحم دەرچوو... بۆ ئاوا شڵەژاویت...؟! ڕێک و ڕەوان دەریبڕە... دەی:

– بەئەقڵی خۆتان ئەو کوڕە چی دەرچووبێ باشە...؟!

من ئەقڵم نەماوە و دایکیشم کەیفی خۆیەتی... چی دەرچووە...؟! هەرچی بێت، منیش ئەوەم... پیاوکوژە...؟! دەستی خۆش بێت...!! جەردەیە...؟! هەی ئافەرین...!! دزە...؟! ئای کە باشە...!! لە خۆی دێت... بەڵام خێرا پێم بڵێ... نایڵێی...؟! بۆ ئاوا...؟! بۆ...؟!

– بڵێم چی کوڕم...!! چی دەرچوو...؟!

– شیوعی.

هەی بەقوربانی بم... بەمیوانی خاکوخۆڵی سەر گۆڕی «فەهد» بم... بڕووخێ پاشای کۆنەپەرست...!! بمرێ نووری سەعیدی خۆفرۆش...!! بۆ دەرەوە ئینگلیزی داگیرکەر...!! ئێستا دەچمە دەرێ و پڕ بەم گەرەکی «باب الشیخ»ە هاوار دەکەم: منیش شیوعیم... بەڵام ئاخ لە سیمایدا کارەسات دەخوێنمەوە...!! هەواڵی ناخۆشی پێیە... دڵم داڕووخا... گیانم داهێزرا... چییم بەخۆم کرد:

– ئەو شەوە لە خەودا گرتیان.

گرتیان...؟! منیش بگرن، ئەگینا بەپشتدا دەکەوم... دەمودەست ڕۆحم دەردەچێت... منیش بگرن، چیتر ئەو قاچانەم ڕاگیرم ناکەن:

– ڕۆڵە خۆ تۆ هیچ پەیوەندیەکت پێیەوە نییە...؟!

– نەء، بەهیچ شێوەیەک.

من هەمە... هەمە و وازیشی لێ ناهێنم... دەرگا بەدەرگای ئەو زیندانانەی بۆ دەگەڕێم... بەسەریاندا دەقیژێنم: دڵدارەکەمتان گرتووە و بمدەنەوە:

– بریا ئەو جارە نەتهێنابا.

– مەترسە دایکە... من لەو شتانە دوورم.

هەی داوەشێی...!! خۆزگە ئەو دوو ساڵە لە من گەورەتر نەدەبووی، بزانە چۆن سەد تفم بەجارێ دەکردە چاوانتەوە... هیچوپووچ... ترسنۆک:

– تۆ بلێیی ناوی تۆش نەدا...؟!

– نا نا، بیر لە شتی وا مەکەرەوە... هەتا ئەگەر بیشی دا، من نکوولێیی لێ دەکەم... دەڵێم هەر ناشی ناسم... ئەفسەرێکم و ئەرکی خۆم بەچاکی ڕادەپەڕێنم.

هێندەی نەمابوو بەسەریدا بتەقمەوە و بەچەپۆک تێی بکەوم... نازانم چی پەشیمانی کردمەوە:

– دڵی دایک دەلیلە، هەر زانیم خەمێک یەخەی گرتووی.

ئەمەی وت و هاوکات لە دەموچاوی منی ڕوانی، وەک لەوە بترسێ پێی بڵێم دڵی من بوو، نەک هی تۆ ئاوا هەستی بەو کارەساتە کرد... مەبەستی خۆیشی گەیاند، کە نەکا کوڕەکەی نزیکی ئەو مەسەلە ترسناکانە بکەوێتەوە و هیچی لێ بشارێتەوە... لە داخا چوومە ئەودیو... بەدزییەوە گریام... بەڵام ئەوە گریان نەبوو... بنیادەم چۆن دەتوانێت لە حاڵەتی ئاوادا بگریت...؟! ناوچەوانم خستە سەر تاقی پەنجەرەکە و نائومێدانە پێڵووەکانم داخست... هەر لە منداڵییەوە بەو حاڵە ڕاهاتبووم... هەرکە خەمێک بەرۆکی دەگرتم، یەکسەر دەچووم ئاوام دەکرد... باوەڕێک بوو، نەمدەزانی لە کوێوە خزاوەتە مێشکمەوە... نەمدەویست دەموچاوی ئەو برایەم ببینم... یەکەمجارە ڕقم لێی هەستێت... شەو چووە دەرەوە... بەئەسپایی خۆم گەیاندە باوەڵەکەی... کردمەوە... لە وێنەکە گەڕام... نەمدۆزیەوە... بۆ کوێی بردووە...؟! زانیویەتی من



دەرمهێناوە...؟! دڵی لێم پیس بووە...؟! نەء، لە ترسان دڕاندوویەتی... لەم ژوورە شەق دەبەم... دەمەوێت بچمە دەرێ... بەپێی پەتی بەسەر ئەو ڕێگایانەدا ڕادەکەم... دایکم وا هاتۆتە هەیوانەکە... سیمای گۆڕاوە... ترس دایگرتووە... هەناسەی قووڵ قووڵ هەڵدەکێشێت... خەمی تاقە کوڕەکەیەتی... باوەڕی بەو قسانەی نەهێناوە... وا دەزانێ ئەویش بۆتە شیوعی... بەڵام من دڵم پێم دەڵێت سیخوڕە... وای بۆ دەچم هەر خۆی «فوئاد»ی بەگرتن دابێت... ئای لەو ڕۆژەی تێیکەوتم...!! تا دێ زیاتر شتەکانم لێ ئاڵۆز دەبن... چاکتر وایە کەمێ خۆم هێمن بکەمەوە و ڕوونتر ئەو مەسەلانە بخەمە بەرچاوم... ئێستا من کچێکم، تەمەنم بیست ساڵە... کوڕێکم خۆش دەوێت، تۆ بڵێ دەیپەرستم و بەبێ ئەو ناژیم... تەنها دوو ڕۆژ بینیومە و چەند قسەیەکمان بەیەکەوە کردووە... ڕەنگە ئەو بەهیچ شێوەیەک منی بەدڵ نەبووبێت... دوور نییە کەسێکی دی خۆشبوێت... ئەوەندەم لا ڕوونە ژنی نەهێناوە... براکەم بەگرتنی داوە و ئێستا لە زیندانە... خوا دەزانێت بەردەبێ، یان نا... ئەوە با بڵێین ئازاد کرا... کەی...؟! دیار نییە... ئەدی کێ دەڵێ من دەبیینمەوە... هەموو ئەو هەقایەتانەی لە دایکم و لەو سێ چوار ساڵەی قوتابخانە بیستوومن، بیر خۆم دەخەمەوە... سەدانی وەکو ئێمە بەیەکدی گەیشتوون و ئاسوودە و خۆشبەخت ژیانیان بردۆتە سەر... گەمژە مەبە...!! چیرۆکی ئێوە جیاوازە... باڵ مەگرە...!! ئەمە زەوییەکی داخبووە و پێیە پەتیەکانت لە بانی داناوە... ناتوانی بەرزبیتەوە... کەواتە بەرگەی بگرە و لەناخەوە خۆت بخۆرەوە... ئەگینا بەدڵی خەمناکەوە لەسەری هەڵدەپەڕیت و دەبیە گاڵتەجاڕ... ئایا دەتوانم وازی لێ بهێنم...؟! چی...؟! وازهێنان...؟! مەحاڵە... براکەم توانی، بەڵام من ناتوانم... بەم شەوە چوو بۆ کوێ...؟! دەرکەوت ناپاکە و لە دواوە دەستی خۆی دەوەشێنێت... ئەوە دایکم بیر لە چی دەکاتەوە...؟! بۆ ناچێ وەکو شەوانی دی لە سەربان جێگاکەی داخات و لێی بنوێت...؟! با چاوەڕێی من نەبێت... یەک دوو سەعاتی تر بەسەرخۆشی دێتەوە... گوێ لە وڕێنەکانی دەگرم... لە بیرمە ئەو جارە دەستی کردە ملمەوە... دەمی خستە سەر ڕوومەتم... هەناسەکانی دەچوونە گەروومەوە... تا قووڵاییی ناخم ڕۆدەچوون... تامێکی سەیریان هەبوو... ترسام سەرخۆش بم، کەچی نازانم بۆچی دەمم دوورنەدەخستەوە... نەمدەتوانی...؟! بۆچی نەمدەتوانی...؟! ئەوە یەکەمجار بوو بخۆمەوە... خۆشیدەویستم، بەڵام هەرگیز ئاوا لە باوەشی نەگرتبووم... نازانم بۆچی ویستم بگریم... ئەویش گریابوو... ئاسەواری فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانییەوە دەبینرا... چاوەکانی زەلیلییان لێ دەتکا... بەخۆمم وت: «پیاوان کاتێ خۆشەویستیی لە ئاستی ژنان دەردەبڕن، چەند گوناح دەردەکەون»... پێم خۆش بوو لەجیاتی ئەوە لێم بدات... لەو هەستە تێنەگەیشتم... ئەو بەزەییە لە پای چی کچێ...؟! باسکە تووکنەکانیم گرتن... ویستم ماچیان بکەم... نەیهێشت... پێی وتم:

– ڕوومەتەکانم نزیکترن، بەڵام ماچیشیان مەکە.

خۆی لەسەر قاچەکانی بۆ ڕانەدەگیرا... بەبێ ئەوەی دەستم لێ بەردا، قنگی خستە بان تەختەکە و وەکو منداڵ لەسەر ڕانی دانام:

– دایکم هەر نەخۆشە... وا نییە...؟! نەخۆشە...؟! ئەمڕۆ زۆر بیرم لەوە کردەوە، کە ئەو نەخۆشە.

– لەوەتەی ئەو حەبانەی خواردووە، تاکە بەری داوە و لەوساوە بێدەنگ لێی نووستووە.

– تۆ ناتوانی باوکم بێنیته بەرچاو، کاتێ نەخۆش بوو... وا نییە...؟! بیری لێ مەکەرەوە، چونکە ناتوانی... باران تەڕی دەکردم... بەپێی پەتی بەناو گۆمیلکەئاوەکانی حەوشەدا دەڕۆیشتم، بیرم لەوە دەکردەوە، کە پەنجەکانی گەرمداهاتوون، بەڵام تەنها یەک جاریش دەستم لێ نەدابوون... هەر خۆم دەمزانی وایە... ئایا سوورهەڵگەڕابوون...؟! نازانم... دایکیشمم نەبینیبوو بیانشێلێت... بەیانی زوو زوو دەڕۆم و نایبینم... دڵیشم نایەت ئێستا ماچی بکەم... دەترسم هەستێت و خەوی بزڕێت.

من هیچم نەبوو بیڵێم... خۆی درێژەی بەقسە دا:

– دەزانی دەمویست باسی مەسەلەیەکی لەگەڵدا بکەم...؟! ئەو نەخۆشییەی نەیهێشت... تۆ وتت تاکە بەریداوە... ئایا ئەوە مانای ئەوەیە چاک دەبێتەوە...؟! دەبووایە من ئەو باسەم زووتر بکردایەتەوە... ڕەنگە حەزیشی لێ نەکات.

چاوەڕێ بوو بڵێم چییە... نەموت... خۆی درکاندی:

– ڕاجیحە دەناسی...؟!

– ڕاجیحەی ئەسعەد عەجەمی...؟!

– ئا...!!

– ئەدی کچی گەڕەکی خۆمان نییە...؟!

بۆچی بێ دەنگ بوو...؟! ترسا...؟! لە چی...؟! خەوی دەهات...؟! ئەوە نووستن بوو، یان بوورانەوە...؟! یان حاڵەتێکی پیاوانە و من لێی تێنەگەیشتم... چەند جارێ بانگم کرد، وەڵامی نەدامەوە... بەسووکی لەسەر ڕانی هەستام... هەر لەوێ دامپۆشی... بەیانی چۆن بێداربووبووەوە...؟! وامدەزانی چیتر نایبینمەوە... کەچی بەپێچەوانەی جاران زۆر زوو هاتەوە... لە کوڕەکەی ئەو شەوە نەدەچوو... ویستم گوێم لێ بێت، کاتێ ئەو باسە لەگەڵ دایە دادەمەزرێنێت، چونکە لەوە دڵنیا بووم، ئەو لە منی دەشارێتەوە... ئینجا ئەگەر لێی بپرسم، پێم دەڵێت: «هەقی هیچ شتێکی ئەو برایەتت نەبێت»... تەنها شەوێ مایەوە و بەیانی زوو زوو گەڕابووەوە... لە سیمای دایکمدا تێگەیشتم تەنگوچەڵەمەیەک یەخەی گرتووین... «ڕاجیحە» و دایک و باوکیم وەکو جاران نەدەهاتە بەرچاو... خەمبار دیاربوون... چی ڕوویداوە...؟! چەکدارەکان بەشەو «مام ئەسعەد»یان لە ماڵەکەی هێنایە دەرێ... «مەدیحە»ی دراوسێمان لێی پرسیم:

– فالیحە تۆ باوەڕت دەکرد ئەو پیاوە شیوعی بێت...؟!

نەدەچووە ئەقڵیشمەوە برای من بەگرتنی دابێت... ئەوا ئەمڕۆ زانیم... زانیم، بەڵام چییم لە دەست دێت... ئاخ «فوئاد»ەکەی خۆم تۆ لە کوێی...؟! بەچ سیفەتێک لێت بگەڕێم و بتدۆزمەوە...؟! کەمێکی دی برا سیخوڕەکەم دێتەوە و کوڵی دڵمی پێ دادەمرکێنمەوە... بەڵام نەهاتەوە... چی بەسەرهات...؟! لەگەڵ دایکم زۆر بەشوێنیدا گەڕاین... نەبوو... درەنگ درەنگ زانیمان گیراوە... بۆچی گرتیان...؟! بەچاکی ئیشی بۆ نەکردوون...؟!

– شەهاب شیوعییە فالیحە... ئەو منی هێناوەتە ڕیزەوە.



«فوئاد» وای پێ وتم... دەزانی کەی...؟! دوای ئەوەی بەربوو... کەی بەریاندا...؟! دوای سێ مانگ... چۆن...؟! ددانی پێدا نەنا... ئەگەر پێت بڵێم چەندیان ئەشکەنجە دابوو، هەر باوەڕ ناکەی... نەمناسیەوە... لە دەموچاوی ڕامام... بەشەرمەوە سەلامی لێ کردم... لە پرمەی گریانم دا... بۆ کێ گریام...؟! بۆ خۆم یان بۆ ئەو یان بۆ براکەم...؟! نازانم... دایکم باوەشی پێدا کرد... «منیش دەمویست لە پێش ئەو ڕامبووسم، بەڵام ئاخ نەمتوانی...!!» دەستی گرت و بۆ ناو حەوشەکە ڕایکێشا... لە برادەرەکانی هەموو شتێکی بیستبوو... دڵنەواییی داینەوە... چەند هیوام خواست ئەو شەوە لامان بمێنێتەوە... خۆزگە دایکم لەجیاتی من ئەو داوایەی لێ دەکرد... زوو زوو دەهات و هەر جارێ سێ چوار زەرفی گەورەی خواردنی لەگەڵ دەستی خۆی دەهێنا... ئەو ئێوارەیە دایکم مەچەکی گرت و پێی وت:

– گوێ بگرە ڕۆڵە...!! لەگەڵ شەهاب فەرقت ناکەم، بەڵام یەک جاری دی شتمان بۆ بێنی، ڕازیی نابم.

ئینجا لە منی ڕوانی و درێژەی بەقسەکانی دا:

– لە خوا بەزیاد بێ لە هیچمان کەم نییە... ئەوەتا فالیحە بەرگدرووێکە لە هەموو گەڕەک ناسراوە... ئێمە دەبێ ئاگامان لە تۆ بێت... گەنجێکیت و...

سوێند دەخۆم دایکم ناڕاستەوخۆ شتێکی گرنگی دەربڕی و چ من و چ «فوئاد»یش لێی تێگەیشتین... لەمەوە پەیوەندیەکەمان تەواو گۆڕا... ئەو گۆڕانەش سەرەتا هەر لە سەرنجەکانماندا دەردەکەوت، ئەگینا بەقسە هیچی وامان دەرنەدەبڕی... ڕۆژێکیان دایکم چەند مەترێ پۆپلینی هێڵداری بۆ کڕی... پێی وتم بەئەندازەی کراسوبیجامەی براکەم بیدوورم، چونکە باڵایان بەقەدەر یەک بوو... هات و پێی بەخشی... ویستی وەرینەگرێ... ئەم پێی وت:

– خۆ بەخۆشیی خۆت نییە.

نەمدەزانی دایکم بۆچی ئەوەندە ئەو کوڕەی خۆشدەویست... شەوێکیان پێی وتم:

– کورد لەگەڵ یەکدی ناتەبان، بەڵام بۆ بێگانە زۆر باشن... هەرچەند فوئاد بەئێمە غەریب نییە.

هەموو جارێ ئامۆژگاریی دەکرد:

– کوڕەکەم باش بوو هیچت لەسەر ساغ نەبووەوە و بەریاندای... کەس نییە ئەو ڕێگایەی گرتبێت و دواییش پەشیمان نەبووبێتەوە... باوکی شەهاب ئەگەر بەرەحەتی دابنیشتایە، قەت سەری تێدا نەدەچوو و دوو منداڵی هەتیوی بەسەر مندا جێنەدەهێشت... پاش بەربوونی، حەوت مانگ لە جێدا کەوت... خانووێکی گەورەم فرۆشت و لە دکتۆرانم گێڕا، بەڵام وایان لێ نەکردبوو، جارێکی دیکە هەستێتەوە... کوڕی خۆم سیاسیی ئاقڵ و عەمردرێژ ئەوەیە، بەیانییان کاتێ دەچێتە دەرێ، بەڕووی خۆشەوە لە دراوسێکەی بپرسێت ئەمڕۆ کێ حوکمی وڵات دەکات... هەرکە ناوەکەی زانی، ئیدی تا دەگەڕێتەوە ماڵ، هەر بڵێ بژی ئەو.

– زۆر ڕاستە.

دایکم باوەڕی بەقسەکانی دەهێنا... پێی دەوتم:

– شکوور زۆر لەو شتانە دوورە... خۆزگە براکەشت ئازاد دەکرا و وازی دەهێنا.

ئازادیان کرد، بەڵام وازی نەهێنا... ئەوسا من شووم کردبوو و لەگەڵ «فوئاد» لای دایکم دەژیاین... «نەمام» پێی دەخستە دوو ساڵ و تۆ لە سکمدا دەجوڵایت... دوای سێ مانگ چووینە خوازبێنیی «راجیحە» و شاییمان بۆ گێڕان... خانووێکمان لە ڕیزی خۆمان بەکرێ گرت و ئەوێمان جێهێشت... شۆڕشی چواردەی تەمووز هەڵگیرسا و ژیانمان بەرەو چاکی گۆڕا... دوای ساڵێک ناخۆشییەکان سەریان هەڵدایەوە... گرتن و ڕاونانی شیوعییەکان دەستی پێکرد... لە پلەوپایەی بەرز دایاندەگرتن... «عەبدولکەریم قاسم» دەیان ئەفسەری شیوعیی تەقاویت کرد، کە دەوری گرنگیان لە شۆڕشدا بینیبوو... من بەهۆی «شەهاب»ی برامەوە زۆریانم دەناسی... لەوانە «شاكر الخطيب»ی ئامیری بنکەی حەببانیە و «جلال أحمد الأوقاتي» و «سلمان الحصان» و «خزعل السعدي» و «خليل العلي»... ڕۆژ بەڕۆژ نەهامەتییەکان زیاتر تەنگیان پێ هەڵدەچنین... لە هیچ خانووێکدا مانگێ دانەدەنیشتین... دەبووایە خێرا بۆ شوێنێکی دیکە بگوێزینەوە... «مثل أم البزازين كل يوم ببيت: وەکو ئەو پشیلەیەی بێچووی هەیە، ڕۆژانەماڵەوماڵمان دەکرد»... لە سێ ژەم ژەمێکمان نەدەخوارد... چی کەلوپەلمان هەبوو، بەهەرزان فرۆشتمانن... ئینجا کوودەتای هەشتی شوباتیشی بەسەردا هات و ئەوەندەی دی قوڕەکەمان بۆ خەست بووەوە... گوللە دەباری... خوێن پڕووشەی دەکرد... باوکت لە هەولێر بوو... ئێوەم لای دایکم بەجێهێشت... لەگەڵ «شەهاب» و «راجیحە»ی براژنم خۆمان گەیاندە «کاظمیە»، بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ دەیان شیوعیی تر و خەڵکانی دیی دژی قەومییان بەرگریی بکەین... بەچەکی سووک هێرشمان بردە سەر «مديريه الشرطه» و «القائمقاميه» و «شرطه النجده» و «أمانه العاصمه»... ژنانم دەبینی بەچەقۆ و بەرد و دارەوە دەجەنگان... یەکێکیان چووە مزگەوتی «دەروازە» و لە مایکرۆفۆن بانگی خەڵکی دەکرد... ئەو شەڕە چوار سەعاتی خایاند... سێ پۆلیس کوژران و چلیان بریندار بوون... هێزێکی گەورەی تانک و دەبابە هاتن... خانوویان دەڕووخاند... منداڵیان دەکوشت... ئافرەتیان بەتیتک ڕادەکێشا... لەوە زیاتر خۆمان بۆ نەدەگیرا... لە یەکتر دابڕاین... من و براژنم لە سەربانی ماڵێک بووین... ژنەکان هاتن بەپاڕانەوە بۆ ژوورەوەیان بردین... لە ترسی پشکنین، چەکەکانیان شاردینەوە... شۆڕشگێڕان لە «أعداديه الكاظميه» و لە «مركز الشرطه» بەردەوام بوون لە بەرگری... کوودەتاچییەکان بەمایکرۆفۆن هاواریان دەکرد خۆیان بەدەستەوە بدەن... زیاتر لە دە شیوعی هەر لە بەردەمی تانکیی ئاوەکەی «أعداديه الكاظميه» شەهید بوون... یەکێکیان «شەهاب»ی خاڵت بوو... دوای شەڕ لەگەڵ براژنم و ژنانی ئەو ماڵە چووین و بەچاوی خۆمان تەرمەکەیمان بینی... چیتر چاوم بەرایی نەدەدا لە بەغدا بژیم... برایان شەهید کردم... دایکم لە داخان بەسکی دا... بۆ هەولێر گوێزرامانەوە... ئەو نەخۆشییەی باوکیشت هەر هی ڕۆژانی بەندیخانەیە... سووک سووک حاڵی بەرەو خراپبوون دەچوو، تا لیژنەی پزیشکانی نەخۆشخانەی سەربازیی بەڕاپۆرتێک تەقاویتیەکەیان ڕاگەیاند... ئەنجام لە جێدا کەوت و خەمی هەموو شتێ کەوتە ئەستۆی من... شەوان بەدیاریەوە دادەنیشم... بیری لێ دەکەمەوە... ئاخر لەبەر خاتری ئەوە بڕیارم داوە ببمە دکتۆرێکی شارەزا... نانووم... قاچەکانی دەشێلم... دایکم لەولاوە چۆتە خەوێکی قووڵەوە... بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوە خەو نییە،



بەڵکو جۆرێکە لە بوورانەوە و دەمەوێت ناوێکی تایبەت بەخۆی بۆ بدۆزمەوە... وڕێنە دەکات... گوێی لێ دەگرم... ئەگەرچی ناتوانم هیچیان لێ تێبگەم، بەڵام دەزانم هاواری ناو خەونێکی ترسناکن و دەگەنە دەرەوە... «نەمام»ی خوشکم دوو ساڵ لە من گەورەترە... دەڵێن جوان نییە ئەو لە بازاڕ شت بفرۆشێت، بۆیە ئەوەندەی ئێمە هەست بەماندوێتی ناکات... «سەربەست»ی برام دەگرێتە باوەش... جلەکانی دەگۆڕێت، کە تازە بەسەر پێ کەوتووە... هەندێ جار یارمەتیی دایکیشم دەدا و چەند پارچە قوماشێک دەدوورێت... ئیدی ئەو لە خەویشدا وەکو دایکم ماندوو دیار نییە... من هەر لەسەر قەراغێکی دۆشەگەکەی ئەو دەنووم... بەچمکێکی لێفەکەی قاچەکانم دادەپۆشم... پەنجەکانی پێم دەیەشن... ئازاریان دەگاتە ناو سەرم... دەبێت کەمێ بیانشێلم و خاویانکەمەوە... خەتای ئەو پێڵاوە لاستیکانەمە، کە لە بەیانییەوە تا دوای خۆرئاوا دایانناکەنم... زۆریش پێیان دەڕۆم... هەندێ جار دەچمە گەڕەکەکانی ئەوبەر... دەبێت بەسەر ئەو بەردەبازانەدا بپەڕمەوە، کە لەناو شیوەکە دایانناون... کاتێ باران دەبارێت، ئاوی زۆر دایاندەپۆشێت... ناتوانم هەنگاویان بەسەردا بنێم... جارێکیان قاچەکانم خزان... کەوتمە ناو قووڵاییەوە... ترسام بخنکێم... پیاوێک دەریهێنام، بەڵام لەگەنێک گوڵەبەڕۆژەم ئاو بردی... دەگریام... نەمدەوێرا ڕوو لە ماڵەوە بکەمەوە... ئاخر دایکم ڕازیی نابێت تا ئەوێ بچم... لەو گامێشانە ڕادەمام و ترس دایدەگرتم، کە ماڵە عەرەبەکان لەو ژێر پردە بەخێویان دەکەن... کاتێ بەناو شیوەکەدا دەڕۆن، شڵپەشڵپێکی سەیر لە قاچی زلیان بەرزدەبێتەوە و دەنگی ئاوەکە دەگۆڕێت... ئەگەر چاوەکانم بنووقێنم و گوێیان لێ بگرم، وادەزانم کۆمەڵێک عەرەبانە بەسەر ڕێگایەکی سەهۆڵبەنداندا تێدەپەڕن و شەختە سەهۆڵەکان لەژێر پێچکەکانیاندا تێکدەشکێن... ئەمە ئاوازێکی خۆشە... حەزی لێ دەکەم... چەرمی زۆر ڕەشیشیان کاتێ لە بەرتیشکی خۆردا دەبریسکێنەوە، سەرنجم ڕادەکێشن... وەکو قوماشێکی ئێجگار جوان دەکەونە بەربینایيم... هیوا دەخوازم چەند مەترێکم لەو قوماشە سەیرە هەبێت... دایکم بۆم بکات بەعەزیەیەکی کەشخە... بۆ قوتابخانە بیپۆشم... خۆمی پێوە بنوێنم... منداڵەکانی ئەو ماڵە عەرەبانە زۆر شتم لێ دەکڕن... هەر بەکوردییش دەدوێن... زمانی ئەوانیش دەزانم... کاتێ ماڵمان لە بەغدا بوو زیاتر بەعەرەبی دەدواین... نازانم بۆچی لەوێ مامم بیردەکەوێتەوە... لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر حەزم لێیە بەریبێت... ئەو جارە چووین بۆ دیدەنی... لە سەرە وەستابووین... پۆلیسەکان بەقامچی لەو خەڵکەیان دەدا... پێیان دەوتن:

– زمایل...!! «ئێوە کەرن»...!!

چوارشانەیەکیان بەدایکمی وت:

– سكتي گحبە...!! «بێدەنگ بەقەحپە»...!!

دایکم لە ڕێگا پێی وتم، کە ئەو قسەیە بۆ باوکم نەگێڕمەوە، چونکو خەفەت دەخوات و حاڵی خراپتر دەبێت... گامێشەکان بەجێدەهێڵم... بانگی شتەکانم دەکەم... لەوبەری «گۆڕستانی چراغ»یش سەدان کەر و ئەسپ و ئێستر دەبینم... جامبازەکان دەیانفرۆشن... پیایاندا هەڵدەدەن... گوێیان لێ دەگرم... لەبەرخۆمەوە لاساییان دەکەمەوە... کاتێ دەیانکڕن، هەزاران عەیبیان لێ دەدۆزنەوە، بەڵام هەر ئەوانن

دوای ماوەیەکی کورت دەبنە بووک و پەری... من کچێکی دەستفرۆشم و هەقم بەسەر ئیشی پیاواندا نییە... تەویلەیەکی گەورە لە ناوەڕاستی ئەو دەشتەدا هەیە... جەمەلۆنەکەی سەری لە بەرتیشکی خۆردا دەبریسکێتەوە... هەر چەند چاوم خێلدەکەم و لێی دەڕوانم، وەکو ڕووبارێک دەکەوێتە بەربینایيم و هاژەهاژەکەی دەبیستم... شەپۆلەکان لە شێوەی ورچی زل زل بۆ ئاسمان هەڵدەچن... شڵپ دەکەونەوە سەر ڕووی ئاوەکە... خۆم دەخەڵەتێنم... دەمەوێت بچم لەو قەراغە دانیشم... «خۆزگە هەندێ حەڵوام بهێنایە و بەدەم ڕوانینی لەو هەموو جوانییە، بمخواردایە...!!» هەنگاو دەنێم... دەگەمە ناو گۆڕستانەکە... زۆر جار لای «ئامینی چەلەبی» دادەنیشم... بنیادەمێکی سەیرە... دەڵێن لە سەردەمی گەنجێتیی ناپاکیی لە مێردەکەی کردووە... چەند جار بەدزیی ئەوەوە لەگەڵ پیاوی بێگانە نووستووە... ئینجا ژەهری داوەتێ، بۆ ئەوەی دەست بەسەر موڵک و ماڵەکەیدا بگرێت... دوایی تۆبەی کردووە... هەموو سامانەکەی بەسەر هەژاراندا بەخشیوەتەوە... ئەو «جاوە» بۆقخۆرە دەبینی لەوبەری ماڵمان لەناو قوڕ و چڵپاودا دەژی...؟! ئەوە لەو گۆڕستانەیان فڕێدابوو... ئەو هەڵیگرتەوە... بەخێوی دەکرد... لە پەڕۆی دەپێچا... لەم ماڵ و لەو ماڵ دەیگێڕا... ژنان شیری خۆیان دەدایە... دەیهێنا بۆ لای دایکم... تێروپڕ مەمکی ویشی دەمژی... لەگەڵ «سەربەست»ی برام شیربران... ئێستا «سەربەست» گوێی لێ بێت، دنیا هەڵدەگێڕێتەوە... پێی نەڵێی من ئەمەم بۆ گێڕاویتیتەوە... باش...؟! نەوەکا لێم تووڕە بێت... جا ئەوەی وابزانێت ئەم سەرگۆی هیچ مەمکێکی نەمژیوە، ئەوا بەهەڵەداچووە... «ئامینی چەلەبی» شەوان دەیکردە قومات... لەگەڵ خۆی دەیبردە ناو ئەو گۆڕستانە... قورئانێکی پێبوو... تا بەیانی لەوێ دەیخوێند... «جاوە» ئاوا گەورە دەکرا... پێی گرت... هاتە دەرێ، بەڵام تێکەڵی منداڵان نەدەبوو... هەر لە دوورەوە بەڕقەوە لێیان ڕادەما... خێسەی دەکرد... کەسی خۆشنەدەویست و کەس خۆشینەدەویست... گەمژە بوو... یاریی نەدەزانی... لە هیچ شتێ تێنەدەگەیشت... پێنج ساڵ لە پۆلی یەک مایەوە... نەیدەزانی دوو پیتیش بنووسێت... قەڵەم و لاستیکی منداڵانی دەدزی... دەستی لە گیرفانیان دەئاخنی... پارەکانی دەردەهێنان... لەو حانووتە شتی پێ دەکڕین... نەوسن بوو... بۆڕی «ئەشعەب»یشی دابووەوە... خۆ دەزانی «ئەشعەب» کێیە...!! ئەو پیاوە نەوسنەی سەردەمی زوو لە دوورگەی عەرەبیدا دەژیا... بەهیچ شتێ تێر نەدەبوو، کەچی وایدەزانی ئیشتیهای گیراوە... ڕۆژێکیان میوانی ماڵێکی عێراقی دەبێت... بەیەک ژەم هەموو خواردنەکەیان هەڵدەلووشێت... وەختێ دەیەوێت بڕوات، خانەخوێ لێی دەپرسێت، ئاخۆ بەرەو کوێ ئۆغر دەکات... ئەو پێی دەڵێت دەچێ بۆ شام، چونکە دکتۆرێکی شارەزای لێیە، بەشکوو چارەسەری ئەو کەمخۆریەی بدۆزێتەوە... کابرا لێی دەپاڕێتەوە: «بە قوربانت بم ئەشعەب ئەگەر چاکبوویتەوە، بێرەدا نەیەیتەوە...!!» «جاوە» زۆر لەو خراپتر بوو... حەزی لە گۆشتی برژاو دەکرد... لە ماڵەوەش نا، بەڵکو لەو گۆڕستانە... ئەدی شێت یانی چی...؟! ڕەنگە مەبەستێکی زۆر خراپیشی لەوەدا هەبوبێت... دوور نییە حەزی کردبێت بەدیار مردووانەوە لەزەت لە خواردن ببینێت... ئیدی بۆ شێتە...؟! نەء، تاوانبارە... پیرەژن لەوێ مەنقەڵیی دادەنا... شیش شیش گۆشتی بۆ دەبرژاند... دەیخوارد... هەڵیدەلووشی، بەڵام تێربوونی نەبوو... چەند جار بەو چاوانەی خۆم دەمدی دەستی لەناو تەنەکە و بەرمیلی خۆڵدا دەگێڕا... لە خواردن دەگەڕا... دەیویست بەرماوەی



چێشتخانەکانیش هەڵلووسشێت... ئێوارەیەک لە پەنادیواری قەڵات یەک دوو ناميلکەی دزی... پێکەنینم هات... ئاخر ئەو لاپەڕەی یەکەمی کتێبی خۆی بۆ حونجە نەدەکرا، ئەمانەی بۆ چی بوو...؟! دەیویست بەهەموو شێوەیەک زیان بگەیەنێت، ئەگینا ئەم و خوێندنەوەیان نەوتووە... خراپەکاریی لە گیانی دەچۆڕایەوە... ئێستاش هەر وایە... ناگۆڕێ... شەوێکیان لەو گۆڕستانە پیرەژنی خنکاند... ویستی دەست بەسەر موڵک و ماڵەکەیدا بگرێت... پۆلیس بردیان... لێیان دا... هەڵیانواسی... ددانی بەو تاوانەی خۆیدا نەنا... پێی نەوتن پارەکانی لە کوێ شاردۆتەوە... ناچار بەریاندا... یاسای گرتنی بەسەردا نەچەسپا... وتیان منداڵێکی شێتە... ئێوارەی پێش ئەوە دووکاندارێک بەوەی تەنیشتی وت: «ڕۆژێ ئەو منداڵە دەبێتە یەکێ لە چەلەبیەکان و نیوەی شار دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە... من لەو چاوانەیدا تەنها تەماع و خراپەکاری دەبینم»... ئەم پێی وت: «ئەو پیرەژنە بێچووەمار لەناو باغەڵی خۆی گەورە دەکات... نازانێ کاتێ گەورە بوو، پێوەی دەدات... ئەرێ وەڵلا ئەوە مارە»... وەی دایکە...!! خۆ ئەوە مار بوو...!! بەگۆڕی باوکم درۆ ناکەم... لەناو پووشوپەڵاشی قەراغی ئەو گۆڕستانە بینیم... کەمێ لەولای قاچمەوە خشکەی کرد... زرووکاندم... لە ترسان سینیەکەم لە دەست کەوتە خوارەوە... ئارد و شرووب بەو ناوەدا بڵاوبوونەوە... گریام... هەڵاتم... زرووکاندم... دوو کوڕی چوختیم بینی... پێم وتن... سەرو داریان هەڵگرت... چوون بۆ ئەوێ... دۆزیانەوە... کوشتیان... سینیەکەیان بۆ هێنامەوە... نەمدەوێرا بیگرم بەدەستەوە... ڕاچڵەکیم... خەبەرم بووەوە... لێفەکەم تا سەر چاوم هێنا... هەڵدەلەرزیم... خەوم لێنەدەکەوتەوە... بەیانی بۆ دایکم گێڕایەوە... لێکیدایەوە... پێکەنی... پێکەنینێک هەزار و یەک مانای دەگەیاند... نوقرچێکی لە قۆڵم گرت و وتی:

– گەورە بووی، ئاگات لە خۆت بی.

بەشێوەیەکی جیاوازتر لەوەی شەو پێیداچوومەوە... هێنام... بردم... هەڵگێڕووەرگێڕم کرد... هەڵمەوەشاندەوە... لوغزی پەناوپەسارەکانیم خوێندەوە... ئاردی سپی... شرووبی سوور... پوشوپەڵاشی زەرد... سینیەکی لووس... دوو کوڕی چوختی... دوو داری ڕەق... مارێکی کوژراو... هەموو ئەمانە لە قەراغی گۆڕستانێکی چۆڵوهۆڵدا... لەزەتم لێ بینی... موچوڕکەم پێدا هات... لێوی خوارەوەم خستە ژێر ددانەکانی سەرەوەم... گازم لێی گرت... ئازاریم دا... چوومە ئەودیو... لە بەرامبەر ئاوێنەکە وەستام... ماچێکی ناودەمی خۆمم کرد... شوێنەوارەکەی لەوێ بەجێما... بەهەڵم دامپۆشی... سیمای گۆڕا... منیش گۆڕاوم... زیاتریش دەگۆڕێم... چەند ڕۆژێکی دی دەبمە دوانزدە ساڵ... دوو بەهارە وازم لە شتفرۆشتن هێناوە... بەڵام هەمیشە بیر لەو ڕۆژگارە دەکەمەوە... هەر بۆیە زوو زوو خەونی پێوە دەبینم... وەکو خەونەکەی دوێنێ شەوم... «گەورە بووی، ئاگات لە خۆت بێت»... ناهێڵن... ناهێڵن... ئەو هەتیوانەی سەر ڕێگای قوتابخانە ناهێڵن... شەڕم پێ دەفرۆشن... بڕۆم لێ هەڵدەتەکێنن... لێوم لێ دەقووچێنن... دوام دەکەون... پلارم تێدەگرن... هەڵبەستی دڵداریم پێدا هەڵدەڵێن... بەجوانێ جوانێ گوێچکەم ئاودەدەن... هەڵمدەفریوێنن... شێتم دەکەن... من کوێم جوانە...؟! ئای لەو مەتەڵە...!! ناوەکەمیان لەسەر قۆڵ و باسکیان کوتیوە... ماچم بۆ هەڵدەدەن... نامەم بۆ فڕێدەن... بەپایسکیلی ڕازاوەیان بەلامدا تێدەپەڕن...

جار جار تیژ و جار جار هێواش... زەنگم بۆ لێدەن... دەنگ هەڵدەبڕن: «ئاخ سوهام...!! ئۆف سوهام...!! گیان و دڵەکەم سوهام...!!»... لەوە زیاتر بەرگە ناگرم... خۆم بەدەستەوە دەدەم... «گەورە بووی، ئاگات لە خۆت بێت»... ناتوانم... ناتوانم... بەوان بڵێ ئاگایان لە خۆیان بێت... خەیاڵیان داگیرکردووم... پشتم کردۆتە کتێبەکانم... جاران لە بازاڕ و لە کۆڵانان بەدەم فرۆشتنی شرووب و گوڵەبەڕۆژە و ڕێواسەوە دەمخوێندنەوە... لە تاقە ژوورێکی پەڕپووت بەدیار باوکێکی نەخۆشەوە لەبەرم دەکردن... ئێستا لەم خانووە تازەیە و لە ژووری خۆشم نامپەڕژێ سەریان بەسەردا بگرم... لە بەردەمی عیادە و دەرمانخانەکاندا خەونم دەدی... دەبوومە دکتۆرێکی شارەزا... هەمووی بەسەرچوو... مردنی باوکم کۆتاییی بەو خەیاڵپلاوەم هێنا... مانگێکی دی مەرگ مەودای بدابووایە، دڵی بەئازادبوونی «مامە فازیل»م دەبووژایەوە... مامم لە هەیوانەکە چەند گریا...!! لەسەر گۆڕەکەیشی زیاتر...!! کەچی نەیهێشت ئێمەش بەشداریی ئەو ماتەمییەی بکەین... هەرگیز بیرم ناچێتەوە، کاتێ سەری هەڵبڕی و وتی:

– بەسە...!! توخوا بەسە...!! نەبینم... نەبینم ئێوە بگرین.

مەعاشی سێساڵی بەجارێ وەرگرتبوو... لە «سەعدووناوە» خانووێکمان کڕی... «نەمام»ی خوشکم وتی:

– نازانم لۆ دەبی ئەمە هەر لە نێزیک قەبرستانێ بژین...!!

مامم وەڵامی دایەوە:

– ئەمە تازە لەو دەوروبەرەی ڕاهاتینە و خەڵکەکی زۆر دەناسین... نێزیکی بازاڕیشە... بەسێ شەقاوان دەگەمە مەکتەبەکەشم.

بەڵام ئەوە ڕاستیی مەسەلەکە نەبوو... «لامیعە»ی خۆشدەویست... دەبووایە لێیەوە نزیک بێت... کەس لە پێش منەوە بەم نهێنییەی نەزانی... یەکەم نامەی مامم دوای بەربوونی، من گەیاندمە دەستی... لە ڕێگا وتم بیکەمەوە...؟! نەیکەمەوە...؟! خۆم بۆ نەدەگیرا... بەترسەوە زەرفەکەم هەڵپچڕی... وەی خوایە چی تێدا نووسیبوو...!! نەمدەزانی پیاو ئەگەر بەدزییەوە، نامە بۆ ژن بنێرێت، ئەوەندەی بەقوربان دەبێت... ئەدی «لامیعە» بۆ ناڵێی...؟! چۆن جورئەتی دەکرد ئەو وشانە بنووسێت...؟! من بەخوێندنەوەشی لەرزم لێ دەهات... ئینجا زانیم مامم ناهەقی نییە شەوان تا درەنگ بخواتەوە... میوانی سەیر سەیریشی دەهات... کەسی وا هامشۆی ماڵمانیان دەکرد، کە هەرگیز لە هیچ شوێنێکدا نەمدیبوون... گفتوگۆی سیاسی... ئەدەبی... دڵداری و نازانم چی و چی دادەمەزرا... هەندێ جار دەبووە دەمەقاڵێیشیان... «جەمیل ڕەنجبەر»ی شاعیر، ئەوەی کۆڵانی خۆتان، زوو زوو سەری لێ دەدایین... شیعری بۆ دەخوێندینەوە... «یوسف دەرگەلەیی»ی نووسەر بەباوەشێ کتێبەوە خۆی بەماڵدا دەکرد... «عەبدولخالیق مەعرووف» دەناسی...؟! نا، باوەڕ ناکەم بیناسی... کە گەورە بووی دەزانی کێیە... منی زۆر زۆر خۆشدەویست... شیعر و چیرۆکی منداڵانی بۆ دەهێنام... زۆر لە نووسەرانی سلێمانی و کەرکووک و کفری کاتێ دەهاتن بۆ هەولێر، لە ماڵی ئێمە دەمانەوە... ئێوارەیەکیان لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، کوڕێکی زۆر



قۆزم لە ژووری میواندا بینی... لە ڕووم نەهات بچمە ئەوێ... خۆم گەیاندە ئەودیو... «نەمام» وەک بڵێی چەند ساڵ چاوەڕێی من بێت، تا مژدەیەکی خۆشم پێ بگەیەنێت، بەشپرزەییەوە دەمی هێنایە بن گوێچکەم و بەچپە پرسی:

– دەزانی خزمی کێ میوانمانە...؟!

ئای لەو پرسیارە سەیرە...!! جارێ من نازانم میوانەکەمان کێیە، کەچی ئەو دەیەوێت من خزمەکەیان بناسم... مەراقم زیاتر بوو... بەپەلە وتم:

– نەء، نازانم...!! پێم بڵێ خزمی کێیە...؟!

– مام جەلال...!!

– جەلال تاڵەبانی...؟!

– ئا، خزمی ویە... ئەوە کێوە دەچی...؟!

دەمویست بچم چاکتر لێی وردببمەوە... ئەگەر شەرم ڕێم لێ نەگرێت، چەند ماچێکی ئەملا و ئەولای بکەم... «خزمی مام جەلال هاتووە بۆ ماڵمان...!!» «نەمام» دەستی گرتم و بۆ لای خۆی ڕایکێشام:

– دەزانی ناوی چییە...؟!

– نەء.

– کاک عارف تاڵەبانی...!!

ئێستا «کاروان» زانیت من جەلالییم...؟! فێڵێکی چاکم لێ کردی... ئەگەر لە سەرەتاوە وام بوتایە، هەر خێرا بێدەنگت دەکردم... نەتدەهێشت ئەو بەشەی چیرۆکی ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە... وا نییە...؟! دڵنیام بەهەڵەدا نەچووم... هەوکە ئەگەر خۆشم وازبهێنم، تۆ ڕازیی نابی... تازە لە ناخمدا نوقومم کردی و زەحمەتە بەئاسانی بێیتە دەرێ... چەند حاڵەتێکی جوانە مرۆڤ خۆی بێدەنگ بێت و گوێ لە قسەی دوژمنەکەی بگرێت...!! بەڵام ناشیرین پار لەو چۆمانە بەم دەستانەم برینی پێشمەرگەم تیمار دەکرد، بەبێ ئەوەی بۆ چرکەیەکیش ئەوە بەخەیاڵمدا هاتبێت، کێ مەلاییە و کێ جەلالی... شتێکت پێ بڵێم...؟! جەللاد و ستەر وەکو یەک وان... دەزانی لە چییدا...؟! لەوەی هەردووکیان بەبێ جیاوازی دەست دەخەنە خوێنەوە... بەڵام دەزانی لە چییشدا جوودان...؟! «...»... ئافەرین...!! گەورە بووی...!! لە جیاوازی و لەیەکچوونەکان تێدەگەیت... خۆشمدەوێی...!! من ستەرم... ناتوانم ڕق لە دڵ بگرم... بەڵێ، ستەرم... دەستەکانم بەو خوێنانە سوورن، کە جەللاد ڕشتوونی... پەنجەکانم چوونەتە خوێنی «عارف تاڵەبانی»یشەوە... ببوورە کە ئیتر بەدەم گریانەوە ئەم بەشەت بۆ دەگێڕمەوە... ناکرێ من سەربردەی ژیانی ئەو مرۆڤە دڵدارە بگێڕمەوە و نەگریم... پێشتریش بەهەمان ڕادە بۆ «فایزە»ی خۆشەویستی فرمێسکم ڕشتبوو... ئەگەرچی هەرگیز نەمدەتوانی ئەمە بەخۆی بڵێم... ئەو کوا باوەڕی بەو مردنە دەهێنا...!! تۆ بەچاوی خۆت بینیت، چۆن لەو خانووە لەگەڵیدا دەژیا و «دڵپاک» و «سەنگەر» و «دلێر»ی بەخێو دەکرد... دوایی کچێکی دیکەی جوانیان بوو... ناویان نا «دڵگەش»... لە چۆمانیش خێمەیەکیان دەستکەوت... جار جار لەگەڵ مامم و «لامیعە»ی مامۆژنم دەچووم بۆ سەردانیان... لە ئێستگەش

دەمبینی... لەگەڵ نووسەر و ڕۆشەنبیرانی ئەوێ کاری دەکرد... دەیتوانی هەر لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام لەوە تێنەگەیشتم بۆچی ویستی بچێتە شەڕی چەکدارییەوە... برینەکەی قورس بوو... هەر زوو زانیم چاکنابێتەوە... خۆزگە دەمزانی ئەو چۆن مەرگی دەبینی... چۆنی لێکدەدایەوە... من نزیکترین کەسی بووم و پەیم بەو نهێنیەی ناخی نەدەبرد... هیچی لێ نەدەشاردمەوە... گاڵتەی سەیر سەیرمان بەیەکەوە دەکرد... ئەو جیاوازییەی نێوان تەمەنمان نەیدەتوانی ڕێگای ئەو پەیوەندیە بەتینەمان لێ بگرێت... یەکەمجار بینیم، وامزانی هەرگیز ناتوانم ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوم ببڕمە ئەو چاوانەیەوە... کاتی نانخواردنی ئێوارە لە بەرامبەری دانیشتبووم، بەڵام سەرم هەڵنەدەبڕی... بەشەرمەوە پارووەکانم بۆ دەمم دەبردن... بەپارێزەوە دەمجووین... کەچی شەو بەشێوازە تایبەتیەکەی خۆی شەرمی شکاندم... نەدەکرا گوێم لەو قسە خۆشانەی بێت و پێنەکەنم... قاقا لێ نەدەم... هاوکات مستی سووک سووک و هەندێ جار هی قایمیش بەو شان و ڕانانەیدا نەکێشم... بەیانی لە قوتابخانە و دواتر لە کۆڵان بۆ دەستەخوشکەکانم گێڕایەوە، کە کێ هاتووە بۆ ماڵمان و بووە بەخۆشەویسترین هاوڕێم، بەڵام ئەوان لچیان هەڵدەقورتاند... حەزیان لە کەسانی ئاوا نەبوو... بەئاشکرا وایان نەدەوت، بەس دەمزانی چۆن بیردەکەنەوە... بەناپاک لە قەڵەمیان دەداین... ناوی جۆراوجۆریان بۆ داتاشیبووین... ئێمەش ئەوانمان خۆشنەدەویست... بگرە خوێنی یەکدیمان دەکردە کاسەوە... ئۆف دیسان باسی خوێن هاتەوە گۆڕێ...!! نامەوێ هێندە ئەو وشەیە بەکاربهێنم... من کە ڕۆژانە لەو خەستەخانەیە لەگەڵیدا دەژیم، دەبا هیچ نەبێ دوای دەوام کەمێ لە چاوم غافڵ بێت... خەتای تۆیە... ئەگەر بمزانیبا بەدڵی فرەوانەوە گوێم لێ دەگری، هەرگیز پەنام بۆ فێڵ و تەکنیک نەدەبرد... یەکسەر چیرۆکی خۆمم دەگێڕایەوە... باسی «فایزە»م دەکرد، کە چۆن دەچووم بەدوایدا و دەمهێنا بۆ ماڵمان، بۆ ئەوەی «عارف تاڵەبانی» لەو ژوورە ببینێت... دواییش تا بەردەرگاکەیانم دەگەیاند... ئەوسا لە پۆلی پێنجی ئامادەیی دەیخوێند... بەڵام تەمەنی لە سەرووی بیست ساڵ بوو... ببوورە بچکۆل گیان ناتوانم لەوە زیاتر سەربردەی ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، چونکە وەکو دەبینی کەلوپەلەکانمانیان لە لۆریەکە بارکردووە و دەبێت بڕۆین... ئەوەتا دایکم و ئەوان تاکسیان وەستاندووە و چاوەڕێی منن... ماڵێکی دیکە دێنە شوێنمان و دڵنیام خۆشتدەوێن... ڕەنگە ئێمەت هەر لە بیرنەمێنێت... ئەوە چییە...؟! دەگری...؟! بۆ کێ...؟! بۆ من یان بۆ خۆت...؟! نامەوێ وەڵامم بدەیتەوە... جوانترین گریان ئەوەیە، هۆیەکەی نەزانی... با ئەو فرمێسکانەی تۆ دوا شتی ئەم شارە بن، کە من بەدەم گریانەوە لێیان بڕوانم... بای بای کاروان عومەر کاکەسوور... شەکردانە چینیە لاکێشەییەکەی «مەرجان مووسڵاوی»م خۆشدەویست و حەزم دەکرد بەدیاریەوە بچمە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە، چونکە وێنەی کچێکی چاوبەئەسرینی جوانم بەسەریەوە دەبینی... زەنبیلەیەکی پووشی پڕ لە سێوی سووری لە قۆڵی ڕووتی گۆشتنی هەڵکێشابوو و خەمناکانە بایبای لە دەزگیرانەکەی دەکرد... دەمتوانی ئەو فرمێسکانەی ببینم، کاتێ لەو گلێنانەی دەتکان و بەسەر کوڵمیدا دەهاتنە خوارێ... دەگەیشتنە بنکی چەناگەی و دەچۆڕانە ناو سنگی... دەبوونە جۆگەلەی باریک باریک و بەنێوان هەردوو مەمکی ناسکیدا شۆڕدەبوونەوە... ئەنجام لەسەر ئەو تاقە گۆمێکیان پێکدەهێنا... دوای تاوێک شەکردانەکە وەکو بەلەمێک لەناو ئەو ئاوەدا دەردەکەوت و وردە وردە نقووم دەبوو، بەڵام نەء، ئەوە چاوەکانی من بوون وەنەوزیان دەدا و شتەکانیان وەکو تارماییی کاڵ دەبینی... من دەڵێم «مەرجان» خۆیشی پەی بەو نهێنیە دەبرد و لەزەتی دنیای لێ دەبینی، بۆیە چی کەلوپەلی ماڵەکەی هەبوو، ڕۆژ بەڕۆژ دەیفرۆشتن، تا ژیانێکی مەمرەومەژی بۆ خۆی و «تاڤگە»ی کچی دابین بکات و هەرماوەکەی بخاتە گیرفانی دەستەڵاتدارانەوە، بەو هیوایەی سۆراغێکی «ئەیووب»ی مێردی بکات، بەڵام ئەو شەکردانەی بەهیچ شتێ نەدەگۆڕیەوە... جار لە دوای جار خانووەکەیم چۆڵتر دەبینی و شەوان لە ناوەڕاستی ئەو دەشتەدا وەکو تابووتێکی گەورە دەردەکەوت... ئەو تابووتەی چاوەڕێی تابووتێکی دیکەی دەکرد و هەر نەگەیشت... ئاخر بەپێی ئەو یاسایە نوێیە چیتر تەرمی لەسێدارەدراوەکانیان نەدەدایەوە خاوەنی... ئەوسا «مەرجان» لەو مەزاتخانەیە جلی کۆنەی دەفرۆشت و «تاڤگە»یشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد... لەوێ خەڵکی دیکەی ناسی و ڕۆژ بەڕۆژ ژیانی دەگۆڕا... هاوکارەکانی ڕازییان کرد شوو بکاتەوە و «یوسف ماسیگر»یان بۆی دۆزیەوە... ئەو پیاوە نەگبەتەی لە شۆڕشی حەفتا و چوار ژن و منداڵەکەی بەر تۆپ کەوتبوون و کاتێ فرۆکەی دەبینی، پەنجەکانی دەئاخنیە کونی گوێچکەکانییەوە و وەکو منداڵ دەگریا... لە هەموو شتێ زیاتر شانازیی بەو نازناوەی دەکرد... دەچوو لە مووسڵ یەک دوو ماسیی گەورەی دەکڕی و دەیدایە خەڵکی گەڕەک، گوایە بەقولاپ گرتووینی... شەوان لەگەڵیان دادەنیشت و تا درەنگ ئەزموونەکانی خۆی بۆ دەگێڕانەوە، کە هەر لە منداڵییەوە لەو بوارەدا هەیەتی... دەیوت چاوەکانی ئەوەندە تیژن، دەتوانن ماسی لە بنی ڕووباردا ببینن و بەزمانێکی نهێنییش دەیاندوێنێت... حەزی دەکرد هەمیشە چوار و پێنجی بەدەورەوە بێت و باسی ماسییان بۆ بکات... ئەوان قاقایان لێ دەدا و پێیان ڕادەبوارد... من بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی «مام یوسف» هەر دوای ئەو کارەساتە خووی دایە ماسی و نازناوێکی ئاوای هەڵبژارد... پەیوەندیی نێوان ماسی و فڕۆکە چۆنە...؟! چییان لە یەکدی دەچێت و لە چییشدا جوودان...؟! ئەمیان لەناو ئاو و ئەویان لە ئاسمان... بەکونوکەلەبەری هەردووکیاندا گەڕام و چاوم بەتانوپۆیاندا گێڕا... زۆرم هێنا و برد، تا گەیشتمە ئەو باوەڕەی ئەم بەبێ ئەوەی بزانێت، دەیەوێت لەو خەمە گەورەیەی ناخی ڕابکات و وەکو مۆرانە داینەڕزێنێت... بەڵام من ناتوانم لەو شارەی پڕیەتی لە کەسانی وەکو «یوسف ماسیگر» و «مەرجان مووسڵاوی»، هیچ فێڵێک لە خۆم بکەم و ئەو شکستە گەورەیەی شۆڕشم بیرناچێتەوە... لەوەش زیاترم لە دەست نایەت ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانم بەو زمانە ساکارە و بەدزیی «باوک»مان پلانی شۆڕشێکی دیکە دابنێین.

«شوان سلێمان یابە» یەکێ بوو لە برادەرەکانم... تازە لە لادێوە هاتبوو و لە ماڵی «مامۆستا عوسمان»ی مامی دەژیا، کە دواتر لە خۆپیشاندانی قوتابیان ڕۆڵێکی چاکی بینی... بۆ خۆشیی ناوم نابوو «شوان عارەب» و ئێستاش زۆر کەس وا دەزانن ئەمە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی... بووبووینە هاوڕێی یەکتر و بەبێ ترس باسی ئەو مەسەلانەمان دادەمەزراند... ئەویش بەحەماسێکی لە ڕادەبەدەر و ڕۆحێکی هاوچەرخانەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و زانیاریی زۆری دەربارەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش هەبوو... حەزی لە هونەر و ئەدەب دەکرد و زۆر دڵی بەژیانی شارستانی دەکرایەوە... من هەمیشە بەبینینی ئەو گەشبین دەبووم و بەڕاستی خۆشیمدەویست، بەڵام دواتر کە زانیم ئێمە دوو ڕێبازی جیامان هەیە، تا

توانیم خۆمم لێی دوورخستەوە.

من بێجگە لە پارتی و بارزانی، باوەڕم بەهیچ پارت و سەرکردەیەکی تر نەبوو... تەنها ئەوان دەیانتوانی لە دڵما بچەسپێن، کە ڕۆژانی سەرەتای منداڵیم بەسەرنەچووە و بەردەوامە... بەردەوامە و درێژەی هەیە... دەرکەوتنی بیروباوڕی تر و سەرکردەی تر پێش هەموو شتێک هەڕەشە بوو لە منداڵیی من و هەستم بەگۆڕانی سیمای شتەکان دەکرد، کە لای من پیرۆز بوون و نەدەبووایە بگۆڕێن... ئاخر گۆڕانەکان زەندەقیان دەبردم و ڕابردوومیان دەسڕیەوە... هەستم بەنامۆیی دەکرد و لە ناخەوە تێکدەشکام... خەونم بەگەڕانەوەی شکۆی «بارزانی»ی باوکمەوە دەبینی و بەهیوا بووم دەستەڵاتی بەسەرچووی پارتەکەم بگەڕێتەوە... زەرد ئەو ڕەنگە بوو، کە هەمیشە لەگەڵمدا دەژیا و بەزەلیلیم دەبینی... لەناو ڕەنگەکانی تردا بەدەریان نابوو و بەزەییم پیادا دەهاتەوە... ئەو ڕەنگە بوو، کە «پەری»ی جوانەمەرگ کردبوویە ئاڵا و بەدەنگە خورافیەکەی گۆرانیی بۆ وتبوو... ڕەنگی قوتابخانەکەمان و هی کراسی «ئەسکەندەر قولی»ی یاریزان و «ئەکرەم شینە»ی قسەخۆش و زۆربەی قوتابییانی دیکە بوو... هی جلی زۆربەی خەڵکی گەڕەکەکەشم بوو... ڕەنگی ئەو قژە درێژ و خاوەی «بەگیسی ئی دریتە»ی دڵپاک و ڕۆح سووک بوو، کە ئەستێرە ڕەونەقدارەکان کردبوویان بەهێللانە و شەوان تیایدا سەرخەویان دەشکاند... ئەو ڕەنگە بوو، کە جارێکیان خوشکە گەورەکەم لە سەربانی خانووە کۆنەکەمان بەچپە پێی وتبووم، ئێمە ئەومان خۆش دەوێت و لەگەڵیدا گیانم بەژێر لەزەت و موچورکێکی سەیردا کەوتبوو... ئەمە لە کاتێکدابوو دەستی کردبووە ملمەوە و بەجووتە لە خۆری دامێنی ئاسمانە بێگەردەکە ڕادەماین، کە لە قازێکی خەڵتانی خوێن دەچوو و پەلەقاژەی پێ کەوتبوو... وردە وردە پەشمەکئاسا دەتوایەوە و تارماییەکی کاڵی بەدوای خۆیدا بەجێدەهێشت.

وەکو چۆن «هیتلەر» لەگەڵ شکستی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەتلایەوە و خەونی بەشکۆیەکی تری ئەڵمانیاوە دەبینی، منیش لەگەڵ شکستی «٧٥»دا دەژیام و خەونم بەگەڕانەوەی ئەو ڕۆژگارە بەسەرچووەوە دەبینی، کە نەمتوانیبوو ئازادانە تیایاندا بژیم و تێریان لێ بخۆمەوە... بەڵام جیاوازیی من و «هیتلەر» زۆر زۆر بوون... ئەو عەریفێکی برینداری شەڕ بوو، کتێبی «خەباتی من»ی دەنووسی و شکۆمەندیی بۆ خۆی دەویست... من منداڵێکی دەستەپاچە بووم و شکۆمەندیم بۆ کەسانی سەرووی خۆم بوو... دواجار «هیتلەر» زۆڵ بوو و من کوڕی شەرعی و ڕاستەقینەی باوکی خۆم... ئەو باوکەی بەچرکە چاوەکانی لێم غافڵ نەدەکرد و تا گەورەتر دەبووم، زیاتر ترسی لێ پەیدا دەکردم... دەیویست منیش وەکو خۆی هەر لە دوورەوە ئەو شتانەم خۆشبوێت و تەنها بەنهێنی لە ڕادیۆوە هەواڵەکان ببیستم... بەڵام نا، من جیابووم و بینین و گوێگرتن تینوویەتییان نەدەشکاندم...(٢٥)



## پەراوێزەکان

(١) تەنها بەپێی ئاگاداریی من لەو چەند قوتابییەی لێرەدا ناویان هاتووە، ئەمانە نەماون: «عەبدوڵڵا» و «کامیل» بوون بەسووتەمەنی شەڕی قادسیە. «عەلی کۆخە»ی برای «عەبدوڵڵا» لە ٣١ی مارتی «١٩٩١»، ڕۆژی گیرانەوەی هەولێر بەدەستی بەعس، شەهید کرا. «موحسین جەرجیس»، کە کوڕێکی هەژاری بێ باوک بوو و هەر لەو ڕۆژەوە دەیتوانی هەنگاو بنێ، لە کۆڵانان دۆڵدرمە و چلوورە و پەشمەکی دەفرۆشت. لەگەڵ «سمکۆ»ی برای، کە ئێستا بە«کاک خەبات» ناسراوە، دوو زیرەکترین قوتابیی قوتابخانەکەمان بوون. گەنجێکی ڕۆشەنبیر بوو و هەوڵی زۆر جوانی لە بواری شیعردا هەیە. گیرا و دواتر لە سێدارە درا. «بەختیار ڕەحمان»یش چەپێکی خوێنگەرم بوو، دەیان جار لەسەر شەقامەکان سنگی دابووە بەر گوللەی بەعس و نەیانپێکابوو، کەچی بوو بەقوربانیی کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردەواری و گوللەی تایەفەگەری زەفەری پێ برد. دڵنیام ژمارەی قوربانیەکان لەوە زیاترە و من ئەوانی ترم نەزانیوە.

(٢) بەداخەوە مامۆستا «ئیبراهیم باڵدار»، مامۆستایان لە ١٩٩٨/٧/١٠ لە شاری بەغداد بەبێدەنگی کۆچی دوایی کرد و نەمانتوانی هیچ خەڵاتێکی بکەین. ئەمڕۆ کە کوردستان خەریکە دەبێتە پەیکەرستان، کەچی کەس ئەو داهێنەرە گەورەیەی لەبیر نییە. پێم وایە تاقە کەسێک شایانی ئەوە بێت وێنەی لە پۆلەکانی قوتابخانە هەڵبواسرێت، هەر ئەوە... ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان داوام لێ بکەن ناوی دە کتێبی گرنگی کوردی بڵێم، ئەوا بۆ یەکەمیان پێویستیم بەبیرکردنەوە نییە و «ئەلف و بێ» لە پێش هەموویانەوە دادەنێم.

(٣) ئێستا «شادە»ی خوشکم مامۆستایە و نووسەریشە... چیرۆکی کورت و هی منداڵان دەنووسێت... ئەمە ئەو ناوەیە، کە لەماڵەوە پێی بانگ دەکەین، بەڵام خۆی ناوی «شادیە»یە و بە«شادیە کاکەسوور» بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە.

(٤) ساڵی «٨٦» لە مووسڵ بیرۆکەی «تەڵەی مشک لە قوتابخانە دەچێت»م کردە چیرۆکێک و لە «٩٧» دەسکاریم کرد، کە بەتەمام لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا چاپی بکەم.

(٥) بۆ ئەوەی قسەکانی «نازیلە ئینگلیز» بەچاکی و بەئەمانەتەوە بگەیەنم و لە ڕووی مێژووییەوە تووشی هەڵە نەبم، دیارە بۆ ئەوەیش بەئینگلیزی چی جنێوی سووکە پێم نەدا، ئەوا پەنام بۆ ئەم سەرچاوەیە برد:
أحمد بهجت، قصص الحیوان فی القرآن، دار الشروق، بیروت ١٩٨٧.
نووسەری ئەم کتێبە بەڕاستی شارەزاییەکی سەیری لە ژیانی گیانداراندا هەیە و بەشێوازێکی تا بڵێی سەرسوڕهێنەر ئەو چیرۆکانە دەگێڕێتەوە... دیارە ئەویش دایکێکی وەکو «نازیلە ئینگلیز»ی هەبووە.

(٦) «شەهابەی هەولێری ١٨٩١-١٩٣٩» مەقامبێژ و قورئانخوێنێکی زۆر بەتوانا بووە. ساڵی «١٩٣٢» کاتێ «ئوم کەلسووم» دێتە بەغدا و گوێ لە دەنگی «شەهابە» دەگرێت، بەڕادەیەک پێی سەرسام دەبێت، کە داوای لێ دەکات لەگەڵی بچێتە میسر... «ئوم کەلسووم» لە ژیانی خۆیدا بەوە ناسراوە، کە هەرگیز ددانی خێری بەهیچ گۆرانیبێژێک دانەناوە... زۆر دژایەتیی «ئەسمەهان»ی دەکرد، بۆیە کە ئەو بەڕووداوێکی نارۆشەن کۆتایی بەژیانی هات، وا بڵاوبۆوە دەستی «ئوم کەلسووم» لەو پیلانەدا هەیە. «فەرید ئەترەش»ی برای «ئەسمەهان»یش ماوەیەکی کەم پێش مردنی لە چاوپێکەوتنێکدا گلەیی لێ کرد، کە ڕازیی نابێت ئاوازی بۆ دابنێت... سەیر ئەوەیە هەر ئەو هونەرمەندە گەورەیە لە ئاستی «شەهابەی هەولێری»دا سەرسام بووە... مەخابن دەنگی ئەو ئەستێرەیە تۆمار نەکراوە... خەجاڵەتم کە لووتکەیەک لە پەراوێزێکی ئاوادا بەخوێنەران

دەناسێنم... ئەو هەرگیز هی پەراوێز نییە... «شەهابە» کە لەو سەردەمە و لە هەولێر خەریکی هونەر بووە، ئەوا بەپێی تێگەیشتنی «ئەلبێرت کامۆ» بەشۆڕشگێڕ دادەنرێت.

(لە کاتێکدا دەمویست ئەم کتێبە بۆ چاپ بنێرم، لە ژمارە «٧٠»ی «ئەپریل»ی «٢٠٠٢»ی گۆڤاری «رامان»دا بابەتێکی «کاک جەلال خدر»م بەناونیشانی «تەم تەم لاپەڕەیەکی شاردراوەیە لە هونەری شانۆگەری لە هەولێردا» خوێندەوە و زانیم شەهابە شانۆکاریش بووە... ئەو نووسەرە بەراستی بەشێوازێکی زۆر سەرنجڕاکێش شەهابەمان پێ دەناسێنێت... مایەی خۆشحاڵییشە، کە وەکو لە پەراوێزی بابەتەکەیدا باسی کردووە، کتێبێکی لە بارەی ژیانی ئەو هونەرمەندەوە نووسیوە... کاتێ ئەمانەم بۆ «مازن ئەحمەد»ی هاوڕێم باسکرد، کە ئەویش وەکو من لە منداڵییەوە ئارەزووی لە زانینی ژیانی هونەرمەندان هەیە، پێی ڕاگەیاندم، گوایە هەر «کاک جەلال خدر» لە ژمارە «٦٤»ی «رامان»دا بابەتێکی تری لەژێر ناونیشانی «یادی شەهابەی هەولێری»دا بڵاوکردۆتەوە... بۆی ناردم و خوێندمەوە... زیاتر توانای ئەو هونەرمەندە و دەستڕەنگینیی «کاک جەلال خدر»م بۆ دەرکەوت).

(٧) «ئیسپارتەییەکان» پێچەوانەی «ئەسینیاییەکان» چونکە پێویستیان بەشەڕ و داگیرکردن بوو، بۆیە هەرکە منداڵەکانییان لە دامێن دەکەوتنە خوارێ، دەیانخستنە ناو ئاوی گەرم و شتی دیکە و تا درەنگ لەوێیان دەهێشتنەوە... لە بەرهەتاویان دادەنان و بەسەعات بەجێیاندەهێشتن... دەیانبردنە سەر کێوەکان تلۆریان دەکردنەوە... کاتێ پێیان دەگرت، کاری قورس و تاقەتپڕووکێنیان پێ دەسپاردن... ئەگەر مردن، ئەوا مردن... ئەگەر مان، ئەوە فێری بەرگەگرتنی ناخۆشی بوون و سبەینێ بۆ سەربازیی دەست دەدەن... ئاخر بۆیە «سۆکرات» ئەوانی بەنەخوێندەوار دەزانی... تا وای لێهات «پەروەردەی ئیسپارتەیی» بووە زاراوەیەک و لە بواری سایکۆلۆژیا و پەروەردەدا جێگای خۆی گرت. داگیرکەرانی کوردستان ڕۆڵەکانیان ئاوا گۆشدەکەن. لە قۆناغی سەرەتاییی خوێندنەوە تا زانکۆکان و دواتر لە سەربازگاکانییاندا بۆ کوشتن و تاڵان ڕایاندەهێنن.

(٨) ئەوانەی لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی و دواتردا منیان ناسیوە، هەرگیز باوەڕ ناکەن ڕۆژێک لە ڕۆژان شەرمن بووبم... لە ناوەندی و دواناوەندیدا یەکێ بووم لە قوتابییە بزێو و بێشەرمەکان... جارێکیان لە پێنجی ئەدەبی چاودێر بیری چووبوو ئەو دەفتەرە پیشانی مامۆستا «محەمەد ئیسماعیل»ی مێژوو بدات، کە ناوی غایبەکانی تیادا دەنووسی و دەبووایە مامۆستاکان ئیمزایان بکردایە... ئەوە بوو بردبووی بۆ ژوورەکەی... بەچاودێری وتبوو، بۆچی ناوی منی نەنووسیوە، ئەویش وتبووی، کە من هاتووم و لە پۆلەکەم... باوەڕی نەکردبوو و ناردبووی بەشوێنمدا... کاتێ چووم و بینیمی، پێکەنی و وتی، گوایە هەرگیز ناچێتە ئەقڵەوە من لە پۆلەکە بووبێتم و دەنگم نەهاتبێ... باوەڕی نەکردبوو من چلوپێنج دەقە بەهێمنی دانیشتبێتم و بەزمێکم نەنابێتەوە... قسەیەکم نەکردبێت و قوتابییەکانم نەهێنابێتە پێکەنین... هەقی خۆیەتی لێرەدا باسی ئەو مامۆستا دڵسۆزە بکەم، کە زوو سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بوو، دوای شکستی شۆڕش، ڕژێمی بەعس لێی خست و کردی بەمامۆستا لە «دواناوەندیی ڕزگاریی کوڕان»... شارەزاییەکی ئێجگار زۆری لە مێژوودا هەبوو و زۆربەی سەرچاوە کۆن و تازەکانی خوێندبووەوە... کتێبخانەی ماڵەکەی، کە لەگەڵ «کاک فەتحی کەریم»دا زۆر جار کتێبمان لێ قەرزکردبوو، لە کتێبخانەی گشتی زیاتری کتێب تێدابوو... ئەو مامۆستایە لەو خۆپیشاندانانەی قوتابیان لە سەرەتای هەشتاکاندا ڕۆڵێکی چاکی بینی... کاتێ بەعس لەگەڵ «مامۆستا جەلال»ی بیرکاری بۆ قوتابخانەیەکی دیکەی گوێزانەوە، چونکە بەئاشکرا دژ بەرژێمەکەی بوون و پشتگیرییان لە داخوازیەکانی قوتابیان دەکرد، قوتابیان هەر بەخۆپیشاندان و مەراسیمێکی تایبەت هێنایاننەوە... بەعسیشیان ناچار کرد داوای لێبوردن بکات... من و زۆر کەسی دیکەش قەرزاری ئەو مامۆستایە و «مامۆستا ئەسغەر تاڵب مەجید» و «مامۆستا نورەدین»ی



عەرەبی و «مامۆستا موحسین»ی ئینگلیزی و «مامۆستا پەترۆس»ی بیرکاریین و یارمەتیی زۆریان داوین.

(٩) تەمووزی «٢٠٠١» لە کوردستان دایکم بۆی گێڕامەوە، کە ئەو دوو شوانە کورد بوون و ڕژێمی بەعس لە زێدی خۆیان دەریکردبوون. موڵک و ماڵیانی دابووە عەرەبان. جلی بەریان و عەگالی سەریان منی منداڵیان بەهەڵەدا بردبوو.

(١٠) ئەو ڕووداوە ئەوەندە کاری تێکردووم، بەرادەیەک کاتێ ویستوومە لە ڕۆمانی «ئای لەڤیلیا لەڤیلیا...!!»دا تەوزیفی بکەم، نەمتوانیوە ئەو دیمەنە ڕاستەقینەیە دەسکاریی بکەم... لە کاتێکدا حەوشەکەی ماڵی «نەوال»ی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە کاشیە و کەروێشکەکان لەوێدا خنکاون، من نووسیوومە لەسەر کاشیەکان، ڕێک لەو شوێنەی ئاو کۆنکرێتەکەی چاڵکردبوو... دوایی هەستم بەو هەڵەیە کرد.

(١١) دیارە ئەو کەشوهەوایەی منی تیادا دەژیام، ڕێگەی نەدەدام بەچاکی لە مەسەلەکان تێبگەم و زۆر جار لە هەندێ شت دەترسام، کە دواتر لای باوکم ئاسایی بوون... باوکم دوای ئەوەی ئێمە لە زانکۆ وەرگیران و بەشێ لە ئاواتەکانی هاتە دی، بەشێوەیەک گۆڕا، کە بەلای هەموومانەوە سەیر بوو... زۆر ئاسایی بوو، کە کچانی هاوڕێی من و براکانم بەمیوانی دەهاتن بۆ ماڵمان و چەند بلێیی بەڕێزەوە بەخێرهاتنی دەکردن... لە دەرەوە کاتێ دەیبینین، سڵاوی لە ئێمە و لەوان دەکرد... زۆر جار لەناو پاس پارەی بۆ داوین... باوکم لە هەموو ژیانیدا جیاوازیی لە نێوان ئێمە و خوشکەکانماندا نەکردووە... «نادیە» و «تاڤگە»ی خوشکم هەرگیز بیریان نایەت باوکم لێی دابن، یان لێیان تووڕەبووبێت... پێی خۆشە و شانازیی بەوەوە دەکات، کە ئێمە خەریکی خوێندنەوە و نووسینین، ئەگەرچی لە سەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکاندا چەند جارێ لە ترسی پشکنینی ماڵان لەلایەن بەعسەوە، کتێبخانەی منی سووتاندووە و قەدەغەی کردبوو هەموو کتێبێک بهێنمەوە ماڵ... دوای شکستی ڕاپەڕینی یەکەم و کۆڕەوەکە، هەموو کتێبەکانی سووتاندبوو... ئەوان قەیناکا، بەڵام ئەلبوومی وێنە کۆنەکانمان لەناو کارتۆنەکاندا بوون و ئاگر ئەوانیشی هەڵلووشی... بەهەر حاڵ من سوپاسی دەکەم، کە ئەو کردمی بەچیرۆکنووس و فێری تەکنیکی چیرۆکنووسینی کردم... فێری کردم، کە لە دووتوێی هەموو ڕووداوێکدا کۆمیدیا و تراژیدیا بەجارێ هەن و ڕق و خۆشەویستیی لە یەکتر جیانیین... ئەمەم بەخۆیشی وتووە... ئێستا من کاتێ باوکێک دەبینم لە منداڵەکەی دەدات و ڕێگای ئارەزووەکانی لێ دەگرێت، وا دەزانم ئەو چیرۆکنووس دەخولقێنێت و دەیان نووسەرم بەبیر دێتەوە... بەڵام نایشارمەوە ئێستاش لە باوکم دەترسم و لەم دوورەشەوە حیسابی بۆ دەکەم... لە زۆربەی شتەکانمدا ڕای ئەو وەردەگرم... «کاک جەلال دەباغ» ئەو شەوە لە ماڵمان بوو، بەباوکمی وت: «لەو کتێبەیدا قسەی زۆر لەسەر تۆ کردووە، بۆچی ئێستاش هەندێکی لێ نادەی...؟!» هەر خۆیشی بەگاڵتە وتی: «کاروان ئەوەندەی لێدان خواردووە، بەشی هەموو تەمەنی دەکات»... شتێکی دیکەش دەبێت بڵێم، ئەویش ئەوەیە باوکم لەگەڵ ئەو گۆڕانەیش، هێشتا وەکو منداڵێکی داماو لە من دەڕوانێت و وا دەزانێت هیچم لە دەست نایەت... «٢٠٠١/٦/١٣» لە هەولێر کوڕێکم گیرا... تا هاتوومەتەوە، ئەو لە ماڵەوە بەنیگەرانییەوە پیاسەی کردووە و لە دایکمی پرسیوە، ئاخۆ من دەزانم قسە بکەم و لە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە نابم بەگاڵتەجاڕ... بۆیە کاتێ لەگەڵ «ڕێبوار سیوەیلی»ی هاوڕێم هاتینەوە، خێرا لە «سیوەیلی»ی پرسی، ئاخۆ من توانیومە شتی باش بڵێم... دوای ئەوەی «سیوەیلی» باسی کۆڕەکەی بۆ کرد، ئەو گەشایەوە و ڕەنگی هاتەوە بەر، کە من ڕیسوا نەبووم... هەندێ لە خزمەکانیشم ئێستا بەچاوێکی جیاواز لەوەی منداڵی سەیرم دەکەن و بۆیان دەرکەوتووە، من ئێجگار بەو شێوەیە نەبووم، کە ئەوان بۆی چووبوون.

(١٢) لە بەشی یەکەمدا لەجیاتی «جنۆکە»، نووسراوە «پیرەژن»... داوای لێبوردن دەکەم و نەدەبووایە هەڵەیەکی ئاوا زەق بەسەر مندا تێپەڕێت... دیارە من مەبەستمە لەسەر زاری منداڵێکەوە ئەو بەسەرهاتە بیگێڕمەوە و

بلێم «نەسرین» وەکو پیرەژنێک، نەک وەکو کچێکی هەرزەکار، یان عازەب هەڵسوکەوتی کردووە، بەڵام هەر مانایەکی خراپی هەیە.

(١٣) تا ئێستا چەندین مەلەوانی زۆر لێهاتوو لە مەلەوانگا و لە قەراغی دەریادا هەوڵیان داوە فێری مەلەم بکەن، بەڵام مەحاڵە. بۆم دەرکەوتووە من لە باوکم دەترسم، نەک لە ئاوەکە، بۆیە تازە نەک هەر مەلە، بەڵکو فێری زۆر شتی دیکەش نابم. بەڵێ، درێژخایەنترین ترس، ترسی باوکە. هەندێ جار کاتێ گلەیی لە باوکم دەکەم، کە ئاوا زنجیری لە دەست و قاچم ئاڵاندووە، پێم دەڵێت ئەوە پانزدە ساڵ زیاترە ڕێگای هیچ شتێکی لێ نەگرتووم. بەداخەوە ناتوانم تێبگەیەنم، کە تا ئێستاش ئەو بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێت، بڕیاری ژیانی من دەدات.

(١٤) باوکم ڕێزێکی زۆر لە کەسانی هونەرمەند دەگرێت و زۆربەی ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان هامشۆی دووکانەکەی دەکەن... بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەرژێم نەبوون... «بەختیاری مامۆستا ڕەشید» کەمانجەژەنێکی دراوسێمانە، باوکم بەقەدەر ئێمەی خۆش دەوێت، نەک هەر لەبەرئەوەی کەسێکی باشە، بەڵکو لەبەرئەوەیش، کە هونەرمەندێکی بەتوانایە.

(١٥) ئەسکەندەر لە بنەڕەتدا ناوێکی یۆنانیە و لە زمانەکانی تر دا بۆ زۆر شێوە گۆڕاوە وەکو ئەلیکساندەر و ئەلیخاندرۆ.

(١٦) هاوڕێیەکی سەردەمی منداڵیم لە نامەیەکیدا بۆی نووسیوم، کەوا بە«ئەسکەندەر قولی»ی وتووە من لە چیرۆکی «جیهان لە فنجانی قاوەدا» باسی ئەوم کردووە و زۆری پێ خۆشبووە... هەر ئەو هاوڕێیەم لە نامەکەیدا پێی وتووم، کە من ئەگەر ڕاستدەکەم با چەند دۆلارێکی بۆ بنێرم... بەراستی جێگای داخە لەو کوردستانەی، بانگەشەی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانیی تێدا دەکرێت، «ئەسکەندەر قولی» بەرەزەڵخوایی بژی و پێویستی بەچەند دۆلارێکی من بێت، کە گەورەترین سامانی خۆی کردە قوربانیی شۆڕش.

(١٧) دە ساڵ دواتر لە «مووسڵ» ئەو کتێبەم بەیادی منداڵیمەوە خوێندەوە. بیرم ماوە «سیمۆن دی بۆڤار» لە پێشەکیەکەیدا باسی ئەشکەنجەدانی «جەمیلە بوپاشا» لەلایەن جەللادەکان و چەوساندنەوەی جەزائیریەکان بەدەست خەڵکی وڵاتەکەی خۆی دەکات. نووسیوویەتی جەللادەکان بەبوتڵ پەردەی کچێنیی «جەمیلە»یان دڕاندووە و بەناشیرینترین شێوە ئەشکەنجەیان داوە. هەروەها دەڵێ: «ئێمەی فەرەنسی، هەر هەموومان لەم کۆمەڵکوژیەدا بەشدارین».

(١٨) ئەم وشانە مەنەلۆژی ناخی منداڵێکی یانزدە ساڵانن، کە لەگەڵ تێڕوانینی ئێستامدا زۆر جیاوازن... پێم وایە کاتێ دەمانەوێ بکوژ بین، پێویستمان بەوە نییە بزانین پەلاماردەرین، یان بەرگریکەر. لە هەردوو حاڵەتەکەدا گوتاری مەرگ پێکدەهێنین. مەرگیش پێش ئەوەی بگاتە جەستە و ڕۆح، لەناو زماندا بەڕێوە دەچێت.

(١٩) کوڕێکی گەڕەکمان بوو و لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەیەکەوەبووین... یەکێ بوو لە هاوڕێ هەرە خۆشەویستەکانی منداڵیم و دواتریش گەنجێکی خاوەن خەونی جوان بوو... باوکی لە شەستەکان لە شەڕی کوردکوژیدا شەهید بوو و خۆیشی لە هەشتاوسێ... بێگومان ئەو چەند گوللەیەی گیانی «سەفین»یان بڕی، نەیانناسیبوو و نەیانزانیبوو چ دڵێکی پاکی پێوەیە، ئەگینا دەبوون بەپەپوولە و بەسووکی لەسەری هەڵدەنیشتن.

(٢٠) دوای ئەوەی لە مانگی مایسی ساڵی «٩٢» کوردستانم بەجێ هێشت و لە تەمووزی «٩٦» گەڕامەوە،



باوکم لە بەر دەرگا دانیشتبوو و چاوەڕێی منی دەکرد، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوسای منداڵیم، کە ئەوسا ئەو هێز لە گیانیدا دەچۆڕایەوە و جەبەرووت و هەیبەتەکەی بەزەقی دەبینرا، زۆر کز و بێ هێز دەردەکەوت... بەپێچەوانەی جاران، کە بۆ ئەوە چاوەڕێی دەکردم، تا بەرزمکاتەوە و بەئەژنۆ بەهێزەکانیمدا بکێشێت، دەیویست چرکەیەک زووتر بگەم و لە ئامێزە بێهێزەکەیم بگرێت... لە تاکسیەکە دابەزیم و من ئەوم کردە باوەشم... گیانی خاو خاو، دەترسام وەکو پەشمەک لەناو دەستمدا بتوێتەوە... هەموو ئەو ڕۆژانەی ژماردبوو، کە منی تیادا نەبینیبوو... هەر ئەوسا بەدەنگێ، کە گریانی زۆر گۆڕیبووی و لەرەیەکی زۆر گوناحی تێکەوتبوو، پێی وتم، ئەوەندە ساڵ و ئەوەندە ڕۆژەیە من ڕۆیشتووم... دوایش لە ژوورەوە هەر بەو دەنگە کزەی، کە گریان بەزەحمەت دەیهێشت گوێم لێی بێت، دەیوت، گوایە ڕازیی نەدەبوو لە دەرگا دووربکەومەوە، نەیدەزانی ڕۆژێ دێت دەگەمە ئەوپەڕی دنیا.

(٢١) ئەو مامە ئازیزەم «ئیسماعیل کاکەسوور»، لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر لە من تێدەگەیشت و زۆری خۆشدەویستم... ڕۆحێکی پاکیی گەنجانەی هەبوو و هەمیشە بەرگریی لێ دەکردم، بەڵام بەداخەوە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و ئەو سەرمایە گەورەیەم لەدەست چوو.

(٢٢) خەونە سەیرەکانی باوکم تا ئێستاش بەردەوامن و زۆریانم لای خۆم نووسیوونەتەوە... ساڵی «٩٧» خوشک و براکانم دەیانەوێت نامە بۆ من بنووسن... جا نامەکانییان هەرگیز ئاسایی نین و پڕن لە نوکتە و قسەی خۆمانە... دەربارەی هەر ناوێ، کە من دەیانناسم لە «ڕووناکی» و «سەیداوە»، بەشیعر چەند شتێکی هەزەلییان نووسیبوو... ئیتر تا دووی شەو هەر نووسیوویانە و پێکەنیون... باوکم لەودیو لە ژوورەکەی خۆی نوستووە و تەنها جار جار لەگەڵ قاقالێدان بێداربۆتەوە... بەیانی هەستابووەوە و وتبووی، گوایە لە خەونیدا سەگ هەموو خەڵکی گەڕەکی «سەیداوە»ی خواردووە و کەسی نەهێشتووە، بێجگە لە «...»، کە تەنها نیوەی خواردبوو و نیوەکەی تری مابووەوە... بۆچی...؟! چونکە ئەوان لاپەڕەیەکیان لە دەست دڕابوو و لەتێکی لێببووەوە... ئەو لەتە نیوەی شیعرێک بوو، کە دەربارەی ئەو کەسەیان نووسیوە... واتە نیوەی شیعرەکە مابووەوە و نیوەکەی تریان فڕێ دابوو.

(٢٣) PHOTOGRAPHY YEARBOOK 1999, EDITOR Chris Hinterobermair, CONTRIBUTING EDITOR Joseph Meehan, DISINGER Grant Bradford.

(٢٤) بێگومان نە «دامێن» و نە «جاوە»یش ئاگایان لەوە نییە، کە «سیگمۆند فرۆید» لە کتێبی «نیگەرانی لە شارستانییدا» چۆن ڕستەی «دوژمنەکەتت خۆشبوێ» شی دەکاتەوە.

(٢٥) ئەگەرچی لە منداڵییەوە پارتی بووم، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکان لە ڕێگەی «خ. س»ەوە پەیوەندیم بەرێکخستنەکانی نێو شارەوە کرد و ناوی نهێنیم «بەختیار» بوو... «خ. س» کوڕێکی خوێنگەرمی چاونەترس بوو و بەرۆحی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان ئیشی بۆ پارتی دەکرد... ئەمە وای لێ دەکردم هەست بکەم، کە زۆربەی خەونەکانی منداڵیمی تیادا بەرجەستەبووە... خۆشەویستییەکی بێئەندازەم لە ئاستی ئەو کوڕەدا هەبوو و خۆیشی زۆر چاک هەستی پێ دەکرد... یەکێ بوو لەو قوتابیانەی ڕۆڵێکی گەورەی لەو خۆپیشاندانانەی سەرەتای هەشتاکاندا بینی و لە زۆربەشیان بەئاگاتربوو... چەند جارێ لەلایەن بەعسەوە گیرا و ئەشکەنجەی زۆریان دا... لەگەڵ ئەوەشدا دواتر پەیوەندیمان تێکچوو، بەڵام من ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم، کە ئەو هاوڕێیەی ڕۆژانی سەرەتای گەنجیم زۆر یارمەتیی داوم و بەهۆی ئەوەوە زۆر کتێبم ناسیوە... «خ. س» و من لە ساڵی «٨٦» لە زانکۆ بەئێجگاری وازمان لە پارتی هێنا و بووین بەکۆمۆنیست... دەتوانم بڵێم ئەو شانەیەی ئێمە زۆربەیان بوون بەکۆمۆنیست... لە ساڵی «٩٢»ەوە لەگەڵ گەیشتنم بەئەڵمانیا، وازم لەویش هێناوە... ساڵی «٩٢» کۆتاییی ژیانی حیزبایەتیی من بوو و مەحاڵیشە بۆی بگەڕێمەوە... بەڵام هەرگیز لەو

ڕابردووەی خۆم پەشیمان نییم، نە لەگەڵ پارتی و نە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان... هەروەکو چۆن لە هیچ ساتێکی تری ژیانی خۆم پەشیمان نییم، چونکە هەر هەموویان پێکەوە من پێکدەهێنن و بەلابردنی هەر پارچەیەکیان سیمام تێکدەشێوێ... دیارە من تەنها وەکو بیروباوەڕ کۆمۆنیست بووم، ئەگینا ئیلتیزامێکی دیاریکراوم لەگەڵ هیچ گرووپ و ڕێکخراوێکدا نەبووە... کۆمەڵێ گەنجی یاخیبووین و بەپێی تێگەیشتنی ئەوسای خۆمان ئیشمان بۆ سەرکەوتنی سوسیالیزم دەکرد... ئێستا ئاواتی منداڵی و هەرزەکاری و سەرەتای گەنجیم هاتۆتە دی، پارتی لە هەموو کاتێکی دیکە بەهێزترە و زۆربەی دژەکانی ئەوساشمی لەگەڵدایە، بەڵام منی لەگەڵدا نییە.



## مانای هەندێ لەو وشانەی لە ئاخاوتنی هەولێریدا بەکاردەهێنرێن:

ئاقر: ئاقڵ... ئەو هەولێرییانەی ڕەگوڕیشەیان بۆ لادێ دەگەڕێتەوە، پیتی «ڵ» بە«ر» دەردەبڕن، بەڵام ئەوانەی هەر لە بنەچەوە هی شارن، ئەو گۆڕینەیان نییە. هەندێکیش بەهەڵە کورد و تورکمان بەوە جیا دەکەنەوە، گوایە کرمانج دەنگی «ر» بەکاردەهێنێت و تورکمان «ل»ی سووک و قەڵەو.

ئامانە: پاس

ئەتوو: تۆ

ئەجندە: جنۆکە

ئەخر: ئاخر

ئەستوورک: ئەستووک: نانێکی ئەستووری نەرمە، نانی تیریی دەبڵ.

ئەمە: ئێمە

ئەنگۆ: ئێوە

ئەوجا: ئینجا

ئیمتیعان: تاقیکردنەوە: ئیمتیحان. بەشێکی زۆر لە هەولێریەکان «ح» دەکەن بە«ع».

بالیف: سەرین، پشتی

بەدیکو: ئەی چۆن

بەرام: بەڵام

بەڕک: گیرفان

بەڕۆژی: بەڕۆژوو

بیژی: زۆڵ

بەعس: باس. لە «بحث»ی عەرەبییەوە وەرگیراوە

بینە: بێنە

پدوو: پووک

پڕدان: پەلاماردان... پڕتدەمێ: پەلامارت بدەم

پلک: پوور، میمک

تەعجیل: دواخستن: «تأجیل»

تکە: دیکە، تر... ڕەنگی تکە: ڕەنگی تر... هیچیتکە: هیچی تر

چزوانم: چووزانم.

جنجڕ: پانتاییەکی سپی، کە خاڵی ورد وردی ڕەساسیی تێدا بێت. زیاتر بۆ مریشک بەکاردێت. وەکو ئیدیۆمیش بەکەسانی لات و هەژار دەوترێت بەتایبەتی ئەوانەی جلی پەڕپووت دەپۆشن.

جوون: جنێو، جوێن

چما: مەگەر، بۆچی «بە کەمێ جیاوازیەوە»

چێر: مانگا

ختمبوون: نقوومبوون، ڕۆچوون... لە قوڕێدا ختم بوو.

خین: خوێن

خۆر: خۆڵ

داخی: وشەیەکە تورکمانەکانی هەولێر بەکاری دەهێنن. مانایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام زیاتر بۆ پارسەنگی ڕستە پەنای بۆ دەبەن. لە «ئاخر» نزیکە.

داک: دایک

دەشتێ: لادێ

دەعیە: فیز

دەو: دەم

دەرارخانە: مەزاتخانە

دەخینم: دەخوێنمەوە... کۆشش دەکەم

دێرەسەگ: دەڵەسەگ.

ڕادێخی: ڕادەخات، دادەخات

ڕامارین: ڕاخستن. ڕامیارە: بیماڵە، گسکی بدە

ڕووار: بەکەسێک دەوترێت، کە کارێک بەبێ مەبەست ئەنجام بدات، بەعەرەبی «عفوی»... خزمی دراوسێیەکمان کوڕێکی هەبوو ناوی «ڕووار» بوو... لە ناوەڕاستی حەفتاکان من و «شوان عارەب»ی هاوڕێم زۆر حەزمان لەوە ناوە دەکرد. ڕۆژێکیان لە باوکیمان پرسی، ئاخۆ ماناکەی چییە... ئەو وتی: «ڕووار یەعنی ڕووار و هەر ڕوواریانەش ناوم لێنایە»... ئینجا کۆمەڵێ نموونەی بۆ هێنایینەوە و زانیمان لە دوو بڕگەی «ڕوو» و «وار» پێکهاتووە، واتە ڕووی ئاواڵەیە و بەئارەزووی خۆی هەنگاو دەنێ، یان دەچێتە پێش و لێدەخوڕێ، بەبێ ئەوەی ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت. وتراوە: «ڕووار، بەڕوواری، ڕوواریانە»... ئافەرینمان لێ کرد، کە ئەو ناوێکی خۆشی لە کوڕەکەی ناوە و وشەیەکی جوانی کوردییشی لە مردن پاراستووە... دوایی وشەی «ڕۆڤان»یشمان هەر لەو بیست. ئاخر ئەو دنیایەک هەقایەتی دەزانی و هەر کاتێ بەسەردان دەهاتە ماڵی ئەو دراوسێیەمان، بەجوانترین شێوە بۆی دەگێڕاینەوە. ئەو جارە لە چیرۆکی «کچە شوان و کوڕە پاشا»دا گوێمان لەو وشەیە بوو... «کوڕە هەر کیژەی دیت، شێت و ڕۆڤانی بوو... ئیدی خەو و خۆراکی لێ هەرگیرا و دوایێ بابی زانی کوڕەکەی ڕۆڤانە». واتە کوڕەکە دڵدارە و عەشقی ئەو کچە بووە.

ڕۆژیار: هەتاو. ئەو ڕۆژانەی، کە هەور بەئاسمانەوە نەبێت.

ڕۆن: ڕوون

ڕنە: چڕنووک. بۆ باڵندە بەکاردێت.

زلوونگە: قسەکردن و ڕادەربڕین دەربارەی مەسەلەیەک «تعلیق»

زلوونگەر: کەسێک دەربارەی مەسەلەیەک زلوونگەی هەبێ وەکو زلوونگەری یاریی تۆپی پێ «معلق».

زەینەت: حەز و ئارەزوو. زیاتر ژنان بەکاریدەهێنن. بۆ نموونە: «هەر زەینەتتە تەمەشای کەی: هەر حەز دەکەی لێی بڕوانی». ئەو کراسە ئەوەندە جوانە، هەر زەینەتتە لەبەری بکەیت... واتە هەر حەز دەکەی بیپۆشی.

ساتمە: هەڵنوتان، ڕەتبردن... ساتمەی دەکەی: هەڵدەنووتێی

سوخەت: ڕەوشت، مۆراڵ

سۆر: سوور... سۆردەکەیەوە: سووردەکەیەوە

سوند: سوێند

سوولاوکە: چۆڕاوگە

شەپرێو: پەرپووت



شەقاو: هەنگاو

شیو: چێشت

عەز: حەز

عوکمەت: حکومەت

غەریبیکردن: بیرکردنی شت... غەریبیت دەکەم: بیرت دەکەم

فەرخە: بێچوو

فیتە: فیکە

قەلدان: پەڕاندن... سەری قەلدا: سەری پەڕاند.

قەمیاغ: سەرتوێژ

قوڕادە: گیایەکی خۆڕسکی مزرە لە کەوەر دەچێت.

قۆدی: قوتوو

قیچ: کەم... قیچەک: کەمێ، تۆزێ.

کا: کوا

کەرخ: نزیک. لە کەرخی من: لە نزیک من. هەروەها بەمانای «کاریگەری»یش دێ. دەوترێت: «فلان لەو مەسەلەیەی کەرخی دیارە» واتە توانیویەتی کاریگەریی خۆی دەربخات... دایک لە میوانداری بەدزییەوە سەرزەنشتی منداڵە چەقاوەسووەکەی دەکات و پێی دەڵێت: «لێرەش کەرخی خۆت بەدیار یەخست...؟!»... واتە لێرەش پیشانت دا، کە تۆ چەند هاری.

کەینێ: کەی

کیها: کامە

کێندەرێ: کوێ

کن: لا، لە لای

کۆخە: کۆکە

کودی: کوولەکە

گاز: بانگ... گازی بکە: بانگی بکە

گازاندە: گلەیی... سەرزەنشت

گرۆو: گەڕ

گڕناگە: وڕک

گەلەک: زۆر

گەزە: گاز، قەپاڵ

گێ: گوێ، گوێچکە

گێچەر: گێچەڵ، شەڕ

گێسک: گسک

گوجیلە: تووتک، تووتکەسەگ.

گۆتن: وتن... گۆتی: وتی... پێت نەگۆتبووین: پێت نەوتبووین

گۆزکە: گۆزە

لابەردایی: خۆدوورخستنەوە لە کاری ترسناک

لاکۆ: لاچۆ

لەگەر: لەگەڵ... لەگەرەنگۆش: لەگەڵ ئێوەش

لەخۆڕا: لەخۆیەوە

لەخۆچوون: بوورانەوە... لە خۆ چوو: بوورایەوە

لە هیکڕا: لەناکاو

لەیلووک: جۆللانە

لەوێندەرێ: لەوێ... چووە وێندەرێ: چووە ئەوێ

ماندی: ماندوو

مزیڕ: قەڵپ. زیاتر بەمنداڵ دەوترێت.

منجڕ: کەسێک گەڕ لە خەڵک بئاڵێنێت و بەئاسانی لەکۆڵیان نەبێتەوە

مێرووستان: مێرووله... هەولێرییەکان بەهەڵە ئەو وشەیە بەکاردەهێنن... ڕاستییەکەی «مێرووستان» شارەمێروو دەگرێتەوە، واتە ئەو شوێنەی مێرووی تێدا دەژی.

نەخۆ: نەوەکا ، نەوەکو

نەینۆک: ئاوێنە

هەتیم: هەتیو

هەراتن: ڕاکردن... ئەوان هەراتن: ئەوان ڕایان کرد.

هەرماوە: باقی

هەنجەت: بیانوو

هەوکە: ئێستا

هێسک: ئێسقان

وەکی: وەکو... بەڵام لێرەدا زیاتر بەمانای هەر کە، یان کاتێ بەکارهاتووە.